# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٨١ ، ساڵی حەوتەم، گەڵارێزان ٢٧١٢ی کوردی، ئۆکتۆبەر ٢٠١٢ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هنار


دەستەی نووسەران:

**کارزان عەبدوڵڵا**

**ئەکرەم محەمەد ئەمین**

**نەورۆز جەمال**

**مستەفا زاهیدی**

هەڵەچن:

**مونا عەبدوڵڵا**

**ئاشنا جەمال**

مۆتیف:

سیڤەر جەلال

تیراژ

**٥٠٠**

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| پاڵەوانی لێقەوماو... | د. عادل گەرمیانی | ٧ |
| سیمبۆلی "ئاڵا" و "نیشتمان" لە شیعری... | هەڵۆ بەرزنجەیی | ١٨ |
| شرۆڤەی (مەرگ- ژیان) بژێری... | ڕەوف مەحمود پور | ٣٩ |
| ئەوێستا و چیرۆکی کوردی... | سیاوەش گۆدەرزی | ٤٩ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| شیعری کلاسیکی... | لەتیف هەڵمەت | ٥٩ |
| ڕاڤە... | بەرزان هەستیار | ٦١ |
| هەوڵێک بۆ نووسینەوەی بیۆگرافیایەکی... | ئەدیب نادر | ٦٣ |
| ڕاستییەکانی تۆی ئاوێنە... | سەربەست کەرکوکی | ٧٦ |
| دایکم و دەریا لە یەک دەچن... | خولیا حسێن | ٧٩ |
| لەدەستچوون... | داستان بەرزان | ٨٢ |
| ئەو شوێن پێیانەی لەسەر بەفر ئەچنەوە... | پشتیوان عەلی | ٨٦ |
| وێنەکانی ئێرە و ئەوێ... | پەسار فایەق | ٨٩ |
| لەناو ناوێکا زیندانم مەکە... | مەجید عەزیز | ٩١ |
| بەرزابییەکانی پیرەمەگروون... | محەمەد فەریق حەسەن | ٩٥ |
| قوربانیی دەستی زەمەنین... | غەفور ساڵح عەبدوڵڵا | ١٠٢ |
| دڵێکی وەک هەتاو خڕ... | سەلاح شوان | ١٠٩ |
| پووکانەوە... | بەکر دەروێش | ١١٥ |
| ڕۆژی دادگایی... | کەتان خادیمی | ١٢٠ |
| خەون... | عەلی ئەحمەد | ١٢٨ |

## دیدار


دیدار لەگەڵ فەرهاد پیربال... سازدانی: حەمە مەنتک ١٣١


## وەرگێڕان


راینەر ماریا ریلکە... سیروان رەحیم ١٤١

نامەیەک بۆ ئیلین... ئەلتەیب ساڵح ١٥٠

هۆنراوەی نوێی ئوتریشی بە بێ یەک وشە... لەتیف هەڤرێست ١٥٦

لەژێر ئاسمانی شیعردا... عیسا چیایی ١٦٢


## هونەر


تێگەیشتن لە مانا و ستاتیکای هێمای... تەها ئەحمەد رەسوڵ ١٦٩

چریکەی زیندوو مامۆستا تایەر توفیق... ن: جەلال هانیسی ١٧٨

دیدار لەگەڵ رێزان فەرەج... دیداری: شەنکار عەبدوڵڵا ١٨٢

پەرویز پەرەستوویی... و. ئا: جەواد حەیدەری ١٨٧


## پێشانگەی کتێب


پێشانگەی کتێب ١٩٣ - ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

# لێکۆڵینەوە




- پاڵەوانی لێڤەوماو... **د. عادل گەرمیانی**
- سیمبۆڵی "ئاڵا" و "نیشتمان" لە شیعری پەشێودا **هەڵۆ بەرزنجەیی**
- شرۆڤەی (مەرگ- ژیان) بژێری **رەوف مەحمود پور**
- ئەوێستا و چیرۆکی کوردی **سیاوەش گۆدەرزی**

دەق و رەخنە

# پاڵەوانی لێقەوماو
# لە کورتەچیرۆکی (مەملەکەتی ئێسکەکان)دا




**د. عادل گەرمیانی**

ئەنفال گەورەترین کارەساتە لە ساڵی ١٩٨٨دا بەسەر مرۆڤی کوردی هاوچەرخدا لە کوردستانی باشووردا هاتووەو لە مێژووی نەتەوە ستەمدیدەکەماندا هەمیشە زیندەبەچاڵکردنی کوردان بە رووداوێکی خوێناویی تۆمار کرا، چونکە چارەنووسی زیاتر لە سەدوهەشتا و دوو هەزار مرۆڤی کورد لە پیاوان و ئافرەتان و لاو و کچ و منداڵی ساواو مەمکخۆر نادیارە لە کوێ زیندەبەچاڵ کراون، کە پیاوانی رژێمی سەدامی گۆڕبەگۆڕ و بە هاریکاری کوردە جاشەکان تەفروتونایان خستە نێو چارەنووسی ئەو خەڵکە زۆرە بێ تاوانە، کە جگە لە بەکۆمەڵ کوشتنیان و گۆڕی بەکۆمەڵ شوێنی ناشتنیشیان بەتەواوی و بەدروستی تا ئەم رۆژگارە یەکلایی نەبووەتەوە. هەرچەندە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ چەند هەوڵێک بۆ دۆزینەوەیان دراوە، هەندێ لەو گۆڕانە هەڵدراونەتەوە و تەرمی شەهیدەکانیان بۆ کوردستان هێنراونەتەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەو شەهیدانەی ئەنفالدا تائێستا بزر و بێ سەروشوێنن، چاوەڕوانی هەڵمەتی رۆڵەکانی میللەتەکەمانن تا بیاندۆزنەوە و بیانهێننەوە بۆ نێو گۆڕستانەکانی شەهیدانی کوردستان. بەم کارەش ئاسوودەییەک دەکەوێتە دڵی ئەو شەهیدانە و کەسوکارەکانیانەوە، چونکە بۆ چەندین ساڵە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ خاکی باوباپیرانیان تا لەو حاڵەتەی ناشتنیان رزگاریان بێت.

ئەنفال گەورەترین کارەسات و کردەوەی جینۆساید بوو بەسەر کورددا روویدا، ئەم کارەساتە تائێستا لەنێو چەند دەقێکی کورتەچیرۆک و رۆمان و هۆنراوەدا خراوەتە روو، لەرێی چەند گۆشەنیگایەکەوە زیاتر باری دەروونیی و حاڵەتی گوزەرانی ئەنفالکراوەکان لە ئانوساتی گرتنیان و رۆژانی بەندیخانەیان لەنێو ئەو دەقە ئەدەبیانە بەرجەستە کراوە.

جگە لە کورتەچیرۆکی (مەملەکەتی ئێسکەکان)ی صەمەد ئەحمەدی چیرۆکنووس، کەوا یەکەم چیرۆکی نێو کۆمەڵە چیرۆکی (مەملەکەتی ئێسکەکان) ەو ساڵی ٢٠٠٦ چاپی کردووە و بەهۆیەوە یەکەمین خەڵاتی حەوتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژی بەدەستهێناوە، لە چەندین دەقی دیکەی چیرۆک و رۆمان و شیعردا بەرچاومان دەکەوێت.

کاتی دەرەوەی ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦، بەڵام دەقکاتی رووداوەکەی بۆ ساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە، واتە (١٨) ساڵ لەنێوان هەردوو کاتەکە هەیە، بەڵام کاتی ئێستای نێو گێڕانەوەی ئەم دەقە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی دەست بە هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی ئەنفالکراوەکان دەکرێت. بەمەش هەردوو کاتی ناوەوە و دەرەوەی ئەم دەقە هاوتەریب نین.

بینای شوێنی ئەم دەقە بازنەییە، چونکە ئەنفالکراوە مردووەکان لە شوێنێکی ناشتنی نادیاری نێو جەرگەی زەوی بۆ شوێنێکی دیکەی نیوجەرگەی زەوی دەگوازرینەوە، هەرچەندە لەڕووی رامیارییەوە بەیەکەم شوێنی ناشتنی قارەمانی ئەم چیرۆکە دەوترێت خاکی عەرەب و بە دووەم شوێنی ناشتنی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە دەوترێت خاکی کوردستان، بەڵام لەڕووی ئایینەوە زەوی هەر زەوییە لە هەرکوێ بێت.

پاڵەوانی لێقەوماوی ئەم چیرۆکە لە پەرەگرافێکدا هەندێ زانیاری لەبارەی خۆیەوە پێشکەشمان دەکات و دەڵێت: (ناوم (مردان)ە خەڵکی (بانگۆل)ی گەرمیانم سێ ساڵ لە پێش ئێستا پێش ئەوەی زیندەبەچاڵ بکرێم تەمەنم (٣٠) ساڵ بوو، دایکم بۆی گێڕاومەتەوە ئەو رۆژەی منی تیا لەدایکبووم ٨ی مانگی شوباتی ١٩٥٨ بوو... رەشەبایەکی ژەهراوی ناوەخت هەڵیکرد، رەشەبایەک زەحمەت بوو کەس خۆی لەبەر بگرێت، گەورە و بچووک ژن و پیاو پیر و لاوی پێکەوە لوول دا، کەس نەیزانی ئەم گەردەلوولە لە کوێوە هەڵیکرد، زەحمەتە بتوانرێت باسی کاولکارییەکانی ئەو رەشەبایە وەک ئەوەی کردی، بگێڕدرێتەوە. دایکم چەند جارێک بە چاوی پڕ لە فرمیسک و دڵی پڕ لە حەسرەتەوە ئاخی بۆ رۆژانی لاوی هەڵکێشاوە بۆی گێڕاومەتەوە کە باوکم هەرچۆنێک بێت توانیویەتی ئێمە لە

ژەهراویبوونی ئەو بایە رزگار بکات، لێ خۆی هەر ئەو رۆژە تەمەنی جوانی خۆی کە (٣٣)ساڵ بوو بۆ دایکی (١٨) ساڵم کرد بە قوربانی).

لەم پەرەگرافەدا بۆمان دەردەکەوێت پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ناوی (مەردان)ە، باوکی لە تەمەنی (٣٣) ساڵان کۆچیکردووە، بەڵام دیار نییە دایکی لە چ تەمەنێکدا دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەنفال و بەزۆر کۆچی پێدەکەن. هەروەها نازانین مەبەست لە بای ژەهراویی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەیە لە ١٩٨٨/٣/١٦، ئەگەریش وابوو ماقووڵ نییە مەردانی پاڵەوان خاوەن تەمەنی (٣٠) ساڵان بێت لەکاتی ئەنفالی مانگی نیسانی هەمان ساڵی ١٩٨٨، وەک لەم وتەیەی پاڵەوان بۆمان روون دەکرێتەوە: (سێ ساڵ لە پێش ئێستا پێش ئەوەی زیندەبەچاڵ بکرێم تەمەنم (٣٠) ساڵ بوو، دایکم بۆی گێڕاومەتەوە ئەو رۆژەی منی تیا لەدایک بووم ٨ی مانگی شوباتی ١٩٥٨ بوو). هەروەها وەک دەزانین لەو رۆژگارەی ٨ی شوباتی ١٩٥٨ هیچ رەشەبایەکی ژەهراویی هەڵینەکردووە، ئەگەر بیوتایە ٨یشوباتی ١٩٦٣ دروستتر دەبوو، چونکە لە رۆژەدا کودەتا خوێناوییەکە بەسەر حکومەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم کراو هەزارەها مرۆڤی پێشکەوتنخوازی لایەنگری و شیوعی کوژران و ئەم کارەساتە وەک رەشەبایەکی کوشندە بوو، کەواتە ئەم چیرۆکنووسە لە هەڵبژاردنی ئەم مێژووە سەرکەوتوو نەبووە، چونکە چیرۆکنووس لەم بوارەدا کەوتووەتە داچوونیکەوە لە دیاریکردنی ساڵەکاندا، چونکە ماقووڵ نییە لە ساڵی ١٩٨٨دا خاوەن تەمەنی (٣٠) ساڵ بێت و مەردانی پاڵەوانیش لە هەمان ساڵدا خاوەن هەمان تەمەنی (٣٠) ساڵان بێت.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە مرۆڤیکی لێقەوماوی کوردە و دەکەوێتە بەر شاڵاوی گرتنی مرۆڤی کورد لە پرۆسەی ئەنفالی بەدناو لە دەڤەری گەرمیاندا، پاشان خۆی لەنێو گۆڕێکی بەکۆمەڵ دەبینێتەوە و ئەوسا لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاک وەک گێڕەرەوەیەکی هەمان شتزان سەرگوزشتەی ئەشکەنجەکانی خۆی لەنێو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی دەگێڕێتەوە بۆمان.

چیرۆکنووس پاش ماوەیەک لە دەستپێکی چیرۆکەکەی ناوی پاڵەوانی ئەم چیرۆکەمان بۆ ئاشکرا دەکات و پێمان رادەگەیەنێت خەڵکی گەرمیانە، هەروەها تەمەنی پاڵەوانەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاشکرا دەکات کە وا (٣٠) ساڵە، چونکە پاڵەوانەکە لە ساڵی ١٩٥٨ لەدایکبووە و لە کارەساتی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ دەستگیرکراوە و زیندەبەچاڵ کراوە. کەواتە پاڵەوان خاوەن ئەقڵێکی تەواو بووە لە کاتی زیندەبەچاڵکردنەکەی و دەیتوانی چۆنێتی گرتنی و چۆنێتی ناشتنی بگێڕابایەتە بەر بۆمان، ئەوسا کارەساتەکە دڵتەزێنتر و کاریگەرتر دەبوو ئەگەر

لەگەڵ جۆری ئەشکەنجەکانی نێو گۆڕەکە تێکەڵ بکرابایە، چونکە تەمەنی پاڵەوانە لێقەوماوەکە زۆر لەبارە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی لەنێو گۆڕەکە.

هەروەها پاڵەوانەکە وادیارە مرۆڤیکی رۆشنبیرە، چونکە بەراوردی ژمارەی کەسانی مەراسمی سەربووردەی ئێسکەکانی مردووانی گۆڕستانەکە لەگەڵ ژمارەی ئامادەبووانی کۆڕی شیعری دەکات و بەلایەوە ژمارەی کەسانی مەراسیمی ئێسکەکان زیاترە، ئەوەتا لەم بارەیەوە دەڵێت: (من بڕوا ناکەم هیچ کۆڕێکی شیعری هێندەی مەراسمی سەربوردەی ئیسکەکان قەرەباڵغ و بەحەماس بووبێت).

پاڵەوانی لێقەوماوی ئەم چیرۆکە، وەک وتمان، مرۆڤێکی رۆشنبیرە و ئاگای لە بەسەرهاتی کۆنە فیرعەونییەکانە بەدەلالەتی ئەوەی باسی هەندێ ناوداریان دەکات، بەهۆشیارییەوە باسی ئەم لایەنەمان بۆ دەکات و لە بەراوردکردنی باری مردووانی خۆیان لەگەڵ باری مردووانی فیرعەونییەکان لایەنیکی دیکەی ئاستی رۆشنبیری پاڵەوانمان بۆ روون دەبێتەوە، ئەوەتا لەم بارەیەوە پێمان دەڵێت: (مەسەلەیەکی تر کە تا رادەی شێتی سەرسامی کردبووم و هەرگیز لە یادم ناچێت و خۆشم نازانم چۆن لەو کاتەدا کەوتە یادم، ئەوە بوو بەخیلیم بە (ئەخناتون) و (نەفەرتیتی) و هەموو فیرعەونێکی میسریدا دەهات، بەڕاستی ئەوانە خۆش ژیان و پیرۆز نێژران. فیرعەونەکان هەزاران ساڵ مردوون و نێژراون، بەڵام لاشەکانیان وەکو خۆیان وایە نەگۆڕاون، وەلی من لەدوای چەند هەفتەیەک لە زیندەبەچاڵکردنەکەم گۆشتی لەشم لە ئێسکەکانم جیابووەوە وەک بڵێی دوژمن و نەیاری یەکتری بن، ئیدی جگە لە دەیان پارچە ئێسک کە رەنگە خۆشم تەواوی ئەندامەکانی خۆم نەناسمەوە، هیچی وام نەماوە).

دەستپێکی ئەم چیرۆکە لە کاتی ئێستای پاش هەڵدانەوەی گۆڕی ئەنفالکراوەکان دەستپێدەکات و راستەوخۆ چیرۆکنووس ئەم لایەنەمان بۆ ئاشکرا دەکات و، دەڵێت: (کاتێک لمەکەیان لەسەر تەوێڵ و دەموچاوم و گوێچکەم لابرد...)، بەڵام سەرەتای رووداوی ئەم چیرۆکە لەکاتی رابردووەوە دەستپێدەکات و راستەوخۆ چیرۆکنووس ئەم لایەنەمان بۆ دیاری دەکات و لە پاش دوو پەرەگراف دەڵێت: (ئای لە دنیا و مەملەکەتی ژێر لم، بەڕاستی ژیانێکی سەیری تیا دەگوزرێت...). چیرۆکنووس لە دەستپێکی ئەم چیرۆکە و لەسەر زاری پاڵەوانەکەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا (مەردان)ی خەڵکی دیی (بانگۆڵ)ی ناوچەی گەرمیانە و لاوێکی کەڵەگەت بووە هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ئاوەها لەژێر لمدا زەلیل بیت: (من پێش ئەوەی بمرم و ئاوها بمنێنە ژێر لم، لاوێکی کەڵەگەت و بەخۆ بووم... تازە

هەڵدەچووم هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم ڕۆژێک بەمشێوەیە زەلیل دەبم و دەبم بە خۆراکی مار و مێروولە...).

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بەهۆشیارییەوە بەسەرهاتی خۆی لە هەردوو جیهانی دونیا و نێو گۆڕمان بۆ دەگێڕێتەوە و بینای گێڕانەوەکەشی ئاسایی و کۆنە، کەوا لە خاڵیکی کاتی رابردوو دەست پێ دەکات و لەگەڵ پەرەسەندنی رووداوی چیرۆکەکە بەرەو خاڵی کۆتایی کات و رووداوی چیرۆکەکە دەڕوات.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رەخنە دەگرێت لەو لایەن و کەسانەی رۆڵیان هەبوو لەو کارەساتەی بەسەریاندا هاتووە، کاتێک لەلایەکەوە شایی خۆشیی خۆیان دەگێڕن و لە لایەکی دیکەوە لەلایەن رژێمەوە پاداشت دەکرێن بۆ راپەڕاندنی ئەو کار و کردەوەیە، ئەوەتا پاڵەوانە لیقەوماوەکە دەڵێت:

(ئەوەی زیاتر باری جەستە و دەروونمی تێکشاندبوو، ئەو شایی و گۆڵمەزە بوو کە لەسەر زەوی گەرمکرابوو... خەڵکی وایاندەزانی ئێمە مردووین و ئاگامان لە هیچ نییە، بەڵام ئەگەرچی من بۆ خۆشم سەیرم لێدەهات کە چۆن مردووم و ئاگام لە هەموو رووداوێک هەیە؟ ئاگام لێبوو لە دوای ئەوەی ئێمەیان زیندەبەچاڵ کرد بۆ شەوەکەی هەموو ئەو پیاوانە لە مەراسیمێکی تایبەتدا خەڵاتکران و مەدالیای ئازایەتییان پێ بەخشرا!).

لە ئەندێشەی پاڵەوانی لێقەوماوی هۆشیاری ئەم چیرۆکە هەندێ زیادەڕۆیی هەیە، بۆ نموونە لەڕووی ئەقڵ و لۆژیکەوە ماقووڵ نییە ئەم جۆرە گیانلەبەرانە بوونیان هەبێت لەژێر لمدا: (هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم کە لەژێر ئەو لمە وشک و مردووەدا مەملەکەتێکی ئاوها سەیر و عاجباتی هەبێت هیوایان هەبوو شاخدار بوون. هەیانبوو تووکن بوون هەبوو بێ چاو، هەبوو دان تیژ و ژەهراوی). پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ساتەکانی پێش مردنی لێقەوماوە بەحوکمی ئەوەی بەزۆرەملێ زیندەبەجاڵ دەکرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت، ئەم چارەنووسە بەختی زۆرینەی ئەنفالکراوەکان بوو، هەروەها لەنێو گۆڕەکەشدا هەر لێقەوماوە و بێ دەسەڵاتە، چونکە چەندین جۆری مێروولەی ژێر لم گاز لە پێستی دەگرن و بەشی خۆیان لێدەکەنەوە، ئەویش بێدەسەڵاتانە ئەو جۆرە ئازارانە دەچێژێت (مرۆڤ چۆن بەئاسانی قاچی لەناو بەفری تازە باریودا نقوم دەبێت، ئاوها نینۆکیان لە جەستەی رزیوم دەچەقاند و لەگەڵ خۆراپیسکاندا گۆشتیان لە لەشم دەکردەوە). هەروها پاڵەوانەکە بەدەستی بۆنی جەستەی مردووی خۆی دەتلێتەوە، بەمەش حاڵەتی هۆشیاری پاڵەوانەکەمان بۆ بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەقڵ و هزری مرۆڤ لەگەڵ مردنیدا لەکار دەکەوێت، بەڵام پاڵەوانی لێقەوماوی ئەم چیرۆکە بەپێچەوانەوە لەنێو

گۆڕەکەدا بە هۆشیارییەوە خۆی بەدەستی چارەنووسی خۆی لەنێو گۆڕەکەیدا داوە. ئەوەتا تەحەمولی بۆن ناخۆشی جەستەی خۆیشی ناکات (ئەوەی لە هەموو شت زیاتر بۆ من مایەی نیگەرانی بوو، ئەوە بوو کە ڕۆژ بەڕۆژ پێستی لەشم وەکو پەڕۆ دەڕزی... هێشتا چەند سەعاتێک بوو خستبوومیانە ژێر لمەوە، لەشم وەکو پفبدرێت ئاوها ئاوسا، هەر ئەوەنەبوو بتەقم لەگەڵ پەنمانیشدا لەشم بۆنێکی ناخۆشی دەردا... بۆنێک مەگەر هەر خۆم بزانم چۆن بۆنێک بوو کە بڕوا ناکەم هیچ کەسێک بتوانێت خۆی لەبەری رابگرێت).

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە جگە لەوەی بەدەست بۆنی ناخۆشی جەستەی خۆیەوە دەتلێتەوە، هەروەها بەدەست بۆنی قاچی ئەو پیرەمێردەوە دەتلێتەوە و لەنێو گۆڕەکەیدا بەسەرسنگییەوە سەقامگیر بووە. چیرۆکنووس لەم پەرەگرافەدا جۆرێک زیرەکی و هۆشیاریی پاڵەوانە لێقەوماوەکەمان بۆ بەرجەستە دەکات لە زانینی جۆری قاچە مردووەکە: (لە هەموو ئەمانەش ناخۆشتر ئەوە بوو قاچی کەسێکی تر کە بە چرچییەکەیدا دیاربوو پیرەمێردێک بێت، کەوتبووە سەر سک و سنگم... بە بۆنی ئەم قاچەوە ئەوەندەی تر مار و مێرووله تیم ئاڵابوو تەواو هەراسانیان کردبووم لێ لەبەر ئەوەی مردبووم، چ دەسەڵاتێکم نەبوو نەمدەتوانی هیچ بکەم، بەڵام لە دڵ و لەبیری خۆمدا زۆر بە قوڵی لەو وەزعەی تێیکەوتبووم، رادەمام و تێ دەفکرام).

کەواتە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لەنێو گۆڕیشدا خاوەن هۆشیاری خۆیەتی و لە وەزعی خۆی رادەمینێت و تێ دەفکرێت، بۆیە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی لەنێو گۆڕ و دەرەوەی گۆڕەکەیدا خاوەنی جۆرە راستگۆییەکە لە باسکردنی لێقەوماویی خۆیەتی و چیرۆکنووس بەئەنقەست ئەم حاڵەتەی هەڵبژاردووە بۆ خستنە رووی باری دەروونی مرۆڤی ئەنفالکراو لە هەردوو ژیانی پێش و پاش مردنی.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی فانتازییانە ژیانی مردووانی ژێر لم و نێو گۆڕەکانی مەملەکەتی ئێسکەکان دەگێڕێتەوە و چۆن هەریەکیان بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە، ئەمەش زیاتر بەمەبەستی خستنەڕووی کاریگەری لێقەوماوی ئەوانیشە، کەوا دایکە کڵۆڵەکەی یەکێکە لەوانەی پاش چەند ساڵێک لە دابڕان لەنێو گۆڕەکانی ژێر لمەوە بەیەکتر دەگەنەوە و لەگەڵ یەکتردا دەدوێن.

بابەتی ئەم چیرۆکە خاوەن مۆرکێکی کەتوارییە (ریالیزمییە)، چونکە بەسەرهاتێکی راستەقینەی میللەتی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەروەها لەم چیرۆکەدا هەردوو لایەنی راستی و فانتازیا بەشیوەیەکی جوان ئاوێتەی یەکتر کراون بە مەبەستی بەخشینی جۆرە چێژێکی هونەری تا بەهۆیەوە زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێت.

## دەقی چیرۆکی (مەملەکەتی ئێسکەکان)

کاتێک لمەکەیان لەسەر تەویڵ و دەموچاوم و گوێچکەم لابرد. نەمزانی مێرووله و مار و قالۆنچە و قمقمۆکەکان بە گوێمدا رایانکرد و چۆن خۆیان ونکرد. من لەبەر ئەوەی چەند ساڵێک بوو مردبووم، یان راستتر بڵێم زیندەبەچاڵ کرابووم، نەمدەتوانی ببزویم، بۆیە ئەوانیش بەکەیفە خۆ کەوتبوونە وێزەم. من پێش ئەوەی بمرم و ئاوها بمنێنە ژێر لم لاوێکی کەڵەگەت و بەخۆبووم تازە هەڵدەچووم هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم رۆژیک بەمشێوەیە زەلیل و بەم جۆر دەبم. دەبم بە خۆراکی مار و مێروو. (ئای لە دنیا و مەملەکەتی ژێر لم بەڕاستی ژیانێکی سەیری تیا دەگوزەرێت، ژیانێک کە هەرگیز مرۆی سەر زەوی نەیانبینیوە و بڕواش ناکەن کە هەبێت!).

ئەوەی لە هەموو شت زیاتر بۆ من مایەی نیگەرانی بوو، ئەوە بوو کە رۆژ بەڕۆژ پێستی لەشم وەکو پەڕۆ دەڕزی. هێشتا چەند سەعاتێک بوو خستبوومیانە ژێر لمەوە لەشم وەکو پف بدرێت ئاوها ئاوسا، هەر ئەوە نەبوو بتەقم، لەگەڵ پەنمانیشدا لەشم بۆنێکی ناخۆشی دەردا، بۆنێک مەگەر هەر خۆم بزانم چ بۆنێک بوو. کە بڕوا ناکەم هیچ کەسێک بتوانێت خۆی لەبەری رابگرێت.

لە رۆژی سێیەم و چوارەمدا بۆگەنییەکە زیاتری کرد لەگەڵیشدا سەرتاپای لەشم زیچکاو و چەوری و کرمێکی زۆری دەردا، بەشێوەیەک خۆڵەکەی بان و ژێر و ئەملاو ئەولای چەور کرد. هەر ئەوەندەی لمەکە چەور بوو. خودایە چی ببینم؟ من دەڵێم! سەد تۆ بڵێ! هەزاران جۆری مێروو تیم ئاڵان هەریەکەیان لە شوێنێکەوە کەوتنە وێزەم، نەمزانی ئەم هەمووە لە کوێوە پەیدابوون.

بەڕاستی سەیر بوو ئەم حاڵە بۆ من، هەرگیز جێی چاوەڕوانی نەبوو، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم کە لەژێر ئەو لمە وشک و مردووەدا مەملەکەتێکی ئاوها سەیر و عاجباتی هەبێت. هیوایان هەبوو شاخدار بوون، هەیانبوو تووکن بوون، هەبوو بێ چاو، هەبوو دان تیژ و ژەهراوی. کاتێک گازیان لە لەشم دەگرت، هیندەی جێگازەکەیان و زیاتریش گۆشتیان لە لەشم دەکردەوە. تیایاندا هەبوو قاچ و نینۆک درێژ. مرۆ چۆن بە ئاسانی قاچی لەناو بەفری تازە باریودا نقوم دەبیت، ئاوها نینۆکیان لە جستەی رزیوم دەچەقاند لەگەڵ خۆ راپسکاندا گۆشتیان لە لەشم دەکردەوە.

لە هەفتەی یەکەمی زیندەبەچاڵکردنەکەمدا لەشم لە چەند شوێنێکەوە کون کون بوو، بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەوەبوو کونەکان خوێنیان لێنەهات، ئیدی نازانم گۆمی خوێنی لەشم بەستبووی، یان وشکی کردبوو، یان چی تر...؟

لە هەموو ئەمانەش ناخۆشتر ئەوە بوو، قاچی کەسێکی تر کە بە چرچییەکەیدا دیار بوو هی پیرەمێردێک بێت. ئەوەندی تر مار و مێروو تیمئالاّ بوون، تەواو هەراسانیان کردبووم، لێ لەبەر ئەوەی مردبووم چ دەسەڵاتێکم نەبوو نەمدەتوانی هیچ بکەم، بەڵام لە دڵ و لە بیری خۆمدا زۆر بە قوڵی لەو وەزعەی تێیکەوتبووم، رادەمام تێدەفکرام... سەرەتا بڕوام نەدەهات بە سەرسوڕمانەوە لە خۆم دەپرسی: ئەرێ بەڕاست دەبێت من مردبم؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمویست قاچەکانم ببزوێنم جوڵەم بۆ نەکرا، ئیدی زانیم کار لە کار ترازاوە، تەواو مردوومە و بڕاوەتەوە، ئەگەر بمتوانیبا ببزوێنم ئەو باسکەم لادەدا کە کەوتبووە سەردەمم کە نەمدەزانی هی ژنە، یان پیاوە.

من لە هەموو تەمەنی خۆمدا بەبیرم نایەت مێروولەیەکەم کوشتبێت، نەک هەر ئەمە لەبیرمە کاتێک لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی مامۆستای وانەی زانست باسی ریگەکانی قەلاچۆکردنی مێرووی بۆ دەکردین، من زۆر بەتوندی دژی هەموو ئەو رێگایانە وەستامەوە. جارێکیان لە کاردانەوەیەکی جەسورانەدا بە مامۆستای زانستم وت! ئەمە چ زانستێکە بە ئێمەی دەڵێنەوە؟ نەنکم دەڵێت: ئەوەی مێروولەیەک بکوژێت خوا تۆڵەی لێدەسێنێت و دەیخاتە دۆزەخێ... ئێوەش دەتانەوێ بە دەرمان و بە کیمیایی بەکۆمەڵ مێرووڵە بکوژن؟ من نەمزانی قەدری ئێمە ئاوها دەبێت بە کۆمەڵ دەمانکوژن و بە کۆمەڵیش دەماننێژن!

ئەوەی زیاتر باری جەستە و دەروونمی تێکشاند بوو، ئەو شایی و گۆڵمەزە بوو کە لەسەر زەوی گەرمکرابوو... خەڵکی وایاندەزانی ئێمە مردووین و ئاگامان لە هیچ نییە، بەڵام ئەگەرچی من بۆ خۆشم سەیرم لێدەهات کە چۆن مردووم و ئاگام لە هەموو رووداوێک هەیە؟ ئاگام لێبوو لە دوای ئەوەی ئێمەیان زیندەبەچاڵ کرد، بۆ شەوەکەی هەموو ئەو پیاوانە لە مەراسیمێکی تایبەتدا خەڵاتکران مەدالیای ئازایەتییان پێبەخشرا!

ئەمە مەسەلەیەک بوو تەواو پەرێشانی کردبووم، مەسەلەیەکی تر کە تا رادەی شێتی سەرسامی کردبووم و هەرگیز لەیادم ناچێت و خۆشم نازانم چۆن لەو کاتەدا کەوتە یادم، ئەوە بوو بەخیلیم بە (ئەخناتوون) و (نەفەرتیتی) و هەموو فیرعەونێکی میسریدا دەهات، بەڕاستی ئەوانە خۆش ژیان و پیرۆز نێژران. فیرعەونەکان هەزاران ساڵ مردوون و نێژراون، بەڵام لاشەکانیان وەکو خۆیان وایەو نەگۆڕاون، وەلێ من لەدوای چەند هەفتەیەک لە زیندەبەچاڵکردنەکەم گۆشتی لەشم لە ئێسکەکانم جیابووەوە وەک بڵێی دوژمن و نەیاری یەکتری بن، ئیدی جگە لە دەیان پارچە ئێسک کە رەنگە خۆشم تەواوی ئەندامەکانی خۆم نەناسمەوە،

هیچی وام نەماوە.

لەگەڵ ئەم تیکەڵاوبوون و بەیەکداچوونەدا هەر ئێسکەو بە زمانی رۆح سەربووردەی ژیانی خۆی بۆ ئەوی دی دەگێڕایەوە... کاتێک لولاقێک، پەراسوویەک، باسکێک جومجومەیەک حەکایەتی خۆی دەگێڕایەوە، هەموو مەملەکەتی ئێسکەکان بە عەشقێکی زۆرەوە رۆحیان بۆ رادەنێرا لەگەڵ زایەڵەی سەربووردەکاندا پێدەکەنین و دەگریاین...

من بڕوا ناکەم هیچ کۆڕێکی شیعری هێندەی مەراسیمی سەربوردەی ئێسکەکان قەرەباڵغ و بە حەماس بووبێت. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر لە مەملەکەتی ئێسکەکاندا جێگەی سەرنج بوو ئەوە بوو ئێمە ئەگەرچی هەر چل پەنجا کەسێکمان لە چاڵێکدا زیندەبەچاڵ کرابووین و هەتا چاویش پڕ دەکات هەر چاڵ بوو، بەڵام دەیانووت دوایین چاڵ لمێکی ئێجگار وشک و سوێری هەیە، لمیک کە لە سوێریدا تاڵە، ئەگەر لولاقێک. باسکێک پەراسویەک کەللەسەرێک لە یەکەمین چاڵەوە سەربووردەی خۆی بگێڕایەوە، ئەوە ئێسکی دوایین چاڵیش بە رۆح گوێی لێدەبوو... وا بزانم لە سێیەم ساڵی زیندەبەچاڵکردنەکەمدا بوو نۆرە هاتە سەر من کە سەربوردەی ژیانی خۆم بۆ ئامادەبووان بۆ مەملەکەتی ئێسکەکان بگێڕمەوە، من ئاوها دەستم بە گێڕانەوەی سەربوردەی ژیانم کرد: ناوم (مردان)ە خەڵکی (بانگۆل)ی گەرمیانم سێ ساڵ لەپێش ئێستا پێش ئەوەی زیندەبەچاڵ بکرێم تەمەنم (٣٠) ساڵ بوو، دایکم بۆی گێڕاومەتەوە ئەو رۆژەی منی تیا لەدایک بووم ٨ی مانگی شوباتی ١٩٥٨ بوو... رەشەبایەکی ژەهراوی ناوەخت هەڵیکرد رەشەبایەک زەحمەت بوو کەس خۆی لەبەر بگرێت، گەورە و بچووک ژن و پیاو پیر و لاوی پێکەوە لول دا، کەس نەیزانی ئەم گەردەلولە لە کوێوە هەڵیکرد، زەحمەتە بتوانرێت باسی کاولکارییەکانی ئەو رەشەبایە وەک ئەوەی کردی، بگێڕدرێتەوە.

دایکم چەند جارێک بە چاوی پڕ لە فرمێسک و دڵی پڕ لە حەسرەتەوە ئاخی بۆ رۆژانی لاوی هەڵکێشاوە بۆی گێڕاومەتەوە، کە باوکم هەرچۆنێک بێت توانیویەتی ئێمە لە ژەهراویبوونی ئەو بایە رزگار بکات، لێ خۆی هەر ئەو رۆژە تەمەنی جوانی خۆی کە (٣٣) ساڵ بوو، بۆ دایکی (١٨) ساڵم کرد بە قوربانی... من کە هێشتا زۆر سەربووردەی ترم مابوو بیگێڕمەوە، نەمتوانی تەواویان بکەم بەدەم گریانەوە وتم: ئاخ دایەگیان دایکی جوان و جاهێڵیم، دایکی میهرەبانم، دایکی خێر لەخۆ نەدیوم دەبێت ئێستا لە کوێ بیت؟ ئایا گوێت لە ناڵەی رۆحی مەردانی کوڕت هەیە؟ دڵنیام ئێستا بمبینی نامناسیتەوە، چونکە ئێستا نە چاوم ماوە هەتا بە سەوزییەکەیدا بمناسیتەوە، نە خاڵە وردە رەشەکەی چەناگەم، هیچ هیچیان نەماون، ئێستا جگە

لە ئێسکەپەیکەرێک کە ڕۆژانە زیاتر نەرم دەبێت و دەڕزێت هیچی دیم نەماوە دایەگیان تۆ لە کوێی؟

لەم کاتەدا دەنگێک لە دوورەوە کەوا بزانم نزیکی چاڵە کۆتاییەکان بوو هات بە دەنگ هاوارمەوە بە دەنگێکی ئێجگار میهرەبان، بەڵام بە لەرزۆکەوە وتی: مەردان ڕۆڵە ئەوەتام ئەوەتام لیرە لەم چاڵە منیش مردووم منیش زیندەبەچاڵ کراوم ناتوانم ببزوێم سەرێک و قاچێک و دوو دەست کە نازانم هی کین کەوتوون بەسەر لاشەی مردوومدا هەر بە جارێ هەراسانیان کردووم، بەڵام منیش بە چاوی ڕۆح دەتبینم گوێم لە دەنگتە لەم دوورەوە دەتلاوێنم تازە ئێمەی مەملەکەتی ئێسکەکان هەر لێرە دەمێنینەوە، بڕوا ناکەم مرۆڤی زیندووی سەر زەوی بزانن ئێمە لێرەین.

دایکم لەدوا رستەیدا دەنگی گۆڕاو قسەکەی بۆ تەواو نەکراو دایە پڕمەی گریان...

بەم شێوەیە من و دایکم لەدوای چەند ساڵ لە دابڕان یەکترمان دواند... لە دوای من ئەو لولاقە قسەی کرد کە لە یەکەم ڕۆژی زیندەبەچاڵکردنەکەمەوە کەوتبووە سەر سنگم و هەتا ئەو ڕۆژەی لمەکەیان لەسەرم لابرد هەر لەسەر سنگم بوو.

دواجاریش کە ئیسکەکانمانیان جارێکی تر کۆکردەوە و کردیانە پریاسکەیەکەوە لەوێشەوە خرامە ناو تابووتێکی گەورەوە، ئینجا بە ئاڵایەکی سێ ڕەنگ سوور و سپی و سەوز داپۆشرام ئەو لولاقەشیان خستە ناو تورەکەی منەوە، بەڵام دەستی ڕاستم کە کەتبووە ژێر سەری ئەو ژنەی تەنیشتمەوە لە کاتی دەرهێنانەوەی ئێسکەکانمان لەژێر لمەکە نەمزانی کەوتە پریاسکەی کێوە و تێکەڵاوی ئێسکی کێ بوو، یا ڕاستتر بڵێم نەمزانی بوو بە بەشێک لە لەشی کێ؟!

من زۆر لەلام سەیر بوو خزمەکانم هاوڕێکانم ئەوانەی (١٥)ساڵی تەواو عەودالی هەواڵ و تەنانەت تەرمی ئێمە بوون، بۆ نەیانپرسی و ورد نەبوونەوە، بۆچی و چۆن دەبێت مرۆڤیک سێ قاچ و یەک دەستی هەبێت؟

من ئێستا کە لە پریاسکەیەکدام لەناو تابووتێکی گـەورەدام بریتیم لە جومجومەیەک چەند پەراسویەک سێ لولاق، دووانی ڕاست و یەکێک چەپ لەگەڵ باسکێکی چەپ. چەندین ساڵ لە جێیەکی ئێجگار تەنگەبەردابووم ئێستا هەر خۆم، بەڵام بەبێ دەستی ڕاستم لەناو تابووتێکی گەورەدام...

من ئەگەرچی جگە لە چەند ئێسکێکی وشک و رزیو زیاتر هیچی دی نەبووم، بەڵام وەک مرۆڤێک کامڵ لە دیاردەکان رادەمام تێدا تێفکرام پرسیارم دەکرد، خەونم دەبینی خەونی زۆر گەورە و جوان هەندێ جار دڵخۆش دەبووم، بەڵام کاتێک یادەوەری دەستە ڕاستم دەکەوتەوە یادم نیگەران و دڵتەنگ دەبووم. فرە

دڵخۆش بووم کاتێک لە دوای پانزە ساڵ لەژێر لم دەریانهێنامەوە، توانیم جارێکی دی ژیانی سەر زەوی ببێنمەوە، بەتایبەت ئەو کاتەی گەیاندمیانەوە کەرکووک و بەسەر پردی خاسەدا رەتیان کردم، هەر ئەوەندە نەبووم پێ بگرم و لە تابووتەکەوە سەر دەربێنم و هاوار بکەم، بەڵام کاتێک لە خۆم رامام کە دەستی راستم نییە، نیگەران و دڵتەنگ مامەوە ئاخر مەحاڵە بتوانم بەبێ یادەوەری دەستە راستم بژیم و بمرم... من لە ژیانمدا چەندین جار نامەی دڵداریم بە دەستە راستم بۆ شەونم نووسیوە... لەمەش ئەستەمتر کاتێک لە پاین پردەکەی خاسەدا چاوم بە باجی (زارا) کەوت، دەروەزەی دەکرد بەری چاوم تاریک بوو ئیدی هیچم نەدی، بەڵام یادەوەری چەند رۆژێکی پێش ناشتنم بەرەو قوڵایی خۆی لوشی کردم...

ئەو رۆژەم کەوتەوە یاد کە ئێسکەپەیکەری (کاروان) کورە گەورەی باجی (زارا) باسی دایکی بۆ دەکردین، کە چۆن پێش ئەوەی زیندەبەچاڵ بکرێن سەربازەکان بەزۆر لە باوەشی دایکیان دەرهێناوە (کاروان) لە گێڕانەوەی ئەم رووداوەدا وەک جاری یەکەم دەستی بە گریان کردەوە، لە دوای خۆشی تەواوی مەملەکەتی ئێسکەکان دایانە پڕمەی گریان...

(کـاروان) هەر بە هیوا بوو جارێکی دی لە ئامێزی دایکیدا سەرخەوێک بشکێنێتەوە... نەیزانی باوەشی دایکی وەکو دەستە راستی من ون دەبێت و نادۆزرێتەوە.

لە دوای ئەم دیمەنەی باجی (زارا) زوو پەشیمانبوومەوە لەوەی جارێکی دی بژیمەوە... لەم کاتەدا زۆرم پەلەبوو خوا خوام بوو لەو تابووتە رزگارم بێت و تەسلیم بە خاکم بکەنەوە، هەتا گەیاندمیانە گۆڕستان خۆم دڵنەوایی ئێسکە پەیکەری خۆمم دەکرد...

ئەی ئێسکی وشک و رزیوم، خوداوەند نەمریی تەنها بە خۆی بەخشی، قەدەری ئێمەش بە مردن، بۆیە دەبوو هەر زوو بمانزانییا کە ژیان جگە لە گەمەیەکی بێ مانا، هیچی دی نییە.

کاتێک جارێکی دی، بەڵام بەپێچەوانەی جاری یەکەمەوە، لە مەراسیمێکی شایستەدا بە خاک سپێردرامەوە و گەڕامەوە بۆ ناو مەملەکەتی ئێسکەکان یەکەمین ئێسکەپەیکەر کە پێشوازی لێکردم و هەواڵی کوردستان و هەواڵی سەر زەوی لێپرسیم، ئێسکەپەیکەری شەریف پاشای خەندان بوو...



# سیمبۆڵی "ئاڵا" و "نیشتمان" لە شیعری پەشێودا

هەڵۆ بەرزنجەیی

پاش ئەوەی پێداویستیی لێکنزیکبوونەوەی مرۆڤان بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی سروشت و کارەساتە مەترسیدارەکانی ژیان، یا، بە واتایەکی دیکە، بۆ باشتر تێگەیشتن و هاوکاری و پەیداکردنی بژێویی، وردە وردە بە درێژایی ئەو پرۆسەیە چەندین خەسڵەت و نیشانە سەریان هەڵدا و چەسپان. سەرئەنجام بەردەوامیی مرۆڤ لەسەر ئەم رەوتە و قاڵبوونەوە لە بۆتەیەکدا بووە رۆتینێکی ژیان. ئینجا، بە ئامانجی خۆناسینەوە و جیابوونەوە لەوانی دیکە، هەستی هاوچارەنووسی و بانگەشەی (ئێمە) رسکا. تاکەکانی گرووپی(ئێمە)، بۆئەوەی باشتر خەسڵەت و جیاوازییەکانیان بەرجەستە بکەن، بیریان لە پەنابردن بۆ دۆزینەوە و داهێنانی هێما و سیمبۆڵی تایبەت بە خۆیان کردەوە. ئەرکی ئەو هێمایانەش هەڵگرتن و رەنگپێدانەوە و ناساندن و ناسینەوەی ئەو گرووپ و دەستە جیاوازانە بووە.

لە مەودای درێژخایەنی پرۆسەی مێژوویی گووران و قاڵبەستنی (ئێمە، خێزان، خێڵ، گەل، نەتەوە)دا، کە دەستووری پەلەی ژیان داینەمۆی بەگەڕخستنی بووە، سیما و دیاردەی مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و گەلەک جاران جوگرافی و زۆر دیاردەی دیکەی تایبەت بە (ئێمە) لەو هێما و سیمبۆلانەدا بەرجەستە بوون.

ئێرنست رێنان، زانستکاری ئاینیی فەرەنسایی ١٨٢٣-١٨٩٢، لە وتارە بەناوبانگەکەیدا "نەتەوە چییە"، دوای شەڕی فەرەنسا و ئەڵمانیا لەسەر ئێلزاس، لەمەڕ نەتەوە دەڵێت: "نەتەوە بریتییە لە پرنسیپێکی گیانی و هەستی و دەروونی. دوو خەسڵەت، کە لەڕاستیدا یەکن، ئەم گیانە دروست دەکەن، ئەم پرنسیپە هەستەکی و دەروونییە دەخوڵقێنن. یەکێ لەمانە پەیوەستە بە رابردووەوە و ئەوی دیکەیان بە ئێستاوە".

رێنان (ئێمە) بە "کۆمەڵگای هــەرەوەزی" ناودەبات. لێ لەو رۆژەوەی سۆسیۆلۆگی ئەمریکایی ولیام زامەر (William G. Summer) قسە لەسەر جیاوازیی دەستەی "خۆمان" یان "ئێمە" in-group و دەستەی "نامۆ" یاخود "ئەوان" out-group وەک نیشانە و جیاکارییەکی بنچینەیی هەموو گرووپەکان دەکات، دەڵێت: گرووپی "خۆمان" لەلایەن هەستی "ئێمە"وە راگیراوە. کەواتە ئەمە ئەوەیە، کە رێنان ناوی (پرنسیپی گیانی) لێناوە. بە قسەی زامەر گرووپی "ئێمە" لە رێگای دەستەبەرکردنی "پەیوەندی، یا تێکەڵاوی و زێد و هەوارگە و هەستی هاوبەش"، کە لەنێو ئەم گرووپەدا و بۆ ئەم گرووپە کارا بووە، مانا دەبەخشێت بە بوونی خۆی. ئەم ماناداریيەی گرووپی "ئێمە" هەر لە رێگەی نۆرم و شێوازی هەڵسوکەوتەوە دروست ناکرێت، کە ئەندامانی گرووپی "ئێمە" پێکەوە پەیوەست بکات، بەڵکو لەڕێی خۆناسینەوە بە سیمبۆلەکانەوە بەرقەرار دەبێت.

بەم پێیە، دروشم و ئاڵا و سیمبۆل و خەسڵەت و چەندین نیشانە و دیاردەی دیکە دەبنە کەرەسەی پێویستی بەردەوامبوون و خۆپاراستن و پێشکەوتنی دەستەجەمعی. داهێنانی ئەو سیمبۆڵانە، بەرجەستەکردن و چەسپاندنیان لە هەست و نەست و کەسایەتیی تاکە تاکەی هاونیشتماناندا، لە ئاکامدا دەگەن بە رادەیەک، دەبنە بەشێک لە ناسنامە و بە خۆنازین و نیشانەی سەرکەوتنەکان و جۆشدانی ژیان و هیواپەیداکردن بە ئایندەیەکی پرشنگدارتر.

لەنێو ئەم گرووپانەدا و لەم میانەوە هاوسۆزی و وابەستە بوون بە نەتەوە و نیشتمانی هاوبەشەوە هێدی هێدی جۆش و خرۆش پەیدا دەکات و دەگەشێتەوە و رەهەندی هێزی نەتەوەش وەک دەستاوێژێکی سیاسی تا بێت خورتتر دەبێت.

پەشێو، ئا لەم روانگەیەوە، بایەخ و قورسایی دەخاتە سەر چەمکی ئاڵا و نیشتمان و سیمبۆڵەکانی دیکەی ناسنامەی نەتەوایەتی. ئەم چەمکانە، بە درێژاییساڵانی پڕ لە هەڵەمووتی سەخت و دژواری گەشتە شیعرییەکەی پەشێو، هەمیشە میوانی نێو دڵ و هەست و گیان و وێردی سەر زمانی بوون. شاعیر

پەیمانێکی جەنتڵمانانەی لەگەڵ خۆیدا بەستووە و بە هۆشیارییەوە دەیەوێت کار لەسەر فەراهەمکردنی زەمینەی ئەم بیر و ئایدیایانە بکات. پەشێو گەرەکێتی ئەم رەگەزانە لەنێو ئەدەبی کوردیدا بکاتە مۆرک و بنەمایەکی نەگۆڕی هەمیشە ئامادە و لە رووی فەرهەنگییەوە، بیانکاتە راستییەکی مانابەخش و بە سانایی و بەڵگەنەویستانە بکەونە بەر زەین و هەستی تاکی کورد. شاعیر دەیەوێت ئەم بەهایانە ببنە کارێکی رۆتینی کوردی و شیعری کوردی بەم چەمکانە برازێنێتەوە. دیارە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە شاعیرانی دیکە بێبەش بکەین لەو بەشدارییەی لەم کایەدا کردوویانە، لێ نەخشی پەشێو لەم بوارەدا، بەو قورساییە هزرییەی دەیخوێنینەوە و ئەو بەشداریکردنە کارایەی لە دەوڵەمەندکردنی "مفردات"ی ئەو چەمک و ئایدیایانە کردوویەتی، بەرچاوترە.

ویست و خواستەکانی کورد لە ئەدەبەکەماندا بەو دیدە نەتەوەییەی، کە کتومت دەربڕی باس و ئاخافتن بێت لە ئاڵا و نیشتمان، کزە، لەم روانگەیەوەیە پەشێو دەبێتە دیارترین شاعیرمان، کە یەکبێن و بێ پرینگانەوە و زۆر راشکاوانە سەرگەرمی تانوپۆچنینی ئەم تەرزە رەگەزانەیە لە ئەدەبی هاوچەرخماندا و هیچ کەس نابێتە هاوکووفی لەم مەیدانەدا.

رۆژگار پەشێوی هەڵدابێتە هەر قوژبنێکی ئەم گێتییەوە، ئەو بەرەو بێرکوت گەڕاوەتەوە و بە هەولێردا گوزەری کردووە و لە سلێمانی کۆڕی بەستووە و بووەتە میوانی سابڵاخ و سەردانی ئامەدی کردووە و سڵاوی بۆ قامیشلی ناردووە. پەشێو شاعیری خاک و نەتەوەیە، هەڵگری ئاڵا و ناسنامەی کورد و کوردستان و رابەری هەمیشە دیاری ئەم مەیدانەیە. هەرگیز نیشتمان لە بیری پەشێو نەچووە و مەحاڵیشە لێی بزر بێت و لە مێژساڵیشە وێڵی کوتە ئاڵایەکی سەربەخۆیی و ئازادییە بۆ نیشتمان. ئاخر پەشێو لەم گۆشەنیگایەوە سەرنجی لەم چەمکانە داوە و لەم پێناوەدا گەلێ سەلیقە و کارامەیی شاعیرانەی بەرزی خەرجکردووە. پەشێو سیزیف ئاسا تا هەنووکە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئەم چەمکانەدایە بۆ فەزای سەروەری و نەمری.

ئەم خوێندنەوەیە، وەک هەوڵێکی خاکەڕایانە و لە چواچێوەی دیدێکی هزری و سیاسییانەوە، ئاوڕێک لە وێستگە گرنگەکانی ژیانی شاعیر لە سەرەتاکانی پێخستنە گێتیی ئەدەبەوە تا هەنووکە و تێکۆشانەکانی شاعیر بۆ تۆمارکردن و بەرجەستەکردنی ئەم دروشم و هێمایانە دەداتەوە. ئاڵا و نیشتمان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان پێکەوە هەیە و سەرەتا سیمبۆڵی ئاڵا بەسەر کراوەتەوە، پاشان خوێندنەوەی چەمکی نیشتمان بەرچاو دەکەوێت.

وێستگە مێژووییەکان

١٩٦٩/٨/١٥
**لە پێشەنگی کەژاوەتا،**
**ئاڵای خوێنینی مەهاباد هەڵکرابوو.** ل... ١٤٤

لێرەدا ئاڵا خۆی لە مێژووی خەباتی سەخت و خوێناویی کوردایەتیدا نمایش دەکات.

بەلای پەشێوەوە... کەژاوەی خوێناوی بەڵگەی مێژوویەکی پڕ لە مەرگەسات و قوربانییە و تێیدا لافاوی خوێن دەبێتە سەرقافلەی کاروانی مان و نەمانی کورد. کاتێ لەم بەیتە ورد دەبینەوە تابلۆیەکمان دێتە بەرچاو، کە بە رەنگی سووری خۆی بەسەرهاتی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان و لاشەی پیرۆزی پێشەوای نەمر و هاورێ لە سێدارەدراوەکانی وەبیر ئێمە دێنێتەوە. هاوزەمان زەبری کوشندەی داگیرکەرمان دەخاتەوە یاد.

ئەم کارەساتە لای شاعیر هێندە بەسوێیە، هەرگیز هی لەیادچوون و فەرامۆشی نییە.

پەشێو، بێ ئەوەی پێ بزانێت، نەیتوانیوە خۆی لە بازنەی خەمی مێژوو دەرباز بکات. ئاخر شاعیر چاک دەرکی بەو راستییە کردووە، کە کورد قوربانیی دەستی مێژووە. ئەوە مێژووی رەش و غەدرە بڕیاری چارەنووس و قەدەرێکی وا سەختی بۆ نەتەوەکەی داوە.

ساتێ ئەوە واقعی تاڵ و بە زۆر سەپاو بێت، دەبێت رێگەچارە چی بێت؟ شاعیر بە کامە کەرەسە تابلۆی شیعرەکانی بنەخشێنێت؟ بۆ وەرامی ئەم پرسیارە، دەبینین پەشێو لە دەوازەیەکی دیکەوە دەچێتە ناو بەسەرهاتەکانەوە. ئەمجارەیان شکستی زۆردار و سەرکەوتنی هەق و کوردایەتی بەرجەستە دەکات. لەم چرکەساتەدا دوای گلان و شکست پەیامی رابوون و سەرفرازی لە ئاڵای شەکاوەدا دەبینێت، ئایندەی تژی لە رووناکی بەدی دەکات و دەڵێت:

**لە تنۆکی فرمێسکتدا**
**دەماری بازووی کاوەم دی،**
**لاشەی کەوتووی زوحاکم دی،**
**ئاڵای بەرزی شەکاوەم دی،**
**ئاسۆیەکی رووناکم دی.** ل... ١٤٦

ئەدی ئەوە پێشەوا نەبوو جگە لە مێژوویەکی تراژیدیائامێزی پڕ لەسەروەری، ئاڵای کوردستانی لە دوژمنان قوتار کرد و بە ئەمانەتەوە رادەستی نەوەی پاش خۆی کرد؟ ئەو نەبوو پەیام و مژدەی بەردەوامیی کۆڵنەدان و سووربوون لەسەر خەباتی پێ بەخشین؟ هەر ئەو وانە خوێناوییە بوو جارێکی دیکە ئیرادەی پۆلایینی نەتەوەی بەرجەستە کردەوە، وای لێ کردتا بە دوا ئامانجەکانی نەگات، دەست لە تێکۆشان بەر نەدات. بە واتایەکی دیکە، مانیفێستی خەباتی رەوا و بەردەوامی کوردی جاڕ دا. ئەم کۆپلە شیعرە لەڕاستیدا هەڵگری خەسڵەتی ئیرادەی زیندووی ژیانە.

١٩٧٠

ئاڵا

**دۆستەکانم! باش بزانن،**
**دوژمنان! باش بزانن:**
**چەند باوەڕم بە زەردەشت و**
**بە ئاڤێستا و بە خوا هەیە،**
**هەزار هێندەش**
**باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە!...** ل٢٤٨

داخۆ دەبێت چ پەیامێک لەمە سادە و روونتر بەڕووی یار و نەیاردا وترا بێت! کەس هێندە راشکاوانە گوزارەی لە هەست و نەستی دڵ و دەروونی خۆی نەکردووە. پەیامێکی کورت و مانایەکی بەهێز. با دۆستان گوێی بۆ رادێرن و دوژمنانیش ئاگادار بن! شاعیر دەیەوێت بە دنیادا جاڕ بدات: هەردوولا لێم بنۆڕن، شەرم ناکەم، ناسڵەمێمەوە و هاوار دەکەم. گەر ئایدۆلۆژیا و ئایین و مەزهەب یەکجار جێی باوەڕی بن، وا ئاڵا و سەربەخۆیی هەزارجار ئومێد و هیوایەتی.

لێرەدا پەشێو خواهیشتی کەسی تێدا نەهێشتووەتەوە و یەکەوڕاست جەوهەری مەسەلەکەی لە دید و باوەڕی خۆیەوە نەخشاندووە. لای پەشێو، خۆشەویستی بۆ هەموو پیرۆزییەکانی ئاسمان و سەر زەوی، دەکەونە پاش بەها و گرنگی ئاڵاوە. ئاڵاش لە رەهەندی خۆیدا وێنای سەربەخۆیی قەوارەی سیاسی و ئازادی و کەرامەتی مرۆیی دەکات و سیمبۆلە بۆ هەبوون و ناسنامەی خاک و نەتەوە.

١٩٧٢/٣/٢٢ (یەکەم مەهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکووک)

**منالەکان!**
**ئەی بێلانە ژینتاڵەکان،**
**شەو لە خەوما ڕێبوارێک بووم،**
**بۆ بارەگای (یۆتان) دەچووم.**
**کە دەروازەکەی قووتی دام،**
**ڕەشم بینی- ئاڵای هەبوو،**
**سپیم بینی- ئاڵای هەبوو،**
**هەرچیم بینی- ئاڵای هەبوو.**
**قیژاندییان:**
**"ئەی بێ وڵات، بۆ دەرەوە!**
**ئەی بێ ئاڵا، بۆ دەرەوە !"**
**منیش گوتم:**
**"مەقیژێنن!**
**کە دەچمەوە،**
**ئەم چیرۆکە بۆ منالان دەگێڕمەوە!"** ل... ٢٣٨

چەندم کرد و کۆشام، نەمتوانی تاکە وشەیەک، یان خاڵێک، لەم تابلۆ بەرزە شیعرییە بپچڕم، چونکە پەیوەندیی ئۆرگانیی و هارمۆنیی شیعرەکە ڕێگە نادات. ناکرێت ملوانکەیەکی مرواریی بپچڕین و دەنک دەنک نیشانی بدەین و بڵێین ئەمە ملوانکەیە و قسەیان لەسەر بکەین، یا، بە واتایەکی دیکە، ناوێرم لەو گەوهەرە شیعرە تەنیا کۆپلەیەکی بۆ خوێنەر ڕاگوێزم.

ڕەنگە خوێنەر لەگەڵمدا هاوڕا بێت و بزانێت چەند ئەستەم و دژوارە ئەم ناو و چەمکانە "من، منال، ڕێبوار، بارەگای یۆتان، ڕەنگ، قیژاندن، بێ ئاڵایی کورد" بە تەنیا بخەمە بەر دیدی.

منال، کاراکتەرێکی هەمیشە ئامادە و چالاک و هیوا لەسەر هەڵچنراوی نێو شیعری پەشێوە. منال هێمای ئایندەیەکی ئاسۆ فراوانتری پڕ لە بەختەوەری و چارەنووسێکی گەشتترە. مندال توخمێکی بێگەردە و کەڵکی وەکاربردنی ماوە و هێشتا بە کارتێکردنی سیاسەتی کوردی چەواشە و سەقەت نەبووە. مندال کەرەسەیەکی خاوە و دەکرێت ببێتە هەوێنی پرۆژەیەکی گەورەتر لە خەونە زڕ و نامۆکانی دنیای دەرەوەی ئەقڵی نەزۆکی کوردی. ئەم شیعرە هەڵگری پەیامێکی

مێژوویی و ناسنامەیەکی خەمگینی کەرامەتی رووشاوی تاکی کورد و مێژووی مرۆڤایەتییە.

ساتێ پەشێو لە رەفتار و گوفتاری کاراکتەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی بێ هیوا دەبێت، جارێکی دیکە روو لە منداڵان دەکات و هیوایان لەسەر هەڵدەچنێت و چیرۆکی خەمباری و دڵشکاویی خۆی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەخاتە ناو هەگبەکەیەوە، بڕیار دەدا لە گەڕانەوەیدا مەرگەساتی نەتەوەی بێ ئاڵایان بە وردی بۆ بگێڕێتەوە.

پەشێو، کە تەماشای نەخشەی دنیا دەکات، لە جوگرافیای هیچ کیشوەرێکدا وڵاتی بێ ئاڵای وەک کوردستان بەو زەقییە نابینێت. چیرۆکی نەتەوەی بێ ئاڵاش ئەو باسە پڕ جۆشەیە، کە هەرگیز لە بڕانەوە نایەت. شاعیر لە هەر شوێنێ میوان بووبێت و بە دیداری هەر کەسێک گەیشتبێت، یاخود هەر دەرفەتێکی بۆ رەخسابێت، بەسوودی کوردایەتی دەنگی هەڵبڕیوە و هەڵی قۆستووەتەوە و رەنگی خۆی نیشانداوە.

١٩٧٣/٥

**وەک بیستوومە،**
**ئەو کۆترە مانگرتووە،**
**لە ئاسمانی وڵاتێکی بێ ئاڵادا،**
**بە شریخەی تفەنگ نەبێ،**
**قەت لە شەقەی باڵی نادا!** ل... ٢٥٣

لای پەشێو هاوکێشەکە روون و ئاشکرایە، داگیرکەران هەر وان. لە زمانی شەڕ بەولاوە چ زمانێکی تر تێناگەن. ئەوان هەردەم بە زەبری شۆڕش و راپەڕین و بە ناچاری وڵاتی داگیرکراویان بەجێهێشتووە. ئینگلیز بەرگەی خەباتی هیندی نەگرت، ئەوجا هیندستانی چۆل کرد و ئەمریکاش ڤێتنام و... هتد.

سروشتی داگیرکەرانی کوردستان، لەبەر هەندێک هۆ، کە ریشەیان بۆ کولتووری هەزاران ساڵەی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە سروشتی داگیرکەرانی کلاسیکی جیا دەکرێتەوە. ئاسەوارەکانی سیاسەتی داگیرکەرانی نیشتمانی کورد قورستر و دژوارترن، ئەو جێبرینانەی بە جەستەی زمان و کولتوور و ئابووری و ئاکاری نەتەوەیی و تەنانەت دابونەریتیشەوە بەجێی دەهێڵن قووڵترن و بە ئاسانی ساڕێژ نابن. فارس و تورک و عەرەب، بە تێکڕایی،

بە درێژایی ٢ هەزارساڵ زیاترە شانی گرانی داگیرکاری و رووتاندنەوەیان لە کوردستان داداوە. هەرگیز بەتەمای بارکردن نین و نایانەوێت دەست لە یەخەی نیشتمانی کورد بکەنەوە. پەشێو ئەم چیرۆکە باش دەزانێت و لێی بەئاگایە، هەر بۆیە، تاکە ئەڵتەرناتیڤ لە دەستدانە چەک و لوولەی تفەنگدا دەبینێتەوە. پەشێو بۆ خۆی عاشقەشەڕ و خوێنخواز نییە، وەلێ لە لایەک دڕندەیی و چەپەڵی داگیرکەر و لە لایەکی دیکەوە خۆشەویستیی نیشتمان و نیگای فراوانی سەربەخۆییخوازی و پیرۆزیی چەمکی ئازادی قەناعەتی دەستدانە چەکیان لا دروستکردووە.

١٩٧٤/١٠/١٧

**کاتێ خوێنم فڕکەی کرد و**
**وەکوو چەپکە گڕێک پژا**
**بەسەر عەردا،**
**جەللادەکان**
**هاتن... پەنجەیان تێوەردا**
**هاتن... چیلکەیان تێوەردا:**
**پیتی ناوێکی سەربڕاو،**
**نەخشەی وڵاتێکی دزراو،**
**تێکەڵاوبوون وەک تانوپۆ.**
**یەکالآیان نەکردەوە،**
**هەرچەند پەنجەیان تێوەردا،**
**هەرچەند چیلکەیان تێوەردا!** ل... ٣١٣

لە هەر تکە خوێنێکی شاعیردا ناو و نەخشەی نیشتمان نەخش بووە. پەشێو خانە بە خانەی جەستەی لە خۆشەویستیی وڵات داڕێژراوە. داگیرکەر چەند نەخشەی وڵاتی لێ قەدەغە کردبێت، دیسان پەشێو پەنایەک، حەشارگە و داڵدەیەکی لە جەستەی خۆیدا بۆ پاراستن و هەڵگرتنی نیشتمان پەیدا کردووە. هەر بۆیەشە، نیشتمان بە نەمری لە ناخی شاعیردا ماوەتەوە.

١٩٧٩/١/١٨

**بۆیەکەم جار، بە ئاشکرا،**
**نەخشەیەکم لە دیوار دا**
**(ئەوەی بە رۆژ**
**لە ئەتڵەسی دنیا دزرا).** ل...٤٤٨

لە سایەی تانک و تۆپی داگیرکەردا، دوای ماندووبوونێکی زۆر نەخشەی دزراوی وڵاتە داگیرکراوەکەی دەست دەکەوێت، دەستبەجێ، بێ ترس و سڵەمینەوە، لەناو خوێن و دڵیدا دەیهێنێتە دەرەوە و بە دیواری ژوورەکەیدا هەڵیدەواسێت. لەو رۆژەوە هەتا ئێستا بێوچان لە خەباتێکی سەخت و دژواردایە و عەودالی ئەوەیە، نەخشەی دزراو بخاتە ناو پێکهاتەی نەخشەکانی دیکەی ئەتڵەسی جیهان.

١٩٨٠/٢/٢٥

**بەس تەماشای ناولەپم کە!**
**خۆ من نامەوێ پێم بڵێی**
**دەبم بە باوکی چەند منال،**
**زەنگین دەبم ، یا هەروا لات...**
**تەنیا شتێکم پێ بڵێ:**
**هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم،**
**یاخۆ دەبمە خاوەن وڵات؟!** ل... ١٥

پەشێو بەوپەڕی پەرۆشەوە وێڵ و سەوداسەری نیشتمانە. خەمی بێوڵاتی هەمیشە سەرتۆپی ژانە قورسەکانێتی و گینگڵی پێوە دەدا. نە چاوترووکانێ بە کامی دڵ پشوویەک دەدا، نە لەسەر بستە زەمینێکیش پرسی نیشتمان یەخەی بەردەدا. ئازاری ئەم خەمەی شاعیر هێندە بەسوێیە، تەنانەت سکاڵای دڵی خۆیشی لای قەرەجێکی بێ وڵات دەکات. دەترسێت خۆشی وەکو قەرەجێک هەمیشە نیشتمان لە کۆڵ و ئاوارەی وڵاتان بێت.

١٩٨٠/١٢/١٩

**مەزاد... مەزاد...**
**هەرچیم هەیە، هەمووی مەزاد...**
**بە پارچەیەک پەڕۆی سادە،**
**کە هەڵبکرێ و بشنێتەوە**
**لەسەر بستێک زەویی ئازاد!**
**مەزاد...مەزاد...**
**هەرچیم هەیە... هەمووی مەزاد!** ل... ٥٣

شاعیر هەموو ئەو بەها و کەرەستانەی لای من و تۆ نرخیان هەیە دەیانخاتە مەزادەوە و ئامادەیە بە پارچەیەک پەڕۆیان بدا! شاعیر لێرەدا بە رووالەت هەڵگری سیفەتی بازرگانێکی ناشی و بێئاگایە، مامەڵەیەکی نەزانانە بەو هەموو شتە جوان و بەقیمەت و نازدارانەی هەیەتی... دەکات لەپێناوی کوتە پەڕۆیەکدا.

نا، براله، پەشێوێک ژیـان و مردنی خۆی بە خۆشەویستی خاک و نەتەوەکەیەوە گرێدابێت، لەسەر سەکۆی تێگەیشتنێکی بەرزەوە لە پیرۆزی و بەهای ئاڵا بڕوانێت، ئاڵا ببێلەی چاوی بێت و نیشتمان هێز و هەناوی بێت، دیارە باش لە مەسەلەکە گەیشتووە و گەلێ ژیرانە مامەڵە و سەودا لە تەک قازانج و زیان دەکات. ئەو هەم هەست بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەی دەکات، هەمیش بە سانایی تاڵانفرۆشیان ناکات.

ئەو پارچە پەڕۆیە، مایەی شانازی و سیمبۆلی پڕ لە بەهای نیشتمان و نەتەوەیە. ئەو کوتە پەڕۆ نەخشاوە بە رەنگی سوور و سپی و سەوز، لە نێوەندیدا تیشکی خۆرێکی زەرد، بە ٢١ چوکڵەوە پێی دەوترێت ئاڵا. بۆ گەلێک لەسەر خاکی خۆی بژی، ئاڵا شتێکی کەمالی نییە، بەڵکو سەرەتایە دروستەکەی رێی پێشکەوتنی مادی و مەعنەوییە. نەبوونی ئاڵا بۆ کورد ئەوە دەگەیەنێت، کە تۆ رەنجبەری گەلێکی دیکەی لە خۆت بەهێزتر و لێوەشاوەتری. هەر گەلێکیش لەسەر خاکی خۆی، لەناو ماڵی خۆی، قایل بێت بە رەنجبەریکردن بۆ گەلێکی دی، ئەو گەلە هیچی هی خۆی نییە و ئەوەی هەشیەتی کۆیلەدارە سەردەستەکە بە منەت پێی داوە و هەر ساتێک ئارەزوو بکات لێی دەسەنێتەوە.

پەشێوی شاعیر، چونکە بەردەوام سەوداسەری راستگۆیانەی خۆشگوزەرانی نەتەوەکەیەتی، بە دووی بەختەوەریدا عەوداڵە .هۆشیارانە دەرکی بە گرنگی ئاڵا کردووە، بۆیەکا هەر هەموو شتێکی کردووەتە قوربانی... لۆژیکی هاوکێشەکە پێچەوانە خۆی دەدات بەدەستەوە. گەر کورد لە سنووری وڵاتێکی بەڕەسمی ناسراودا، خاوەنی ئاڵای شەکاوەی خۆی بێت، ئەوجا دەبێتە خاوەنی هەموو شتە پیرۆز و بەنرخ و جوانەکانی دیکە. ئەودەم پەشێویش ناچار نابێت کڵاوی زێڕین و خەنجەری دەبان و پشتێنی پۆپەشمین و کەوای سوورمەچنی خۆی و وڵاتەکەی هەرزانفرۆش کات. لەبری ئەوەی بیانباتە مەزاتخانە، لە مەحکەمترین و رازاوەترین مۆزەخانەی دەوڵەتی کوردستاندا دەیانپارێزێت.

١٩٨٤/٩/١٢

**موفاوەزات**
**ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟**
**ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟**
**چیمان کەمە؟!**
**وا کەشتیمان روو لە کەنار، پشت لە بایە،**
**خێروبێری کۆمپانیای خوێن**
**شەپۆل داوێ، بنی نایە،**
**سەرمان بەرزە وەک ئالأمان،**
**هاوڕێی هەور و لووتکەی چیایە!** ل...١١٣

مێژووی گفتوگۆ یا موفاوەزاتی کورد لەگەڵ داگیرکەراندا لە گەمەیەکی سیاسی دۆڕاو بەولاوە هیچی دیکەی لێ بەرهەم نەهاتووە، چونکە سەرانی حیزبی کوردی، بە خێریێ لە سێبەری داوای ئۆتۆنۆمیدا بۆ مافی کورد لەگەڵ داگیرکەردا دەستبەتاڵانە و شەرمنانە و زەلیلانە کەوتوونەتە موفاوەزات. بێ ئەوەی سەنەدی تاکە دەستکەوتێک بەدەست بهێنن، زۆر پۆزەتیڤانە دەکەونە پەسندانی داگیرکەران، چاوەڕێن داری زڕ بەریان بۆ بگرێت. بە کورتی و کرمانجی زۆر زوو دەبن بەداوی گرێی خۆبەکەمزانی و برابچووکییەوە.

جارێکی دیکە ئالأ سەربڵند و شکۆمەندە، بۆیە دەبێتە مایەی شانازیی پەشێو. شاعیر خۆی لە سەنگەری گەلدا دەبینێتەوە، لۆما بە کۆ قسە دەکات.

١٩٩١/٤/٣٠

**زۆری نەبرد،**
**هەڵیکردە کزەبایەک،**
**بینیم... پەلکەزێڕینە**
**شەکایەوە و بوو بە ئالأ!** ل... ٢٥٠

بەهاری ١٩٩١ لە باشووری وەک هەر وەرزێکی دیکەی ساڵانی رابردوو نەبوو.

ستەمی بەعسی عێراقی دەرهەق بە کورد بە چڵەپۆپەی تاوانکاری گەیشتبوو. رۆژی ١٩٩١/٣/٥ جەماوەری کورد خرۆشا و شاری رانیە بووە دەروازەی هەڵڕشتنی رق و تووڕەیی کورد بەسەر دامودەزگاکانی بەعسدا. لە چەند رۆژێکدا کوردستان لە داگیرکەر پاککرایەوە و ئاڵای رەنگین لە سەرانسەری وڵاتدا شەکایەوە. ئەمە ئەو چرکەساتە مێژووییە بێهاوتایە بوو، کە پەشێو ساڵانێکی دوورودرێــژ بوو بۆی دەژیا. لە گەڵ هەڵاتنی ئەم رۆژە پیرۆزەشدا شاعیر هێندێک بە وریاییەوە باوەشی گەرمی بۆ دەکاتەوە، ئاخر ئەو ماهییەتی حیزبی کوردی چاک دەناسی، بۆیە دەبینین بە دیقەتەوە و زۆر کارامانە دەستەواژەی کزەبای بەکارهێناوە. کزەباش بە وەرز و کاتییە، بەسەر دەچێت و نامێنێت. ئا لەم روانگەیەوەیە لە کۆپلەکانی دواتردا، پێناسەی رەفتار و بیرکردنەوەی حیزبی کوردیمان بۆ دەکات و دەڵێت:

١٩٩٤

**بەیانی هەڵسام،**
**دەست شەتەکدراو...**
**پێ شەتەکدراو...**
**دەم شەتەکدراو...**
**بە زیندوویەتی ئاوەڕووتکراو...**
**چەمی ئومێدم بوو بە ئاوەڕۆ**
**ئاڵای شەکاوەم بوو بە دوو پەڕۆ!** ل... ٤٣٢

ئاڵا لای پەشێو جارێکی دیکەش دەبێتەوە بە پیرۆزترین سیمبۆڵ. ساتێ حیزبی کوردی پارچە پەڕۆ، یا هێمای حیزبییان لە ئاڵای نەتەوە لا پیرۆزتر دەبێت، شاعیر ئەمە بە دوا پلەی شکستەکان و بە نزمترین ئاستی هۆشیاری و لاوازترین ئەڵقەی پەیوەستبوون بە نەتەوەوە دادەنێت.

نەک هەر رۆڵەی هیچ میللەتێ، بگرە حیزبی هیچ میللەتێکیش، ئاڵای نەتەوەکەی خۆی بە پارچە پەڕۆی حیزب ناگۆڕێتەوە و لە رۆژگارێکی چارەنووسسازدا پەڕۆی حیزب لەبری ئاڵای نەتەوەیی بڵند ناکات و رێگەش بەوە نادات ئومێد و ئارەزووی گەل ببێتە ئاوەڕۆ.

ئەوەی شەڕەپەڕۆی حیزبی لە تاوانی کوردکوژیدا تۆماری کرد، دزێوترین

و چەپەڵترین لاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردی گرتووەتەوە و چەپەڵ کردووە.

**خەونێکم دی:**
**لەو خەوەدا ئاهرومەزدە گەڕابۆوە**
**نیشتمانی کەفناری کورد**
**هەوری ئاسمان لاڵوپاڵ بوو**
**لەبەر زرمەی گەڕی شایی و**
**هاتوهەوی شاسواری کورد**
**بەیانیان ئاوێزانی گزنگ بووم،**
**تێمدەچریکاند بۆ خاک، ئاڵا، ئاکاری کورد**
**ئێوارانیش ڕێی ژوانم گوڵڕێژ دەکرد**
**بۆ کوڕگەل و کیژوکاڵی دڵداری کورد** ل... ٤٤٤

لە سۆنگەی بارودۆخی نەتەوەوە شاعیر بەدەگمەن ئاسوودەیە. بەختەوەریی ئەو دەرئەنجامی کامەرانیی میللەتەکەیەتی و تەنانەت لەو چرکەساتە دەگمەنانەشدا، کە شاعیر خەونێکی خۆش دەبینێت، ئا لەو ساتانەشدا هەر سروود و گۆرانی بۆ نیشتمان و ئاڵای شەکاوەی دەچڕێت.

لێ کاتێ بەرەی دژە کوردایەتی دەکەوێتە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی میللەت و پێشێلکردنی مافەکانی و سووکایەتیکردن بە هێما پیرۆزەکانی، ئەودەم پەشێو بە زمانێکی زبر، بێ سڵوکۆکردن و پرینگانەوە لە هیچ هێزێک، دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە ڕەفتار و گوفتاری ئەو دەسەڵاتە. سروشتی ئەو حیزبانەی بەردەوام لەسەر بەها پیرۆزەکانی نەتەوە سازشیان کردووە و بەردەوام دەیکەن، لای پەشێو نامۆ نەبوو و نییە. ئەوەتا لەم کۆپلە کورتەدا مکوڕە لەسەر هەڵوێستە ناسراوەکانی خۆی و پێناسەی ئەو دەستە و تاقمەمان دەخاتە بەردەست و دەنووسێت:

**دۆبڕن... دۆبڕن... دۆبڕا!**
**بڵێ: هانێ،**
**ئەمە ئاڵای سەفرازی،**
**ئەوان کفنت بۆ هەڵدەکەن.**
**بڵێ: هانێ،**

**ئەمە کەوسەری سەرکەوتن،**
**ئەوان ژەهری تێشکانی تێکەڵ دەکەن.** ل... ٤٥١

١٩٦٥
**تف لەو بەژنە، لەو باڵایە،**
**لەو سەر و ملە والایە،**
**تف لەو دڵە پڕ سستییە**
**کە هەر فێری ژێردەستییە!**
**تف لە جوانیی ئەو دوو چاوە،**
**کە بۆ چاوبازی خوڵقاوە..**
**نابینێ نیشتمانەکەی...**
**ئازاری خاکە جوانەکەی.**

**تف لەو گوێچکە، چەند سەگسارە!**
**چەندە مووچە بۆ دەنگی پارە!**
**بەڵام دوورە لە بیستنی**
**کوردایەتی و پەرستنیل...** ٢٩

پەشێو، لەبەر خۆشەویستیی نیشتمان، نزیکترین هاوڕێی خۆی دەداتە بەر ڕێژنەی رەخنە و ئامادە نییە لە کونجێکی دڵە پڕ لە خۆشەویستییەکەیدا شوێنێکی پێ بدات، کاتێ دەبینێت ئەو هاوڕێیەی هیچ هەست و سۆزێکی بۆ جوانیی نیشتمان و ئازاری گەلەکەی خۆی نییە و گوێ بۆ بانگی کوردایەتی شل ناکات.

١٩٧٩/١١/٢٩
**نیشتمانم!**
**تۆ وەک تانەی لەسەر چاوم.**
**تۆ وەک تەمی،**
**لە گشت لاوە دەورت داوم.**
**تۆ ئاوێنەی-**
**لەناو تۆدا هەموو دنیا بەدی دەکەم،**
**تۆ تەیمانی-**

**بەهۆی تۆوە هیچ نابینم:**
**نە کەل دەبینم، نە زەوی،**
**نە خوا دەبینم، نە ئاسمان...**
**جا نازانم**
**نە جیهان وەک تۆ بچووکە،**
**نە تۆ گەورەی بەقەد جیهان.**
**نیشتمانم- ک و ر د س ت ا ن** ! ل... ٤٦٨

پەشێو لە پەسندانی نیشتمان هەرگیز هەناسەسوار نابێت و ماندوویێتی نازانێت و شەرم لە کات و شوێن دەرهەق بە خۆشەویستیی نیشتمانەکەی ناکات، کە مێشکی خۆی پێ زاخاو داوە و شیاوترین پلە و پایەی لە هزریدا بۆ تەرخانکردووە.

دیارە نیشتمان لای مرۆ، لەبەردەم حوکمی دوو تێڕوانینی جیاوازدا، قەتیس دەمێنێت. دەکرێت بە خۆشەویستی لێی بڕوانێت، یاخود بە رک و کینەوە. پەشێو هەرگیز نیشتمانی لێ بزر نەبووە و بە هیچ جۆرێ لە هەگبەی کۆڵی داینەگرتووە و تا دوا کەوشەنی هەناسە و ژیان بە جەستەیدا رۆچووە و هۆگری بووە. بیر و هەستی شاعیر بە رادەیەک ئاوێتەی ئەڤینی وڵات بووە، بە دژواری دەتوانرێت گوزارەی لێ بکرێت. سەرچاوەی ئەم عەشقە بە ئەندازەیەک پیرۆزە، بووەتە مایەی ئەوەی پەشێو بە هەموو هێز و توانایەوە و لە دڵەوە رکی لە دوژمنانی نیشتمانەکەی بێت.

ئەو نیشتمانەی هەمیشە لەتەک هیوا و خەونەکانی پەشێودا ئامادەیی هەیە، نیشتمانێکە نزیکەی ٥٠٠٠٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە زیاتر و ٤٠-٥٠ ملیۆن مرۆ لەسەری ژیان دەگوزەرێنێت و هەزاران رووبار و دەریاچە و کانی و دارستان و باخ وکێڵگە و بێستان و کەرەسەی خاوی تێدایە و بە ئاسمانیدا ملیاردەها باڵندە هەڵدەفڕن و هێندەش زیندەوار بەسەر زەوییەکەیدا دەخشن.

١٩٨٢/١/١٨

**ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە،**
**سەرت شۆڕ کە،**
**ملت کەچ کە،**
**چاو مەگێڕە**

**بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا-**
**ئەوەی بستێک خاکی نەبێ**
**خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟!** ل... ١٦

مرۆی بێ نیشتمان نابێتە خاوەنی هیچ سەرمایەیەکی تر لەم گەردوونە فراوانەدا، کەواتە، با سەر بەرەو ژوور هەڵنەبڕێت، لە هەسارەکانی دیکەدا بەدوای ئەستێرە و مانگ و رۆژ و خوادا نەگەڕێت و خۆی ماندوو نەکات. جڵەوی خەیاڵی رۆمانسییانەی خۆی بەرەو ئاسمان شل نەکات، لەکاتێکدا زەوییەکەی ژێر پێیان داگیرکردووە و زات ناکات بڵێت ئا ئەم بستە زەوییە هی منە!

گەر نیشتمان سنوورێکی ناسراوی بە رەسمی نەبێت و لە چوار لاوە داگیرکرابێت، ئیدی گەلێ شت مانای خۆیان لەدەست دەدەن. بەها و جوانی سیمبۆڵەکان لای پەشێو گرێدراون بە پارچە خاکێک لەسەر ئەم گۆی زەوییە، کە بە نیشتمان ناسراوە. وڵات ناسنامەیە و گەر مرۆڤ لەم پیرۆزییە بێبەش بێت، شتە ماکی و مینۆکییەکانی دیکە، سەرلەبەریان دەژاکێن، پووچ و چرووک دەبن. سەرچاوەی داکۆکیی پەشێو لە خاک لەسەر بنەمای ئەم فاکتانەن، نەک راگوزەرانە هەڵوێستی وەرگرتبێت.

١٩٨٠/٨/٥

**هێندە باسی نیشتمانی خۆم بۆ کردی،**
**هەتا گیانت لیوانلێو بوو لە ئەڤینی.**
**بە ئاواتی جارێک بچی،**
**چاو بڕێژی بە شار و دێی،**
**دەستێک بدەی لە برینی؟**
**کە من کپ بووم،**
**کپیم زین کە،**
**تەماشام کە و زەنگۆ لێدە:**
**نیشتمانم خڕ دەبینی** ل... ٣٦

سەربردەی خۆشەویستیی نیشتمان لە هزر و رامان و ئەندێشەی پەشێودا چیرۆکێکە بێ کۆتایی. هەروەک چۆن ئاوی زەریا لەبن نایەت، خۆشەویستی و پیاهەڵدان لە ژینگە و مەملەکەتی شاعیردا هەرگیز چۆڕبڕ نابێت. ئەڤینی

وڵات ژانرێکی ئەدەبی و تێشووی سەخت و پێخۆری باوەڕی بەرز و گەشی کوردایەتییە. ئەم عەشقەش دووره لە زمانی دبلۆماسی و مانۆڕی سیاسی و بەرژەوەندیی کەسەکی، بەڵکو زادەی قەناعەتێکی قووڵی تۆکمە و خۆنەویستانەیە.

١٩٨٠/١٢/١٨

**ئەی کەڵەکێوییەکەی باکوور!**
**بێدەنگ مەبە، بچریکێنە،**
**ئاسمانی بە ترياک نوسستوو راچڵەکێنە!**
**کە دێمە سەر لووتکەی دەنگت-**
**هەر پەڵەهەورێک لەبەر کەم**
**زرێیەکی پڕ بە بەرە،**
**هەر گزنگێک رمی دەستە،**
**هەر دەوەنێک بۆم سوپەرە،**
**هەر زنارێک ئەسپی شێیە،**
**وەک برووسکە لەسەرپێیە،**
**لە نیشتمانی لەتلەتما**
**دارێک بدزن،**
**بەردێک بدزن،**
**جێم بڵندە و ئاگام لێیە!** ل... ٥٠

کاتێ نیشتمان بیبیلەی چاوی پەشێو بێت، ئەوا سەراپای، درێژایی و بەرزایی و قوڵاییەکەی ئەو نیشتمانە، بە نیگایەک دەبینێت.

لەم شاکارەشدا، کە بۆ هونەرمەندی گەورە شڤان پەروەر گوتراوە، پەشێو خۆی بە پاسەوانی هەر بستە زەمین و دار و بەردێکی سەرتاسەری نیشتمان دادەنێت. راستە، کوردستان داگیر و دابەشکراوە، لێ هەموو سنووره تەلبەند و پاسەوانە دێو و درنجەکانی ناتوانن ببنە لەمپەر لەبەردەم هەست و گیان و بینایی چاوەکانی شاعیردا. هیچ کام لەو کۆسپ و تەگەره دەستکردانە، لە رووی ماکی و مینۆکییەوە، لە هزر و ئاوەز و خەیاڵی شاعیردا بوونیان نەسەلمێندراوە. هەتا ئەم چرکەساتە، شاعیر ئەو دیاردانە بە ناسروشتی و ناهەق و ستەمئامێز هەژمار دەکات و هەرگیزا و هەرگیز لەسەر نەخشە و خاک و نەتەوەکەی پەشێو نابنە دێفاکتۆ.

١٩٨٢/١/١٥

**منیش زراوم رژاوە!**
**دەترسم لە سەرەمەرگا**
**سییەکانم بزریکێنن**
**بۆ تۆسقاڵێک هەوای وڵات.**
**دەترسمبمنێنە خاکێک**
**نە من ئاشنای بۆنی ئەو بم،**
**نە زمانم ئەو تێی بگات !** ل... ٧٥

ژیانی ئاوارەیی دوور لە نیشتمان بووەتە ترسێکی کوشندەی نێو دڵی هەر کوردێکی دابڕیندراو و دەربەدەرکراو. پەشێویش لەم مۆتەکەیە بە دوور نییە و زراوی لەوە چووە تا دوا ساتەکانی ژیان ئەم دوورییە فیزیکییە لە نیشتمان درێژە بکێشێت، ئەو نیشتمانەی چرکە بە چرکە هەناسەی بۆ دەدات. خەم و ئازارەکانی رۆژانە وەک شەکرۆکە دادەکرۆژێت. گرێیەکی تر، کە دەروونی شاعیری کەیل کردووە، ئەو ناسۆرەیە ساتێ بەرەو دواهەواری ژیان دەگەڕێتەوە، نەخرێتە ئامێزی گەرمی نیشتمانی دایکی خۆی و سییەکانی بە سروەی شەماڵی کوردستان پڕ نەکات.

شاعیر دەزانێت، جگە لە خاکی کوردستان، گۆڕی لەسەر هەر زەمینێکی دیکە بێت، بۆنی نیشتمانی لێ نایەت و بخرێتە ژێر هەر زەوییەکی دیکەوە نە ئەو ئاشنای بۆنی زەوییە نامۆیەکە دەبێت، نە زەوییەکەش لە زمانی ئەو حاڵی دەبێت. پەشێو نایەوێت غەریبی ببێتە نیشتمانی. ئاسوودە نابێت لاشەکەی بخرێتە باوەشی هیچ شوێنێکی دیکە.

١٩٨٩/٤/١٣

**نیشمانی من:**
**هێلانەی خۆرە،**
**پڕشنگەجارە.**
**سەرم... سەر نییە:**
**گوڵەبەڕۆژەی هەمیشە لارە!** ل... ١٤١

بە زمانێکی پاراو و روانگەیەکی پڕ لە ئومێدەوە و بە هەستێکی لە خۆڕاپەرموونەوە پەشێو دەکەوێتە پێناسەکردنی نرخ و بەهای نیشتمانەکەی.

سەرەتا بە خۆری چواندووە، خۆریش لە میتۆلۆژیای کوردیدا سەرچاوەی ژیان و شایانی پەرستنە. نیشتمان هەسارەی درەوشاوەی خۆرە و مەڵبەندی تیشکهاوێژی رووناکییە. بۆ خۆشەویستیی ئەم نیشتمانە بەپیت و فەڕەی پڕ لە میهر و جوانییە، شاعیر دەڵێت:

مارتی ١٩٩٠

**نیشتمانی من شانیشتمان بوو،**
**ئاخ، سەدەی پیترۆڵ،**
**ئاخ، گاز و گیمیا!**
**ئاخ چییان لێ کرد:**
**تەرەسی عۆجە و**
**گای بنەی خۆیی و**
**گەوادی دنیا...** ل١٥١

جوانی، خۆشی و پیرۆزی ئەو سیفەتە هێژایانەن، کە دەکرێت بە پەسندانی نیشتمان رەوا ببینرێن. لێ ساتێ وڵات، بەهەموو دیمەنە جوانەکان و سیفەتە بێهاوتاکانییەوە، بەر شالاوی داگیرکەر دەکەوێت، دەشێوێندرێت و بە سۆتەک دەکرێت، وەختێ ملهوڕانی ناوخۆش ناحەزی بەرانبەر دەکەن و سیمای بریندار دەکەن، کوردستان دەبێتە تاریکستان و دۆزەخی ژیان.

کوردستان رووبەڕووی هەڕەشەی سێ بەرەی جیاواز بووەتەوە. هەر لایەکیش بە شێواز و میکانیزمی خۆی دوژمنایەتییەکەی پیادە دەکات: داگیرکەری عۆجەیی و بەکرێگیراوی ناوخۆیی و چاوچنۆک و بێوژدانانی دنیا.

١٩٩٢/٣/٢٠

**نەخشە**
**مناڵەکان،**
**کتێبەکانتان وەلانێن!**
**کاغەزێک و هەندێک قەڵەم**

**لە بەردەمی خۆتان دانێن.**
**وێنەی پەڵە هەورێک بکەن ڕەنگاوڕەنگ بێ.**
**با لە سەری هەسپێک بکا،**
**مووگزنگ و چاوپەڕەنگ بێ.**
**پەڵەهەورەکەم نیشان دەن!**
**لە چی دەچێ؟**
**سەری هەسپێ؟**
**تا شل دەبن تەماشای کەن،**
**با لە مێشک و خوێن بچەسپێ.** ل... ١٨٢

پەشێو جارێکی دیکە هیواکانی بە پێگەیشتنی منداڵەوە دەبەستێتەوە. چاوەڕێیە لە سایەی سیستمێکی پەروەردەی دروستدا، منال بە کێشانی نەخشەی نیشتمان فێر بکرێت و بهێنرێتە بەر بار. دەیەوێت منداڵان نەخشەی وڵات هێندە بکێشن و دووبارەی بکەنەوە و لێ بڕوانن تا بە قووڵی لە ئەندامەکانی جەستەیاندا دەیچەسپێنن و لە مێشکدا دەینەخشێنن، بۆئەوەی لە هەموو چاوترووکاندنەکاندا بێتەوە یادیان و لە بیر و ئەندێشەیاندا ئامادەیی هەبێت. دەیەوێت ئەو نەخشەیەی، کە لە سەری هەسپێک دەچێت لە خوێنیاندا بکەوێتە گەڕ و دەورانی خۆی تەواو بکات و کامڵ بێت، چونکە تەنیا لە پرۆسێسێکی ئاوەهادا ئاڵا و نیشتمان و بنەما و سیمبۆڵەکانی دیکە دەبنە بەشێکی زیندوو و لای تاکە تاکەی هاونیشتیمانان، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، دەبنە فەرهەنگ و ڕۆتین، مامەڵەیان بەدروستی و بەڕێزەوە لەگەڵدا دەکرێت و بەرز و بە نرخ رادەگیرێن. ئا لەمەوەیە دەتوانین ببینە گەواهی ئەوەی، کە چەمکی ئاڵا و نیشتمان لە هێکرا و لە بۆشاییەوە لای پەشێو دروست نەبووە، بەڵکو زادەی باوەڕ و ئیمانە.

کەواتە ئەمانەیە جوانی و مانا و بەها و ڕەهەندی سیمبۆڵەکانی ئاڵا و نیشتمان لە شیعرەکانی مامۆستا پەشێودا.

### سەرنجێکی پێویست:

لە دەمی نووسینی ئەم بابەتەدا، کە هاوینی ٢٠١٢ و جامی ئەورووپای یاریی تۆپێن لە وڵاتی پۆلۆنیا و ئۆکرانیا بەڕێوە دەچێت. بۆ وێنە لە شارێکی وەک بەرلین ملیۆنان هاوڵاتی ئەڵمان هەیە. هەر بابایە لەسەر ئەندامێکی جەستە، لەسەر دەموچاو و قژ و مەچەک و...هتدیا لەسەر جلوبەرگ و دەستکێش و ملپێچ

و کڵاو و... هتد و یا لەسەر بەشێکی ئۆتۆمبێلەکەی بەدەیان جۆر ئاڵای ئەڵمانیا نەخشاندووە. میدیاکان بە گەرمی باس لە کولتووری تەماشاچییانی وەرزش دەکەن. ئەم دیاردەی هەڵکردن و شەکاندنەوەی ئاڵایە وای کردووە، ئاست و پلەی بە خۆنازین و شانازیکردن بە بەها و پیرۆزییە نەتەوەییەکانەوە پتر ببنە جێی سەروەری. لە کاتێکدا ئەم دیاردەیە لای هەموو میللەتانی ئەوروپا بە هەمان ئەندازە بەرچاو دەکەوێت. ناشبێت لە یادمان بچێت ئەمانە سەدان ساڵە خاوەنی دەوڵەتن و هەزار قۆناغیان بڕیوە، کە گەلی کورد هێشتا پێیان نەگەیشتووە. حەمزەتۆڤ ناهەقی نییە کە دەڵێت: باڵیۆزی میللەتان بە ئاڵای وڵاتەکانیانەوە دەناسرێنەوە.

**سەرچاوەکان:**

- پێڕەو و پرۆگرامی پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک.
- نەتەوە و دەوڵەت لە مێژووی ئەوروپادا. شولتس هاگن (بە ئەڵمانی).
- پشت لە نەوا و روو لە کڕێوە، عەبدوڵڵا پەشێو، چاپی سوێد، ٢٠٠٦.
- هەسپم هەورە و رکێفم چیا، عەبدوڵڵا پەشێو، چاپی سوێد، ٢٠٠٦.



# شرۆڤەی (مەرگ- ژیان) بژێری
## لە خوێندنەوەی هیرمنۆتیکی دوو ئوستوورەی (کوردی-یۆنانی)دا

ڕەوف مەحمود پور

بنەما و بنچاخی کەلتووری هەنووکویی هەر گەل و نەتەوەیەک بەسەر چەپکێ هۆکار و دیاردەوە بوون دەگرێت کە ئەفسانە و ئوستوورە لە گرنگەکانیانن. هەر گەل و نەتەوەیەک لە مێژووی کەلتووری خۆیدا خودان چەپکێ ئەفسانە و ئوستووەرەیە کە بوون و بنجیان بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئاوەزییەکانی سەردەمی خۆی دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە بوون، شرۆڤە و هەڵپەرژێواندنی ئەو ژانرە کەلتوورییانە لە ڕوانگەی خەڵکشناسییەوە پڕبایەخ و بەنرخە. بەداخەوە کورد، لە تەنگەتاوی تەنگەژەکاندا، بواری بۆ پەرژانە سەر ئەو ڕەهەندە پەیدا نەکردووە. هەربۆیە تا هەنووکەش سامانی کەلتووریی ئەفسانە و ئوستوورەی لە نادیاری و گەرداوی لێڵیدان. یان لەلایەن دراوسێی چاوچنۆکەوە پەلاماریان دراوە و ئەوانێش بە تالان براون.

وێڕای ئەو دۆخە پڕخەسارە، تا هەنووکەش لێرەولەوێ، لە دووتوێی ژیانی ئاسایی و فەرهەنگی خۆماڵی جەماوەردا، هەندێ لەو ئوستوورانە ماونەتەوە کە پێویستە بە تەرخەمانی سامانی فەرهەنگی نەتەوەیی ئاوڕیان لێ بدەنەوە. من لە دەرفەتەکاندا، بەپێی توانای خۆم بەوەها ئەرکێک هەستاوم. ئەوەتا لە چەند وتار و

کتێبی «جێژنێک بۆ پیر، بنەمایەک بۆ ئوستوورەی کوردی» و بە بەشداری لە چەند فیلمی دۆکیۆمێنتیدا، هەوڵم داوە لەو پێناوەدا ئەرکگێڕی بکەم.

ئێستاش دەپەرژێمە سەر هاوتاکردن و هاوبالایی دوو ئوستوورە، لە دوو کەلتووری جیاوازدا. کەلتووری چنگ بەسەرداگیراو و نیوە تاسێنراوی کوردی و کەلتووری خاوەن مێژووی دەولەمەند و گەشاوەی یۆنانی. هەوڵ دەدەم جۆری روانین و کرێنجەی کۆمەلایەتی، لەو دوو کەلتوورەدا، لە دووتوێی ئوستوورەکاندا پیشان بدەم.

با سەرەتا هەردوو ئوستوورەکە دابەزێنم تا هەم دەرفەت بۆ هاوڕێییکردنی بەردەنگ بڕەخسێنرێت و هەم بۆ شرۆڤە و خوێندنەوە، بکرێت سەر لە دەقی ئوستوورەکان بدرێت. دەکۆشم دەقی دوو ئوستوورەکە بە کاری بهێنم.

دەقی ئوستووره یۆنانییەکە (ئوستوورەی پیگمالیۆن pygmalion):

«پیگمالیۆن، لە ئوستوورەکانی یۆنانیدا، پاشای وڵاتی قوبرس دەبێت. ئەو بە ئامرازەکانی گالاتیا و بەردی مەڕمەڕ، هەیکەلی ژنێکی زۆر جوان دەتاشێت. هەیکەلەکە بەڕادەیەک جوان دەبێت کە پیگمالیۆن، بۆ خۆی ئاشقی دەبێت. هەربۆیە دەستی نزا بەرەو دەرگای ئافرۆدیتە هەڵدەبڕێت تا ئافرەتێکی لەو شێوەیە بە نسیب بکات! ئافرۆدیتەش نزاکەی قەبووڵ دەکات، هەیکەلەکە بۆخۆی دەبێتە ژنێکی بە بەژن و پیگمالیۆن مارەی دەکات»[١].

ئەبولقاسمی ئیسماعیلی ¬پوور، سەبارەت بەم ئوستوورەیە، لە تەرجمەی کتێبی ئوستوورەدا دەڵێت: «لە ئەساتیری یۆنانیدا پاشای قیبرێس هەیکەلێک لە بەرد دادەتاشێت و پاشان ئاشقی دەبێت. ئافرۆدیتە گیان بەو هەیکەلە دەبەخشێت و ناوی ‹گالاتیا›ی لێدەنرێت»[٢].

ئێستاش دەقێ ئوستوورەیەکی کوردی (ئوستوورەی بەردەبووک):

«دوو ئامۆزا ئەویندارى یەکتر دەبن. ئەوین و سەوداسەریان بەڕادەیەک پتەو و هێقم دەبێت کە دەبنە وێردی سەرزمانان و ناو و نوتۆرەیان دەزرێت! کوڕە و بنەماڵەکەی هەرچی هەوڵ دەدەن و پەلەقاژە دەکەن، سوودی نابێت و ئاخری باوکی کەڵلەڕەق، کچەکەی لە کابرایەکی دیکە مارە دەکات. کابرایەک لە هۆزێکی دوورەدەست، تا مەودای دووری ببێتە هۆی فەرامۆشکردنی سۆزی ئەوینی کچە و ئامۆزاکەی. گریان و زاری کچە و تەقالای کوڕە بێ سوود دەبێت و ئاخری وادەی زەماوەندی کچەی دڵسووتاو و دەسگیرانە زۆرەملییەکەی دەگات. پاش چەند رۆژ شایی و گۆڤەند، کاروانی بووکەخان بەرەو ماوای هۆزی دەسگیران دەکەوێتە رێ. کوڕەی ئاشقی دڵسووتاو، لە شوێنێکی پڕبیرەوەرییاندا، لەبن دەوەنێکدا مەڵاس دەگری و خۆی پیشانی بووک دەدات. بووکیش کە روخساری شێواوی دڵدارەکەی

دەبینێت، دەستی نزا بۆ دەرگای پەروەردگار بەرز دەکاتەوە تا بیکاتە هەیکەلێک لە بەرد، تا بۆ ساڵانی ساڵ، حیکایەتەکەی نەوە لەدوای نەوە بگێڕێتەوە و ببێتە عیبرەتی رۆژگاران. پەروەردگاریش نزاکەی قەبووڵ دەکات و بووکەخان دەبێتە بووکێک لە بەرد»[٣].

ئەم چیرۆکە ئوستوورەیی‌و پڕتراژدیایە، بۆ سەرچاوە و هۆکاری درووستبوونی چەند هەیکەلێکی بەردین لە ناوچە جیاجیاکانی کوردەوارییە کە لە بڕوای خۆماڵییانەی جەماوەری ناوچەکاندا جێگیر بووە. بە چەند وشەیەک جیاوازییەوە دەیگێڕنەوە. هەرچەند لە گێڕانەوەکەی ناوچەی مەریوان بۆ بەردەبووکەکانی مەریوان (ناوچەی میرلاوا) و هەورامان، بۆ بەردەبووکەکانی کۆسالانە، جیاوازییەکی بەواتا بەرچاوە. ئەویش ئەوەیە کە لەگێڕانەوەکەی دەڤەری مەریواندا؛ بووک، بە خۆی و کاروانی هاوڕێیەوە بە بەرد دەبن، بەڵام لە گێڕانەوەکەی هورامانا؛ هەرکە بووک بە بەرد دەبێت، خێرا زاواش وەها نزایەک دەکات و ئەویش بە بەرد دەبێت.

ئەگەر لە ناواخنی ئەو دوو ئوستوورەیەدا تێرامانمان هەبێت، بۆمان بەدیار دەکەوێت کە بانگەشەی ژیان بژێری لای کاکەکانی ئەو دوو کەلتوورە بە لێشاوە. (خۆشەویستی). خۆشەویستی وەک ماکە و سەرچاوەی بوون و مانەوە و هیوا و ژیانویستی، لە ناخ و بوونی تاکی کۆمەڵگاکاندا گێنگڵی داوە.

لە کەلتووری کەونارای گریکییەکاندا، «پیگمالیۆن» وەک پاشا (چینی سەرەوەی کۆمەڵگا) ئاشق دەبێت و لە کەلتووری کووردیشدا، کوڕ و کچە وەرزیەرێک لەناو چینی خوارەوەی کۆمەڵگادا. (غەریزەی ژیان).

رەنگە تا ئێرە رەوتەکە ئاسایی بێت و ئاشقبوونەکەش بە دیاردەیەکی سروشتی بێتە خوێندنەوە، بەڵام کاتێ ئەو هەستە سروشتییە لە پێناوی خۆناسکردن و گوزارەکردن لە بوونی خۆ، دەکەوێتە دەرەتانویستی، دۆخەکە دەگۆڕێت و رەهەندەکان جیاوازی بەخۆوە دەگرن.

سەرەتا دەبینین کە لە خولقانی خۆشەویستی لای تاکەکانی نێو کەلتووری کوردی شتێکی سەرسووڕهێنەر بەدیار ناکەوێت. کوڕێک ئاشقی کچێک دەبێت. زۆر ئاسایی. ئەشق قووڵ و بەڕیشەیە. دەبێتە هۆی دەنگدانەوە و ناوزڕان، بەڵام لە خولقانی خۆشەویستییەکەی نێو ئوستوورە یۆنانییەکە، نائاسایی بوون بەدیارە. کەسێک ئاشقی دەستکردێکی خۆی دەبێت. پیگمالیۆن، ئاشقی پەیکەرێک دەبێت کە داهێنانی هونەریی خۆیەتی. واتە ترازان لە شتە باوەکان. واتە خەلقکردن. واتە بەگژاچوونەوەی تەوان و پاوانی قۆرغی خواکان! کەوتنە بەربەرەکانێ لەگەل هێزی بێ رەقیبی ئەوان. واتە گۆڕینی رەتی باوەڕێکی دێرین. ئەگەر جەستەی

مرۆڤ لە قوڕ دروستکرابێت، ئەوا پیگمالیۆن؛ جەستەکە لە بەردی مەڕمەڕ دەتاشێت و کارەکەشی لای خۆی هێندە جوانە، کە بۆخۆی ئاشقی دەبێت، بەڵام لە رۆح بەخشیندا کورت دەهێنێت و دووبارە ناچارە دەستەوداوێنی خواکان ببێتەوە. ئەوەتا لەدەرگانەی ئافرۆدیتە (خوای جوانی و خۆشەویستی و ئافرەت لە فەرهەنگی کەونارای یۆنانی) دەکەوێتە پاڕانەوە. ئافرۆدیتەش بە هەندەوە ئەو نزایە وەردەگرێت و پەسەندی دەکات و بەهانای غەریزەی ژیانویستی پیگمالیۆنەوە دێت.

با سەرەتا سەرنجێکی کورت بخەینە سەر غەریزەکانی ژیان و مەرگ لە روانگەی فرۆیدەوە. لای فرۆید، غەریزەکان بەگشتی دەکرێنە دوو دەستە. دەستەیەک کە دەبنە هۆی مانەوەی ژیان و زیندووهێشتنەوەی گیان. ئەم دەستەیە؛ خولقێنەر و پەروەردەکەر و بونیادنەرن، بەڵام دەستەکەی دیکە غەریزەگەلێکن کە دەبنە هۆی وێرانی و کاولکاری. ئەمانە مرۆڤ بەرەو مەرگ و فەنا راکێش دەکەن. فرۆید دەستەی یەکەم وەک غەریزەی ژیان و دەستەی دووەم وەک غەریزەی مەرگ پۆلێن دەکات.

لای ئەو غەریزەی ژیان eros، مرۆڤ بەرەو دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان هان دەدات. پێداویستیگەلێکی وەک؛ پێداویستی سروشتی (برسیەتی، تینوێتی، گیانپارێزی و خۆپارێزی لە سەرما و گەرما)، پێداویستی رەگەزی (جینسی) و بەگشتی هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئاساییش و خۆشگوزەرانی و... تەنانەت ناوبراو لە باسی لیبیدۆ libido کە وەک هێزی وەگەڕخەر و بزوێنەری غەریزەی ژیان وەسفی دەکات، بایەخی سەرەکی و بنەمایی بە غەریزەی جینسی دەدات. هەرچەند دواتر لە تاو رەخنەکان خاوی دەکاتەوە و لە بایەخی دادەشکێنێت. هەربۆیە بۆ لیبیدۆ، مانایەکی بەرفراوانتر لەبەر دەگرێت و هەموو ئەو هێزانەی کە لە خۆشەویستیدا خۆیان دەبیننەوە لەبەر دەگرێت. تەنانەت خۆشەویستی بۆ باوک و دایک و هاوەڵ و هاوڕەگەز و... بەڵام غەریزەی مەرگ thanatos، بە پێچەوانەی غەریزەی ژیان، ئاکامی وێرانکەری لە دوایە و دەبێتە هۆی ئازارگەیاندن و بەخێڵی و تۆڵەئەستێنی و دڵەڕاوکێ و دڵپیسی و بەدگۆمانی. تەنانەت کوشتن و خۆکوژیش[٤].

ئەم پۆلێنکردنە، زۆر بەربڵاوترە و دواتر و تەنانەت لە سەردەمی خودی فرۆیدیشدا، لەلایەن زانایانی ئەو بوارەوە کەوتە بەر رەخنە و بەدواداچوون. بەتایبەت لەلایەن یونگەوە. بەتایبەت لەسەر هێز و وزەی لیبیدۆ کە فرۆید سەرەتا بەس بە راکێشەرە رەگەزییەکانەوە (جینسی) دەیبەستەوە، کەچی کەسانی وەک یۆنگ، لیبیدۆیان لە قۆرغی جینسی دەرهێنا و دەرەتانێکی بەرفراوانتریان پێ بەخشی. دەرەتانێک بە بەرینایی ژیان. هێزی جینسیش کرایە یەک لە پێکهێنەرانی،

نەک هەرهەمووی. تەنانەت هێزی بیرکردنەوە و ئاوەزیش کە لە خزمەتی ئاساییش و ژاندان خرانە ئەو دەرەتانەوە[٥].

ئەگەر ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو تیۆرییە، سەرنجی ئەو دوو ئوستوورەیە بدەین، ئەوە دەبێت راوەستەی زۆریان لەسەر بکەین و بەوردی و لەسەر شێوازی هێرمنۆتیکی بیانخەینە بەر شرۆڤە و خوێندنەوە.

ئەوەی کە هەر گەل و نەتەوەیەکی زیندوو و خاوەن کەلتوور، ئوستوورەی تایبەت بەخۆی هەیە، باوەڕێکی پەسەند کراوە.  بۆ نموونە کەسێکی وەک ‹نور تراپ فرای› کە لە بواری کەلتووری و بەتایبەت میتۆلۆژی و ئوستوورەشناسیدا خاوەن زانست و بە ئەزموونە، لای وایە: «هەر گەل و نەتەوەیەک خاوەن ئەساتیری تایبەت بە خۆیەتی»[٦].

ئوستوورەکانیش لە قووڵگەی حەز و ئارەزووەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرن و بنج دەبەستن. کە واتە بۆ تێگەییشتن و تێڕامان و لێکدانەوەی سەردەمانی گەل و نەتەوەی خاوەن دەگەڕێنەوە. هەربۆیە دەکرێت لە روانگەی ناخشناسی کۆمەڵایەتی و بە رێچکەگری فرۆیدییەوە بخوێنرێنەوە و وەک هێمایەک بۆ پەرژانە سەر نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی کەونار و دێرینشناسی بێنەبەر سەرنج.

ئوستوورەشناسی ناودار،› سیمۆن مارکیش› جەخت لەسەر هاوتەبایی نێوان ئوستووره و حەز و ئاواتە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی دەکاتەوە:

«هەر گەل و نەتەوەیەک خاوەن داستانگەلی تایبەت بەخۆیەتی. داستانگەلێکی هاوڕەنگ و هاوتەبا لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی و هەڵقوڵاو لە رابردووی»[٧].

ناوبراو لە هەمان سەرچاوەدا جەخت دەکاتەوە کە «ئەساتیر شۆنەمایەکن بەرەو رابردووە دێرینەکان»[٨].

ئێمەش بە پشتبەستن بەو بۆچوونانە و لەسەر میتۆدی هێرمنۆتیک، دەتوانین بەپێی تەوان و دەسەڵات، ئوستوورەکان وەک ماکە و هێمایەک بۆ پەرژانە سەر رابردووی گەلانی خاوەن ئوستووره، لەبەرچاو بگرین و لە روانگەی خۆمانەوە تیشکێک بخەینە سەر نۆرمە رۆحی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسایی، چونکە دەتوانین لەسەر ئەو قەناعەتە بین کە داستانە دێرین و ئوستوورەکان، ئەوەندەش بێ بنەما و نەشیاوی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو خاوەن نرخ و گەڕی تایبەت بە خۆیانن. لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتە، دووبارە بۆچوونەکانی ‹نوور تراپ فرای› بەسەر دەکەمەوە:

«ئوستووره داستانێک نییە کە بەتەنیا بۆ داستانبێژی داهێنرابێت و کەوتبێتە سەرزاران، بەڵکو داستانێکە کە بەشێک لە تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگایەی کە سەرچاوەی ئوستوورەکەیە، دەگێڕێتەوە»[٩].

با سەرەتا لە هاوبەشییەکانی نێو هەردوو دەقی ئوستوورەکانەوە دەست پێ بکەین، چونکە وێڕای هەبوونی جیاوازییەکان، خاوەن چەند هاوبەشییەکیشن:

- بنچاخی هەردوو ئوستوورەکە ئەشق و خۆشەویستییە. بەپێی دەقەکان، لە نێو کەسایەتییە سەرەکییەکانی هەردوو ئوستوورەدا ئەشق روو دەدات. لە ئوستووورە کوردیەکەدا، کوڕێک و کچێکی ئامۆزا، ئاشقی یەکتر دەبن. لە ئوستووورە گریکییەکەشدا، پیگمالیۆن ئاشق دەبێت. کەواتە هەبوونی خۆشەویستی لەنێو ژیانی تاکەکانی هەردوو کۆمەڵگادا خاوەن بنەمایە.

- لە هەردوو ئوستوورەدا تاکە ئاشقەکان دەستی نزا و پاڕانەوە بەرەو دەرگای هێزێکی دیکە (خواکان) بەرز دەکەنەوە و داوای بەهاناوەهاتن لەوان دەخوازن.

لە هەردوو ئوستوورەدا نزاکان پەسەند دەکرێن و ئاواتەکان بەدی دێن.

لە هەردوو ئوستوورەدا، پێوەندییەک لەنێوان «مرۆڤ- بەرد- خوا»دا دروست دەبێت.

جیاوازییەکانی نێو ئەو دوو دەقە:

لە ئوستوورەی بەردەبووکدا، ئەوە مرۆڤە ئاساییەکانن کە ئاشقی یەکتر دەبن. دوو ئامۆزا. ئەڵبەت با ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئاشقی یەکتر بوونی دوو ئامۆزا، لە کەلتووری کوردیدا خاوەن رێچکەیە، کە بەجارانییش دەبێتە تراژیدیا. رەنگدانەوەی ئەم دۆخە لە ئەفسانە و گۆرانی خۆماڵیدا زۆرە. پێموایە هێندە زۆر و بەسەر زارانەوەن کە پێویست بە هێنانەوەیان ناکات.

بەڵام لە ئوستوورەی پیگمالیۆندا، کەسایەتی ئوستوورەکە، ئاشقی دەستسازی خۆی دەبێت. ئاشقی پەیکەرە بەردینەیەک کە بەرهەمی هونەری خۆیەتی. (ئەشقی نائاسایی).

لە ئوستوورەی بەردەبووکدا، نزا بۆ مەرگ دەکرێت. واتە بۆ راکردن و هەڵاتن. بۆ فەنابوون و بۆ وێرانی. بۆ رزگار بوون لە گەرداوی بەدیلگرتنی ئەشق و لە مەراقی نەگەییشتن بە ئاوات. نزایەک لە پێناوی خۆخەسێنی و بڕانەوەی قەرەچۆڵە. نزایەک بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو شتێک.

بەڵام لە ئوستوورەی پیگمالیۆندا، نزا بۆ ژیان دەکرێت. بۆ ژیانەوە و رۆحبەخشی. بۆ گەییشتن بە ئەشق و بەختەوەری. نزایەک لە پێناوی زاوزێ و خستنەوەی نەوە و قەرەچۆڵە. نزایەک بۆ بەردەوامی.

رەنگە ئەگەر لە روانگەی فرۆیدەوە و لەسەر رێبازی ناخشناسی (روان شناختی) بکەوینە شرۆڤەی ئەم ئوستوورانە، بابەت بۆ بەدواداچوون و باسکردن زۆر بن. بەتایبەت لە روانگەی ناخشناسی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەم داستانە ئوستووراویانە لەخۆڕا و لەسەر بنەمایەکی پووچ

نەڕەخسێنراون و لەلایەن جەماوەرەوە باوەشیان بۆ نەگیراوەتەوە. بەڵكو خودان چەپكێ واتای تێكپێچراون كە دەتوانین لە گۆشەنیگای جیاوازەوە راڤە و هەڵسەنگاندنی لەسەر بكەین. بۆ نموونە لە روانگەی باوەڕ (دین) و روانگەی كۆمەڵایەتی و روانگەی كارامەیی و كاردانەوەیی و روانگەی ئەفسانەیی و روانگەی جینسی و...

‹نوور تراپ فرای› لەم پێوەندەدا بۆچوونێكی تایبەتی هەیە. ئەو دەڵێت:

«ئوستوورە مامەڵەیەی نێوان خوداكان و مرۆڤە. یان پۆلێنكردن و خستنە قەوارە و قاڵبـی هەندێ دیاردەی سروشتی. ناكرێت ئوستوورە، بەدەر لە چوارچێوەی فەرهەنگیی ئەو كۆمەڵگایەی كە داهێنەری ئوستوورەكەیە فام بكرێت»[١٠].

ئەگەر لە روانگەی ناخشناسی كۆمەڵایەتی و لەسەر بنەمای غەریزەكانی مەرگ و ژیان، ئەو دوو ئوستوورەیە هەڵسەنگێنین، چەپكێ دیاردەی فەرهەنگی-كۆمەڵایەتیمان بۆ بەدیار دەكەوێت كە هێمای تایبەتییەكانی ژیانی فەرهەنگیی و كۆمەڵایەتی دوو كەلتوور و دوو شارستانییەتی جیاوازن. لە خۆشیاندا چەپكێ جیاوازی كەلتووری ئەو دوو كۆمەڵگایە بەدیار دەخەن كە رەنگە تا سەردەمی هەنووكەش ئەو نەریتانە بەردەوام بن. ئاخۆ ئەم دركاندنە پڕهێمایانەیە كە لە هێلانەی ئوستوورەكاندا حەشار دراون و پاش هەزاران ساڵ دووبارە دەكەونە بریكانەوە و لە رەوتی تێفكرین و بەدواداچوونی هزردا كەشف دەكرێنەوە و دەبنە جاڕچی نەریتی كەونارایی نەتەوە داهێنەرەكانیان، هەمان راستینەن كە زانایان وەپێش مێژوویان دەخەن و بایەخیان لە دەقە مێژووییەكان بەسەرتر دەناسن، نین؟!

بۆ نموونە؛ زانای بواری كەلتوور و ئوستوورە، ‹ژان كوكتو› لەسەر وەها روانگەیەک جەخت دەكاتەوە و دەبێژێ:

«من بەردەوام ئوستوورەم بەسەر مێژوودا بەسەرتر زانیوە، چونكە مێژوو پێكهاتوو لە بڕێ راستییە كە لە كۆتاییدا بەدرۆ دەكەونەوە، بەڵام ئەساتیر لە درۆگەلێك پێک دەهێنرێن كە هێدی هێدی دەبنە راستی»[١١].

لە ئوستوورەی بەردەبووكدا، كوڕ و كچێک ئاشقی یەكتر دەبن. وەک دەزانین ئەشق و خۆشەویستی سەرەتا و بنەمای دەسپێكردنی ژیانی هاوبەش و زاوزێیە. كەواتە لە خۆیدا بەردەوامی ژیانی و رەگەزی مرۆڤ بەسەر گۆی زەوییەوە دەپارێزێت. وێڕای ئەوەش؛ بنەمایەی ئاساییش و هێوری و ئاسوودەیی تاک و كۆمەڵگایە.

ئەم غەریزەیە، فرۆید واتەنی لەنێو تاكەكاندا بەبرەو و خاوەن بنەما و بەگەڕە. تا ئێرە رەوتەكە ئاساییە و پڕبەحەزە، بەڵام ئەوكات كە بەرەو دركاندن و بە ئەكتیڤ

بوون دەهاژوێت، لەگەڵ کۆمایەک بەربەست و ئاستەنگ بەرەورووو دەبێتەوە کە جەرگبڕ و کوشەندەن. بەواتایەکی دی، ئەو غەریزەی ئەشق و خۆشەویستی و ژیانە کە لە ناخ و هەناوی تاکەکانی نێو ئوستوورەکەدان، بەرەو پێچەوانەکەی رهێڵ دەبنەوە. بەواتایەکی دیکە، کەلتووری زاڵ بەسەر رۆح و رەوشتی کۆمەڵگادا، برەو لە غەریزەی ئەشق و ژیان دەسێنێت و ئاوقەی غەریزەکەی دیکە؛ واتە غەریزەی مەرگی دەکاتەوە. هەربۆیە بووکەخان، لە کات و ساتی بووکێنیدا، لەوپەڕی وێڕسی و مەلوولیدا دەسەویەخەی خوای مەرگ دەبێتەوە و لەوپەڕی رەنجەڕۆیی و مەلوولییەوە ئاوات بۆ مەرگ و نەمان دەخوازێت. مەرگ و نەمان بە شێوازێکی پڕتراژیدی و دڵ هەژێنەر. ئاواتی بوون بە بەرد. نزاکەشی لەلایەن خوای مەرگەوە پەسەند دەکرێت و بووکەخان دەبێتە بەردێک کە تاهەنووکەش دایکان و ئاشقان بۆی دەگرین و بۆی دەکڕووزێنەوە.

بە سیمای ئەم ئوستوورەیەوە بەدیارە کە دوو جیاوازی بەرچاو لەنێوان حەز و بنەماڕۆحییەکانی تاکی کۆمەڵگا و نەریتی زاڵ بەسەر چارەنووسی کۆمەڵگا بەرجەستەن. لە ناخی تاکەکاند غەریزەی ئەشق و ژیان گێنگڵ دەدات و لە بەڕێکردن و بەڕێوەبەرایەتی نەریتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، غەریزەی مەرگ و وێرانی زاڵە. هەربۆیە هەر چەشنە دەرەتان و جووڵەیەک لە تاکەکان ئەسەندرێتەوەو و رێگاکان دادەخرێن. هەر بۆیە تاکی کۆمەڵگا، بەناچار رێگای گرژی و تووڕەیی دەگرێتە بەر. ئەویش لە دژوارترین ئاستیدا کە گرژی و تووڕەیی دژ بە خۆیە. واتە دژ بە حەز و ئاوات و ئارەزووەکانی خۆ و لە کۆتاییشدا دژ بە بوونی خۆ. کە ئەمەش ئەوپەڕی وێڕسی و داماوی و زەلیلی تاک بانگەشە دەکات.

لە ئوستوورەی پیگمالیۆندا، رەوتەکە پڕجیاوازە. نەریت و کۆمەڵگا بەڕووی حەز و ئاواتەکانی تاکی کۆمەڵگادا کراوەن و وەک داڵدە و پاڵپشت بەئەرکن. پیگمالیۆن دووچاری ئەشقێکی سەرسووڕهێنەر دەبێت. بۆ گەییشتن بە وەساڵ پەنا دەباتە بەردەرگای خوای فەڕ و ژیان (ئافرۆدیتە). نزاکەی پەسەند دەکرێت و ژیان دەست پێ دەکات.

دەبینین لەم ئوستوورەیەدا غەریزەی ئەشق و ژیان، لەهەرلاوە ئەکتیڤ و پاڵەپشتن. هەربۆیە تاکی کۆمەڵگا، بێ ترس لە تانە و سزا، حەزەکانی خۆی کە لەپێناو غەریزەی ئەشقدان، دەدرکێنێت و بۆ بەئاکامگەیاندنیان داوای پاڵەپشتی لە خوا دەکات. هەموو دیاردەکان دەست لەناودەستن بۆ وەدیهێنانی حەزە ژیاناوییەکانی کۆمەڵگا. ئەمەش بۆ کراوەیی و دۆخرەخسێنی کۆمەڵگا و کەلتووری زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگایە دەگەڕێتەوە کە وەها کەش و هەوایەکی سازاندووە و دەرفەتی رەخساندووە. بەواتایەکی¬ تر، نەریت و کۆمەڵگاش لە خزمەتی

غەریزەی ئەشق و خۆشەویستیدان و بۆ دابینکردنی ژیانی ئارام و پڕئاسوودە لە بزاڤ¬دان. ئەم هزر و ڕەوتەش لە کۆتاییدا دۆخ بۆ گەشەی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا و دابینکردنی ژیانی ئاسوودە دەڕەخسێنن.

لەڕوانگەیەکی دیکەوە، دەبینین لەهەردوو ئوستوورەدا؛ پێنج کارگێڕی {مرۆڤ- ئەشق- بەرد- خوا، بووک} بەدیارن. ئەگەر بەگرتنەبەری ڕێبازی هێماشناسی یان ڕەمز شناسی سەیری ئەو چوارە بکەین، دەتوانین بەمجۆرە بیانخەینە بەردەست:

مرۆڤ ⟵ پاڵەوانی سەرەکی و ئەو بوونەی کە شتەکان لەپێناوی ئەودان...

ئەشق ⟵ غەریزەی ژیان و ئاسوودەیی و گەشە...

بەد ⟵ سەرسەختی، بەرهەڵست، نەریتی زاڵ، داپڵۆساندن...

خوا ⟵ دەسەڵات، هێزی سەرووتر و گەورەتر، باوک...

بووک ⟵ هێمای خۆشەویستی و ئەشق، حەز و ئاوات، زاوزێ و گەشە

لای تاکەکانی هەردوو کۆمەڵگا، ئەشق خاوەن بوون و بەبرەوە. ئەمەش ڕەوتێکی ئاسایی و سروشتییە لەپێناو غەریزەی ژیان و بەردەوامیی بوونی مرۆڤ، بەڵام کاتێ نۆبە بە چۆنییەتی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو دیاردەیە دەگات، دۆخەکە لە کۆمەڵگاکاندا ڕەوتێکی جیاواز دەگرێت. لە ئوستوورەی بەردەبووکدا، بووک بەکرێتە بەرد و ئەشق تەفر و توونا دەکرێت. واتە ئەوپەڕی نەهامەتی و سەرکوت و داپڵۆساندن و مەرگ ویستی. دیارە لە وەها کۆمەڵگایەکدا، تاک هەست بە زەبوونی و پووچی دەکات و هەست بە خاوەندارێتی هیچ توانا و هێزێک لە ناخی خۆیدا ناکات و دەپووکێتەوە. ئاکامەکەشی کۆمەڵگایەکی پووکاوە و دواکەوتوو و سەرشۆڕە.

لە ئوستوورەی پیگمالیۆندا، بەرد دەکرێتە بووک. واتە ئەوپەڕی هات و ئاسوودەیی و کامەرانی و ژیان ویستی. ئاساییە ئەگەر تاکی ئەم کۆمەڵگایە، بە خەیاڵێکی ئاسوودە و ڕۆحێکی ڕەحەتەوە بڕوانێتە ژیان و بۆ گەشە ئاسوودەیی زیاتر ڕوو لە داهێنان بکات و لەو پێناوەدا بکەوێتە گەشە و کۆشش.

هێزە باڵادەستەکانیش، لەهەرلا، بە شێوازێکی تایبەت بەخۆ و جیاواز، ئەرک دەگێڕن و وەک هێمای نەریت و کەلتووری باو دەوریان هەیە.

ڕەنگە ناڕەوا نەبێت ئەگەر بێژم؛ هەنووکەش لەو دوو کۆمەڵگایەدا، هەست بە هەبوونی ئاکامەکانی ئەو ڕەوتە دەکەین کە ئوستوورەکانیان تێدا خولقاوە. تەنانەت هەمان هزر و هەمان بارودۆخ تا هەنووکەش بە سیمای کۆمەڵگاکانەوە دیارە. ئەمەش بۆ گەڕ و کاریگەری ئوستوورەکان دەگەڕێتەوە کە بێ ئەوەی خۆمان بمانەوێت، لە ناخ و لە حافیزەی گشتیدا بوون و گەڕی خۆیان دەپارێزن. وەک

زانایانی ئەوبوارە جەختی لەسەر دەکەنەوە. بۆ نموونە؛ جەلال ستاری دەڵێت: «ئوستوورەکان ئەو توخمە فەرهەنگییانەن کە هەرگیز بنبڕ نابن و ریشەکەن ناکرێن»[١٢].

رۆژە کایوا دەڵێت: «بەهەرحاڵ سەردەمانێک گشت کۆمەڵگاکان باوەڕیان بە ئوستوورە هەبووە و بۆ زیندوو هێشتنەوە و حورمەتیان داب و نەریتیان بەڕێوەبردووە. هەنووکەش کە ئوستوورە مردوە و سەردەمی کۆتایی هاتووە. کاریگەریان بەسەر تەخەیولی مرۆڤەوە هەیە و بۆ بزواندنی هەست و سۆز و شوور و شۆقی ئەو هەروەها بەردەوام و خاوەن گەڕ و کاریگەرین»[١٣].

## پەراوێزەکان:

١- هنر و جامعە، لاپەڕە: ١٣٧

٢- ئۆستوورە، لاپەڕە: ٦٠

٣- فەرهەنگی خۆماڵی کوردی

٤- نـظریەهای شخصیت، ص: ٣٠-٢٥

٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: ٧١

٦- اسطورە و رمز، ص: ١٠٢

٧- اساطیر، ص: ٣

٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: ٥

٩- اسگورە و رمز، ص: ١٤

١٠- اسطورە و رمز، ص: ١٠١

١١- جهان اسطورەشناسی، ص: سە. مقدمە

١٢- جهان اسگورەشناسی، ص: نە از مقدمە

١٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: ٥٢

## سەرچاوەکان:

١- جهان استورەشناسی، مجموعە یَپار، ترجمە: جلال ستاری، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٧٩ه.ش.

٢- استورە و رمز، مجموعە یَپار، ترجمە: جلال ستاری، انتشارات سروش، تهران ١٣٧٨ه.ش.

٣- اساتیر، سیمون مارکیش، ترجمە: ابیاتی، چاپ اول، ١٣٥١ه.ش.

٤- نقریە¬های شخصیت یا مکاتب روانشناسی، دکتر علی اکبر سیف، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ ششم، ١٣٧٤ه.ش.

٥- رۆژە باستید، هنر و جامعە، ترجمە: غفار حسینی، انتشارات توس، ١٣٧٤ه.ش.

# ئەوێستا و چیرۆکی کوردی

## چیرۆکی رۆستەم و زۆراب لە روانگەی دەوڵەتشاهی-یەوە



**سیاوەش گۆدەرزی**



نووسەری کۆچکردووی کورد عیمادەدین دەوڵەتشاهی کرماشانی لە کتێبی "رۆستەم و زۆراب، بەپێی دەقی ئەوێستا"[1] لەو بڕوایەدایە کە دەقی "فەروەردین یەشت" لە ئەوێستادا هەمان چیرۆکی رۆستەم و زۆرابە لە پێشدا لە ئەوێستادا تۆمارکراوە و دواتر کەوتووەتە نێو شانامە. دەوڵەتشاهی دوای ٣٥ ساڵ زەحمەت و خۆماندووکردن بە فێربوونی خەتی ئەوێستا و لێکۆڵینەوە لە تێکستەکانی ئەوێستا بەو ئاکامە دەگا کە "فەروەردین یەشت" لە ئەوێستادا هەمان شینگێڕی رۆستەم بۆ زۆرابە. هەر بۆیە دەقی "فەروەردین یەشت" جارێکی دیکە لە شێوەی کوردیدا دادەڕێژێتەوە و لە گەڵ وەرگێڕانێکی نوێی فارسی لە دەقەکە بڵاودەکاتەوە. فەرەیدوون جنیدی[2] کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی وەئەستۆ گرتووە، لە پێشەکی کتێبەکەدا دەنووسێت: "دەوڵەتشاهی بە هەموو بوونی خۆیەوە لە لووتبەرزی و خۆسەپێنی چ وەک کەسایەتی، چ وەک کرماشانی و چ وەک کوردستانی بێبەری بوو. ئەوەی لەم کتێبەدا بڵاوی کردووەتەوە، بە وتەی

خۆی تەنیا ئاکامێک بووە کە ئەو پێی گەیشتووە و هیچ چەشنە مەبەستێکی دیکەی لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا نەبووە".

دەوڵەتشاهی لە ڕێگەی زمانەوە پەی بە بوونی چیرۆکی لاواندنەوە یان شینگێڕی ڕۆستەم بۆ زۆراب لە ئەوێستادا دەبا. لایەنی گرنگ لە لێکۆڵینەوەی دەوڵەتشاهیشدا هەمان زمانی کۆنی ئەوێستایی و پێوەندی ئەو بە زمانی کوردییەوە بووە، نەک خودی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە خۆیدا، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەوڵەتشاهی باسی دەکات بەشێک لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب پێکدێنێت. ئەگەرچی ئەم بەشە لە هەژماری زیاتر لە دە بەیت لە خودی چیرۆکەکەدا تێناپەڕێت، بەڵام هەرچی بێت بەشێکە لە چیرۆکەکە و لەو بارەیەوە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب وەک کۆنترین چیرۆک لە مێژووی کورددا هەیە.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەوە، هەستیارییەکی زۆر لە بەرانبەر ئەم کتێبە نیشاندرا و هەروەها ئەوەش دەزانین کە چۆن لە بەرانبەر هەرخوێندنەوەیەکی دیکە لەو چیرۆکانەی کە هەتا ئێستا وەک بەشێک لە ناسنامەی ئێرانیدا لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ هەر لە دوای نووسینی شانامەی فیردەوسییەوە هەتا ئێستا کراوە، بڵاوبوونەوەی بۆچوونێکی نوێ لە پێوەندی لەگەڵ زمان و ناسنامەی کوردیدا بۆ ئێمە گرنگییەکی زۆری هەیە. دەوڵەتشاهی ئەگەرچی لە لووتبەرزی و خۆسەپاندنی ئێتنیکی بە قسەی فەرەیدوون جنیدی دوور بووە، بەڵام هەر دیسان بە قسەی جنیدی، دەوڵەتشاهی تەنیا لە بەر خۆشەویستی کورد و کوردستان ٣٥ ساڵ لە تەمەنی خۆی لەسەر ئەو کتێبە داناوە[٣]. کەوابوو لەو سۆنگەیەوە، ئەرکی ئێمەی کوردە بە دوور لە دەمارگرژیی ئێتنیکی گرنگی بە کار و لێکۆڵینەوەی لە چەشنی کتێبی دەوڵەتشاهی بدەین، کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئەدەب و ناسنامەی کوردەوە هەیە.

### دەوڵەتشاهی باسی چی دەکات؟

دەوڵەتشاهی دوای فێربوونی زمان و خەتی ئەوێستایی و وەبەردانی لەگەڵ زمانی کوردی، کە بۆ ئەمەش ناچار بووە ٢٣ بن زاراوەی جیاوازی کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان فێربێت، وەک ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و درێژخایەن دوو کتێبی بڵاوکردووەتەوە. یەکەم کتێب ناوی "جوگرافیای ڕۆژئاوای ئێران یان کێوە نەناسراوەکانی ئەوێستا"[٤]یە و دووەم کتێب کە مەبەستی ئەم وتارەیە، ناوی ڕۆستەم و زۆراب بەپێی خوێندنەوەی ئەوێستایە.

کورتەی بۆچوونی دەوڵەتشاهی ئەوەیە کە "فەروەردین یەشت" لە ئەوێستا هەمان چیرۆکی شینگێڕی و لاواندنەوەی رۆستەمە لە سەر تەرمی زۆراب. دەوڵەتشاهی و شەی ئەوێستایی "یەزمەئید" وەک کوردی "یزامایيدی" لە "فەروەردین یەشت"دا دەخوێنێتەوە کە لە کوردی ئەمڕۆدا بەمانای "ئەمە زاوایەتیت بوو" دێت. دواترئەوەی جێگای سەرەنجی دەوڵەتشاهی بووە ئەم وشەیە زۆرجار لەگەڵ وشەی "سوراو" (زۆراو یان زۆراب) لە دەقی ئەوێستادا هاتووە و ئەمەش بووەتە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی بۆچوونەکەی کە "فەروەردین یەشت" هەمان لاواندنەوەی رۆستەمە لەسەر زۆرابی تازە زاوای کوژراو. یانێ هەمان چیرۆک کە دواتر وەک یەکێک لە چیرۆکەکانی نێو شانامەی فیردەوسی، یان شانامەی کوردی ناسراوە.

بەپێی بۆچوونی دەوڵەتشاهی ئەوێستا بە گشتی لە باری زمانییەوە، هێشتا کاریگەری زمانی کوردی وەک یەکەم زمانی ئەوێستای لەسەر ماوە. لە "فەروەردین یەشت"ی ئەوێستا[٥] لە بەندی یەکەم هەتا ئاخری بەندی ٩٥ باسی رووداوێکی یەکجار دڵتەزێن دەکرێت کە کوڕێک بە دەستی باوکەکەی دەکوژرێت و ئەم چیرۆکە تراژیکە بە رادەیەک غەمهێنەر بووە کە دوای چەند هەزار ساڵ سینگ بە سینگ و دەم بەدەم گێڕدراوەتەوە. بە پێچەوانەی شانامەی فیردەوسی شوێنی روودانی چیرۆکی رۆستەم و زۆراب لە سەمەنگان لە رۆژئاوای ئێران رووی نەداوە، بەڵکو لە دەوروبەری کرماشان لە پەنای کێوی بێستوون لە رۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا روویداوە.

**چەند بەندێک لە "فەروەردین یەشت"**

لێرەدا من نموونەی چەند بەندێک لە "فەروەردین یەشت" کە پێوەندی راستەوخۆیان بە چیرۆکی رۆستەم و زۆرابەوە هەیە، دەخەمە بەر سەرەنج. دیارە لە کتێبەکەی دەوڵەتشاهیدا ئەم بەندانە جارێکی دیکە خراونەتەوە سەر زمانی کۆنی کوردی، بەڵام لەبەر ئەوەی تێگەیشتن لەو زمانە بۆ ئێمە زەحمەتە، من ناچار بووم تەنانەت ئەم بەندانەی ئەوێستا لە دەقە فارسییەکەوە وەرگێڕمە سەر کرمانجی خـواروو. هەروەها هەوڵم دا کە ئەو بەندانە هەڵبژێرم کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پێوەندییان بە چیرۆکی رۆستەم و زۆرابەوە هەیە و لە روانگەی دەوڵەتشاییەوە شینگێڕی رۆستەم بۆ کوڕەکەی زۆرابە و بەشێک لە چیرۆکی رۆستەم و زۆراب پێکدێنێت:

لە بەندی دووەمدا، کەسێک (رۆستەم) کە خۆی ناناسێنێت بە دەنگی گریان و لاوانەوە دەڵێت: ئەی زەردەشت کە دەنگی گریان و شینم لە ئاسمانان دەبیستریێت؟ ئایا ئەمە هەمان کەسێکە کە دەیگوت؛ من باوکی ئەو بووم، ئەو منی ناسییەوە، هەر بۆیە کە من ئێستا بە سەری خۆمدا دەدەم. ئایا ئەو هەمان کەسێکە کە لێرە داندراوە؟ وەک دارێکی ئەستووری تاشراو، ئەم گەنجە تازە پێگەشتووە کە چاوەکانی لێکناوە و دەموچاوی شێوێندراوە، لە منیان دوور کرد. ئەو لەت و پار بووە، ئایا ئێوە مەزداپەرەستن؟

لێتان دەپاڕێمەوە، چاوی لێبکەن هەر وەک من لە کێوێک دەچێ. وەک ئەوە تیشکی هەتاوی بەسەردا باریبێت، سپی بووە و لەم مێرغوزارەدا کەوتووە و نووستووە. بۆ ناهێڵن من لە پەنای راوەستم؟

لە بەندی چوارەمدا، بێژەر بە دەنگی گریان و چەمەرییەوە[٦] دەڵێت: ئەی زەردەشت بەو هەموو ماڵ و مڵکەی کە هەمە بۆ دایکی دەگریم. ئەگەر بێت و لە ناکاو، بەرەو دادگای بەرزی ئەهورایی راپێچم بکا. ئەگەر بپرسێ کە ئەو ناودارە گەورەیەم بە سەلامەتی بۆ لای تۆ نارد، نازانم چی بێژم. بەو "وەیسە"[٧]ی کە شوێنەوارەکانی لێرەن...

لە بەندی نۆیەم و دەیەمدا بە شین و گریانەوە رۆستەم (لێرەدا یەکەم جارە ناوی رۆستەم دێت) روو بە زەردەشت دەڵێت: دەزانم کە لێم دەپرسی ئایا ئاهوورا زادەم؟ دەزانم کە مەستی و سەرخۆشی پەسەند ناکەی، ئایا ئەمە، هەمان کەسێکە کە دەموچاوی بە خامێک داپۆشراوە؟ کە لەسەر ئەو و سەبارەت بە ئەو، تووشی ئەو هەموو شەرمەزارییە هاتووم؟ ئەی زەردەشت تۆ دەتوانیت، ئەو لە جێگەی من بگێڕییەوە (بێژەر بە دەنگی چەمەری هەروا شینگێڕی دەکات): بێژە، ئەی رۆستەم ئەو هەموو گریان و هاوارەت بە دەنگی بەرز بۆ چییە؟ بۆ ئابڕووی تۆیە، ئەو هەموو فرمێسکەم رشت...

لە بەندی (دە)دا بە دەنگی شینگێڕییەوە دەڵێت: ئەی زەردەشت چاو لە شین و شەپۆڕ و گریانم بکە! لە لایەن منەوە سینگ و زگی لەتوپار کراوە... ئەم کوڕە کە دەبینی هەر بە ڕێگەوە بوو کە یەکسەر بازی دایە سەر سینگم، ئەی داد و هاوار یەکسەر هێرشی کردە سەرم، بەڵام ئیستا کە چۆن زگ و سینگی دووکەرت کراوە، بە دەمەوە لە سەر عەرز کەوتووە...

لە بەندی دوازدەدا دەڵێت: لێرە لەدایکبووی، دایک تۆی لەم خاکە وەدنیا هێنا... ئەوەندە بە شوێنتدا دەگریم ئەی جەوان، با قەت نێوت نەیەتە نێو ئازیەتباران، لە دوای رۆیشتنی تۆ یادت دەکەین.

لە بەندی چواردەدا دەڵێت: ئاو زۆرە. هەستە، چەندە بانگت بکەم، مەگەر خەوتوویی؟ ئێمە جێگەمان زۆرە. ئێرە سەوزە و شینایییە. هەستە دێن و دەمانبینن. مەگەر نوستووی؟ ئێمە لێرە جێگەمان زۆرە، بۆ لێرە نوستوویی؟

لە بەندی شانزدەدا دەڵێت:... لێرەدا بێژەر کە بێجگە لە ڕۆستەم کەسێکی دیکە نییە بە گریان و شینەوە دەڵێت: ئەی خۆری درەوشاوە، ئەوم بۆ بگەڕێنەوە. ئەی مانگ ئەو بگەڕێنەوە، ئەی ئەستێران ئەو بگەڕێننەوە، ئەی میترا کە خەڵکی ئەم کوێستانە باوەڕیان بە تۆ هەیە، ئەو بگەڕێنەوە هەروەک چۆن ئەوت برد، بیگەڕێنەوە. ئەی زەردەشت من باوەڕم بە تۆ هێنا، (دەزانی) بۆ ئەم ئاو و خاکە فرە کەسان گیانیان لەدەست داوە...

### شانامەی کوردی و پاڵپشتی بۆ بۆچوونەکەی دەوڵەتشاهی

بەپێی ڕوانگەی دەوڵەتشاهی ڕۆستەم لە شینگێڕی زۆرابدا لە دەقی ئەوێستادا زۆر جار وشەی "زاوای بە ئاکام نەگەیشتوو" دووپات دەکاتەوە. واتە زۆراب بەرلەوەی بە دەستی باوکی بکوژرێت، زەماوەندی کردووە و وەک ئێستا پێی دەگوترێت تازەزاوا بووە. بە ڕێکەوت نییە کە ڕاست لە دەقی شانامەی کوردی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا باسی ئەوە دەکرێت کە زۆراب لە ڕێگای هێرش بۆ سەر ئێران لەنێوان سەمەنگان و قەڵاسپی ئەڤینداری کچێک دەبێت و کچەکە دێنێت. دیارە ئەمە لە شانامەی فیردەوسیدا نییە و هەربۆیە ئەوێستاناسێکی وەک فەرەیدوون جنیدی ئەمەی کردووەتە بەرتەکێک بۆ شیان و ئەگەری هەڵەبوونی بۆچوونی دەوڵەتشاهی، بەڵام لە دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا نوسخەی کۆکراوەی محەمەد ڕەشید ئەمینی[٨] ئەم بۆچوونەی دەوڵەتشاهی دەسەلمێندرێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆ دەوڵەتشاهی لە کتێبەکەیدا یەکەم ئاماژە بە هیچکام لە دەقە کوردییەکانی شانامە ناکات؟ دووەم، بەتایبەت ئەوە لە نوسخەیەکی وەک ڕەشیدی پاڵپشتی تەواو بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی هەیە. دیارە دیسان ئەمە بۆخۆی بۆچوونێکە و ڕەنگە هەڵەی تێدابێت، بەڵام بە هەرحاڵ پێوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان بۆچوونەکەی دەوڵەتشاهی و شانامە کوردییەکان بەتایبەت نوسخەی کۆکراوەی محەمەد ڕەشید ئەمینیدا دێتە کایەوە.

دیارە لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەم کە بۆچوونی دەوڵەتشاهی لە خۆیدا تیۆرییەکە و ناکرێت لە جێدا لە تەواوەتی خۆیدا پەسەند بکرێت. فەرەیدوون جنیدی کە بۆخۆی ئەوێستاناسێکی ناودارە لە پێشەکی کتێبەکەی دەوڵەتشاهیدا نووسیویەتی؛ دەکرێت هەژمارێک وشە، چەند ئاماژەو هێندێک بەش لە بۆچوونی

دەوڵەتشاهی پەسەند بکرێت، بەڵام ناکرێت هەموو ئەو شتەی ئەو باسی کردووە پەسەند بکرێت، چونکە ئەوێستا لە روانگەی زەردەشتییەکانەوە کتێبێکی ئاینییە و ناکرێت بە هەڵە چیرۆکێک خرابێتە نێو ئەوێستا، ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین کە لە نووسینەوەی کتێبە ئاینییەکاندا وردبینی و مووقلێشی زۆر بەکاربردراوە.

**رامانێکی کوردی:**

ئەگەرچی دوو دەقی کوردی و فارسی چیرۆکی رۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردی و شانامەی فیردەوسیدا لە دەسپێکی داستانەوە هەتا کۆتایی وەک رەوتی رووداوەکان لە چیرۆکەکەدا، ناوەکان و کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکە بە برێک جیاوازییەوە لە یەک دەچن، بەڵام هاوکات چیرۆکی رۆستەم و زۆراب و زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەی نێو شانامەی کوردی پێناسەیەکی کوردییان هەیە و لە زۆر بارەوە وەک نێوەڕۆک هیچ پێوەندییەکی بە ناوەرۆکی شانامەی فیردەوسییەوە نییە. لە دەقی کوردی چیرۆکی رۆستەم و زۆراب بەدەگمەن لەنێو ١٠٠٠ بەیتدا رەنگە تەنیا یەک دوو بەیتێک هەبن کە دەقاودەق لە شانامەی فیردەوسی بچن. وەکو دیکە هەموو چیرۆکەکە لە دارشتن، فۆرم، شێواز، هەڵبژاردنی وشە، ئاماژە و دەستەواژە کاریگەرییەکی خۆماڵی و کوردەواری پێوە دیارە.

لە لایەکی دیکەوە، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا چیرۆکی رۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردییدا بە پێچەوانەی شانامەی فارسی کۆتاییەکی تراژیکی نییە[٩]. ئەمەش لە خۆیدا لە فەلسەفەی دونادونی ئاینی یارسانەوە سەرچاوەی گرتووە و زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەش بە شێوەزاری گۆرانی هەمان کۆتایی چاوەڕێی چیرۆکەکان دەکات[١٠]. کەواتە لە باری نێوەرۆک و فۆرم و شێوازی داڕشتنی چیرۆکی رۆستەم و زۆرابی دەقی کوردی بە تەواوەتی جیایە لە دەقی فیردەوسی، کە وەک تراژیکترین چیرۆکی شانامە ناسراوە. ئەم پێناسەیە لە شانامەی کوردی و هەروەها روانگەی دەوڵەتشاهی لەسەر بوونی ئەم چیرۆکە لە دەقی ئەوێستادا ئەو پرسیارە قووت دەکاتەوە، کە: ئایا ئێمەی کورد هەتا چەندە شانامەی کوردی و چیرۆکەکانی دەناسین و هەتا چەندە وەک میراتێکی پڕبایەخی نەتەوەیی کارمان لەسەر کردوون؟

خوێندنەوەی دوو کتێبە پڕبایەخەکەی عیمادەدین دەوڵەتشاهی کرماشانی دەسپێکێکی باشە بۆ ئەم مەبەستە.

**عیمادەدین دەوڵەتشاهی کرماشانی کێ بوو؟**

عیمادەدین دەوڵەت شاهی لە ساڵی ١٩١٩ لە شاری کرماشان لە بنەماڵەیەکی ناسراو و ئەریستۆکرات لەدایک دەبێت. لە جەوانیدا لە وەزارەتی دارایی کار دەکاتا و بەدوای ئەودا بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ لە پۆستی جیاجیای دەوڵەتیدا ئەرکدار بووە. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥١و ١٩٥٣ ڕۆژنامەی جڤاکی سیاسی "گەنجەوەر"ی بە زمانی فارسی لە کرماشان بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٤٨ دەبێتە سۆفی لەنێو دەروێشەکانی ناسراو بە نەعمەتولاهی. پاشماوەی ٣٥ ساڵی دوایی ژیانی تەرخان دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی ئەوێستایی و فێربوونی زیاتر لە ٢٣ بن زاراوەی کوردی. لە ساڵی ١٩٨٤یەکەم کتێبی بە ناوی "جوگرافیای ڕۆژئاوای ئێران یان کێوە نەناسراوەکانی ئەوێستا" (جغرافیای غرب ایران یا کوههای ناشناخته اوستا) کە وەرگێڕانی بەشێک لە "زامیادیەشت"ی ئەوێستایە بڵاودەکاتەوە. عیمادەدینی دەوڵەتشاهی لە ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٩١ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە شاری قوم لە ئێران بەخاکسپێردرا.

**پەراوێزەکان:**

١-رستم و سهراب، به روایت اوستا، ترجمەای بر فروردین یشت، عمادالدین دولتشاهی.

٢-فەرەیدوون جنیدی؛ نووسەر، لێکۆڵەرەوە و ئەوێستا ناس و سەرۆکی دامەزراوەی ناوەندی نەیشاپور لە ئێران.

٣-دەوڵەتشاهی لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەنووسێت: ئەگەر زانایان و ئەوێستا ناسان هەموو بۆچوونەکانی من ڕەد بکەنەوە، دیسان من لەسەر ڕوانگەکانی خۆم سوورم و دەیسپێرم بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لە داهاتوودا.

٤-جغرافیای غرب ایران یا کوههای ناشناخته اوستا.

٥-هەموو دەقی فەروەردین یەشت لە ئەوێستادا لە سەرجەم ١٥٨ بەند پێکهاتووە.

٦-چەمەری ڕێوڕەسمێکی تایبەتی پرسە و شینگێڕییە کە لەودا لاواندنەوە و شێنگێڕی بە ئاهەنگێکی تایبەتییەوە وێڕای دەهۆڵ و زوڕنا لە هەرێمەکانی کرماشان بەڕێوە دەچێت.

٧-بەپێی بۆچوونی دەوڵەتشاهی "وەیسە" یەکێک لە پیاوچاک و گەورەکانی ئاینی زەردەشتی بووە و لە هەمان شوێن (لە سەر ڕێگای نێوان کرماشان-ڕەوانسەر)، کە ئێستا وەیسەلقەرەنی پێدەگوترێ نێژراوە. هۆکاری ناودێرکردنی

شوێنە پیرۆزەکانی زەردەشتی و گۆڕینەوەیان بە ئەسحابەکانی ئیسلام ئەوە بووە، کە بەو شێوەیە تواندراوە، شوێنە پیرۆزەکانی زەردەشتی لە ترسی رووخاندن بپارێزرێت. ئەمەش نەک تەنیا لە وەیسە، بەڵکو بەپێی تێڕوانینی دەوڵەتشاهی زۆربەی شوێنە پیرۆزەکان لە کوردستان کە ناوی ئەسحابەیەکی لێنراوە، دەگرێتەوە و ئەوانە لە بنەڕەتدا شوێنی پیرۆزی زەردەشتی بوون.

٨-شاهنامەی کوردی (هەورامی)، نووسینی ئەڵماسخانی کەنوولەیی و کۆکردنەوەی و دووبارەنووسی محەمەد رەشیدی ئەمینی، چاپ: کوردۆنیا.

ئەمە هەمان دەقە لە شانامەی کوردیی نوسخەی محەمەد رەشید ئەمینی کە لە دەقی فیردەوسی و نوسخەکانی دیکەدا نییە:

سپای بێ سامان ئەورۆ تا ئیوار/ لوان وە جاگەی سەبزە و مێرغوزار
یاوان وەجای خۆش دڵ نشین بی/ یەک قەتعە زەمین توران زەمین بی
یەک دوختەرێ دهقان سالار/ مەنشور بی حوسنش نە روی رۆزگار
زۆراب چوون شنەفت نام ئەو دوختەر/ عاشق بی وەنەش مەرد دلاوەر
دەردەم دەرساعەت مەرد دلاوەر/ کەفت نە کارسازی مەحبوبی دڵبەر
چەن جبهەو خەلعەت مەردان پڕدان/ کیاستش وەلای سالار دهقان
پەسەند کەرد خەڵات دهقان وێنەی شێر/ دەردەم قبوڵ کەرد ئەو مەرد دلێر
وە حوسن و رەزا بە سوڵح و سەلاح/ دوختەر پەی زۆراب کەردشان نیکاح
کەردەن ئارایش مەحبوب دڵبەر/ پۆشان سەرتاپاش بادلەی جە زەڕ
نازدار باوان ئەو شۆخ دڵبەر/ مەدرەوشا وێنەی خورشیدی خاوەر

٩-لە کۆتایی چیرۆکی رۆستەم و زۆرابدا لە دەقی فیردەوسیدا، دوای ئەوە تەهمینە لە مەرگی زۆراب ئاگادار دەبێت، دوای ساڵێک لە غەم و خەفەتی زۆرابدا دەمرێت کە لە دەقی کوردی شانامەدا وا نییە، بەڵکو چیرۆکەکە درێژەی دەبێت. دوای ٤٠ رۆژ ئازیەتباری تەهمینە بە لەشکرێکی گەورەوە دەچێتە شەڕی رۆستەم، دواتر بە نێوبژیوانی زاڵ باوکی رۆستەم ئاخرەکەی تەهمینە ئاشتی لەگەڵ رۆستەم دەکات و ئیتر پێکەوە ژیانێکی نوێ لە زابول دەست پێدەکەن و دوای نۆ مانگ کوڕێکی دیکەیان دەبێت کە ناوی دەنێن "فەرامەرز" و بەو شێوەیە زنجیرەی پاڵەوانانی سام بەردەوام دەبێت.

١٠-وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە چیرۆکی "گول و بولبول"، نووسەری نەناسراو، لە کۆکردنەوەی سیاوەش گۆدەرزی، چاپخانەی نینا لە سوید بکەین.

دەق

| | |
|---|---|
| شیعری کلاسیکی | **لەتیف هەڵمەت** |
| راڤە | **بەرزان هەستیار** |
| هەوڵێک بۆ نووسینەوەی بیۆگرافیایەکی شیعریی... | **ئەدیب نادر** |
| راستییەکانی تۆی ئاوێنە | **سەربەست کەرکوکی** |
| دایکم و دەریا لە یەک دەچن | **خولیا حسێن** |
| لەدەستچوون | **داستان بەرزان** |
| ئەو شوێن پێیانەی لەسەر بەفر ئەچنەوە... | **پشتیوان عەلی** |
| وێنەکانی ئێرە و ئەوێ | **یەسار فایەق** |
| لەناو ناوێکا زیندانم مەکە | **مەجید عەزیز** |
| بەرزاییەکانی پیرەمەگروون | **محەمەد فەریق حەسەن** |
| قوربانیی دەستی زەمەنین... | **غەفور سالّح عەبدوڵلا** |
| دڵێکی وەک هەتاو خڕ | **سەلاح شوان** |
| پووکانەوە | **بەکر دەروێش** |
| رۆژی دادگایی | **کەتان خادیمی** |
| خەون | **عەلی ئەحمەد** |
| دیدار لەگەڵ فەرهاد پیربال | **سازدانی: حەمە مەنتک** |

# شیعری کلاسیکی

**لەتیف هەڵمەت**

پڕاوپڕ بوو لە بزماری دەم ژەهراوی سەرم دوێشەو
لەکێ فێربووی سەرە رم وا بهاوی دولبەرم دوێشەو
وەک پشیلە بۆ بڵمەگۆشت خۆم بۆ لێوت مەڵاس دابوو
بۆچ دڕکەزیت ئاڵاند لە گشت گۆشە و دەوروبەرم دوێشەو
برینداری کردووم بەسەد هەزار نێزە و شمشێر چاوت
ئەو لەشکرەت بەنهێنی بۆچ هێنایە سەرم دوێشەو
خەو لە چاوم زڕابوو... وەک منالێکی بەبێ دایک
نەمدەزانی کە لە ماڵم یا لە دەشت و دەرم دوێشەو
لەسەر دار و دیوار ناوی تۆم دەنووسی و باڵاکەی تۆم
هەڵدەکۆڵی و هەڵدەکراند باڵا سنۆبەرم دوێشەو
چاوەڕێ بووم بە شاباڵی ئاوریشمی مەسیجێکت
وشککەیتەوە خوێنی زام و ئەشکی چاوی تەڕم دوێشەو
نەخێر ئەوە باران نەبوو کە دەباری ئەسری من بوو
جارە جارە لیزمەی دەکرد... جار بەجاریش نەرم دوێشەو
ئاگرت بەردا لە دونیام و خەونەکانت لێزەوت کردم
هەزار سکاڵام نووسی و کەس نەبوو بە دادوەرم دوێشەو

**نە خوا گوێی لەناڵەم گرت و نە شەیتان نامەی تۆی هانی**
**نەمدەزانی پەناو هانا بۆ چی کەسێک بەرم دوێشەو**
**وەها شپرزەو شێت ببووم زەین و هۆشم لەدەست دابوو**
**نەمدەزانی من شاعیرم یاخود نێرەکەرم دوێشەو**
**کچێ خێری پێوە بوو کە نەهاتیە ناو دیدەی خەونم**
**هێدی هێدی دەمکرۆشتی هەروەکو کەلەرم دوێشەو**
**دووریت هێندە سزای دابووم حەزم دەکرد بتگرووم و**
**کەوڵەکەت هەروەکو پاڵتۆیەک بکەمەبەرم دوێشەو**
**نەما لە زەوی و ئاسماندا هەر هەموییم چۆڕبڕکرد... مەی**
**رژایە سەر بەردەنوێژ و سەرشیعر و دەفتەرم دوێشەو**
**وا حەیران و دڵشکست و ماق پەڕیوو پڕداڵغەبووم**
**دەتگوت سۆفییەکی بێ خواو بەبێ پێغەمبەرم دوێشەو**

- ئەم شیعرەم لە فێستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردیدا خوێندەوە کە لە مانگی (٢٠١٢/٥) لە هەولێر سازکرا.



# راقە

بەرزان هەستیار



هەموو تاڵەکانی قژم، یەک لە دوای یەک...
وەک دزی بێ ئەزموون، ...
"دوودڵیی" سەربەرەوخوار هەڵیان ئەبڕێ

***

چاوم لە تانجی خێراتر بە دەشتەکانی وەحشەتا فڕکەی دێ

***

لێوەکانم لە ئۆتۆمبێلێک ئەچن...
لەسەر دووسەد خۆی کێشابێ بە دیوارێکی ئاسندا...
کە لێرە ناتبینم، شتێکت بۆ باس بکەم

***

زمانم لە نووکی پێڵاوەکانم ئەخشێ...
ئەوەندە درۆی سپیم بۆ کردووی!!

***

**زرم؛ دڵم بەربۆوە، ...**
**خوێنێک فیچقەی کرد،**
**وەک غەمگینیی خۆم، رووخۆش**

***

**ئەم دوو دارتێلە خوێڕییەی دەستەکانم،**
**گڵۆپی یەکتر ئەشکێنن...**
**بۆ ئەوەی بە دزیی یەکەوە، شەو بێنە ژێر کراسەکەت**

***

**ئەگەر ئەم قاچانە هی خۆم بوونایە...**
**کوێستانی ئەو دۆزەخەی تۆیان چۆڵ نەئەکرد!!**

تەمووزی ٢٠١٢
ئەڵمانیا-کۆلن

bhastiar@yahoo.de



# هەوڵێک بۆ نووسینەوەی
# بیۆگرافیایەکی شیعریی بۆ پاییزی ١٩٨٠



ئەدیب نادر

**تاکە نەفرەتێک کە بە ئازارترینی**
**هەموو نەفرەتەکانە: نەفرەتی نامۆ**
**بوونە لە خاک..**
**جەبرا ئیبراهیم جەبرا**
**ڕۆمانی((کەشتی))**

**فارگۆنی کات، پایز سەفەری پێدەکات ئێوارەیەکی بەجێماو دەڵێت: لە جێیەکی دیکە بۆ سەقام دەگەڕێت، سییەکانی سبەینێت لە ماڵی یەکەمدا لە گڵکۆی وێڵداش دا لێ کەوتووە، شیعرێکی لۆژیکی خۆیت دەداتێ، شیعرەکە ماسییەکی ئاڵتوونییە سازش لەسەر درەوشانەوەی خۆی ناکات**

هاوکێشەیەک شەقڵ دەگرێت
مناڵدانی سەفەرەکان باردارن بەگەڕانەوە
شاعیر لە سەفەرەکانیدا تەنیایە
بە با دەڵێت سەرنوێشتی شیعر تەنیایی دەینووسێت
گمە گمێک.. قووڵایی دەکات بە قۆزاخە هەڵفڕیووەکانی سەروسەدا
پاییز شتەکان ئاڵوودە دەکات، ئەسپێک دەبینیت
لەگەڵ تارماییدا پێشبڕکێیەتی
لە ڕێگاو بانەکاندا با بەجێ دەمێنێت
لە نێو لقوپۆپی درەختە شپرزەکاندا
جووڵانەوەیەکی پڕ ئەفسوون بەر هەستەکانت دەکەون
دڵۆپەکان سنوور بەجێ دەهێڵن، قولاپەکانی رامان شۆڕدەبنەوە
ئائەو دیمەنە رمۆکە بەچی دەستەبەر دەکەیت، وێدەچێت ئەوە چۆلەکە
بەلەسەکانی یادەوەرییەک بێت، لەبەردەم تەپکەو داوە وەحشەتناکەکانی
بیرچوونەوە، لەبەردەم سیماکانی منداڵیی، لەبەردەم گڕگرتنی
سەوزاییەکانی باخچە، لەبەردەم وەرزێکی زۆر پشوو درێژ
ئێستا هەموو شتێک ئەم دنیایە لە بچووکییەوە وەردەدات روخساری
منداڵیی خۆت لەبیر دەچێت، ئێستا هەموو شتێک تەمەنە دوور لە
هەڵبژاردنەکەت دەدزێت، دەبیتە راوچی ڕێگایەک بەمارەکەی بەهەشت
دەچێت، سەربازێکیت، چاوی ئایندەت یادەوەرییەکان دەیبەستن، رابردوو
جێ پیێ خۆیت پێ هەڵدەگرێت، ئێستاکانەت پڕپڕ دەبێت لە بۆشایی،
بۆشاییەکان، لەسێبەر جیات دەکەنەوە
ئیتر خەونە گەورەکانت لەهەر هەموو شتێک زیاتر دەبنە رووبەر بۆ
گۆڕستان لێوانلێو دەبن لە گرمژنی سەخیی کوژاڵەکانی بیابان.
ئەم جێگایە بۆگەنییەکی دوور لە ژیان بووە بە خوێی، ئەم جێگایە
زوومی بەرجەستەکردنی ئەو شتانەیە کە هیچ نەتویستوون، ئەم جێگایە
رابردوویەکی پیسکەیە لە کلاوڕۆژنەیەکییەوە ئێستات سەرەتاتکێ دەکات
ئێستات سێبەر بە هاتوچۆت نادات
لە شوێنێک دەگەڕێیت سێبەری رۆژهەلاتیی خۆتی تیادا بدۆزییەوە.
لە ئەوکێک دەگەڕێیت سترانەکانت بۆ خودی خۆت بچڕیت
ئیتر...
چاو بۆ روئیایەکی فریادڕەس دەنووقێنی، لەسەر پالێتی رۆحتدا

رەنگە بێکۆتاییەکانی بەندەرێکی دوور لە خەیاڵ جێدەمێنێت، مەودا لاژوەردییەکان بە پاپۆڕ جمەیان دێت و دەپرسیت: ئلخۆ... بەکامیان دەتوانیت ئەفسانەی دوورە هەتەری هەنووکە بدۆزیتەوە؟ بەڵام... کە دووبارە چاوی نووقاو دەکەیتەوە، کات فارگۆنێکی چڵکنە، پاییز سەفەری تیا دەکات، باڵدارەکان، رۆحی بوونەوەرە رووت و رەجاڵەکان دەبەن بۆ دارستانێکی نادیار نادیار، بە شەهوەتی تەماشا پڕ تاسەکانی مانگ بەرپێی موسافیرە دواکەوتووەکان وەک کەنارێکی لە شەپۆل بە جێماو سپی سپی هەڵدەگێڕێ، خۆزگە کۆنەکەی، تریفەیەکی ماندوو دەیوەرێنێتە سەر گوێچکەی زرینگاوە بەتاسەی شوێنەکان
شتە هەڵوەریوەکان بێزارییەکانی رۆحە زیوینەکەی ئەون
دەڵێت: ئەمە وشەکانمە
ئەگەر ئائەم هەسارەیە وەک هێلکەی پیس بوو جێبێڵن، مەدارەکەی خۆم چۆڵ دەکەم،
لەگەڵتان دێم
تا پەنجەرەیەکتان هەبێت
لێرە...

سوزەنەک رەفتارە، لە رۆحەکاندا سەرچاوەی هەڵ دەقووڵێت
دادەچۆڕێت.. تک تک.. تک تک، شتەکان دەبنە قاوغی بۆش، تابڵێی بۆش..
لەگەڵ کاتژمێرە دێرینەکەتدا پاییز ئاودیوی جانتا خۆڵەمێشییەکەت دەکەیت، دوا ئاوێنە سکێچی برینێکت نیشان دەدا، شتێکت لێ دەرفێنێت ئتر روخسارت دەبێتە ئاوێنەی کەسیرەی تاریکییەکان
شوێنێک نییە سێبەری خۆتی لەناودا بدۆزییەوە
سیماکانی منداڵیی خۆت لەبیردەچێت، مۆزەخانەی بێتانوپۆی یادەوەریت ئێستاکە دەوڵەمەندترە،
((ئافرەتێک دەگریەت))
ناونیشانی تابلۆیەکی نوێیە تیایدا
ئێواریێ تاچاو برکات رێگایەکە میوانی ژێر سایەکانی یادەوەری لەناویدا بەرجەستەیە، ئەنگوستە نادیارەکانی کۆلکە زێڕینەن، قووڵاییەک بە گلێنەکانی دەبەخشن، منداڵێک بە هەورەکانی سەر ئەو کەوانەیە دەچێت،

تەماشا دێرینەکانی وەک رەنگە بێ سنوورەکان شاباش دەکات، گەورە بوونی مەوداکان رەتدەکاتەوەو بە وێنەی کوکووختی لاپەڕە ونەکان دەکات بە دارستان، باڵە زیوینەکان پلووکە سیحر دەوەرێننە سەر گوێسەبانە نزمەکان، حەوشەیەک درەوشانەوە دەیکات بە گۆڕەپانی سەمای خۆی، رەنگی زۆر شت لە دەفتەری یاداشتەکانی ئاسۆدا دەبن بە ئەبجەدییەتی باڵدار، سەدای زۆر شت لەودیو گمەگمەکاندا دڵی زەمەنتژی دەکەن لە ورووژانێکی بێگەرد، پاشماوەی لیزگە هەلاتووەکانی خۆرێکی وەنەوز بردوو لە ئەندێشەتدا چرپە چرپن، رادەگەیەنن: ئەو باڵانەی بە چڵەداری ناسکی نێو پەنجە خوداییەکانی مایسترۆیەکی مەعلان دەچن، هاتوون هەتا فێرت بکەن گۆرانی ئەو کیشوەرەی ناو رۆحی خوایە کەتۆ هەر دەبێ پێی بگەیت خەون ئەو دونیایەیە تێیدا نەبێت لێرە جێگات نابێتەوە.

ئێواری ڕێگاو بانێکە بۆ راکردن، ئێواری بە پەنجە هەڵلەرزیوەکان هەڵپەدەکەیت باڵەفرەکان بپارێزیت، لەپەکان دەکەیتە سنووقێک بەڵام پڕ لە گەرم و گوڕی میهر، ئاسەواری رەوە چرنووکێک ئەو گرەوەت لێ دەبەنەوە دلۆپە... بێگەردیی گوێسەبانەکان لاقە دەکات، لە نێو مشتی نوقاوی شەودا دڵت دەبێتە فانۆزێکی هیساوی..

ئێستا پۆلە جەستەیەکی بچکۆلانەی بێ پەڕوباڵ
شینایییەکی قووڵ دەبەخشن بە خەیاڵت
تخووبەکان لە هەناویا بزر دەبن
ئیتر رامانەکانت لە فڕینێکی بێکۆتا دەگەوزێنی
لێرە...

پاییز شانشینێکی کێویلە بنیات دەنێت، گەلا مردووەکان ڕێچکەیەک بۆ بینایی ئاواڵە دەکەنەوە، هەر دەڵێی زەبری فڵچەیەکە لەسەر کەڤاڵێکی شێوێنراو
بایەکی مەست بەرامەی کلایماکسی خۆڵ هەڵدەگرێ
لەزەتی چەمووشی باران سییەکانت دەکاتە سەرزەمینێکی کێویلە
لە ئاوێنە زەبەلاحەکاندا چاو لە گوڵەبەڕۆژە شادەکان دەقرپێنی
تابلۆیەکی پانۆڕامی خۆی لە گالیری ئەندێشەت هەڵدەواسێ
هەروەکو گوڵە ئەستێرەی کامەرانیی شتێکی خۆشنوود دزە دەکات
رۆحت رۆشن رۆشن دەبێت لەسەر درەختی زمانت پیت چرۆ دەکات، وشە شکۆفە دەکات، عەشق و هاکووفەکانی دەبن بە پەیڤەکانی تۆ، ئیتر

لەبەر پەنجەرەی زیووینی خودی خۆتدا تا سەرحەدەکانی جوانیی پۆشتەو
بۆشناخ خۆت دەبینی، قامکی خەونەکانت درێژ دەبنەوە بۆ ناو قژی
چرووپری رەنگەکان
لەبەردەمتدا رێگای سەراب لەبەرەکان رەوینەوە نایان پێچێتەوە
لە دەستە شپرزەکانتا ئاویلکەدان چراکان گەمارۆ نادەن
تاریکییەکانی چواردەورت شەوارە بێزاریان دەکات، ژیانت دەبێتە
کۆلارەیەک دەزووەکەی بە درێژییەکی سەیرەوە شانازی خۆی گرێدەدات
ئیتر...
هەموو رۆژێک وەک باخچەکانی خواوەند خۆشەویستی رەنگەکانی
خۆی دەگۆڕێت، هەموو ساتەوەختێک خۆی دەبەخشێت بەو برووسکە
ئەڵماسییەی ئاسمانێکی تووڕە تووڕە دەیهاوێت و شەو دەکاتە بێشەڵانێک
ترس لەناو لقوپۆپە چڕەکانیا جادوو ئامێزە وەک چرا..
ئیتر لە سندووقی بچکۆلانەی دوێنێ جێگات نابێتەوە، سەختە سیحری
گەردە یاقووتییەکانی نامۆیی نەوەرێنە سەر ترسە رەگاژۆکانی ناودڵت،
سەختە لەمەتەرێزی یادەوەرییەکاندا خۆت رادەستی مانگێک بکەیت
تریفەکانی زیوی نائومێدی بە ئاسۆ بە مەوداکانی ناخت بدەن، با وەک
تنۆکە ئاوونگێ بەدوای رەنگێکی تازەدا عەوداڵی گولیلکە خەمبارەکانی
تر نەبیت، چۆن دەتوانی لە ژێر نسێی دەرەختێکدا چاوەڕوان بیت خۆ
ئێستایش چاوەڕوانیی ژێر سێبەری درەختەکان هەروەک سەروبەندی
ئادەم قەدەغەیە...
مانگ دوریانێکی شینە، بانێژەی نیگاکانە، لەوێوە سەیری تونێلەکانی
کات دەکەیت، زنگۆڵی ئارەقەکان رووتوقووتت دەکەنەوە، پێڵووە
یەکانگیرەکانت دادەخەیت، تەماشای رۆژێک
دەکەیت خەیاڵ دەیکاتە داهۆڵێک، دوودڵیی پۆلە قاژەقاژەیەکی برسییە
دەکەوێتە ناو مێشەنگی هەستەکان، پەڕاکەندەی ترس دەبن، رۆشناییەکی
کز بۆ کیشوەرەکانی سبەینێ دەگەڕێت، یەقینی ئەوە داتدەگرێت کە ئەوە
ئومێدێکی دوورە، گوێت لەهاواری خۆت دەبێت بەو ئومێدە دوورە دەڵێت:
تۆ کە ئێستا لەسەر چڵوپۆپی خوێنەکەم دێیت و دەچیت، چی دەبینی؟
ئەویش بەنووزە پێی دەڵێت: شکستی خۆم..
تا چاو بڕکات دنیا بەشتی سەیر ئاوس دەبێت، تا گوێ بڕکات دەنگە
خەمگین و سەیرەکان بەسەدا مەوداکان دەکوژن، پەیڤە زەعفەرانییەکان

کەمەندکێشت دەکەن، لاپەڕە پەرشوبڵاوەکانی وەرز دەتکەن بەدرەختێکی پەتیی، شێت شێت بەسەر ڕێگایەکی پڕ ژاوە ژاو و نائارامدا رادەکەیت، تێفکرین پەنجەرەیەک دەکاتەوە.. چۆن دەتوانی ببیت بەدرەختێک لە دڕکستانی ئێستادا چەپکێک گوڵ بکەیت بە تاجت؟ ببیت بە مۆنیوومێنتێک بەرامەی یادەوەرییەکانی ئەم شوێنەت لێ هەڵبسێت؟

تەنیاییت وەکو نیگاکان پەرشوبڵاو دەبێتەوە

پەڵە هەوری ئاسمانێکی دووری ناودڵت، لەناو دەسڕی چاوەکانتدا دەخەون ئیتر...

ناتوانی لەناو خۆتدا خولیاکانی گەشتوگەڕان مشتومال کەیت، پەرتگاکانی غەریبی ئاوڕە پەیدەرپەیەکان هەڵدەلووشن

دەبێ سیمای خۆشەویستە مەلوولەکەت لەناو ئاپۆرا دوورەکان دووبارە بدۆزیتەوە

دەرگاکان ئافرەتی دوورن تەمتوومانی دوورکەوتنەوە بە وێنەی کۆڵوانە دەیانپێچێتەوە، روانینەکان مامزی دوودڵن بێشەلانی جادوو لە خشتەیان دەبات، بەڵام هەردەم خەونێک هەیە پەنجەرەیەکی نێونیگا سپی ئاوەڵا دەکاتەوە، دەتەوێ لەو شتانە رابکەیت کەلەناخی خۆیاندا خۆشەویسیان کوشتووە، بەڵام ئەو شتانە چین؟

ئێستایەکی دوور کەدەستت نایگاتێ

رابردوویەکی بەردەوام کە باڵی خەونەکان تیایدا هەڵوەریون

دووبارە ئەو شتانە چین؟

مشتێ گەڵای وردوخاشی ژێر هەنگاوەکانی دوێنێن

مشتێ ئاوی نەزۆکی ئومێدەکانن،

دەتەوێ مەودایەکی پشوودرێژ ببێتە دووریی نێوانتان

هەتا ببیت بە ئاوێکی بە پیت و بڕژێیتە نێو بەستێنەکانی رووبارێک بانێژەی لە دایکبوونێکی ترە

ماسییەکان لێیەوە گوێ لە حیکایەتە تازەکانی تریفە رادەدێرن

تا بڵێیت سەرشارە لەتەنیایی ئەم پاییزە، لە هەموو شوێنەکاندا گەمارۆت دەگرێت، پەنجەرەیەک بەڕووی مگێزەکانی خۆی دەکاتەوە، سەرابێکی بەلەسە درەوشانەوەیەکی کەمخایەن بەحەزەکانت دەبەخشێت، دڵت دەخزێتە ناو دەستت، گوێ بۆ ئایەتێکی سەرومڕ هەڵدەخەیت، پێغەمبەری ئازارەکان دەیخوێنێتەوە، زووخاڵی یادت گەشییەک لەبەر

دەكات، سەردەمانێک بەپرچی تەڕی کازیوەیەکی ئاڵەوە هەڵدەزنایت،
بەدوای سایەیەک راتدەکرد، رۆژێک بوو بە تراویلکەو دڵشکاو ئاوڕت
دایەوە، نەتدەویست: تاریکایی رەنگت بگۆڕیت، تراویلکە وەهمت لەلادا
بەرجەستە کات، سێبەر شەیدای خۆیت بکات،
گۆڕستانێکی ئاوا نابەینی بەمەودا بەربەرین دەکردن
پڕ بەدڵ دەتویست پێی بڵێیت توخوا واز لە درەختەکانمان بهێنە
بەڵام دەڕۆیت، عاشقی عەشقیت هەوڵدەدەیت شێوەکەی بدۆزیتەوە
نامە باستانییەکەی لەکەشکۆڵی پێڵووە مەستەکانی دنیادا بخوێنیتەوە
مەودایەکی بێئامان بگرێتە بەر
لە زەردەپەڕی ئۆلکە دوورەکانی پاش بەندەر، ئاسۆ کاڵ کاڵ دەبێتەوە
نەورەسە مەلوولەکانی ئێوارێ لەناو داڵغە شینەکانا دەنیشنەوە
داستانێکی ئەفسوونئامێز دەستی بە خۆ گێڕانەوە کردووە
گۆرانییەک دەیچڕێت،
زوو زوو دەڵێت:
کردگارا...
ئەمە چ سەربردەیەکە
ئەمە چ سەربردەیەک!
پاش گەشتی شەمەندەفەرێکی پڕ لە خەون
ئێوارێ عەباکەی دا بەسەرتدا
شتەکان لەیادتا نەڕەوێنەوە
پەنجەرەکانی کۆنستانتینۆپۆڵ
لەسەر دیوارەکانی دوێنێ دا
پانۆڕاما بۆ یادەوەری بەجێدێڵن
لە تێرمیناڵێکی چۆڵ و هۆڵدا
دیسان پەی بە وجوود دەبەیت
کە جانتاکەت دەکەیتەوە
پاییز کەنارییەکی تەنیایە
خوێندنەکانی خۆی دەکات بە ئاسمانێک
باڵەکان تیایدا دەکەون، دنیایش
دارستانێکە سێبەر بەسەر چاوەڕوانییەکاندا دەکات
سەعاتە سستەکەیشت وردوخاش بووە

ئیتر دەستنووسە تازەترین لیریکت دەکەیتە قەیاغێکی بچکۆلانە و
پێشکەش بە دانووبی دەکەیت، دیسان تێهەڵدەچیتەوە، دیسان دەڵێیت:
ئەمە چ سەر بردەیەکە ئەی کاردگار؟
ژوانی هەرچییەک دەکەیت، زایەڵە لە گێڕانەوەکەی خۆتەوە هەڵدەستێنی،
لەوێ چارۆکەکەی دایکت پڕ پڕ دەبێت لە مرواریەکانی هەنۆ، نزا
هەڵوەریووە پێشوەختەکانی لەسەر بەرماڵی بەر پەنجەرەی چەردەیەک
نوێژی دواکەوتوو دەنێرێتە بەردەرگایەکی لاژوەردی، پاش مردنیش هەر
نازانێت چۆڵ و هۆڵە، هەر پەی نابات کەسێک نییە گوێ لە چیرۆکەکان
بگرێت،
نازانیت...
گەڵاکانی ئێرە کەی رەنگی گۆرانییەکانی درەختێک دەگرنە بارتەقای
خۆیان،
لە ژێر گەواڵە بێ سۆزەکانی ئەیلوولدا
گەردەلوولێک نیگاکان ئابڵوقە دەدات
گۆرانییەکەت سوێی گەرووت بەجێ دەهێڵێ و
رێی کاکێشانە دوورەکان نزیک نزیک دەکاتەوەو
بێدەنگییەکان سەرسامیی بۆ خۆیان دەکەن بە قۆزاخە
گۆرانییەکەت
کەشتییەکە
وەکو سیندیبادێک دەتبات
دڵت لەنگەرێکە
لەسەر زنارەکانی دوورگە خەونێکدا دەگیرسێتەوە
خەونەکە ئاڵترە لە سێوە فریودەرەکەی باخچەی خواوەند
حوزنی گەردوون هەناسە راکردووەکانت لە خۆیەوە دەگەوزێنێت
لەناو قژی ژاکاوی زیندەخەونێکدا سەرت چەشنی گوێزە بەهادارەکانی
سمۆرەیەکی پەشۆکاو حەشار دەدەیت،
رابردووت دەکەوێتە دەرەوەی بێ ئارامیی، هەنووکەت لێوڕێژە لە
دڕدۆنگیی و گەڕانە پەژموردەکانیشت دەرۆزەی وەنەوزێک دەکەن
چەڕە دووکەڵی کڕووزەکانی ناوەوە
لە تووناوتوونی سەرزەمینە نامۆکاندا
سواری ئەسپی دەیجوورئاسایان کردوویت،

ڕووەو کریستاڵەکانی مانا
نادیارییەکان بانگت دەکەن
لە ئاوێنەیەک دەگەڕێیت تیایدا دنیا ونبووەکەت بدۆزیتەوە
لە ئاوابوونێک دەگەڕێیت تاشەبەردی بێشوومای حەسرەتە
سیزیفییەکانتی تێبگریت.
میوانی بەر پەنجەرە تۆزاوییەکەت
ئەو کوانووەت پێ جێدێڵێت کە لە ئامێزی کپیدا ژیلەمۆ پەپکەی خواردووە
خۆت بە بەرامەی سیحر ئامێزی خاک و خۆڵێکی پەژمووردە دەورە
دەدەیت
ئاڵوودەیی واتلێدەکات مەحاڵە لەودیو پاییزدا سەقام بگریت..
ئێرە..
چەند فرسەخێک لە کەناری زەردی دانووبەوە دوورە، شینایییەکەی
نەوڕەس ئاسا نیگاکان دەقۆزێتەوە
لە بۆ لڤارە.. پڕ پاساری و شەقاوەکان،
پەیکەرێکی((ڕۆدان)) ڕۆحی تێدەگەڕێ و
نیگا پەرتەوازەکانت دەڕفێنێ
پیتە ڕۆشنەکانی ناوی
لەسەر لەپت هەڵدەڕێژێ و ناگەهانە وەکو پاییز یەخەت دەگرێت
وەکو ئەوەی درەختێک بیت، ڕادەست دەبیت..
لە باڕێکی چەپەک و خشپیلانەدا
پێکێک مارتینی بۆ دەکڕیت
لاژیوەردییەکی کاڵە
وەکو چاوی مراوییەکانی گوێی دانووب
بە تاسەیەکی کێویلەیش
سیگارێکی باریکەلانەی کێنتی بۆ دادەگیرسێنی
چەند ئەڵقە دووکەڵێکی ناوازە باژێلە دەکات
لەولای ڕەفەی شووشە ویسکییەکانەوە
تێبینی ئینجانەیەکی بەتاڵ دەکەیت
درک دەکات تۆ چڵوپۆپی وەختێکی سەخت دەڕنییت و
پێت دەڵێت: ئەو شتەی کەبۆی دەگەڕێیت لە کوێ هەیە؟
وەکو بایەک هەناسە تووڕەکانت بە کووچەو کۆڵانە چۆڵەکاندا دەجەڕێنی،

دەڵێیت لەناو ئاجڕو باجڕێکی جەنجاڵ بە ئاگا هاتوویت، لەناو
گۆرانییەکی دێرزەمانەدا ونبوویتە، بەڕەوتێکی سەر شێت دەچیت
کە نایەوێت لە کەوێرێکی زۆر دوور بگیرسێتەوە، ئامانج
ئەڵتەرنەتیڤێکە تۆ شکی نابەیت چونکە ئالێرەدا نییە...
لە گەرووتدا
تۆوی گۆرانییەکی تر
قەلەڕەشی یەئس دەیخوات
تەماشایەکی ناو لەپی خۆت دەکەیت و پیتەکانی ناوی وەک
شیردەبزرکێت.
دەمیشت دەبێتە مەنجەڵ
لینینیا بێگەردە وەکو ماست، سفت و درەوشاوەیە وەک نەیزەکی ئاسمانی
وجوود.. لینینیا. ئەی لینینیا بێکۆتاییە خەمەکان وەک ئەو جادەو بانانەی
کەدرەختەکانی((بوکاریست)) زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەسەر شۆستەکانیدا
دەگریەن،
پشتی بێ ئۆقرەی شەقامەکانی تاریکیی
زینی منن، ماندوو بوون
چیدی ترپە چەمووشەکانم ناسمێت
دۆزینەوەی شێوەی عەشقێکی کەونارا داینەمۆی بێپایانی گەڕانە
بێلێبڕەکانی ئێستامە، لەناواخنمدا قارچکی بێزوو کردنەکانی ئەو
شێوەیە هەڵدەتۆقێت بەقامکە ناوازەکانی بەدرەقەی دووکەڵ دەدات
و بە چرپەیەکی پاییزانە پێتدەڵێت: دەبا هەرچی هەنگاوەکانە بیدەمە
گەشتەکانت..
ئەی لینینیا.. سەرنوێشتت هێشتا نەبۆتە تاڤگەیەک پرچی شۆڕی
بەسەرشانی رۆژگارە ئەبەنۆسییەکانما شانە بکات، هێشتا تۆوی
گۆرانییەکی تر لە گەرووم ناوەشێنێ، هێشتا نابێتە ژووانێک تا من لەپەناو
پاسارەخاڵییەکاندا چاوەڕوانیم بەتڵەکانی شەو گرێ نەداو ئەستێرەیش لە
تابلۆ بێسنوورەکانی ئاوانەبێت..
ئەی لینینیا.. لە ئێستگەکانی چاوەڕوانیدا دەبم بە حیکایەتێکی بێکۆتایی،
شەونخوونیی ساتەکان شۆڕم دەکەنەوە لە ناو هەڵدێرێکی نادیار،
روخساری دەرەوەی پاییز دەبێتە ماسکی گەشتەکانم، قیسارەی زەردیی
بەردەوامە دژی تەنیاییە خامۆشەکان مارشی بێبەزەیی خۆت دەژەنێت،

بەقەدەر شۆڕبوونەوەی دانووب بە تیشکە درێژەکانی سەرت سەراسیمەم،
ئەم وەرزە لەسەر لێوەکانی مندا پریاسکەیەکی عەجایەب هەڵدەڕێژێت،
وەک سەمەندەر گڕی هەناسەکانم دەکەیت بە ماڵ، پڕاوپڕ دەبیت لە
پەپوولە زەعفەرانییەکانی راموسان، منیش: هەڵکڕووزانی باڵە دوورەکان
دزە دەکەنە هەناسە قورسەکانم، وەکو توورەیی دەریاکان کەفاوی
زیوینی راموسان بە تاوێرە سەر شێتەکانی حەزەوە دەنووسێنی، تیشکی
ئەرخەوانیی ئاسۆی نەختێک بەر لە ئێوارە لێوەکان دەستەمۆ دەکات، ئەم
وەرزە بەترووکەیەکی ناکاو رەنگمان زەرد زەرد هەڵدەگێڕێ، ئەم سەدا
سەرچاوە نادیارە بە ترووکەیەکی ناکاو مەرکانەی بوونمان پڕ دەکات لە
سووتانە پڕ
ڕەنگەکانی بێدەنگیی، سەرزەنیشتیی بەرۆکی خۆم دەکرێتەوە، بۆچی
هەتا ئەو چرکەساتە نەمزانی ئەو شێوەیەی ئارمانی گەڕانەکانمە لە
تووناوتوونەکانی ناوەوەمدا مەڵاسە تا بە پێخواسی قەت نەچم بۆ کەنارێک
دەنکە هەنارەکانی عیشق لە لمەکانیا یەک بەیەک بدۆزمەوە
ئێستا ئیتر خۆم دەبینم
کەخۆم بینی
ئەو بە چرپەیەکی نادیار دەرکەوتەوە
گەر دەمزانی
چرکەساتێک گۆرانییە بەردەوامەکەم رادەگرت و
تکام دەکرد بچیتەوە بۆ ناو دانووب
لەوێ
لە ئاوێنە شکان بەیاد سپاردووەکانی ناوەوەمدا
نەورەسەکانی ئەم گەشتە لە فڕین ناکەون
شەپۆلە خرۆشاوەکان کەفچەڕین دەکەن بە گژ دەستپێکی خاک
لەوێ
کراسە ئاودامانەکەت هەڵواسراوە
بە گۆرانییە سەرومڕەکەم
دوگمە بێشومارەکانم کردۆتەوە
جووتێ هەرمێ و
گڕکانێکی پڕ هەیەجان لەبەر چاومە
دنیا پڕدەکەن لە پەپوولەی رووناکیی

شادییەکی کەمخایەن دەکەوێتە باوەشی خەزان
ئەو مرواریانە دەبینم
کە لێم دەڕژێنە ناوکەفی پاش وڕێنەکانی دانووب و بزر دەبن
کە خۆت بینی،
وتت ئەی لینینیای ناو بۆتەی وەرزەجوانەکان
تۆ ئەو روخسارە خەمبارە
لە ئاوێنەی گەڕانە نادیارەکانم ناسڕێتەوە،
شتەکانی دوێنێم هەروەکو خۆیانن، پەرش و بڵاونەبوونەتەوە
مانگی ئۆکتۆبەر لەسەر رۆخی ئاوەکەدا هەرچی زیوی گیانی هەیە
وەراندوێتی، بێ هەدادان چاوەڕوانە، بڕۆ.. زیوە سەراسیمەکان
بخەرەدانووبەوە با دووبارە نارسیس خەندەی بزری ئێوارەکانی
بدۆزێتەوە.. دیسان یادی، ئێوارەکانی لەدرەوشانەوە وەربدەن..
من دەبێ لە گیرفانە برینداەرکانما بەدوای ئەستێرەیەکی مەلوول دا
بگەڕێم، بیدۆزمەوە بەر لەوەی بکشێ و ببێتە وێنەیەکی سەرگەردان
لە لیریکێکی سۆز هەڵچوو،..
ئیتر..
دەنگی گۆرانییەکی بێئومێد لە مەودایەکی قووڵەوە بە ترپەکانت دەگات و
پێتدەڵێت: تازە ئاوڕەکەت منداڵدانە، تازە ئاوڕەکەت بە گەڕانەوە دووگیانە
کە دەڕۆیتەوە، ئەگەر عەشق ئالەوێدا بێ حزوور بێت، ئیدی عاشقی چی
دەبیت؟ بەچی دەمی داپچڕاوی ئەو بۆشاییانە دەئاخنیت کە بەزاری کرێتی
پەرتگاو خەرەندی بێئامان دەچن؟ کە دەڕۆیتەوە...
تۆیش کە ترپەکانت هۆگری باڵندەیەکی کێویلەن، بە سۆزێکەوە پێی
دەڵێیت:
ئەو شوێنە.. ئەو شوێنە
من کاتێ کە دەڕۆمەوە
دەبێ بزانم چی تەماهی لەگەڵ هەناسەمدا دەکات
کە دەڕۆمەوە
لەپەنجەرەی ماڵە بێ چراکانەوە
باران خۆی دادەگیرسێنێ
روخسارێکی ئەفسووناوی دەخاتە دنیاکەمەوە
ئەو میوانەی دەستم هەرگیز پێیان ناگات، هەتا بڵێی قورس دەبن لەپەکانم

پڕ پڕ دەبن لە مەمکی تورتی دارەکان، لە ژێر باراندا دەبمە دارستانێکی
لقوپۆپ پڕ جوولاّنەوە، رەنگە ئەوە جوولاّنەوەی چۆلەکە
هاروهاجەکانی ناو ئەندێشە بێت، دەمەوێ بیگرم،
سەرم ئێستا ئەستێرەیەکە تۆپۆگرافیایەکی تری تیا بەرجەستە دەبێت
ئێستا ئیتر روخساری منداڵییەکەی خۆمم بیردێتەوە
ئێستا ئیتر لەسەر جەستەی رووتی دنیا سێبەری خۆم بەجێ دێڵم
بەلاّم باران چیدی نایەتەوە بیری کە من رۆژێک گەڕامەوە
هەتاوەکو بە پاییز بڵێم
من وەرزێکی ترم لەگەڵ خۆم هێناوە



# راستییەکانی تۆی ئاوێنە

سەربەست کەرکوکی



تۆ خۆرم نیت،
لە چواردەورما... راوەستاوی
تۆ بزۆز و بزێوش نیت،
مات و چەقیو، هەڵواسراوی
تۆ نازانی...
ئێستا چۆنم، سەرفرازم، یا ملکەچم
کەی دێمە لات، کەی لادەچم،
کوانێ لە کوێم؛ لە خەوێدام،
یا لە دەرگای ماڵ دەردەچم؟

هەموو رۆژێ هەمان روخسار،
هەموو سوبحێ هەمان دیدار.
هەموو رۆژێ، دێمە بەردەم،
چەشنی هاورێ، وەکو هاودەم.



تۆ خۆرم نیت،
بەڵام دەزانی هەر دوو تای،
بارگەی خەم و دڵشابوونم
دەسپێرمە هەناوی تۆی بێ دەروونم.
هەموو سوبحێ، کاتێ کاروانی ساکانم،
بەرێ دەخەم، بەرەو قوڵی یادەکانم،
بە رووکەشی، تۆ چاو دەبڕییە چاوەکانم.

ئاسانرەوی، سانایی روخسارت دەوێ،
منیش هەڵوەدای کاکڵەم،
پرسی رەگی ژانم دەوێ.
تۆ هۆگری هێڵێ دیاری،
منیش تەهی پشتی پەردەو... هێڵم دەوێ
تۆ هەر روخسارم دەبینی...،
من خوناوگەی ئەسری چاوان!
تۆ بەبێ دەنگ، خەندە و گریەم وێنادەکەی،
منیش کوانووی ئەندێشەکان!
تۆ هەر منی جامی دیمەن، پیشان دەدەی،
منیش تەم و... وەشێرانی، تاڵگەی ژیان!
تۆ شڵێوی و نەحەپەسان،
منیش سەدان داشکان و یەک هەڵکشان.
هەموو رۆژێ، من لە تۆدا، ساغ و سەلیم، هەڵواسراوم...
نە تەپوتۆزی نشێو و نە هیلاکی سەر شاخەکان.

من ئەوەتام... بەرەو رووی تۆم
نە هاتووم، چیم لە چاوە، بمدەیتەوە
نە هاتووم پەنجەرەکانی فرمێسکم بسڕیتەوە.
بەرەو رووی تۆم...، بۆیە درۆم ناوێ لە تۆ،
تۆ زەمەن نیت،
تا بتوانی شارراوەکانی دەروونم، بدەنگێنی.
تۆ کەڤاڵ نیت،

**تا سیایی شۆڕەییەکانی دۆڕانم، بڕەنگێنی.**
**تۆ نە وەرزی زستانیت و نە پاییزیت،**
**تا بە زریان، بە باران و گەڵاڕێزان،**
**تاوێرەکانی کاروانم رابماڵی،**
**تۆ رەووکە هەتوانیش نیت،**
**تاکو زامە هەنجنەکانم داماڵی.**
**تۆ هەر ئەوەی، روونم دەکەی، ئەگەر هاتوو تیشکم پێ بێ،**
**پێدەکەنی، گەر بە روومەت، خەندەم پێ بێ،**
**تۆ ئەوەی گەر، بە تاریکی بیمە ژوانت،**
**من تارماییم؛ تارماییەک تیشکی پێ بێ.**

**تۆ خۆرم نیت،**
**لە چوار دەورما، راوەستاوی**
**تۆ لە شوێنی خۆتدا چەقیو، هەڵواسراوی**
**هەموو رۆژێ... هەموو سوبحێ...**
**ئەی ئاوێنەی سەر دیواری**
**تۆ هیچ نەبی،**
**نمای مرۆڤی دوێنێکە و**
**ئێستای منی پڕ گوفتاری.**

لەندەن
٢٠١٢/٧/٣

# دڵێک تەقی... خەونێک رما



ئیدریس عەلی

**پێی بڵێن**
**تا سەد دەژمێرم و**
**بگاتە لام**
**پێی بڵێن**
**ناگەمە حەفتا و دەمرم**
**پێی بڵێن**
**هێواش ئەم دڵرەقییە بئاژوێ**
**من لە شەقامی شیعرەوە**
**دەپەڕمەوە**
**لە باخی مۆسیقادا**



ئاوی بێدەنگی ئەدەم
تا کۆترەکان بێنەوە و
بە برینەکانی سەر دڵیانا
بزانم
کێیان ئاشقترین و
بە شپرزەییانا
ببینم
کامیان تەنیاتر و
بە گمەی نوساویانا
تێبگەم
چەندیان شاعیرترن...
پێی بڵێن دڵم نایەت بێ ئەو بمرم
بێ ئەو نادەم
لە شەقامی شیعر و
ناچمە باخی مۆسیقا،
پێی بڵێن
ئەگەر نەیەت
خوا بمکوژێ
خوا رێحانەم لێبەسەنێ
خوا بارانم بگرێتەوە
ئەژنۆی شیعرم بشکێت
لاشەی خەیاڵم دارزێت
ئەگەر چاوەڕێی کۆترەکان بکەم
بەبێ ئەو.
پێی بڵێن
تا هەزار دەنووسم و لێرەبێت
نەگەمە سێسەد و
لە دواوە چاوم بگرێ
نەگەمە چوارسەد و
لەبەردەمما قیت بێتەوە
نەگەمە پێنجسەد و بڵێ ئەمەتام

نەگەمە شەشسەد و
داکاتە بەفر...
پێی بڵێن
ئەو لێرە نەبوو
کە ئێوارەیەکیان
لە ناکاو
کوژایەوە چاوی ئەم خۆرە
بەربوویەوە دڵی ئەم کۆترە
شکا ئینجانەی ئەم چاوەڕوانییە
هاڕەی کرد شکۆی ئەم ئومێدە
درزی برد بلوری ئەم تەنیاییە
ڕژا شەربەتی ئەم شیعرە...
پێی بڵێن دنیا گوێی لێبوو
چۆن تەقی ئەم دڵە
عالەم بینی
چۆن ڕما ئەم خەونە.



# دایکم و دەریا لە یەک دەچن

خولیا حسێن- کەنەدا



دەریا و دایکم لە یەک دەچن،
کە غەریبیی دایکم دەکەم
دەچمە کەنارێکی دەریا
نیگاکانم نووقمی قووڵاییەکەی دەکەم.

لە جوانی و
لە فراوانی و
لە هێمنی دەریادا
جوانی و
هێمنی و
دڵگەورەیی دایکم دەبینم.

بیرکردنەوە لە نهێنییەکانی دەریا
بیرکردنەوەیە لە نهێنیی
عەشقە ئەبەدییەکەی دایکم

دەریا و دایکم
وەکو یەکن
هەردووکیان
گوێ لە گمەی کوکوختی گلەییەکانم دەگرن
کۆشیان بۆ فرمێسکەکانم دەکەنەوە
خەمەکانم لە دڵی خۆیاندا هەڵدەگرن و
گرێی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنەوە

**کە گوێ لە دەریا رادەگرم**
**وادەزانم گوێم لە هۆ دای* خۆم گرتووە**

**لە گەڵ بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا**
**قاقای پێکەنینە خۆشەکان،**
**لایلایە بەسۆزەکان،**
**نەغمەی مەقامە حەزینەکان،**
**سۆزی سەردوولکە دڵسووتێنەرەکانی دایکمم بیردێتەوە.**



**دەریا وەکو دایکمە**
**نە پیس دەبێت نە پیر دەبێت**
**هەر بەجوانی تا ئەبەد**
**دەمێنێتەوە**

**دایکم و دەریا**
**هەردووکیان بینای چاو و**
**هەناسەی سییەکانمن**
**عەرشی دڵیان داگیرکردووم**
**بە ئارامی لەسەر فەرشی رۆحم نوستوون**

**هۆ دایە گیان**
**لە دووری تۆ**
**لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتمانە دڵتەڕە**
**رۆژەکانم بەسەر دەبەم**
**ئەم وڵاتە هیچ شتێکی لە نیشتمانەکەی خۆمان ناچێ**
**دەریا نەبێ، وەک ئەشقی تۆ و وەک جوانی تۆ قەت نامرێ!**

**که تیشکی خۆر ئاوێزانی دەریا دەبێ**
**ئەوە تیشکی خەندەکانی دایکمە**
**لەنێو رۆحی ئەو و**
**لەنێو چاوەکانی مندا**
**دەشنێتەوە**
**لەو ساتەدا**
**دڵم هێشووی خەندە دەگرێ**
**رۆحم قاقا پێدەکەنێ**
**چاوەکانم هەرچی تیشکی دەریا هەیە دەیانمژێ**

**که لە شینی روخسارە روونەکەی دەریا قووڵ دەبمەوە**
**هێندە دڵخۆش و هێندە ئارام و**
**منداڵ دەبمەوە**
**وادەزانم لەژێر ئاسمانی چارۆکە شینە**
**ئەفسووناوییەکەی دایکم**
**خۆم شاردۆتەوە**
**نە عەشق دەمسووتێنێ**
**نە خۆشەویستی ئازارم دەدا**
**نە خەم زەفەرم پێ دەبا**
**نە شەکەتی پێم دەزانێ**
**نە تەمەن لەگەڵ خۆی دەمبا**
**نە دۆڕان تێکم دەشکێنێ**
**نە غوربەتیش دەمگرێنێ**

ئۆگەست/ ٢٠١٢

# لەدەستچوون

داستان بەرزان

کەسانێک ماون بیانناسم
کەسانێک هەن هەرگیز نامەوێت بیانناسم
کۆڵانگەلێک ماون پیاسەیان پێدا بکەم
کۆڵانگەلێک ماون هەرگیز پیاسەیان پێدا ناکەم

جیهانگەلێک شتی تێدایە
نایان بینم
جیهان ساتی زۆری تێدایە بەریان ناکەوم



من بێدەست و پێترین بوونەوەرم
من مرۆڤم.

شارانێک هەن دڵیان شکاندووم
شارانێک هەن پێراناگەن دڵم بشکێنن
شارەکان لە بەرد دەچن
شارەکان لە زۆر شت دەچن
دڵم نەبێت.

زۆر ئیش هەیە نەمکردوون
زۆر ئیش هەیە هەرگیز نایانکەم
زۆر گۆرانی هەیە نەمبیستوون
رەنگە بیستنیان کارەساتێکم بەسەر بێنێت.
چەند رۆژێکە بیرۆکەیەکی خراپ لولی کردووم
خەریکە دەمگەڕێنێتەوە ناو خەڵکی
هەر بە گەڕانەوەشم
شتێکی گەورەم لە دەست دەچێت
(خۆم)

زۆر باخچە هەیە نەچوومەتە پیاسەیان
دەشزانم لە یەکەمین پیاسەی هەر باخچەیەکدا
یەکێک هەیە پێم بزانێت
چەندە بیرم رۆیشتووە و
چەندە لێرەوە دوورم.

شوێنێک هەیە بیرم تێدا نەکردۆتەوە
زۆرجاریش شوێنێک نییە بیری تێدابکەمەوە
کە شوێنی بیرکردنەوەت نەما
بزانە ژیانت کێشەی گەورەی تێدایە.

بەیانییەک ماوە خەبەرم بێتەوە
ژیان تۆزێک باش بووبێت
هەر نەبێت هی ئەوە بێت بەرگەی بگریت.

باوەڕم وایە دەبوو زووتر لەسەر ژیان بهاتمایەتە قسە
تازە ژیان کەڵکی ئەوەی نەماوە قسەی لەسەر بکرێت
هێڵنجم بەم باسە دێت
هانا بۆ نزیکترین تەنەکە خۆڵ دەبەم
تا بتوانم دەرشێمەوە.



ئەم ژوورەم پەنجەرەی نییە
لە کونی کلیلی دەرگاکەوە دەرەوە دەنۆڕم
خۆشتر نییە لەم دیو دەرگاکە
مانەوە لە ژوورەوە و
نووسینی ئەم تێکستە باشترە.

کەس لە مردن نەگەڕاوەتەوە
تا بزانم ژیان یان مردن؟
ئەوەندە هەیە هەرچۆن بێت
لەم ژیانە ناقۆڵایەم خراپتر نییە.

مرۆڤێک ماوە بیناسم
سەرلەبەری ژیانم بگۆڕێت

دەبێت بگەڕێم بۆ جوانیی
لە فەرامۆشترین جێگە.
دەبێت بگەڕێم بۆ شتێک
با لە هیچ شوێنێکیش نەبێت.

مرۆڤانێک هەن زۆرجار شت دەدۆزنەوە
من هەمیشە شت بزر دەکەم
شتم لە دەست دەچێت.
لە هەکوێ بم سەقاڵی ئەرشیفکردنی لە دەستچووەکانم

دایکم
نەنکم
باپیرم
دڵدارەکانم
ئەمانە بەشێکن لەوانەی لە دەستمچوون

ئەوە لێرەدا بیرم کەوتنەوە.

گوێ لە گۆرانییەک دەگرم
پیاوێک بە دونیایەک برینەوە دەیچڕێت
رابردووم بیردەخاتەوە و
بەسەردا بەرمدەداتەوە بۆ ناو دۆزەخی بیرەوەریی.

پێمخۆش نییە ئەوەندە باسی رابردوو بکەم
مرۆڤی بێ ڕابردوو شادومانە
ئەوە من ناگرێتەوە.

کەمێک ئارامی خراپ نییە
مسقاڵێک بێدەنگی
نیگەرانییەکی تەنک بۆ نووسینی شیعر بشێت
خەونێک لەسەر لە ئاینده
ئەمانە بنبڕبوون
سەر بە هەر کوێدا دەکەیت
بێدادییە
بێزارییە.

وەک زۆرینەی جار
لە کۆتایی ئەم تێکستەشدا
بۆنی خۆم جێدەهێڵم
بە بۆنی برینێکی کۆنەساڵدا بمناسنەوە.

# وێنەکانی ئێرە و ئەوێ

پەسار فایەق

(وێنەی یەکەم)

له وێنەیەکدا
گەڕانەوە بۆ رابردوو
سبەی، من و تۆ و شوێنێک
له وێنەیەکدا دیدارمان دەبێت
کامێرامانێک، وێنەمان دەگرێتەوە
رابردووێکی دیکە دروست دەبێت



(وێنەی دووەم)

گەڕانەوە لە کۆتایی
مانەوە لەوێ
بێ ئاگابوون لە ژیان
دوو عاشقی شەکەت
ژیان لە وێنەیەکدا
تۆمار دەکەن

(وێنەی سێیەم)

هەمیشە بەسەر زەویدا دەڕژێن
هاوار بۆ گەورەیی دەبەن
لەوێ بمێننەوە
توانای چوونتان نییە
دەبێت بڕۆم
ئێوەش چاوەڕوان بن
وێنە رۆح ناخولقێنێت

(وێنەی چوارەم)
**ئەمڕۆ دووبارەی دوێنێیە**
**سبەش ئەمڕۆیە**
**دووبارەبوونەوە**
**شەرمەزاری رابردووە**
**رابردوو، سڵاو لە وێنەیەک دەکات**



(وێنەی پێنجەم)
**ئێستا لێرەم**
**سبەی لە دەریایەک**
**یان لە دۆزەخێکی دیکەدا**
**گرنگ دووبارەبوونەوەیە**
**هەنگاونانە بۆ ژیان**
**ئەمڕۆ تۆمارکرام**
**تۆمارکردنی هەتا هەتایی بەڕێوەیە**

(وێنەی شەشەم)
**ژیان بەردەوامە**
**لای من وەستاوە**
**وێنەیەک دەبێتە ژیان**
**مێژووی تۆمارکردووە**
**کەسێک لە وێنەدا**
**من دەنووسێتەوە**

Pasar_pna@yahoo.com

# لەناو ناوێکا زیندانم مەکە...

مەجید عەزیز



**لەناو ناوێکا زیندانم مەکە**
**دوایی بەبێ دەنگی بەتەنیا ئەمهێڵێتەوە،**
**لەناو جەستەیەکدا زیندانم مەکە**
**دوای رۆحم وەکو باڵندەیەک لەسەر لقی هیچ دارێک نانیشێتەوە**

**دڵم لەناو مستی پڵنگێکدا نووستوە،**
**هێواشیم لەناو رانی ئەسپێکدا ئەژی**
**بێدەنگیم لەمێژەوە لەناو زریانێکدا پەناهەندەیەکی گەنجە،**
**تەمەنم لەناو کۆڵانی خەیاڵی منالێکدا ئەگەڕێ،**
**لەناو حوزنی قەرەباڵغی هەژاریدا زەمەنی خۆی دووبارە ئەکاتەوە**

**پشتم لە بەیانیانا لەناو بیابانی ئیرادەیدا، خەون بە بڕبڕاگەیەکی تازەوە ئەبینێ**
**بەبێ ئەوەی باوەڕم بەزیندووبوونەوە هەبێت**
**هێزێک رامدەکێشێتە بەردەم ماڵی خوایەکی پڕڕەنگ**
**تاوەکو لەناو قەوسوقەزەحی بەهاری یەکێکدا وندەبم**

ئەم ناوە ناتوانێ وەکو دڵی خۆی یاری بکات
هەوڵ ئەیەم لەبەر خاتری ناسینەوەیەکی شانۆیی دڵی خۆم لەدەست نەیەم،
ئەم هەموو تاریکییەی ناوناخم، چرای ناوێک رووناکی ناکاتەوە،

لەناو تابووتی ناوێکا مەمنوێنە،
میتافیزیکی جەستەم لەسەرو زانستی ناومەوە دەنێژرێ،
هیچم ناوێ بێجگە لەگەڕانی ناو "دارستانێکی نەزانراو"،

لە بەرزاییەکانەوە تەماشای هێلانە هەندەسییەکانی باڵندە زیرەکەکان
ئەکەم،
ماڵی هەنگە دڵسۆزەکانی ناو سروشت ئەبینم،
دەستی خوا وەکو سروشتە
لە تەماشای کراوەیی گەردوونا، ئەمەوێ وەکو سادەیی بمرم و
هیچ غەمێک بۆ بەری خۆی نەمدووری،
پرسەشم ناوێ ئەگەر زۆری تێبچێ،

ئەگەر بتوانی، لەناو چاوترووکانەکانا بمدزە بەبێ ئەوەی ناوم بهێنی،
ئەگەر بتوانی، لەناو هەناسە گەرمەکانتەوە بمشاریتەوە بەبێ شوێن،
ئەگەر بتوانی، برینپێچم بکەی بە مۆسیقایەک لە لەفافی شەو

بەناوێکەوە مەمناسە، لە کۆتایی رستەیەکدا بەجێم دەهێڵێ
لەناو فۆرمێکدا مەمساکێنە، دەمخاتە ناو تاریکی ئەدرەسێکەوە،
لەناو کاتەلۆگی کردارەکانا مەمکەرە وێنەیەک،
لەناو قاوشی هەستەکانا وەکو نەخۆشێ، مەمکەرە دەعبای ژێر بلاجیکتۆری
عەقڵی مووختەبەرەکان،
لەنێوان تەلبەندی سیاسەتی تەماشاکانتا مەمکەرە زیندانییەک،

ئەمەوێ دووربرۆم، لەناو سادەیی دارستانێکی نەزانراوا ببمە هاوڕێی
ئاژەڵەکان،

لە ئازادی ئێوارەیەکی سەرگەردانا لەوپەڕی دونیاوە بمرم
بێ ئاگایی لەدونیا بکەمە ئاگایی و بەردەوامیم بکەمە نووستن،
بتوانم هەمووشتێکیش بکەم لە دانیشتنە سووکەکانما

زەوی وەکو کتێبی یادەوەرییەکانە
گۆڕستان وەکو ئەلبوومێکی گەورەیە لە کێلەنوستووەکان،
عەشق بێناوە، کبریتە و قاوغی جەستەش لەبیر دەکات،

گەر توانیت وەکو هەستێکی مێژوویی رووخسام بناسە،
وەکو یادەوەرییەک هەڵمبگرەوە،
کتێبی دەموچاوی کوردیم بەئاسانی ناخوێنرێتەوە،
رووخسارم شوێنی مێژوومە و ئێشەکانی سەرپێستم ناسنامەمن،
هیچ رێگایەکی ترم لەبەردەم نییە، هەوڵ ئەیەم بژیم بەبێ ئەوەی بمەوێ
بژیم،

لە منالیمەوە پیربووم،
لەپیریدا منالتر ئەبمەوە، ئێستا پەپوولەکانی زریانی دڵم ئازادم ئەکەن،
یەکێک هەمیشە لەناو گۆڕی زیندوویێتیما رامئەکێشی،
ئەمرم، بەبێ ئەوەی خۆزگەی ژیانێکی تر بخوازم
ئەمرم، بەبێ ئەوەی ژیان بوەستێ،

لەناو گوڵی کاتدا بۆنی بەردەوامی ئەکەم
خوایەکی بەسەبر لەناخما شەرمنانە خۆی لە هەموو کتێبە پیرۆزەکان
ئەشارێتەوە
شەیتانێکی ترسناک و زیرەک لەناو مێشکمدا هەراسان بووە
ئاژەڵێکی بەسەبر و بێ زمان لەناو جەستەمدا نووستوە
جەستەم ئاینێکی هەیە بەبێ ناو،
خوایەکی هەیە لەناو قوودرەتی دوو دەستەگەورەدایە بۆ شێلانی ئێشەکانی
جەستە،

ماڵی ناوێک شوێنی کەسایەتییە جیاوازییەکانمی تیا نابێتەوە،

من دوانم، نازانم کەی خۆم ئەناسم؟
لەناو ئاوێنەی شوێنەوە پرچی کاتم هەموو جیهان سپی ئەکات
لەناو ئەفسانەی ئیگۆدا، بەختەوەرم لە بەتاڵکردنەوەی خۆم،

ئەمەوێ ببمە بێناوترین بوونەوەر
ئەمەوێ لەدەرەوەی زمانەوە بژیم،
ئەمەوێ وەکو ئاژەڵێ لەسەروو ماناکانی عەقڵەوە رابکەم،
وەکو منالێ، وەکو تووتکێ، وەکو بۆقێکی ئێسکسووک یاری بکەم

لەناو ژووری ناوێکدا خەوم لێ ناکەوێ،
لەناو کراسی ناوێکا دەئاوسێم
لەناو دەسکێشی ناوێکا وەکو هەردوودەسم هاتوومەتە دەرەوە
لەناو کڵاوی ناوێکا وەکو قژم گەشتۆمەتە دامەنی هەورەکان
لەناو رووخساری ناوێکا ناتوانم پێبکەنم
کە هاژەی هەستەکان ناخی دەربڕینەکانم ئەلەرزێنن
زمان نووستوە و دڵم وەکو سەرگەردانترین راستی ئەمداتە دەست لافاوی ژیان،

١٠/١٠/١١



چیرۆک

# بەرزاییەکانی پیرەمەگروون

**محەمەد فەریق حەسەن**

ماوەتەوە سەر جەستەیەکی نەمەیوی خۆ نەگرتووی ئەوتۆ، هیچ کارێکی بە تەواوی پێ ئەنجام نادرێت مامم. وەختایێ دەنوێت چاوی نیوە نووقاوە، کاتێک هەناسە دەدات نیوە خنکاوە، دەمێک قسان دەکات، وشەکان لەسەر لێوی دەلەرزن. کاتێکیش دەیەوێ هەڵبسێتەوە و پاڵ بداتەوە، دەبێ پشتیی بدەنەپاڵ، پرچە سپییەکەیشی، کلافەیەک بژ، کلافەیەک ئالۆسکاو، کلافەیەکیش بەهەنیەیەوە قرساوە. گیانکەنشتیش دنیای سەیر و کوتوپڕی خۆی هەیە. بەدەستی لەرزیوی مەیلەو زەرد و چرچ هەڵگەڕاوی بەشێنە دەماری تێکپەڕیوەوە، پەنچکە مقەبایەکی لاکێشەیی لە ژێر گۆشەیەکدا دەرهێنا و بەدەستی لەرزیوەوە بۆی درێژکردم، وتی:

ئەمە دوا وێنەی کوڕە تاقانەکەمە، بە کامێرای خۆم، لەسەر لوتکەیەکی پیرەمەگروون گرتوومە. مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ کوڕە تاقانەکەم چەند متووی وێنەی خۆی بوو، پڕبە سیانزە ئەلبووم وێنەی لەپاش جێماوە کوڕەکەم. بڕوانە چۆن، ئاسمانی بە هەوروهەڵا، کەشێکی تووڕەی بە زەمینەی وێنەکە بەخشیوە، کەچی کەمالی کوڕیشم چەند شاد و ئاسوودە دیارە. ئەو هەمیشە مەیلی لێبوو لەوێ، لەو بەرزاییانە دەربکەوێ، بخوات، بڕوانێ و بنوێ، راو بکات. ئاخ، ئەوە وێنەی چەند هەناسەیەک پێش مەرگێتی، بەڵام چۆن مەرگێک و بە دەستی کێیش؟ گوێت لێمە کاردۆ؟

((بەڵێ مامە گوێم لێتە)).

کاتیک وێنەکەم لێ وەرگرت، رەنگی بەلای زەردا گۆڕابوو مامم.

((ئەگەر سەغلەتی با بتبەم بۆلای دوکتۆر)).

((نا نا. کەمێک ماندووم، ئەوەیش دەردە پیرییە!))

هەڵسا، کۆکی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، گۆشەکانی پشتی خۆی جووڵاند، پشتوێنی رۆبە نیللییەکەی برێک شل کرد، دانیشتەوە و قومێک ئاوی لە پەرداخەکەی پێشی خواردەوە. وتی:

((کەمال رانکوچۆغەی شینکی و پشتوێنی جەلسەی تەخت شیریی گوڵ سووری لەسەر بەستبوو، تفەنگێکی راویی بەدەستەوە، قنج و قۆز و زاربەخەندە بۆ چاوی کامێرای دەڕوانی)).

سەردانی ئەمڕۆی منیش بێ لێ گێڕانەوە بوو. من بەو نیازە نەچووبووم، نهێنییەکی پێ بدرکێنم، یان گوێم لە نهێنییەک ببێت. من لەو رووەوە چووبوومە سەردانی، کە مامی گەورەمە. ساڵانێکیشە پێم لێ نەبڕیوە. بەتایبەتی لەو کاتەوە، کە تەنیا ماوەتەوە. نووری بەگی مامم کوڕێکی تاقانەی هەبوو، ئەویش بەو مەرەیە چوو، کە خۆی ئەمڕۆ بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە. سەربوردەی ئەو کوڕەی، کە دەبێتە ئامۆزای هەقی خۆم، منیش وەک تەواوی خزمان یەکەم جارە بەم جۆرە گوێم لێ دەبێ. جیاوازیی ئەم گێڕانەوەیە و ئەوەی کاتی خۆی عەرد و ئاسمانیان نێوانە. مامم مەبەستی بوو، بەسەرهاتەکە چۆن روویداوە، وەک خۆی، بەزمانی خۆی و لەلای کەسێکی نزیکی خۆی بیگێڕێتەوە. تا ئەمڕۆ، کەسێک لەسەر مەرگی کەمال گومانێکی نەبووە، تاکو هەڵبداتێ، خاوەن هەقێکیش، کە بۆی هەبێت لە پرسێکی وەهادا هەڵبداتێ هەردەبێ مامم خۆی و برازاکانی بن، بە خۆیشمەوە. گڵ مەیلبڕە. ئێمەیش مەیلی کەمالمان نابوو. مامم، ئامۆژنیشم کە هەتا پێرارەکەیش لە ژیاندابوو، بە جۆرێکی دیکە مەرگی کەمالیان گێڕاوەتەوە. ئەم گێڕانەوەیەی ئەمڕۆی مامم، لە ددانپێدانانی مرۆڤی عیسایی دەچێت. ئەوەندە هەیە، ددانپێدانانی ئەوان لەپێش پیاوێکی ئاینیدا بەڕێوەدەچێ. لەسەر داوای خۆی خدرم بۆ بانگکرد، کە ئەو لەو دەمەدا، لە بەخچەکەدا خەریکی خزمەتی گوڵەکان بوو.

(خدر خوڵکی میوان راگرتنم نییە، دەزانی چی دەڵێم. چاییمان بۆ دەمکە و بچۆرەوە بەلای کاری خۆتەوە!) مامم ئاوای بە خدر وت.

هیچ جارێک بەو رادەیەی ئەمڕۆ، زەردهەڵگەڕاو و هەناسە توند نەمدیوە. جار جار نەرمەکۆکە بەربینی دەگرت. بەوەدا، کە بە چاوی نمناک و دڵی پڕەوە رووداوەکەی دەیگێڕایەوە، بڕوام وایە ئەم گێڕانەوەیەیان، بەسەرهاتی راستینەی کەمالی تاقانە بێت، نەک ئەوەی، کە نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر، خۆی و ئامۆژنم بەنێو خەڵکدا بڵاویانکردەوە. مامم پەنجەکانی دەلەرزین و تەزبیحەکەی بە

دەستییەوە دەشەکایەوە، داردەستە ئەوروپاییەکەی لەپاڵییەوە دەبریسکایەوە. بە تویی رۆبە شینەوە ناوبەناو قومێ ئاو فریای دەکەوت، لەگێڕانەوە بەردەوام بێ.

خدر سەرو پیاڵە چای بۆ تێکردین و رۆی بەلای کاری خۆیەوە. مامم لەودیو هاوێنەی ئەستووری چاویلەکەکەیەوە چاوی تێبڕیبووم. ئەم دۆخەی مامم تێیکەوتووە وەک ئەوە وایە، پێکراوێک بە زامی سەختەوە، یان نەخۆشێک بە دەردی کارییەوە دەناڵێنێ، وەلێ رۆح لە جێیەکی سەختە و بە ئاسانی دەرناچێ، گوێ هەڵدەخات، چاو بە مۆلەق چاوەڕێ دەبێ، هەتا نزیکترین کەسی دەگات، دوای ئەوەی نهێنییەکەی بۆ درکان ئەوجا گیانی دەردەچێ. دوا جار هەر ئەو کەسە نزیکەیشی چاوەکانی بۆ دادەخات.

لەو هەناسانەدا، ئەوەندە بە وردی گوێم بۆ گێڕانەوەکەی راگرتبوو، دوو ئەوەندەیش لەبیری تەدارەکی لە خزم و خوێش گێڕانەوە، ئاو گەرمکردن، کفن و بەخاک سپاردندا و بووم. رەنگ و بۆی مەرگیش ئەو دەوروناوەی بە چڕی تەنیبوو. مەرگ لەتەک بۆساردێکدا، وەک ئاوی بن کا بە خشکەیی، بێ دەنگ و رەنگ و لێ گێڕانەوە، دەگاتە جێ و دەتەنێتەوە، مەردەمەیلی دەوروبەر سست و کەمدوو دەکات، چاوەڕوانی چڕدەبێتەوە. کەسێ لە حزووری نادیاری مەرگدا دەستی ناچێتە کار، ئیشتیهای خواردنیان کەمدەبێتەوە. لەمماڵەدا، کە دەڵێی ئاشی ئاوکەوتووە، هەر من و مامم و خدری خزمەتگار نین، مەرگیش لێرە ئامادەیە و ئەو چوارەممانە. مەرگ پەلەی نییە و چاوەڕوانە. مامم دەستی بەقسان کردەوە.

جاران، هەرکە دەگەیشتمە پاینی ئەم دێیەی خۆم، خەڵکەکەی بە رووی خۆشەوە بە پیرمەوە دەهاتن؛ بەڵام لەوەتی کەمال پێگەیشتبوو، سڵاوم لێ دەکردن، جووتیار بە سەری لووت وەڵامیان دەدامەوە. کەمالیش پێی خۆش بوو هەر رۆژە دەستێک جلک بپۆشێ. دەبوو پێڵاوەکانی هەمیشە ببریقێنەوە. گرانترین بۆنی لەخۆی دەدا. پر بە کەنتۆرێک قاتی نوێی هەبوو، کە ئێستاش هەر بە قەدکراوی لەجێی خۆیانن. من ئێستا کارە خراپەکانی کەمالت بۆ ناگێڕمەوە، کە بەو دەردەی برد. من دوا ساتەکانی ژیانیت بۆ دەگێڕمەوە.

ئەو دەمەو ئێوارەیە، نێوانی من و هەڵدێری چیاکە چەند هەنگاوێ بوو. کامێرایەک لە ملما، بە وریاییەوە سەردەکەوتم. لای راستم خز و لووس و هەزاربەهەزار بوو. لەپڕ پێم لە خڕکە بەردێک هەڵنووتا، وەختابوو رەتببەم و بکەوم. رەنگە هەزاران ساڵ بێ ئەو خڕکە بەردە لەو جێیە چەقیبێ و نەجووڵابێ، بەڵام لەو هەناسەیەدا بە زەبری لووتی کالەکانم لە جێی خۆی هەڵکەندرا. چەند تلێکی دا. لەپڕ بەردی تاین شێوەی سەر و رووخساری کەمالی بەخۆوە

گرت. لە دەوەن و لە بەردە لەچیا چەقیوەکان، هیچکامیان پێشیان پێ نەگرت، تل دەبووەوە. هەر هام بەلای ئەو بەردەوە، چۆن بەدەوری دەوەن و بنچک و زنارەیلدا پێچی دەکردەوە و خلۆردەبووەوە. لەو دەمەدا کەمالیش، بە لەقەلەق، تاپڕێک بە شانەوە لەدوامەوە سەردەکەوت، ئەو هەر لە منداڵییەوە شاخەوان بوو. لە ئارەزووی بە درەخت هەڵزناندا لە سمۆرە دەچوو. ئارەزوویشی لێبوو شەو لەکێوان بمێنێتەوە. کەمال بەختیاری لەوەدا دەبینی بە شەوی تاریک بە قەدپاڵێکەوە ئاگرێکی کردبێتەوە، بەدەوریدا بێت و بچێت و نێچیر ببرژێنێ.

وەستام تا ئەو پێم بگاتەوە، من کامێراکەم ئامادەکرد. ئەو دەستی بەقژ و یەخەی کراس و بەرۆکیدا هێنا. برێک پشتوێنەکەی توندکردەوە، لەسەر گابەردیک رووەوە خۆرئاوا و قنج وەستا، تاپرەکە بە دەستییەوە. وێنەکەیش ئەوەتا لەسەر مێزەکە.

بەردەکە تلبووەوە کەوتە نشێوی و هەڵدێرێک. بەوەی باش بوو بناری چیا چۆڵ بوو، بەڵام ئەو خڕکە بەردەی، کە رەنگە هەر کێشی دوو کیلۆ بووبێت، هەرچی دەنگ بێ لێوەی نەدەهات. بەو خێراییە، بەر بەردی دیکە دەکەوت و هەڵدەبەزییەوە. دیسان سەرەولێژ دەبووەوە و بەر قەدی داربەرووییەک دەکەوت، دەگەڕایەوە، دیسان سەرەوخوار دەبووەوە و گوڕی دەبەستەوە. بە بان بنچکدا هەڵدەبەزییەوە، بەنێو چڕە دەوەندا رەتدەبوو، قەت بڵێی تەقەیەک، رەقەیەک، خشەیەکی لێوە نەدەهات. تا گیرسایەوە و جووڵەی لێ بڕا.

بەم دواییە، وەختایێ پێکەوە، لە شارەوە دەهاتین و دەگەیشتینە بەر ماڵەکانی گوند، سەگی خوێڕی و پشیلەی لاتی بێ خوێن دەهاتنە ڕێمان و چاویان تێدەبڕین. رەنگیشە بە ئەنقەست خۆیان پیشاندابین. بزنی گەڕ دەهاتنە ڕێمان، کە باڕەیان پێ نەمابوو. وەک ئێمە لە کاکێشانەوە بۆ سەر عەرد داباریبین، زەق زەق لێمان رادەمان. سەرەمر و کەڵەبابی جقە درێژ، هەرچی گارکە و قرتە و قوولە هەیە دۆڕاندبوویان، دەهاتنە سەر ڕێمان. جۆگەلەی چڵکاو بە پێش ماڵاندا رەتدەبوو. بۆنرێخ و تەرس بەرەو رووومان دەبـووەوە. کابان و پیری لە ماڵدا جێماو وەختایێ ئێمەیان دەبینی، لە درزی چەپەر و سەر تیغەی حەسارەوە سەریان دەکێشا و خۆیان بە ماڵدا دەکردەوە. وەک پێشتر تەگبیرمان کردبێت، لەگەڵ گەیشتنی ئێمەدا، واشە و کۆلارەیش بەپۆل بە ئاسمانی گوندەکە وەردەبوون و دەسووڕانەوە و چاویان دەبڕییە جووجەڵە و کۆتر و پەلەوەرە ماڵییەکان.

لەپڕ مامم بێدەنگ ما. من لە ئەو، ئەویش لە من رادەما. کەسیشمان هیچمان نەدەوت، بەڵام ئەو پێویستی بەوەبوو من گوێی لێبگرم. تاکو ئەو بارە قورسەی

ساڵانێکە بەکوڵی خۆیدا داوە و لەسەر دڵیدا بووە بە گرێ و شار بەشار و دێ بەدێ دەیگێڕێت، ئێستا لێی ئازاد بێت و بەو بارە قورسەوە سەرنەنێتەوە. ئەو بەچاوە کزە سووتەمەرۆکانی داوای گوێگرتنی لێ دەکردم.

خدر پەیدابوو، پیاڵەکانی لابرد و سەرو چای نوێی لە پێشمان دانا... مامم فرمێسک زابـووە چاوانی؛ بە خاولییە شینەکەی تەنیشتی دەیسڕی. لێوی دەلەرزی، دیار بوو، ئەو هێشتا زۆری بۆ وتن پێمابوو. بەدەم شێواندنی چاوە دەستی بەقسان کردەوە:

نەدەبوو دایکی کەمال بەم نیازەی من بزانێ. من بەبێ ئیزن و ڕەزامەندیی ئەو، لەمێژبوو بڕیاری کاربڕ و یەکلایەنەم دابوو. ڕاپەڕاندنی کارێکی وەها، هێندە گیرینگ و قورسە، نەدەکرا تەنانەت پرس بە نزیکترین کەس خۆیشم بکەم. لە دەرفەتێک دەگەڕام، تاکو ئەم کارە سەختە ڕاپەڕێنم و ببڕێتەوە، بەڵام دەرفەتی لەبارم بۆ هەڵنەدەکەوت. کاری وەها سەخت کات و شوێنی گونجاوی دەویست. دەبوو دوور لە چاوی خزم و خەڵک ڕایپەڕێنم. دەبوو تەنانەت دایکی کەمالیش لێی بێئاگابێ. ڕاستت دەوێ من بەو کارەم، بەڕادەی یەکەم، بەرگریم لە دایکی کەمال کردووە. ئەو ژنە بەڕێزەی من، بە هۆی ئەم کوڕەیەوە هیچ ڕێزێکی لەکن دەوروبـەری خۆی نەمابوو. کەمال متوموورووەکانی دایکی بە چەرچییەک تاڵانفرۆش کردبوو، بێئەوەی پێوستیی بەپارە بووبێت. کەچی هێشتا دڵیشی پێی دەسووتا. من لە دەرفەتێک دەگەڕام بڕیارەکەم جێبەجێ بکەم، کە هەتا بڵێی بڕیارێکی قورس و سامناکە و چارەنووسی کەمال و من و دایکی کەمالیشی پێوە بەند بوو.

ئەو ڕۆژە خدرم لەگەڵ دایکی کەماڵدا بۆ شار ناردبوو. خۆم و کەمال، وردە وردە بەم چیا ڕکەدا سەردەکەوتین. کەمال پشووی توندەبوو. گووپە گۆشتنەکانی سوور هەڵدەگەڕابوون. دڵۆپی ئارەقە بە گەردنیدا دەخزان. جاروبار قومێکی لە زەمزەمییە ئاوەکەی دەداو سەری دەنایەوە. من نائارام، ناوبەناو ئاوڕمدەدایەوە. بڕێک جیادەبوومەوە، لە هەڵدێر هەزار بە هەزارەکانەوە بۆ بناری چیاکەم دەڕوانی. خۆیشم نازانم چ ناوێکی لێ بنێم. ئەمە چ بەخت و نێوچاوانێکە من هەمە؟ من ناڵێم وەک منداڵی هەندێک دراوسێ بلیمەت بوایە، بەڵام بە ئاواتەوە بووم کەمالیش مرۆڤێکی ئاسایی بوایە.

هەردوو لامان بەرودوا بە کەناری هەڵدێرەکەدا ڕێمان دەکرد. لەودەمەدا ڕاوچییەکی نەناس بە چەپکێک کەوی کـوژراوەوە، سڵاوی کرد و بەلاماندا داگەڕا... (ئاخ بۆ تاژییەکی خۆشبەز.) کەمال لە دواوە ئاوای وت. من لامکردەوە

و ئەویش لەسەری رۆی، (سوورە کەروێشکێک بوو، ئالێرەوە فرتەی کرد...) من بێدەنگیم هەڵبژارد و لەسەری وەستام تا پێمگەیشتەوە. من لای بەرزاییم کرت، ئەویش بە رووکاری هەڵدێردا دەهات.

گەیشتمە دارمازوویەکی زەلام. پشتم بە قەدە ئەستوورەکەیەوە دا. چاوم گێڕا خوار و ژوور. لە من و کەمال بترازێ چۆلەکە بکوژ بەچیاوە دیارنەبوو. لەو دەمەدا، کە کەمال گەیشتە ئاستم. تا هێزم تێدابوو لەقەیەکم گەیاندە سەردڵی.. بێ ئەوەی ئەو فریابکەوێ هیچ بڵێ. تفەنگەنگەکەی لەدەست پەڕی و پاشەوپاش رووەو هەڵدێرەکە رۆیی. کەمال لەوەدابوو بەلقی دەوەنێک خۆی بگرێتەوە، زار و چاوەکانیشی تا ئەوپەڕی کرابوونەوە. بەنیاز بوو شتێک بڵێ. وەلێ هیچی نەیوت، یان هیچی بۆ نەوترا. وەک بە چاوی کەوێکی کوژراوە بۆ راوچی بڕوانێ، سەرنجی دەدام. گەیشتمە سەری، پاڵێکی قایمم بەشانییەوە نا. بەپشتا کەوت و خزا، ئەمجا کەوتە سەرلا، دەستی بۆ بنچک و دڕک و پووش دەبرد بەڵکو گلیبدەنەوە. وەلێ فریای نەدەکەوتن. بەردێک بەدەستمەوە هات، دوو کیلۆ دەبوو بە هەردو دەست تێمگرت و بەر گازەرای پشتی کەوت، هیچ هاواری لێ هەڵنەسا. لەسەریەک تلی دەدا و چنگی لەبەردو خاک و خاشاک گیردەکرد. دوای دە پانزە مەترێک داخزان هێزی لێبرا و گولۆلە بوو، بەسەردا، ئەوجا لەسەرلا، دیسان بەسەردا، کاتێک گەیشتە بناری چیا، وەک پشیلەیەکی کوژراو لێمەوە دیاربوو. وێنەی خڕکەبەردەکەی تاوێ پێشتر، کەمالیش دەنگی لێوە نەدەهات کاتێک تلێدەخوارد. ئەوەی هاواری لێ هەڵسا خۆم بووم، یەک بەخۆم بانگم هەڵدا، (خەڵکینە فریامان کەون کەمال هەڵدێرا!) بە چەپۆک بەربوومە سەرو وتەڵاکی خۆم... وەلێ ئەو دەمە لەو ئاقارەدا، لەخۆم بترازێت کەسێک بەچیاوە نەبوو، تا بەهانامەوە بێت. ئێستایش خۆت لێکیبدەرەوە، باوکێک کوڕەکەی خۆی بەو مەرەیە بردبێت دەبێ حاڵی چۆن بووبێت؟

(حاڵم بەحاڵی نەبێت!) لەناخەوە ئاوام وت، بەڵام چەندم کۆشا ئەم سێ وشەیەم بۆ ناهاتە سەر زار. من تاسابووم. بووبووم بە بەردەکە و دەنگم لیوە نەهات بووبووم بەکەمال و هاوارم لێ هەڵنەسا و قسەم بۆ نەهات. ئەویش رووی تنۆکە ئارەقەی دەردابوو، رەنگی زیاتر زەرد و هەناسەی سوار. سەرنجی دەدام و چاوەڕوان بوو شتێک بڵێم، هەر شتێک بێت. ئەو لێوی دەلەرزی کاتێ دەستی بە قسان کردەوە، وتی:

((نازانم تۆ پێت زانیبوو یان نا؟))

((بەچی بزانم؟))منی حەپەساو لەپڕ زمانم بەربوو، لە مەبەستی نەگەیشتم،

بۆیە بەپرسیار وەڵامم دایەوە. مام لەسەری رۆی و پرسی:

((مەبەستم ئەوەیە، تۆ دەتزانی کە کەمال کوڕی من نەبوو؟))

((ناوەڵا مامە، ئەدی گوایە کوڕی کێ بوو؟))

((ئەو نە لەمن بوو نە لەبەهێی ئامۆژنت!)) دوای کەمێک بێدەنگی لەسەری رۆی:

((من دەمرم و وەجاخم کوێرە!))

((ئەی کەواتە کەمال کوڕێ کێ بوو؟))

(دایکەکەی دوای ئەوەی لە خەستەخانەی منداڵبوونی شار بووبووی، هەر لەوێ جێی هێشتبوو، کەسیش نەیزانیبوو دایکەکەی بۆ کوێ چووە و تەنانەت نەیانزانیبوو ناوی راسیتنەیشی چی بووە. ئێمە هەڵمانگرتەوەو ناومان نا کەمال!))

ئەم هەواڵە نوێیە، کە هی بیرەوەریی من نییە و چاوەڕوانیشم نەدەکرد، پتر تاسامندمی. ئەو دەیویست بەم زانیارییە نوێیەی برێک لە ترسناکیی تاوانەکەی کەم بکاتەوە. سەرم داخست و بیرم لە پڕکێشی و چاوقایمی و گیانی تاوانی مامم دەکردەوە. چلۆن دەستی چووە خوێنی هەرزەکارێک.

((ئەدی ئامۆژن چلۆن بەپیر ئەم کارەساتەوە چوو؟))

زۆر پرسیاری ترم لەلا دروست بوو، بەنیازبووم بەشێنەیی بەرەوڕووی بکەمەوە... لە چاوەڕوانی وەڵامدا قەدەرێک بێدەنگ مام. پرسیارەکەم دووبارە کردەوە، وەلێ وەڵام نەبوو. مامم لەسەر قەنەفەکە پاڵیدابووەوە، چاوی لێ نەدەترووکاندم. رووخساریشی وەک پەنجەرەی بەرباران تەڕی تنۆکە ئارەق بوو. هەڵسام پەرداخێک ئاوم بۆ هێنا... کاتێک ویستم بیکەم بەدەمییەوە، دیتم جووڵەی لێ براوە. هەر لەسەر ئەو دەقەی خۆی چاوەکانیم داخست. وێنەکەی کەمال هێشتا لەسەر مێزەکە بوو، ئەمجارەیان وەختایێ دەستمدایە، مابووەوە سەر کارتێکی سپیی رووت، رەنگەکانی بەتەواوی چووبوونەوە.

کۆبنهاگن

٢٠١٠/٤/٢٣

# قوربانیی دەستی زەمەنین...

بەشێک لە ڕۆمانی (شەهدە).

**غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**

**(ئێمە قوربانیی دەستی زەمەنین، دەشزانین ئێمە بەبێ ئەو هێندە قورس دەبین، کە نەتوانین تەحەمولی خۆمان بکەین، ئیدی لەگەڵ یەکدیدا چۆن دەبین!)**

**"ئونسی ئەلحاج"**

ئێستا بیرم دەکەوێتەوە کە خەجە کۆپییەکی نووسراوی دەقاودەقی (ئیما بۆڤاری) فلۆبێر بوو، هەرچەنێ (شارل)ی مێردی ئیما لەگەڵ بەکردا تەنها جیاوازی ئەوەبوو، ئەم پزیشکێکی گشتی بوو، بەکریش جامبازێکی گشتی بوو، وەکو یەک کەمنموود و بێ شەخسییەت و خاوەن دوو ژنی جوان بوون، دایکیشم خۆی لە ژیانی ئەو هەڵنەدەقورتاند و خواخوای بوو لە شەڕ و تڕی ئەو خێزانە، بەپیاو و ژن و کچییەوە دوور بین، چونکە بەدبەختی خۆی و من و نەنکمی بەس بوو. گەرچی هۆیەکی سەرەکی ڕۆیشتنی باوکم و بەجێهێشتنمان ئەو بوو. خەجە لایەکی ڕۆژ بەماڵ نەدەکەوت، دەیانوت دۆستی پیاوی زۆر بوو، دەچوو بۆ لایان و بە هەندێکیشیان پارەی بەکری مێردی پێدەدان. زۆر لە ژنان بۆ ئەوە دەچوون کە ئەم هەڵسوکەوتەی خەجە تۆڵەسەندنەوەبێت لە مێرد و چارەنووس و جوانییەکەی خۆی لەلایەک، لەلایەکی دیکەیش ترسی برا و مێردی نەبوو، بەکر خواخوای بوو پێوەی دانشێ و ئاگای لە تاقە کچە چاو لەدەرەکەی بێت، شەهدە تازە بالق ببوو، وەکو خۆی جارێکیان زۆر بە ڕووقاییمیەوە وتی (عادەبووم)، بلە

فوگری برای خەجەیشی بەرەڵلا و هەمیشە سەرخۆش و شەقاوە و خوێڕی بوو، ئامانجی خواردنەوە بوو لە ژیاندا. دایكیشم هەرگیز بڕوای بەو واتە واتەی ژنانی كۆڵان نەدەكرد و پێی وابوو بەخیلیی بردنە بە جوانییەكەی، منیش پێموابوو، چونكە هەستم دەكرد هەندێ كوڕوكاڵی كۆڵان شەڕیان پێدەفرۆشت، بەڵام ئەو بێزی نەدەهات سەیریشیان بكات. مێردەكەی شەوانە زۆریش دواكەوتایە، لە هۆی دواكەوتنەكەی نەدەپێچییەوە، ئەم هەڵسوكەوتەی وایكردبوو گومانی زۆر لەسەر بێت. شەوێك درا لە دەرگا، لەبەر ئەوەی ژوورەكەمان نزیكی دەرگای حەوشەكە بوو، منیش بە لێدانی دەرگا بە ئاگاهاتمەوە، نزیك سەعات نۆ و نیوی شەوی مانگێكی زستان بوو، وەلێ لە جێگەكەم نەهاتمە دەرەوە، ژوورەكەمان، چونكە ئاگری تێدا كوژابووەوە بۆیە سەرما بوو، نەنكیشم (خەنان)، لە پایینی ژوورەكــەوە لەلای دۆڵابە شڕێكەوە لەسەر دۆشەكێك راكشابوو، نەرمە كۆكەیەكی بۆ كرد، وەك بڵێی ئاگادارمان دەكاتەوە كە بەئاگایە! دایكم یەكسەر هەڵسا و بە ورتەیەكەوە وتی ((دەبێت كێ بێت، خۆ وابزانمماڵی بەكر هەموویان لە ژوورەوەن!)، وەلێ ئاگای لەوە نەبوو كە خەجەیە و لە دەرگا دەدا و ئەویش كە زانی دایكمە بە چپەوە گوێم لێ بوو وتی (دادە ئایشە بیكەرەوە منم، خەجەم)، ئیدی دەنگی سوولگیە ژەنگاوی كە هات كە دایكم دیاربوو بە ترس و دڵەڕاوكێیەوە رایكێشاو، سووكە جیڕەیەك لە دەرگاكەوە هات و دایكم تۆزێك دەنگی هەڵبڕی و وتی: (باوان شێواو لەكوێ بووی؟). وەكو بڵێی خەجە دەستی خستە سەر دەمی دایكم، بۆیە لەپڕ دەنگی دایكم كپ بوو. منیش خۆم تێك نەدا و خۆم كردە خەو، گوێم لێ بوو دایكم بە چپەوە دەیوت: خەجە بۆ وا خەڵتانی خوێنی، كێ وای لێت كرد؟ ئەویش زۆر بە رەهایی وتی: (غەیر مێردە بێقیمەتەكەی تۆ!). من لەژێر جێگەوە خەریك بوو بچم بەعەرزا، دایكمم نەدەبینی، بەڵام دیاربوو حەپەسابوو رەنگی پێ نەما بوو، دوای ماوەیەك وتی:

- بۆ؟

ئەویش بە هەناسەیەكی ساردەوە وتی:

- چووزانم!

خەجە ئەمەی بەدەم هەنیسكەوە وت، داوای لە دایكم كرد جلێكی بۆ بێنێ ئەو جلوبەرگە خوێناوییەی بگۆڕێت. دایكیشم كراسێكی لە دۆڵابە شڕەكەی لای نەنكمەوە دەرهێنا و ئەویش ئەو جلە خوێناوییەكەی داكەند لەبەر كزە رووناكی لالاكە، گەرچی هەندێ لە لێفە شڕەكەم تۆزێك لەسەر چاوی راستم لادابوو، چەند تامەزرۆ بووم، ئەوە هەلێك بوو بۆ ئەوەی هەندێ لەشی بە رووتی ببینم،

چونکە بە خەیاڵ دەمزانی چ لەشێکی سفت و سپی وەکو پەنیری کوردی لەژێر ئەو جلوبەرگانەدا دەنووزێتەوە!، یان زۆرجار لەبەر بۆری ئاوەکە لە حەوشە ماکسییە تەسکەکەی بەرزدەکردەوە و پوزە سفتەکانی دەتوت شەبووتێکی سپی رووباری دیجلەن، ((ئاە)) بەڵام تەنها تارمایەکی لەش و لاریم بینی کە زوو کراسەکەی لەبەرکردبوو، بەچپەوە وتی:

– خۆت دەزانی هەموو جارێک دەچم بۆ ماڵی گویلەدەران، من چووزانم کە ماوەیەکە بە دزییەوە چاودێرییم دەکات، هەرئەوەندەم زانی بە هێواشی لە دەرگا درا و تەنها من و گویلەدەرانیش لە ماڵەوە بووین. هەرکە ئەو دەرگاکەی کردەوە، یەکێک خۆی کرد بە ژوورا و بە تورکمانی بە گویلەی وت (ئەو قەحپەیە کوانێ)، گویلەیش بە تورکمانی وەڵامیدایەوە و وتی (محەمەد مەبەستت کێیە؟)، تا ئەو کاتە نەمدەزانی کە گویلە مێردەکەت دەناسێت، بۆیە تێگەیشتم ئەو مێردەی تۆ دەستی لەگەڵدا تێکەڵ کردبوو، دیاربوو ترسا، یان خۆی لێ گێل کرد، وتی: (گویلە دیم هاتە ئێرەوە ماوەیەکە چاودێری دەکەم، کە دێتە ماڵەکەی تۆ)، ئەویش دنیایەک سوێندی خوارد کە من لەوێ نیم، بەڵام بڕوای پێ نەکرد، چونکە حەمە دەیزانی (گویلە) ترساوە و نکووڵی دەکات... ئەوە بوو گەڕا و وەک بڵێی بۆنی منی کردووە خۆی کرد بە موبەقەکەدا و منی بینی و هات بۆم وتی:

– ئەمە ئەو رۆژەیە کە بۆی دەگەڕام ئێستا لێرە سوارت دەبم... گویلەیش بە پارە هەموو شتێک دەکات.

کە وای وت ئەژنۆم شکا، چونکە پێم ناخۆش نەبوو ئەگەر پیاوی دنیا بەزۆر بێنە لام، بەڵام ئەو مێردە بێقیمەتەی تۆ نەبێت، ئەوەندە رقم لێیەتی... ئیتر هاتە وێزەم و منیش خۆم رابسکان و تا توانیم تفێکی باشم لێکرد. بێ ئەوەی تفەکە بسڕێتەوە، لە ناقڕەی گرتم و بگرە کوێت دەیەشێ، سەروچاومی ئاوها لێکرد وەکو دەبینی و کراسی لەبەرم دڕی... باش بوو گویلە فریا کەوت وتی:

– محەمەد ئەگەر واز نەهێنی و نەچیتە دەرەوە ئێستا فیزاح دەکەم و هەموو کۆڵان دێنمە سەرت، کۆڵانیش زۆری تورکمانن و ببینن کوردێک پەلاماری ماڵە تورکمانێک دەدات پارچە پارچەت دەکەن.

ئەوەبوو دیاربوو ترسا و قووچانی.

دایکم وتی:

– دەزانم چ ترسنۆکێکە هەر بە گیانی زەعییفە خێرایە.

ئیدی دایکیشم دەردی دڵی خۆی کردەوە بۆی:

– ئەمە لەوەتەی شووم پێکردەوە ئەمە حاڵییەتی، بە بۆنەی ئەوەوە هەر

ماوەیەکە و لە گەڕەکێک بووین، ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە لەم حەوشەی ئێوە ستر بووین... تەیفور تەمەنی پێنج ساڵ بوو، حەزی لە خرتە کچێک کردبوو ناوی (سەفیە) بوو، کەسوکاری کچەکە زۆر هەڕەشەو گوڕەشەیان لێی کرد کە لێی دوورکەوێتەوە، سوودی نەبوو، بەڕاستیش لێی دەترسان، چونکە دەیانزانی هەمیشە بە دزییەوە دەمانچەیەکی چواردەخۆر لەبەر باخەڵێتی، بۆیە ئەوانیش شەوێکیان لەدەرەوە ئاگریان لە ژوورەکەمان بەردا لەو حەوشەیە، چونکە گوێسەوانەی داروقامیش بوو، خوا رەحمی کرد رزگارمان بوو بەساغی. ئیتر دوای ئەوە حاجی حەمە عەلی ئیزنی داین و بارمان کرد، لەوەتەی هەبوو کە دەچووە دەرەوە بە تەمای هاتنەوەی نەبووم، دوو ساڵە بەجێی هێشتووین و لێمان دوورە و سەرمان رەحەتە.

خەجەیش وتی:

- دوو بەدبەختی چاک یەکمان گرتووە...

ئیتر هەڵسا و بڕوات وتی:

- بابزانم ئەو جامبازە قورمساغە خەوتووە، یان بەخەبەرە... دایکی بمرێ هەر دڵم لای (شەهدە) بوو.

وەستا و هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- باجی ئایشە رۆژێکیان لە رادیـوکـەدا گوێم لێ بوو لەبارەی ژن و مێردایەتییەوە قسەی دەکرد و دەیوت، شووکردن و ژنهێنان دوو رۆژی خۆشە یەکەم رۆژی زەماوەندەکە و رۆژەکەی تریشی ئەوەیە کە لێی دەردەچی... من نەک یەکەم رۆژەکەیم نەبینی بگرە دەقیقەیەکیشم نەبینی و ناشزانم کەی لێی دەردەچم!

دایکم وەکوبڵێی بایەخی بە قسەکەی نەدا وتی:

- شەهدە تا درەنگێک لێرە بوو لەگەڵ تەیفور سەعییان دەکرد.

ئەویش وتی:

- بە قوربانی چاوەکانت بم تەیفور گیان زاوای دوا رۆژی خەجە...

دایکم لێوێکی هەڵقورتاند و ئەویش چووەوە بۆ ژوورەکەی خۆیان.

(ژنێک بەئاگا مەهێننەوە کە دڵداری دەکات، لێی گەڕێن با لە خەونەکانیدا بێت بۆ ئەوەی نەگری کاتێک دێتەوە سەر واقیعێکی تاڵ). مارک تۆین...

نەنکم واتا دایکی دایکم، دەمێک بوو چاوانی لەدەست دابوو، لەبەر ئەوەیش کەسی نەمابوو دایکم هێنابوویە لای خۆی، کوڕێک و دایکمی هەبوو کوڕەکەی ئەویش وەکو سەدان گەنجی کورد لە بە ناو شۆڕشی ئەیلوولدا کوژراو ئاوەو

ئاو رۆیشت، براکانیشی نەمابوون بەدەردی جۆراوجۆر مردبوون و لەناوچوو بوون، عوسمانی برای لە هەرایەکی عەشایەری بەر گوللەی وێڵ کەوتبوو، عەلی برای ببووە ژێر بەفرەوە... ئەوەی لەبیر مابوو (عەزە)ی برای بوو کە پیاوێکی زۆر ئازابووە و لە حکومەتیش یاخی بووە،- وەکو خۆی و دایکم دەیانووت-، راوچییەکی دەگمەنیش بووە، وەکو دەیوت لە لایەنگری رەش و رووتەکانی ناوچەکە بووە و دژ بە ئاغا و شێخەکانی ناوچەکە بووە، ئەوەبوو گۆبەنێکیان بۆ نایەوە، کابرایەکی ئینگلیز گەورەی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک بوو دەیکوژن و دەیخەنە ئەستۆی (عەزە)ی خاڵۆی دایکم، بەیانییەکیان پۆلیس و هێزێکی زۆر دەورەی ئاوایی دەگرن و ئەویش هەڵدێ بۆ شاخێ خلەتێڕە لە بەرامبەر ئاواییەکەیان و یەکجار دێتە دەست و پۆلیسێک دەکوژێ، ئیتر دەسەڕێژی لێدەکەن و دەیکوژن و لاشەکەی دەبەن لە شار دەیشارنەوە و نایدەنەوە کەسوکاری، ئێستایش ئەو شیعر و بەیتانەی کە بەودا وتراون، لەسەر زاری خەڵک و جەبارە شێت مابوون، بۆ نموونە:

ئاسکەکان مەقان بەربەرەلایە

شێخ عەزیز کوژرا دەنگ بڕنەو نایە.

مێردەکەی (واتا باپیرەم) بە نەخۆشی سکچوون مردبوو، ئەو نەخۆشییەشی لە بەندیخانە تووش بووبوو، ئێدی لێی پیس کردبوو، دوای ئـەوەی بەر لێبووردنەکەی عەبدلکەریم قاسم کەوت، هەرچی هەبوو و دەستی دەکەوت لەسەر نەخۆشییەکەی داینابوو، بەڵام چارەی نەبوو مرد. نەنکم لەوەتەی بینایی لەدەست دابوو وازی لە زۆر شت هێنابوو، تەنانەت جارێکیان لێم پرسی:

- نەنە دەبینم نوێژ ناکەیت؟

ئەویش بە تەوسێکەوە وتی:

- کەسی کوێر نوێژی لەسەر نییە، نوێژکردن بۆ چاوساغە. ئەوەتا دایکت چاوی ساغیشە و نوێژ ناکات.

منیش وتم:

- دایکم لە داخی باوکم بڕوای بە هیچ بەهایەک نەمابوو!

دوای ئەوەی لە گەڕەکی قەڵا گواستمانەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە، لە ماڵی (بەکر جامباز) بووین بە کرێچی، ژیانی ئەو حەوشەیەش زۆر شتی گۆڕیم، ئەوەندەی دیکە تووشی بەدخوویی کردم، لە تەمەنێکی کورتدا گڕ و بڵێسەی چاوبازی دڵداریی لە دەروونم تەشەنەی کرد، گەرچی گەڕەکە تازەکەمان هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ گوندێکی کوردەواری گەرمیان. تەنانەت زۆربەی

خەڵکی ئەو گەڕەکەش لە بێ کارەبایی هێشتا قوتیلە و چرای نەوتیان بەکاردەهێنا، تەنها ئەوە بوو ببووە چمکی شارێک. دوو ڕۆژی پێ نەچوو لەو حەوشەیەدا جێگیر ببووین. زۆربەی شەوەکان ماڵی (بەکر) لێمان کۆدەبوونەوە، بە تایبەت کچەکەیان (شەهدە). هاتوو چۆی گەرمتر بوو، هەروەها لەگەڵ (میمی زبە)ی کرێچیان بەتاقی تەنیا، کە بە پارەی تەقاویتی کوڕە جوانەمەرگەکەی دەژیا. شەوانیش تا خەڵک خەوتنان مەتەڵەکانی دێوە سپی و دێوە ڕەشی و کچی پاشا و کوڕە کەچەڵەی بۆ دەگێڕاینەوە. زۆرجاریش لە مەتەڵ گێڕانەوە دەوەستا و دەکەوتە باسکردنی قەدو باڵا و جوانی و کەڵەمێردی کوڕە جوانەمەرگەکەی و دەیدایە پڕمەی گریان...

(شەهدە) هاتوچۆی گەرمتر بوو لەگەڵ خەجەی دایکیدا، هەموو جارێک بەرامبەرم دادەنیشت و چاوی تێ دەبڕیم و نەیدەترووکاند، -گەرچی دوای هەڵوێستی هەندێ گۆڕانی بەسەردا هات سەبارەتم- ئەو ڕەفتارەیم بە کارێکی ئاسایی دەهاتە پێش چاو. زیاتر هەستم دەکرد و بۆی دەچووم کە بەزەیی پێمدا بێتەوە، لە ترووسکایی چاوە پڕخەمەکانیدا دیار بوو، کە دەمێکە دەستی نێری پێنەکەوتووە، یان جگە لە باوکی نێرینەی غەریبە لەگەڵیدا قسەی نەکردووە. (شەهدە) بەو تەمەنە منداڵییەوە بێ عەیب بوو، دیاربوو ئەگەر تۆزێکە گەورەتربوایە، شیعرەکەی گۆرانی بەسەردا پراکتیزە دەبوو:

(ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپەدوو،
گەنەمووی دەموچاو مەچەک هەڵنەگرتوو...
ئەی ئەنام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سووک،
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک).

منیش لاواز و بێ وزە و کەمزان دەربارەی دڵ و و زۆرزانی ئەم جۆرە کچانە، بەڵام هەروەکو ئەو دەیوت بەو تەمەنەوە قۆز بووم. هەرکە بەتەنیا لە ماڵەوەبوومایە، دەهات بە تەنیشتمەوە کروشکەی دەکرد و چاوی لێم نەدەگواستەوە. جارێکیان بە خوێندنەوەوە خەریک بووم، نازانم شتێک لەو بابەتە بوو، کەسیش لە حەوشەکەدا نەمابوو، زۆریش سەرم لێ سووڕمابوو، چۆن ئاگای ئەوەم نەبوو کەس لە حەوشەکەدا نەماوە! بەڵام دواجار بیرم کەوتەوە ڕۆژی پێنجشەممە بوو، زۆر لە دانیشتووانی گەڕەک دەچن بۆ سەرقەبران، دایکیشم چووبوو بۆ سەر گۆڕی خاڵە جوانەمەرگەکەم. (میمی زبە) بۆ سەر گۆڕی کوڕە جوانەمەرگەکەی. دایکی (شەهدە)یش کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەچوو! ئاگای

ئەوەم نەبوو لەبەر ئاوێنەی ژوورەکەماندا یەکە یەکە جلوبەرگەکەی بەری بەدەم تەماشاکردنی خۆیەوە دادەکەنێ، حەپەسام، پێشەکی رەنگ لە سەروچاومدا نەما، دواجاریش سوورهەڵگەڕا، ختوویەک لەسەر ناوکم پلی دا، قژە کەستەنائییەکەی بەسەر شانە سپییەکەی و گۆشتە خرپنەکەیدا پەشێو ببوو. دەتوت کۆمەڵە تووڵەمارێکی رەشن و بەسەر سمت و پاشووی جوانووەیەکی سپی و پەرداخ و توند و پڕدا شۆڕبوونەتەوە... ئالۆشێکی بێ ئەژمار لە چاوە رەشە مەستەکانیدا دەچریسکایەوە. منیش خۆشەویستییەکی بێ واتا لە دڵمدا سەری هەڵدا. حەزم نەدەکرد، یەک سات چییە لێی جودا ببمەوە.

سلێمانی ٢٠١١-٢٠١٢



# دڵێکی وەک هەتاو خڕ

سەلاح شوان

**تایبەتە بە چیرۆکنووسی جوانەمەرگ لەتیف حامید**

جارێکی کەیش هەڵسایتەوە سەرپێ، لە پەنجەرەکەوە، چاوت بەماڵەکانی ئەو بەری رووبارەکە کەوت، بەتەک قەرەوێڵەی نەخۆشەکەی بەرانبەرتدا تێپەڕیت، سەیری دەکردی، تۆ چاوت بڕیبووە بەرپێتو پیاسەت دەکرد، بە کاشییە پاکەکاندا یەک یەک دەچوویتو لەو سەرەوە پێیاندا دەهاتییەوە، لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی پردەکەت دەکرد، سەیرێکی رووبارەکەت دەکرد، کە چۆن وردە شەپۆلەکانی دەتریسکێنەوە. هەر چەندت دەکرد نەتدەزانی باوەڕ بەخۆت بهێنیت، کە ئا لێرەدا پێویستە بارو بارگەی کاروانەکەی رێگای چل ساڵەتی لێ بخەیت، روومەتەکانت لە شووشەی پەنجەرەکەدا زەرد خۆ دەنوێنن، لە تیشکی خۆر لە زەردە دەچن، دەتەوێت ئەم بیرە لە هێلانەی مێشکت بتارێنیت، دەتەوێت لاسایی هەتاو بکەیتەوە ئیتر چۆن باوەڕ بەو قسانەی ئەوان دەکەیت، با هەر بۆ خۆیان بڵێن. خۆ ئەمە جاری یەکەمت نییە پێت دەڵێن: "شێرپەنجەتە" جارەکەی پێشووش هەروایان پێ وتیت، وایان دەزانی لە زمانەکەیان تێ ناگەیت. وایان دەزانی دەبێت تۆیش بەبیستنی ئەم قسەیە تووشی دڵەکوتێ ببیتو خۆت لە بەردەمی چڕنووکەکانی ئەو شێرە دڕەندەیەدا نەگریت، کە تا ئێستا زۆر مرۆڤی ئەم سەدەیەی ونجڕ ونجڕ کردووە، بەڵام تۆ دەتزانی ئەو دڕندەیە لەبەردەم رووناکیی چاوەکانی تۆدا خۆی ناگرێتو هەر چەندە نەڕ بێت، هەر لەدواییدا ناچار پاشەکشێی بۆ دەکات.

وتیان " تا زووە پەنا ببەرە بەر پزیشکەکانی ولاّتە موو زەردەکان. تۆیش وەکو هەمیشەیی خۆت گاڵتەت بە ئەقڵیان دەهات. باسی زەردی ئەو زێڕەت بۆ دەکردن، کە ساڵەهای ساڵە لە ژێر گڵدا داپۆشراوەو کەس پێی نازانێت. ئەوان لە زمانی تۆ تێ نەگەیشتن، چونکە بەزمانی ژمارەو پیتە بێدەنگەکان راهاتبوون. تۆ لە زمانی ئەوان تێگەیشتی. پڕو پریاسکەت پێچایەوە، بەرەو قوتابخانە سەرەتاییەکەی شۆڕیجە کەوتیتەوە ڕێ. ئەوان هەناسەی ماندوو و حەسانەوەیان دایەوەو بەو باوەڕەی خۆیان قایل بوون، کە تۆ جارێکی تر ئەم ڕێگایە ناگریتە بەر، چونکە وایان دەزانی بەڕێگای ولاّتی زوڵماتدا بەڕێیان کردوویتو قەتاوقەت جارێکی تر پەی بەم ڕێگا رووناکە نابەیتەوە.

کە گەڕایتەوە منداڵە بچکۆلەکان گشت ترسێکی زەبرو زەنگەکەی جارانتان لەبیر کردبوو، هاتن بەپیرتەوە، کتێبو دەفتەرە شڕەکانی ساڵی رابوردوویان بەسەرتدا شاباش دەکرد، بەچوار دەورەتدا ئەڵقەیان دەبەستو ئەو سروودەیان بۆ دەخوێنیتەوە، کە لە یەکەم رۆژی بەڕێوەبەرایەتیکردنی قوتابخانەکەی شۆڕیجەوە فێرت کردبوون، حەزت دەکرد قۆڵەکانت وەکو زولفەقارەکەی ئیمامی عەلی بکشێت، نەک بۆ پەڕاندنی سەری دوژمنانی ئاینەکەت، بەڵکو بۆ ئەوەی هەموو ئەم منداڵانە بگریتە باوەشو تێر تێریان ماچ بکەیت، بەسنگی خۆتیانەوە بنووسێنیت. حەزت دەکرد لەو پێستەی خۆت بێیتە دەرێو دەستی ئەو منداڵە وردیلانە بگریتو تێرتێر حێلانێیان لەگەڵدا بکەیت، بەڵام تۆ بەڕێوەبەریتو پێویستە بۆ دواڕۆژی ئەوان هەموو هەستو ئارەزوویەکی گەرمت بتاسێنیت، چونکە باوکو دایکە هەژارەکانیان چاوەڕوانی پێگەیشتنی ئەمانن. ئەوپەڕی خۆشەویستیشە پێ لەم هەموو هەستو ئارەزووەی خۆت بنێیتو بەو جۆرە خۆشیانت بوێت، کە خۆت بە باشی دەزانیت، ئەوان هێشتا منداڵنو چاکەو خراپەی خۆیان نازانن، تۆیش دڵنیایت لەگەڵ ئەم منداڵە هەژارانەدا بە ئەتەکێتو نەرمی سەرناگرێت. ئەوەتا ئەوانیش هەر بە هەستە پاکەکەی منداڵییان لە خۆشەویستییەکەی تۆ تێدەگەنو بەجۆرێک سروودەکەتت بۆ دەڵێنەوە وەک هەرگیز نەیانوتووبێت، هەموو "زۆر باشە" و "ئافەرین" ەکانی ناو دەفتەرە شڕەکانیان دەکەن بە شاباشی گەڕانەوەت گوایە لەوە بەنرختر چییان هەیە.

بەرەو دەرگای قاوشەکە دەگەڕێیتەوە، وەنەبێت ژوورەکە هەر تەنیا تۆی تێدابێت، نەخێر. ئەوانی تریش هەر وەکو تۆ هەر یەکەو داماوی دەستی دەردێکن، با شێرپەنجەش نەبێت، هەندێکیان بەخیلیت پێ دەبەن، کە چۆن بە ئارەزووی خۆت دەتوانیت پیاسە بکەیت. هەندێکیشیان بە دەردەکەی خۆیان قایلو بەچاوی داخو

بەزەییییەوە تێت دەڕوانن. شێرپەنجەی جاری پێشووت لەچاوتی دابوو، بەڵام تا ئێستاش چاوەکانت وردترین شتی دەوروبەری خۆت دەبینن، دەبینیت دەرگای قاوشەکە داخراوە، ئاسانە بیکەیتەوەو سەیرێکی ڕەوگە درێژەکەی بکەیت، بەڵام ئێستا کاتی دەوامەو ڕەنگە دکتۆرەکان پێیان ناخۆش بێت ئەگەر سەرێک بکێشیتە دەرەوە، بۆیە بەرەو لای پەنجەرەکە هەنگاو دەنێیتەوە. ڕووبارەکە وەکو هەمیشەی خۆی کشومات بەرەو خوار مل دەنێت‌و هەر لێڵیشە، بەبن پردەکەدا بەهێمنی‌و بێدەنگ دادەکشێت، هەتاوەکەش لەسەر ڕوویدا ئاوێنەیەکی درێژو خوارو خێچ نیگار دەکێشێت. "چەند نەمرە ئەم هەتاوە، دەنگی خۆی بەسەر گشت شتەکاندا دەسەپێنێت‌و هەرگیزیش لەم کاروانەی وەڕس نابێت. چەند ملیۆن ساڵە ئاوەها تیشک دەداتەوەو هەرگیزیش کز نەبووەو نابێت". ئەی ئەم ڕووبارە قەت دیوتە ڕۆژێک پاڵی لێ بداتەوەو ڕابوەستێت. ڕاست دەکەیت تۆ ئادەمیزادیت‌و هەتاو نیت، ڕووباریش نیت، بەڵام چار چییە خۆ هەر دەبێت تا ماوی ڕانەوەستیت، لەشت هەموو سەرمایەیەکتە بۆ کێشانی ئەشکەنجەی ئەم کاروانەت، کاروانییەکەت، بەسەر پردەکاندا تێدەپەڕێت، ڕووبارێکی بەرەو خۆرت لە سینەتدا هەڵگرتووە، حەزیش ناکەیت پرد بیت، چونکە دەزانیت هەر دەبێت ڕۆژێک ڕێبواران سڵت لێ بکەنەوەو نەوێرن بەسەرتدا بپەڕنەوە، هەر دەبێت ڕۆژێک وەکو نەرسیس بەسەر ڕووبارەکەدا بچەمێیتەوەو لەشت بدەیتە دەستی شەپۆلەکانەوە تا بەرەو دەریای زوڵماتت بەرن. "بەڵام هەی داخ تەمەنی ئێمەی ئادەمیزاد بەقەدەر تەمەنی ئەو پردەش نابێت تاکو ئێستا چەندانی وەکو من لەم پەنجەرەیەوە سەیری ئەو پردو ڕووبارەیان کردووەو بەتیشکی هەر ئەم خۆرە دەموچاویان شۆریوەو ئێستاکە لە بیری هیچ کەسێکدا نەماوە". ئەم ڕووبارە لە داکشانی خۆی ناکەوێت‌و ئەم هەتاوەش وەڕس نابێت. دەتەوێت بەم هاتوچۆیەت لاسایی خۆر بکەیتەوە، ڕاستە هەر یەکەو مەودای خۆی هەیە، مەوداکەی تۆش لەنێوانی ئەم پەنجەرەیەو دەرگاکەدایە، دەرگاکەش داخراوە، دەڵێیت تا ئێستا ئەو دەستشۆرەی لای دەرگاکەت نەبینیوە، چاوی تێ دەبڕیت، ڕەنگە ئاوەکەی ساردو خۆش بێت، بەچەند هەنگاوێکی لەسەرخۆ دەگەیتە لای، دەستی دەخەیتە بەر، وەکو ئاوەکەی کفری سارد نابێت. چەند کەسی تر وەکو تۆ دەستی لەم ئاوە شۆریوەو چەندیشیان ئێستاکە وەکو تۆ بیر دەکەنەوە، بەڵێ تەنانەت ئەم دەستشۆرەش هەقی بەسەر مەرگی تۆوە نییەو دوای تۆش هەر بەردەوام دەبێت. دەبینیت ئاوەکە چۆن ڕێگای خۆی دەزانێت. بەرەو خوار، بە ژێرابەکاندا خۆی دەگەیەنێتە ڕووبارەکەو ئارەقەکەی دەستی تۆش لەگەڵ خۆیدا

دەبات، ئەو ئارەقەیەی کە ڕەنگە هەندێک لەو شانانەی مێشکتی تێدا بووبێت کە بەر لە ساتێک بیرت لە قوتابییە هەژارەکانت دەکردەوە پێی، ئەوها ئێستا نا تۆزێکی تر بەشێک لەتۆ تێکەڵ بە ڕووبارەکە دەبێت، تۆ ساڵەهای ساڵە تێکەڵ بەم ڕووبارە دەبیتو تا ئێستا بەم جۆرە بیرت لێی نەکردووەتەوە، ساڵەهایە لەگەڵ ئەم هەموو شتانەدا تێکەڵی یەکتر دەبن و بەلاتەوە مەبەست نەبووە. ئێستا لە پڕێکدا دنیایەکی تر لەبەر چاوت کراوەتەوە "خەیام لە خۆڕایی وا هاواری نەدەکردو بەخۆڕایی خۆی لەگشت گۆزە و پەرداخەکانی مەیخانەکاندا نەدەبینی. ئەو پێویستی بە شێرپەنجە نەبوو بۆ ئەوەی چاوی مەرگی پێ هەڵبهێنێت، چونکە ئاگای لە شێرپەنجە هەرە گەورەکەی بوو، چ دەردێکە وەکو بەردێک تووڕ هەڵبدرێتە ناو تاریکایی شەوێکی هەمیشەییەوە کەسیش پێت نەزانێت" دەبینیت چۆن تێکەڵ بە شتێک دەبیت سەدان ساڵە نەماوە. کێ دەڵێت ئەو قومە ئاوەی خواردووتەوە بەشێکی پەڕەی دڵی خەیامی تێدا نەبووە. ئەی ئەگینا بۆچی ئا لەم ساتەدا ئەوت بیرکەوتەوە. بیرتە شەوە ساردەکەی قوتابییە شاعیرەکەت دێڕە شیعرەکەی خەیامی بۆت خوێندەوە و هەر چەندت کرد هیچت بۆ نەوترا. حەزت نەدەکرد وەها لەبەردەم قوتابییەکی تازەکاری خۆتدا بێدەنگ بیت، بەڵام دەشتزانی تۆ قارچک نیت لەخۆتەوە ڕوابێتی، تۆ شتێکت دەزانی و ئەوانی تر شتێک، چارت نەبوو، هەر دەبوو وەهایان تێبگەیەنیت، دەتزانی کە گەورە بوون تێدەگەن تۆ چیت مەبەست بووە، چونکە کلیلەکانت تەنیا بەیەک دەرگا دەکەن، با زەرد، سوور، سەوز، شینیش بن، بەڵام دەشزانیت هەندێکیان تەنانەت بە ڕیش ساتمەش لە کلیلەکانت بکەن نایدۆزنەوە، چونکە تێگەیشتن بە ڕیش نییە. کەی وانەبووە. دەست دەبەیت دۆڵابە سپییەکەی لای ڕاستەوەت دەکەیتەوە چاوت بەدەفتەرە سپییەکەت دەکەوێت، دەری دەهێنیت، هەر دەبێت چیرۆکەکەت تەواو بکەیت، تاقیکردنەوەیەک نییە لەدەست بدرێت. لەسەر قەرەوێڵە دادەنیشیت، چەرچەفی پێخەفەکەت سپییە، دەفتەرەکەی دەستیشت، دۆڵابەکەش، تەنانەت ژوورەکەش هەر سپییە، تازە چۆن ئەم هەموو سپییانەت پێ ڕەش دەکرێنەوە. ببوورە وتم ڕەش، دەبوو بڵێم "شین"، چونکە مەرەکەبەکەت شینە، لە قوتابخانەش هەر بەم مەرەکەبە ئیمزات دەکردو دەتنووسی، دەبینی ژیان چەند کەم فرسەتە. تۆ ئێستا خۆیشت هەر چیرۆکێکیت، لەناو گشت چیرۆکەکاندا، لە تەکنیکێکی تازەترو لەبارتر دەگەڕێیت، پاڵەوانەکانت مرۆڤێکی بێباوەڕو کۆڵدەر نییە، بەڵام ناشیەوێت مەڕێکی بێئاگا و هەڵخەڵەتاوی دەستی قەسابە هەرە گەورەکە بێت، چونکە دەزانێت نەخۆرە و نە ڕووبارە و نە پرد، بەڵکو مرۆڤێکە دەیەوێت لەسەر

لاپەڕە سپییەکانی دەفتەرەکەی دەستتدا ئەوەی پێی دەکرێت بیکات، بەڵام تۆ خۆت دەزانیت ئێوارە چەند درەنگەو چۆن ماسی وشەکانت لە دەستت فیچقە دەکەن‌و دەچنەوە ناو رووبارەکەوە، قولابەکەت تیژە، بەڵام ئەوەی پێوە دەبێت مەرج نییە هەموو جارێک ماسی بێت، چونکە ئاوەکە لیٚڵەو قورساییەکەی سەر قولابەکەشت هەر قورساییە، کە دەرت هێنا دەردەکەوێت ماسییە، یان پارچە پەڕۆ شڕەکەیە، یان بۆق. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە قەرست دەکەن، چونکە دەتەوێت بەخێرایی بنووسیت‌و بەر لەوەی خۆرئاوا ببێت لاپەڕە سپییەکان پڕ بکەیتەوە، باوەڕت وایە سبەینێش وەکو ئەمڕۆ ڕۆژ هەڵدێتەوە، بەڵام گومانیشت هەیە تۆ وەکو ئێستا خاوەنی ئەم دەست‌و پەنجەیەی خۆت بیت‌و بتوانیت بنووسیت، چونکە بەهەردوو چاو سەیری دنیا دەکەیت‌و ناتەوێت یەکێکیان بچووقێنیت، ئەگەرچی دەشزانیت ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە وا راهاتوون بەیەک چاو سەیر بکەن زۆر لەتۆ بەختەوەرترن. جاری پێشوو پێیان وتیت "چاوە راستەکەت کەڵکی ئەوەی نەماوە سەیری پێ بکەیت، ئێمە دەتوانین بۆتی دەربهێنین، بەڵام ماکەکەی هەر سەر هەڵدەداتەوە". سەرت خستە سەر دەستی چەپت، ویستت بیرێک لە رایەکەیان بکەیتەوە، بەبێ ئەوەی سەر هەڵببڕیت، چاوەکانت هەڵبڕی، سەیری پەنجە نووشتاوەکەی دەستت کرد، چاوە راستەکەتت چووقاند، پەنجەکەڵەت بەری نیوەی ژوورەکـەی لێ گرتبوویت، بەری نیوەی دنیای بەرچاوتی لێ گرتبوویت، پەنجە تووتەت لێتەوە دیارنەبوو، خۆت پێ نەگیرا، چاوی راستەیشت کردەوە، پەنجە تووتەیشت بەقەدەر پەنجەکەڵەت دەبوو، بەهەر پێنج پەنجەکەتەوە نیوەی رووبەری بینینەکەیان لێ گرتبووی، رووبەری بینینەکەشت نیوەی دنیای دەورووبەرت بوو."بەم حاڵە چی لەم دنیایە دەبینم. جارێ با بڕۆمەوە تێر بەهەردوو چاو قوتابییە وردیلەکانم ببینمەوە، دوای ئەوە چی دەبێت، با ببێت" هەڵسایت، بەبێ ماڵئاواییکردن ڕێگاکەی گەرمیانت گرتەوە بەر، قوتابییەکانت لە پشووی هاویندا بوون، کەس لە قوتابخانەکە نەبوو، کەس پێشوازیی لێ نەکردیت، چوویتەوە ژوورەکەی خۆت، لیستەی ناوی قوتابییەکانت دەرهێناو یەک یەک ناوەکانیانت بەدەنگێکی نەرم خوێندەوە، قوتابخانەکەت جێ هێشت، منداڵەکانت‌و دایکیان چاوەڕێت بوون، بەپیرتەوە هاتن، لەڕووی منداڵەکانتدا شێوەی هەموو قوتابییەکانت هاتەوە بەرچاو، لە روومەتی منداڵەکانتدا هەموو قوتابییەکانت ماچ کرد، دڵت داکەوت، چونکە دەتزانی قوتابییەکانیشت لە ڕووی باوکیاندا هەموو ڕۆژێک تۆ دەبیننەوەو ماچت دەکەن.

لەسەر قەرەوێڵەکەت پاڵ دەکەویت، چاو دەبڕیتە بنمیچە سپییەکەی

ژوورەکەت، لەلای راستیشتەوە خۆر بەرەو ئاوابوون دادەکشێت. رادەپەڕیت، بەدڵەکوتێ خۆت دەگەیەنیتە بەردەم پەنجەرەکە. ناتەوێت بە پاڵکەوتووییەوە دوا ماڵئاوایی لەخۆر بکەیت. چاوی تێ دەبڕیت، بەدڵ حەز دەکەیت سبەی بەیانی ببینیت چۆن هەڵدێتەوە، بەڵام ناشتەوێت سەیرکردنی ئەم ساتەت بە بیرکردنەوە لە سبەینێ لەدەست بدەیت. بەهەردوو چاوەکانتەوە تیشکە سوورەکەی هەڵدەمژیت، پۆلێک باڵندەی بچووک بە دەوروبەریدا دێن، لەناو دارە رەش هەڵگەڕاوەکانی ئەو بەری رووبارەکەدا ون دەبن، سبەینێ بەبێ تۆ دیسانەوە لەگەڵ دنیا رووناکبوونەوەدا دەست دەکەنەوە بەباڵەفڕێ، خۆرەکە کەمێکی تریش دەخزێت، دڵت دەکەوێتە ترپەترپ، دەیەوێت باوەش بەخۆرەکەدا بکاتو نەهێڵێت ئاوابێت. " کێ دەڵێت جارێکی کە دەتبینمەوە". لەگەڵ دڵتدا بەراوردی دەکەیت، زۆر لەیەک دەچن، دەست درێژ دەکەیت، وەکو چۆلەکەیەکی سەرمابردوو دێتە سەر لەپت، دەینووسێنیت بە سنگتەوە، دەچێتە پاڵ دڵت، گەرم دەبیتەوە، رووبارەکە بەئاستەم لەبەر چاوتدا رێشکەو پێشکە دەکات، خۆت توند دەگریت. لە پڕێکدا خۆرەکە بەتوێی دڵتەوە فرتە دەکاتو خۆی دەهاوێتە ناو رووبارەکەوەو لاشەکەت لەبەردەم پەنجەرەکەدا بەجێ دەهێڵێتو دوای خۆر و دڵەکەت دەکەویت. وردە ماسییەکان پێشوازی دەکەن. دەبن بە قوتابییە وردیلەکانی قوتابخانەکەی شۆڕیجەو پێشوازی لە گەڕانەوەت دەکەن. لەناویاندا چاو بۆ ژنو منداڵەکانت دەگێڕیت، نایانبینیتەوە. " دنیا بۆ وا زوو تاریک داهات؟". لەناو دەفتەرە شڕەکانی قوتابییەکاندا بۆ دەفتەرە سپییەکەت دەگەڕێیت، دەستت لێی دەکەوێتو نایبینیت. دەنگی دایکی منداڵەکانت دێتە گوێ، بانگت لێ دەکات: "لەتیف گیان ئەوە بۆ چیرۆکەکەت تەواو نەکردووە؟ واو نەکردووە؟ کردووە؟ ووە؟"

١٩٧٦/٤/٦

# پووکانەوە

بەکر دەروێش

لە دڵنیابوونی خۆی دڵنیا نەبوو، بۆیە تووشی دڵەکوتە هاتبوو، هەمیشە دڵی خۆی دەدایەوە، من لە شوێنی دڵ و دڵ لە شوێنی کوتە کوتی خۆی، گۆرانییەکی بەردەوامی سەر زار و نێو دڵ و دەروونی بوو، لەو هەرێمە بێکۆتاییەی ئەوین و سەفای نێو دڵیدا وەک پەلەوەرێکی بریندار ئۆقرەی بەخۆی نەدەگرت و کەند بەکەند و دۆڵ بەدۆڵ و چڵ بە چڵ دەفڕی، شوێنەوارگەلێکی ئەوتۆی بەسەر دەکردەوە مەگەر تەنیا خۆی بزانێ ئەوێ کوێندەرێیە و چ مەملەکەتێکە، ساڵانی زوو سەردەمی لاوێتی و گەنجێتی خۆی بیر دەهاتەوە کەسێکی گۆشەگیرو مۆن و کەمدوو بوو، هەمیشە لەنێو تەمتومانی کۆمەڵێ لێکدانەوەو بیرو بۆچوونی جیاجیای سەیر سەیردا خەرتەو تۆوی دەکرد، لەچەپەوە بۆ ڕاست و لەڕاستەوە بۆچەپ، ئۆقرەی بەخۆی نەدەگرت، لەقۆناغی ناوەندیدا وازی لەخوێندن هێناو لەچێشتخانەیەکی سەر ڕێگای نێوان دڵی کوردستان و پایتەختدا بوو بەشاگردو سفرەچی، پاش چەند مانگێک ناوی هات بۆ سەربازی، بەڵام ئەو پێش ئەوەی بانگی بکەن بۆ سەربازیی ببوو بەجاش و هەوێیەکی سوری بەقەولی خۆی(خەفیفەی) خستبووە تەنکەی بەخەڵییەوە، پاش ساڵێک لەوێش بێزار بوو، بەچەکێکەوە هەڵات و چوو بوو بەپێشمەرگە، لەکەرتی یەکی تیپی ٥١ گەرمیان پێشمەرگەیەکی مۆن و کەم دوو زۆر بیرکەرەوە بوو، دوو ساڵیشی لەوێ بردەسەر، لەحەوت داستاندا بەشداریکرد لەوانەش شەڕەکانی زیندانەو توکن و تازەشارو سەرقەڵا، پێنج جار بریندار بوو، سەرەنجام چەکی داناو لەلادێیەکی ئەو پێدەشتانەدا بوو بەشوان، شوانێکی سەیرو عاجباتی بوو، ڕۆژێک جەوەنەو توێشەبەرەکەی لەبیر دەچوو، ڕۆژێکی دیکە کەنمەک و کڵاشەکەی، ڕۆژێک نیوەڕۆ مێگەلەکەی دەهێنایەوە، ڕۆژێکی دیکە نیوەشەو، سەرەنجام کابرای

خاوەن ڕان لێی بێزار بو و بەدەرینا، ئەو دەمە تەنوری شەڕی هەشت ساڵە ئێراق و ئێران لەسەر سنوورەکان بڵێسەی دەهات، بێجگە لەکڵۆکۆ دامراندنی سەدان هەزار ئینسان، سەدان هەزاری دیکەشی بێ پەلوپۆ خستبوو، ئەو شەڕە لەم دیوی سنور دەیانگوت لە١٩٨٠/٩/٤هەڵگیرساوە لەو دیویش دەیانگوت لە١٩٨٠/٩/٢٢هەڵگیرساوە، کەچی ئەمیان بێت یان ئەویان تەنیاو تەنیا خەڵکی بێنەوایەی تێدا دەسوتا، ئەو دەمە جاروبار دەگەڕایەوە سەر دڵنەوایەکەی خۆی و لەگۆشەیەکی تایبەتی ترەوە دەیڕوانیە پەرێزی ڕۆژگارێکی دورتر کە لەسەر گڵکۆی گەچینی ئێسک و پروسک ڕۆکرابوو، ئەو دەنگەدەنگ و هەراوزەنایەی مێژووە کە لەپشتە سەریەوە دەهات بێزاری کردبوو، بۆ قوژبنێک دەگەڕا خۆی تێدا بشارێتەوە، بۆ رووبارێک دەگەڕا قوتانێکی تێدا بکات، بۆ سەرینێک دەگەڕا سەرخەوێکی ئاسوودەی لەسەر بشکێنێ، لەدوور تریفەی گڵۆپێکی سوور هەڵکرابوو وەک بازنەیەکی خوێنین دەبریسکایەوە، یەکەمین زەنگی ترۆپکێک هەژاندی، سەرەتای بۆچوونێکی دیکەی تەمەن بوو، تەمەنێک کە هەستیدەکرد، چوون تورەکەیەکی پڕ لەبەردو سەنگ بەکۆڵییەوەیەتی، دەمێکیش کە باسی لەخۆرهەڵات دەکرد چاوەکانی وەک دوو میرووی سوور هەڵدەگەڕان، هەناسەی کورت دەبوو، نێوچەوانی بەشێوەیەک دادەچۆڕا دەتگوت چەرمی ملی عەلەشیشە، ڕۆژێکیان کابرایەکی کورتەبنە هاتە لای و لێی پرسی: تۆ حەمەخلەی سلێمان دڕەی؟ یان سابیری جەلالەدینی کانەبیت؟ سیمایەکی هەناری رەنگی روومەتی نەخشاندبوو، زەردییەکی نارنجیش لەسەر پێستی دەست و پلی ئاڵقەی دابوو، گەواڵەی دڵنیابوون پەڵەهەورێکی زستانەی شکۆداربوو لەحەنای سەری راوەستابوو، داچەمی لەبەر پێی مشتێک خۆڵی هەڵگرت و بۆنێکی پێوە کرد، خاک بۆنی درنی خوێنی لێدەهات، لەپەسا خوێنی لەبەر دەرۆیشت ، دڵی نیشتمان پڕ ببوو لەهەناری ترشاو لەسێوی مردوو، لەپرتەقاڵی ژەنگ گرتوو، لەهەرمێی گەنیوو، لەکۆتری مردارەوەبوو، لەپەڕەندەی سیابال خەڵتانی خوێن، زوو سەری لەسەر مشتە خۆڵەکە هەڵبڕی و هەڵیدا بە ئاسماندا، بەدەستەسرەکەی توند لووتی خۆی گرت، وەخت بوو بخنکێ، بەندی جەرگی کورەی هەناوی سەرەتایترین سووربوون بوو لەسەر بیرکردنەوە، ئەمجارەیان ویستی لە گۆشەنیگایەکی جیاوازترەوە لە شتەکان بڕوانێ، وەلێ هەرچیکرد جگە لەتەم و تارمایی هیچیتری نەبینی، لەتاوی ئازاری هەستەکانیدا وەک مارێکی بریندار پلی دەخوارد، بەسەر هەناوی خۆیدا دەتلایەوە، ویستی چۆن بووە پەتی ئەو ئازارانە بپچڕێنێ، ناچار پەنای بۆ جگەرەیەک دەبردوو خۆی لەنێو تەپو دووکەڵدا ون

دەکرد، بەڕاستی باڵندەیەکی بریندار بوو، بریندارتر لەوی کە تەنیا ئازاری برینێک بیگەستێ، شوێنی گازەکانی خۆی کە لە هەناوی خۆی دەگرت لە هەموو ئازارەکانی تر ئێشی زیاتر بوو، دەیەویست بەهەر نرخێک بووە لەوە دڵنیا بێت کە ئەو کەسێکەو بوونی هەیە، بەڵام پەی بەو ڕێگایە نەدەبردو سەری ئەو داوەی نەدەدۆزییەوە، بەدەم پەنی زەمانەوە ببووە قازیلەو بازیلە، وای لێهاتبوو هەموو کەسێک لەژیانیدا خۆی هەڵدەقورتاند، ویستی وەڵامی کابرا بداتەوەو بڵێ: من هەردوکیانم و هیچکامیشیان نیم، من هەم و نیشم، من سەراب و تارماییم، وێڵم و وێڵیش نیم، ئامانجم هەیەو هەوڵیشی بۆ دەدەم، بەڵام هیچ ڕێبازێکم نییە، نەزیندووم و نەمردوشم، شتێکم لەو نێوەدام، کە سەری هەڵبڕی جگە لەتارماییەک هیچیتری نەبینی، داچەڵەکا نەختێ ترسا، دای لەقاقای پێکەنین، زانی سەرەتای شێتبوون لێرەوە دەست پێدەکا، بەڵام دەشیزانی هەندێ نەخۆشی دەروونی هەن دەواکەیان پێکەنینە، وەلێ خۆ ئەم شێت نییە، خۆی بەخۆی وت: وەزعەکە ئەوەنە هەڵناگرێت لە پێناویدا شێت بیت، باخەڵەکەش بەدێوانەم نەزانن خۆ لەخوایان گەرەکە شێت بیت و بتکەنە مەخسەرەی دەم خۆیان، دەیەویست لەوە دڵنیا بێت و بزانێت ئەو کێیەو بەهەڵە نەهاتووەتە نێو ئەم مەملەکەتە، هەرچی هێزی بیرکردنەوەی هەبوو بەخۆی دابوو تابتوانێ شتێک لەو ڕۆژگارەو لەخۆی بگات، خۆنەدەکرا هەروەک میوانێک بەنێو ئەم دنیایەدا گوزەرکات بێ ئەوەی لەئەندازەی ئەم بوونە بگات، کێ لەبیرکردنەوەکانی ئەو بەرپرسیارە، بیری ئینسان لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ بۆ هەندێ کەس بیرناکەنەوەو بەئاسوودەییش دەژێن، بۆ زۆربەی خەڵک دوودڵ نین لەم بوونەیان نیگەران نیین؟ زۆر بیری لەم جۆرە پرسیارانە دەکردەوە و هەڵیدەسەنگاندن، هەرگیز بەوەڵام نەدەگەیشت، ئەوەی بۆی دەگەڕا نەیدەدۆزییەوە، نەیدەزانی کەروێشکی بەختی لەژێر چ بنجگێکدا خەوتووە، هەڵوی حەزو ئاواتەکانی بەچ داوێکەوە بووە؟ سەری گوریسی ئەو زەمانەیەی لێ کەوتبووە ناو کۆمەڵێ مەسەلەی ئاڵۆزەوە بەئاسانی بۆی وەگیر نەدەهات، لەوکەسانەش نەبوو کە بڕوای بەبەخت و شانس و تالع هەبێت، یان ئیمانێکی کوێرانەی هەبێت و بەهەموو شتێک قایل بێت، ئەو لەگەڵ هەموو شتێکدا ناکۆک بوو، تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا، گومانی لەهەموو شتێک دەکرد، گاڵتەی بەوانەدەهات کە کوێرانە ئیمانیان دەهێناو هەموو شتێکیان تەسلیمی دەستی قەدەر دەکرد، کێ دیوویەتی لەدەریایەکی پڕ لەهەیەجاندا کەشتی ئۆغر بێ بایەوان و بێ دەریاوان بەرەڵای نێو دەریا بکرێت؟ کێ شتی وای دیووە؟ ها؟ کێ بەمە قایل دەبێت؟ ئینسان بۆ ئەوەی لەشتێک دڵنیا بێت دەبێت بەتەواوی لێی

بگات، چوارچێوەکەی باش تاقیکاتەوە، جوان کێشانەو پێوانەی بکات، نابێ بڕوا بەهەموو قسەو قاڵیک بێنێت؟ بەهەمووی بڵێت: ڕاستەو وایەو جوانەو دەمخۆش، تەنیا گەمژەکان شتی وا دەکەن، ئەوانەی ئەژین بۆ ئەوەی بخۆن، ئەگینا کەسێک بخوات بۆ ئەوەی بژی و زیاتر بزانێ بەم ڕادەیە گەمژە نابێت، چ دەبوو ئەگەر لەیەکێک لەو شەڕانەی کردوونی بکوژرایە، ئێستا دەمێک بوو لەم بیرکردنەوانە ڕزگاری ببوو، ئەو ڕۆژەی زیاتر لەساتێک لەگەڵ دوو کۆپتەردا لەبن دارەکانی گردی سووردا دەستەو یەخەی یەکتر بوون، ئەم فیشەکی پێنەماو ئەوانیش بۆمب و سـاروخ، بۆیە بەنیوەچڵی کۆتاییان بەو شـەڕە هێنا کە ئێستاش خومپارەکانی لەگوێیدا وەک خۆیان دەتەقێنەوە، شوێنێک نەبوو لەجەستەی پرشی بەر نەکەوتبێ، ئەی بۆ نەکوژرا تا ئەم ساتە نەبینێ؟ ئەگەر دایک و باوکی بۆ لەزەتێکی خۆشی خۆیان بەیەک ڕانەگەیشتبان ئێستا ئەم لەکوێ بوو؟ کەس بنیادەمی بینیوە لەکونی بەرد بێتەدەر؟ ئێستا کێ دەڵێ من هەم؟ پاش کەمێک بیرکردنەوە دەیگوت: من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم؟ ئەم قسەیەی لەکوێ بیستووە؟ بیری هاتەوە کادێرێکیان هەبوو، ناوی چی بوو؟ ئا حسێن، حسێنی باوەجانی خەڵکی کۆیە بوو، جارێکیان باسی ئەمەی بۆکرد، وتی: ئەمە قسەی فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە ناوی دیکارتە، بەڵێ بیریهاتەوە، ڕۆژێکی هاوین بوو لەناو دار چنارەکانی دێی چنارۆکدا پیاسەیان دەکرد باسی ئەمەی بۆکردم، ڕۆژگارێکی دڵتەزێن بوو، ئێستا تاقوتەنیایەو هاوڕێکانی تەنیا لەیادەوەریەکانیدا ماونەتەوە، یـادەوەری مرۆڤ بەهەشت و دۆزەخە، مرۆڤ جگە لەکۆمەڵێ یـادەوەری هیچیتر نییە، دنیا یادەوەرییەکی گەورەیە لەمێشکی بنیادەمدا کۆبووەتەوە، مرۆڤی وەک ئێمەمانان جگە لەوەی مێشکمان بووتە گەرادانی یادەوەری هیچیترمان لەدەست نایەت، ئێستا مێشکی من بووتە هەڵگری گەرای مێژوویەک خۆم هیچ ڕۆڵێکم لەدروستکردنیدا نەبووە، بەڕێگایەکدا هاتووم و چووم کە خەڵکانیتر بۆیان دیاری کـردووەم، نەخشەیەکم جێبەجێکردووە، کەسانێکیتر بۆیان کێشاوم، من ژیانێک دەکەم خۆم هەڵم نەبژاردووە، تەنیا دوو ڕێگام لەبەردایە یان ئەوەتا بەم ژیانە قایلبم یان دەبێ خۆم بکوژم، خۆیشم بکوژم هەردیسان هەڵبژاردنی خۆم نییە، چونکە ئەویش فەرزدەکرێت بەسەرما، ناچارم دەبێ وابکەم، کەوابوو من لەناو کەوانەیەک داخراودا دەژیم کلیلەکەی بەدەستی خەڵکانیترەوەیە، هەر دەبێ بزانم من کێم؟ لەکوێوە هاتووم بۆ کوێ دەچم؟ چەند ئاوا بیری دەکـردەوە هەستی دەکرد کێشی نامێنێ و سووک دەبێتەوە، لەگەڵ هەر بیرکردنەوەیەکی تازەدا زیاتر کێشی خۆی لەدەست دەداو

سووکتر دەبــووەوە، هەستی دەکرد خەریکە باکە هەڵیدەگرێت و دەیبات، نەیدەزانی لەسەر زەوییە یان بەئاسمانەوە دەخولێتەوە، هەستی دەکرد واخەریکە دەپووکێتەوەو نامێنێ، دەست و قاچی هــەڵــدەوەرێ و دەبێت بەهەک، چ گۆڕانکارییەکی سەیرە، بێ ئەوەی هەست بەئازار بکات دەپووکایەوەو تەفروتونا دەبوو، دەبووە گەردیلەو لەناخی ئەم کەونە گەوەرەیەدا پرش و بڵاو دەبووەوە، دەبووەوە بەو خۆڵەی لێی پێک هاتبوو، دەگەڕایەوە بۆ ناو ئەو خاکەی کە پەنجا ساڵە بەبێ ئەوەی لەهیچی بگات بەسەریدا دەخولێتەوە، هەستی بەلەزەتی پووکانەوەی خۆی دەکرد، هەستی دەکرد لەبارێکی گران رزگاری دەبێت، وەک ئەوەی کۆت و بەندی خۆی بشکێنێ، پووکانەوەی رزگار بوونی بوو لەو مێژووە قورسەی لەمێشکیدا هەڵیگرتبوو، چەند زووتر وردوخاش دەبوو ئەوەندە زووتر لەقورسایی جەستەی رزگاری دەبوو، هەرئەوەندەی زانی وەک پارچە قاقەزێک بەدەم باوە لەباوەشی ئاسماندا دەسوڕێتەوە، سوڕانەوەی لەباوەشی ئاسمانا سوکناکییەکی زۆری پێ بەخشی، هەموو شتێکی لەبیر دەبردەوە، بۆیەکەمجار لەگرانی ئەو هەموو پرسیارە بێ وەڵامەی لەمێشکیدا گنگڵی دەدا رزگاری بوو، لەو چرکەیەدا تەنانەت ئەوەشی لەبیر چووەوە ئەو کێیەو لەکوێوە هاتووەو بۆ کوێ دەچێت؟ پێی لەسەر زەوی و سەری لەنێو هەورەکاندا دەسوڕایەوە، گەشتێکی خەیاڵی خۆش بوو، هەمیشە وا بووە مرۆڤەکان بۆ هەڵاتن لەدەستی گرانی ژیان پەنایان بۆ ئاسمان بــردووە، کاتێک کە لەسەر زەوی وەڵامی پرسیارەکانمان دەست نەکەوێ ناچارین پەنا بۆ ئاسمان ببەین تا هیچ نەبێت لەوێ وەڵامەمان دەستکەوێ، با وەڵامەکانی ئەوێ خەیاڵیش بێت، ئێستا ئینسانێک لەزەوییەوە دەچێت بۆ ئاسمان تالەدەستی کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵام رزگاری بێت، بۆ ئەوەش لەم واسواسەیە رزگاری بێت دەبێت بپووکێتەوە، پووکانەوەو هیچیتر.

خورماتوو ٢٠١٢



# ڕۆژی دادگایی

کەتان خادیمی

دوای ژمارە دە... چەندە... یانزدە و دوانزدە... دڵت خۆش بوو کە دەزانیت دوای ژمارە دە چ ژمارەیەک دێت، من و پارێزەری، هەمیشە کەمترین نمرە نمرەی من بوون، لە داڕشتن و وێنە کێشاندا نەبێت ئەویش هیچکات هیچ نەبوون لە تەرازووی ژیانی مندا.

من هەر زۆر بلێ بووم و بەس، لەسەر هەموو شتێک دەنگم بەرز دەکردەوە، مامۆستاکانیش پێیان دەوتم مەحامیت... بەتایبەت لەوکاتانەدا کە مامۆستایەک لە کچێکی بدایە ئۆقرەم لێدەبڕا.

سەرت نا بەپەنجەرە بچووکەکەوە تاکەمێک هەناسە بدەیت، هەرچەندە ئەو هەوایەی کە لەوێوە دەهات هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ هەوای ژورەکەدا، دەتویست لەوێوە بیر بکەیتەوە، بیرکردنەوە بۆ بەیانی کە ڕۆژیی دادگایی کردنەکەیە، بەردەوام ئەو پرسیارەشت لە خۆت دەکرد، کە بۆچی دەبێت تۆ ببیتە پارێزەری ئەم هەموو کچ و ژنە.

–دەبێت بەیانی کێ ئەم دادگاییە بەڕێوە ببات؟ مامۆستاکانی قوتابخانە یان ئامۆزاکانم یان ئەو کوڕە شپرزەیەی کە سەرە ڕێگەکانی لێدەگرتی و باسی ئەم ڕۆژانەی بۆ دەکردیت.

خوایە گیان چۆن لەناو ئەم بۆنی عارەق و خوێن و هەناسانەدا بیردەکرێتەوە،

بیرکردنەوەیەک چەندین وەڵامی پێبێت.

من دەزانـم ئەم زیندانە دروستکراوی خۆمانە و هەردەبێت خۆیشمان بیرووخێنین، ئەم بلۆکانە خۆمان هەڵمانچنیون... ئەم نەخش و نیگارانە، دەسکردی چەندان ساڵەی خۆمانن، چەندین جار لێیان دەپاڕامەوە کە بۆنی ئەم دیوارانە بکەن بزانن... بزانن هەمان بۆنی دەستەکانیان نییە؟ وەرن بزانن ئەم دیوارە بۆنی دەستەکانی دایکتانی لێنایەت کە بە جەژنان ماچتان دەکردن؟ ئەو کچانەی ڕۆژبەڕۆژ قژەکانیان درێژتر و ئاڵۆسکاوتر دەبوون، ڕۆژ بەڕۆژ ڕەنگ زەردتر و غەمگینتر... جلە یەک ڕەنگەکانیان کۆن و کۆنتر، دەبەنگتر و لەگەڵ یەکترا کەمدووتر دەبوون.

لەو کاتەوەی لێرەین ڕۆژ بەڕۆژ کێشەکانمان قوڵتر دەبنەوە، هەر ڕۆژە و کچێک خوێن بەژێریا جۆگەلە دەبەستێت، هەندێک جاریش لەتاو ئازاری ڕۆحیان بەردەبنە سەر و قژی یەکتری، هێندە لەیەکیان ئەدا تا سەروچاویان پڕ ئەبوو لەخوێن، ئەمەش بۆئەوانی تر سەیرکردنی دیمەنێکی بەچێژ دەبوو، بۆیە کەس دەستی نەدەگرتن.

دەزانم لە ناوەڕاستی شاردابن، ئاخر من کوچە بەکوچەی ئەم شارە شارەزام، نەخشەی ئەم شارە لەدڵمدایە.

دەزانم ئەم زیندانە گەورەترین باڵەخانەیە لەم شـارەدا، دەبێت هەموو ڕۆژێک بیر بکەمەوە کێ دروستی کرد، خۆم بووم یان ئامۆزا چەکدارەکانم یان مامۆستاکانی قوتابخانەم بوون، یان ئەو کوڕەی سەرەڕێگەکانی پێدەگرتم و دەیوت تۆ بەرە و زیندانێک ڕێگا دەبڕیت، نەک تەنها تۆ هەموو کچانی ئەم شارە دەبێت دوا ساتەکانی ژیانتان لە زینداندا بەڕێ بکەن.

سەیرێکی کچەکانت کرد، هەستت کرد کە تۆش خەریکە ناوەکانیان بەسەریەکا تێکەڵ دەکەیت... نەسرین و نەشمیل و شیرین و... ترسێکی بێئەندازە دایگرتیت، ئەمە ئەوە بوو کە لێیدەترسایت، ئەگەر تۆش وەک ئەوانت لێبێت ئیتر کێ لە خەمی ئازادکردنیان بێت، نەتدەزانی ئەوەی سەری لە کۆشی ئەویدیکەدایە ناوی چییە، بەڵام گوێت لە مشتومڕیان بوو دڵت بۆیان دەسووتا.

– سەرت نوقم بووە...

– من چەند لەسەرت لێئەکەمەوە دەبێت تۆش ئەوەندە.

– یەک و دوو... دە، زانیم نازانن لەدوای ژمارە دە چەندە، دڵنیام کە پاش ماوەیەکی تر ژمارە یەکیشیان لەبیر دەچێتەوە ناتوانن ئەسپێکانی سەری یەکتری بژمێرن، دڵنیام ئەوەشیان لەبیر دەچێتەوە.

لێرە رۆژ بەرۆژ خووی سەیرترمان دەگرت، وەک منالٚ بەنیوە شەواندا دەگریاین وەک گریانی ئەو منالاٚنەی کە بۆشیر دەگرین، بەو دەستە گەوجانەمان یەکتریمان ژێر دەکردەوە، تەنها منم کەمێک خەیالٚ لەبنی زاکیرەم نیشتووە، ئەویش بەخوێندنەوەی برینەکانی جەستەم یان بە گوێگرتن لە دڵی دایکم کە لەم بلۆکانەوە دەیبیستم، سەیری ئەم کراسە ونجڕ ونجڕ بووە ئەکەم کە رۆژ بەرۆژ کورتتر دەبێتەوە لەبەرم، ئاخر دەبوو هەموو سەری مانگێک کەمێکی لێبدڕێنم، یان هەندێک جار ئەم قژە ئالۆسکاوانەمم پێدەبەست، یان دەمپێچا لە برینەکانی قاچم، شەوانەش ئەوەیان کە لێیئەدزیم بۆ بەیانی بەچاویا دەمزانی کامەیانە.

لێرە رۆژ بەرۆژ تامی خواردنەکانمان لەیاد ئەچنەوە... ئاخر لێرە ژەمەکان یەک جۆر و یەک رەنگن.

بەیانی رۆژی دادگاییکردنەکەیە، دەبێت بزانم ئێمە بۆچی لێرەین، تا ئەم ساتەش نازانم چی بڵێم... ئێستا وەک کچە زۆر بڵێکەی جاران نیم، هێندە دەزانم گەر بزانم کێ ئێمەی زیندانی کردووە، ئەوا دەشزانم بۆچی لێرەین و چۆن ئەم کچانە دەرباز بکەم، یان کەی بوو زیندانیی کراین؟

من تەنها چیرۆکی هاتنی خۆم و چیرۆکی کچێکی ترم لەیادە، ئەو کچەی کە هەمیشە زمانی دەگیرا، گوێگرتن لێی حەوسەڵەیەکی دەویست، رۆژێک تادەمی خۆر ئاوابوون باسی خۆی بۆ کردم، ئیستا لەو هەموو چیرۆکەی ئەو تەنها کەمێکیم لەیاد ماوە، ئەو کچە دەیوت... ((رۆژانە کە دایکم قسەی لەگەڵ باوکمدا دەکرد، بچووکتر دەبووەوە، وامدەزانی لەم ماڵەدا نییە، تەنها نووزەیەکی لەژێر کەلوپەلەکانەوە دەهات، بەڵام باوکم بەپێچەوانەوە کە بەرامبەر دایکم قسەی دەکرد، بەتایبەت لەکاتی توڕەبوونیدا، وشە بە وشە گەورەتر دەبوو، تاوا هەستمان دەکرد سەری لە بنمیچەکەوە چۆتە دەرەوە و دەنگی لە کۆڵانەوە دێت، لە دەرگا و پەنجەرە کراوەکانەوە دەهاتەوە ژوورەوە، من دەبوو بگەڕێم تابزانم چەند کەس دایک و باوکیان وەک دایک و باوکی منە، بوومە ئەندام لەزۆر رێکخراودا، هەموو ئەو شوینانەی کە لە تەلەفزیۆنەکانەوە ریکلامیان بۆ دەکرا، هەموو ئەوانەی کە دوو سەعات میوانی بەرنامەیەک دەبوون و دواتر دەیانوت هێشتا زۆر شت مابوو باسی بکەین، هەموو ئەمانە بەلاقرتێوە دەیانوت دایکی ئێمەش وایە، ون دەبێت و نایدۆزینەوە، من بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەم دەست بکەوێت دەبوو دەستم بچێتە خوێنی زۆر کەسەوە، ئاخر وتیان ئەو وەڵامە لەناو بۆنی خوێنی کەسێکدایە، دایکم دەیوت بە منالیی لەسەربڕینی مریشکێکەوە بە بەرچاوتەوە، تووشی زمان گیران بوویت، دواجار کارکردنم لەگەڵ گرووپی

(کچانی ڕەشپۆش) وتیان برۆ بۆ ئەوێ، لەوانەیە لەوێ فێربیت کە بۆچی دایکت قسە لەگەڵ باوکتا دەکات بچووک دەبێتەوە، باوکیشت گەورە دەبێت)). تەنها هێندەم لە بەسەرهاتی ئەو کچە لەبیر ماوە، کە ئێستا خۆی ئەمەیشی لەبیر نەماوە، زمان گیرانەکەشی خراپتر بووە، بەشێکی تر لەچارەسەر بیرکردنەوەیە لەو کوڕە هەمیشە دەسپێکێک بوو بۆ وەڵامێک، ئەو کوڕەی کە ڕۆژانە سەرەڕێی لێدەگرتم و دەیوت هەموو نهێنییەکان لای منن.

کەچی من وەک ترسی هەموو ئەو کچانەی کە غەریبەیەک قسەی لەگەڵدا بکات، دڵم دەکەوتە ترپە ترپێکی ناساز... کە پێکەنینی کچە هاوڕێکانم دەبینی، هێندەی دی خەیاڵم پەرت دەبوو، ئەو دەیوت تۆ تاکە کچێکی کە دەتوانیت زۆر شت بزانیت و هیچیت لەبیر نەچێت... دوای ڕۆیشتنی ئەو کوڕە غەریبە، هەر کچە و لەلایەکەوە پرسیاری لێدەکردم.

– ئەم شتە عەجیب و غەریبە چییە!

– بۆ باوکت ئەشێ کچێ...

– نەدەکرا کەسێک بێت، کەمێک بزانێت جلەکانی ڕێکبخات، یان قژی دابێنێت یان... من هیچ لەو قسانە تێنەدەگەشتم، ئەوان لە من زۆرزانتر بوون، من بێ مەبەست قسەم لەگەڵ دەکرد، بەڵام دووبارەبوونەوەی یەکتر بینینەکە هەلایەکی نایەوە لەناو کچە هاوڕێکانما.

لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا کە گەڕامەوە بۆ ماڵ، دایکم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو... وەک ڕەنگی ئەم کچە زیندانییانەی هاوڕێم، لێوەکانی دەلەرزین، بەهەردوو دەستی دەیکێشا بەسەر و چاویا هەروەک ئەو ڕۆژەی کە باوکمی تیا مردبوو.

– باوانت شێوێ، من بەبێوەژنی و داماوی تۆم گەیاندە ئێرە، ئێستا ئەڵێن لەگەڵ شێتۆکەیەک بینویانیت قسەت کردووە، وەڵڵا هەر ئەمەمان کەمبوو باوانت شێوێ... ئامۆزاکانت بزانن هەپرون هەپرونت ئەکەن.

دایکم پڕ بە ماڵەکە ئەیقیژاند... ئەمزانی هەموو کۆڵان گوێیان لەو زریکانەیەتی، دەرفەتی بە من نەئەدا کە تێیگەیەنم، کە من هیچ شتێکم نییە لەوی بشارمەوە، لە ناچاریا منیش وەک ئەو دەستم بە زریکە زریک دەکرد، تادەهات دایکم تووڕەتر دەبوو، ناچار چوومە ئەو ژوورەی کە دایکم کردبووی بە ژوور بۆ زەخیرە، وەک هەموو ئەو بێوەژنانەی کە هەمیشە دەڵێن گرانیی بەڕێوەیە و زروف باش نییە.

سەرم خستە سەر ئەو فەردە زەخیرانە و گریام و گریام، ئیتر نازانم کەی بوو خەوم لێکەوت، شەو کە خەبەرم بووەوە بۆ یەکەم جار دایکمم بینی بە

روخسارێکی جیاواز، وامدەزانی کە ئەمە ژنێکی ترە، نەک دایکم هەروەک ئەو خەوەی من چەند ساڵێکی خایاندبێت، بەدەیان چرچ و لۆچ لەسەر روخساری کێشرابوون، دەستەکانی دەلەرزین، چاوەکانی نیشتبوون وەک ئەوەی رۆژانیکی زۆر بێت نەخەوتبێت، منیش وەک ئەو رۆژانەی کە منالاَن لێیان ئەدام، تاکە پەناگەیەکم ئەو دەبوو، خۆم خستە باوەشی و توند دەستم کردە ملی وەک ئەو کچ و دایکانەی کە سالاَنێکی زۆر بێت یەکتریان نەبینیبێت، هەردووکمان بەکوڵ دەگریاین، ئەو بۆ رەنجی بەباچووی چەند ساڵەی بێوەژنیی خۆی، کە خۆی بە یەکێک لە بێوەژنە دۆڕاوەکان دەزانی، منیش بۆ ئەو حاڵی نەبوونەی ئەو، بەدەم گریانەوە پێموت من ئەو کوڕە ناناسم... قسەشم گەڵ نەکردووە ئەو بوو وازی نەدەهێنا، ئەو دەیویست نهێنییەکم پێ بڵێت.

– نابێت وەلاَمی هەتیو و مەتیو بدەیتەوە، نهێنی چی و شتی چی، ئاوا ئابڕووی خەڵک ئەبەن.

دەبوو لای ئەو شتی زۆر تر فێرببم، تا ئەم کچانەی پێ ئازاد بکەم، هەرچەندە دڵنیام دوای ئازادبوونیان ماڵەکانیان دەکەنەوە بە زیندان، مەحاڵە جارێکی تر بتوانن بفڕن و لە شەقەی باڵ بدەن مەحاڵە...

بۆیە هەرچی بکەم دادگاییەکەی بەیانی بێئەنجام دەبێت، ئاخر من لەوەوە فێری خوێندنەوەی کتێب بووم، ئەو کتێبانەی هەر رۆژە و لا پەڕەیەکیان لە زاکیرەمدا هەڵدەوەرێت، هەر رۆژە وگەلاَی دێڕە شیعرێک لە دڵمدا هەڵئەوەرێت، ئەو رۆژ بەرۆژ شپرزەتر دەبوو، شپرزەییەکەی لەرادەبەدەر بوو، قۆپچەکانی کراسەکەی سەروخوار دائەخست، هەمیشە جووتیک قۆنەرەی دڕاوی و قوڕاوی ئەکردە سەر پێیەکانی، پانتۆڵەکەی جلە کۆنەی سەربازی بوون کە دەوڵەت بێبەرامبەر دابەشی دەکردن بەسەر فەرمانگەکاندا، قایشێکی وەک قایشی قەسابەکانی لە کەمەری توندکردبوو، لەبەر نەمانی قۆپچەکانیان قۆڵەکانی هەمیشە هەڵدرابوونەوە.

بەم سەرو سیمایەیەوە، هەمیشە دەیوت ژیانێکی ناو زیندان بەرێوەیە، ماوەیەک بوو هەستم دەکرد دایکم و ئەو بێوەژنانەی هاوڕێی کە مانگانە پێکەوە دەچوون بۆ مووچە وەرگرتن، ماوەیەک لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە ماڵ دەرئەچوون، بێئەوەی بزانم بۆ کوێ ئەڕۆن، تەنها هەستم ئەکرد کە رۆژ بە رۆژ دەستەکانی دایکم زبرتر دەبوون، وەک دەست و پەنجەی کرێکارێکی پیاو، چەند جارێک پێم وت پێویست ناکات کار بکات ئێمە تەنها دوو کەسین لەم ماڵەدا، بەلاَم هەمیشە هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشا و هیچی نەدەوت.

بەر لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ، ئیتر نەهات سەرە ڕێم لێبگرێت، دڵنیا بووم کە دەستی ئامۆزاکانمی تێدایە، چونکە لەو چەند ڕۆژەدا هەر چپەچپیان بوو لەگەڵ دایکم.

لەدوای مردنی باوکمەوە یەکەم جاریان بوو ئاوا لە خەمی ئێمەدا بن، چونکە هیچ کات نەیانپرسیوە چۆن ئەژین، بەڵام ئێستا هەریەکەیان بووبوونە باوکێک.

دوای ماوەیەک تاسەی دیداریم دەکرد، نەبینینی زیاتر منی بردە نێو نووسینەکانییەوە، ئەو نووسینانەی کە هەموو کەس وایدەزانی نامەی سۆزدارین، بەڵام جیاواز لە بیرکردنەوەکانی ئەوان، ئەو نامانە دونیایەکی تریان لای من بەرجەستەکرد، دێڕ بە دێڕی شیکاریان دەویست، ئینجا زانیم دەبوو زۆرتر لەو کوڕەوە نهێنی فێرببم، بەتایبەت کە هەمیشە دەیوت زیندانێک بەڕێوەیە، ماوەیەک بوو هەستم بەوە کردبوو کە دایکم و هەموو ئەو بێوەژنانەی تر کە مانگانە پێکەوە دەڕۆشتن بۆ مووچە وەرگرتن، خەریکی کارکردنن بێئەوەی بزانم بۆکوێ دەڕۆن، تەنها ئەوەم دەزانی کە دایکم سەرقاڵی کارێکی قورسە، دەستەکانی وەک دەستی کرێکارێکیان لێهاتبوو، ڕۆژ دوای ڕۆژ زبرتر و بریندارتر دەبوون، کە پێشم دەوت پێویست ناکات کار بکەیت، وەڵامی نەئەدامەوە تەنها هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشا، بۆیە منیش کەوتمە سۆراخکردنی ئەو کوڕەی کە سەرنگومیان کرد، تاچەند نهێنییەکی ترم دەستکەون، نەمدەزانی لە کامە گەڕەکی شاردا دەژی، ئاخر شارەکان هەمیشە لە دوو بەش پێکدێن، لایەکی گەڕەکە چەپەکە هەژارەکانن، لایەکەی دیکەشی گەڕەکی سەرمایەدار و دەستڕۆیشتووەکانن، ناچار گەڕەک بەگەڕەک و ماڵ بەماڵی ئەم شارەم تەیکرد، تەنها خەمی ئەوەم بوو ئەو غەریبێک یان ڕێبوارێک بووبێت ڕێی کەوتبێتە ئێرە، ڕۆژانە لەڕێی قوتابخانەوە خۆم ئەدزییەوە بۆ سۆراخکردنی ئەو کوڕەی کە ناویشیم نەدەزانی و لە ژیانیشمدا هیچ کات نەبووە جێگای سەرنجم، کەچی ئێستا بوومەتە عەوداڵی، شەقام و کۆڵانەکان بەدوایدا شەق دەکەم .

دواجار لە یەکێک لە گەڕەکە فیرعەونییەکانی ئەم شارەدا، خانوویەکی گەورەیان پێنیشاندام کە کرێچیان هەبوو، لە دەرگای ژێرزەمینەکەمدا، دەنگی ژنێک هات وەک ئەوەی چەندین ساڵ بێت قسەی نەکردبێت وشەکان ئاوا لە زاری دەردەچوون، وتی: کاکەگیان دەمزانی دێیتەوە. دەرگاکەی کردەوە، ئەو ژنێک بوو هەروەک دایکم دەستەکانی بە چیمەنتۆ سووتابوون، دیاربوو کە ئەویش کرێکاریی دەکات، بە بینینی من بێتاقەت بوو، ویستی دەرگاکە داخاتەوە بەڕوومدا، منیش توند دەستە زبرەکانیم گرت و خۆم ناساند، شەرمم دەکرد کە

ناوی کوڕەکەیان نازانم تەنها ناوونیشانەکەیم پێ وت، سەرتاپێی زۆر هونەرییانە وەسفم کرد، بەڵام لەو وایە کە تەرمێک بەو ناوونیشانە دۆزراوەتەوە. دەستی کرد بە گریان، دەیوت دواجار ئەو هەواڵەی کە نەمویست بیبیستم وا بیستم، نەمدەزانی بەچ زمانیک حاڵیی بکەم هەواڵی مەرگیم نەهێناوە.

وتم: من ئەم کوڕەی ئێوەم چەند ساڵێک بەر لەئێستا بەم شێوەیە بینیوە.

خێرا دەستی کردە ملم و ماچی کردم وتی تۆش ئاگری دووری ئەو دەتسووتێنێت، مەعشوقەکەی ئەویت، دەستی گرتم و بردمییە ژوورەوە، جامێک ئاوی بۆهێنام، بەدەم گریانەوە وتی: دایکی کوێربێت، چەند ساڵە بێسەر و شوێنە، تاکە کەسیت هەواڵی دەپرسیت.

کە داواشم لێکرد دەمەوێت کەلوپەلەکانی ببینم، دەیوت لەدوای کاکە گیان دەرگای ئەو ژوورەم نەکردوەتەوە، لێی پاڕامەوە کە ئیزنم بدات سەیری کەلوپەلەکانی بکەم، جارێکی تر ماچی کردم وتی: دەزانم تۆش ئاگری دووری ئەو دەتسووتێنێت، ویستم بزانم ناوی چییە، بەڵام ئەو هەر دەیوت کاکەگیان، پێم شەرم بوو پرسیاری ناوەکەی لێ بکەم، دەرگای ژوورەکەی بۆکردمەوە، دایە پڕمەی گریان و منی بەجێهێشت، ژوورێک لەوپەڕی بێتفاقیدا بوو، لەنێو تاقێکدا چەند کتێبێک و وەتاخێک بەلولکراوی دانرابوو، چەند کاغەزێکی نووسراویش لە تەنیشت وەتاخەکەوە بوون، وەک ئەوەی ئەو کەسە تا خەو بردبێتییەوە خەریکی نووووسین بووبێت، لە خوارەوەی ژوورەکەدا چەند پارچە جلکێک کە دیاربوو کرێکارییان پێوە کراوە، لەگەڵ جووتێک قۆنەرەی دڕاودا دانرابوون، پۆشاکەکەم ناسییەوە، هەمان ئەو پۆشاکە بوو کە زووربەی کات لەبەریدا بوو، قاتێک بیجامەش بە بزمارێکەوە هەڵواسرابوو.

دایکی لەدەرەوە بانگی لێکردم توخوا چۆن ئەو شتانەی داناوە با هەروابن، ئیشەڵڵا دێتەوە.

ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەو نەخشە زۆر و زەبەندانە بوون، کە بەو ئاسانییە بۆم نەدەخوێنرانەوە، بۆیە چوومە دەرەوە، داوام لە دایکی کرد کە ئیزنم بدات هەندێک لەم کتێبانە بەرم لەگەڵ خۆم، بەڵام ئەو بە داواکەم رازی نەبوو، وتی حەز دەکەیت هەموو رۆژێک وەرە سەیریان بکە، بەڵام ناتوانیت هیچکامێکیان لەم ماڵە بەریتە دەرەوە.

دوای ئەو چەند ساڵە گەڕان و سۆراخکردنم ئەو رۆژە زۆر بە خۆشیی گەڕامەوە، هەرچەندە کات درەنگ بوو، ساڵانێک بوو نە من لە دایکم دەپرسی نە ئەویش لە منی دەپرسی لەکوێ بوویت؟ هەروەک ئەوەی هەردووکمان چاوەڕیی

کارەساتێک بین، یان دابڕانێکی هەتاهەتایی، یان هەریەکەمان نەخشەیەکمان لە خەیاڵماندا کێشابوو کە کەمتر دەمانپەرژایە سەر یەکدی، دایکم شەوانە لەتاو ئازاری جەستەی و ماندووبوونی ڕۆژی، منیش لەتاو ئازاری برینی پێیەکانم، هەردووکمان چاومان دەبرییە بنمیچەکە و هیچمان نەبوو بەیەکتری بڵێین، نە ئەو ڕۆژێک باسی ماندوویی خۆی بۆ کردم، نە منیش توانیم باسی ئازارەکانی خۆمی بۆ بکەم پاش عەودالبوونم لە دووی ئەو کوڕەی بێ سەروشوێنیان کرد، پێدەچوو من بمتوانیایە کەمێک لە ئازارەکانی ئەو کەم بکەمەوە، ئەویش شوێنەکەی ئەوم پێ بڵێت، بەڵام هیچ کات هیچم لەو نەبیست، تەنها دەیوت ژیانی ناو زیندان لەوە باشترە مەی بگێڕیت بۆ پیاوان، زیندان باشترە... زیندان باشترە...

ڕۆژانە دەبوو من بچمە ماڵی ئەو بێوەژنە تەنیایە، کە هەرچی لەدەرگام ئەدا دڵی خورپەیەکی دەکرد و دەیوت یائەللا... کاکەگیان هاتەوە... منیش تا زیاتر خەمی نەدەمێ، دەموت دایەگیان ئەوم دەزگیرانەکەیم، دەبوو وا بڵێم تا دڵخۆشی بکەم و هەم زیاتر ڕێگام بدات بەنێو شتەکانیدا بگەڕێم، ئەویش وەک دایکم هەمیشە ماندوو بوو، دەمزانی کە کرێکاریی دەکات، بەڵام دەبوو ئەو ڕۆژە دواجارم بێت، چونکە ئەو نەخشەیەی کە پێویستم بوو ڕۆژی پێشووتر لە توێی کتێبێکی شیعردا دۆزیمەوە، بەشێک بوو لەو وەڵامەی من بەدوایدا دەگەڕام، بەڵام نازانم ڕێگام لێ ون بوو، یان شوفێرەکە بەئەنقەست هێنامی بۆ ئێرە، ئەم زیندانە کە دیوارەکانی بۆنی دەستەکانی ژنانی شاریان لێدێت، بەیانی دادگاییکردنەکەیە، دەبێت کێ بەڕێوەی ببات، داخۆ بتوانم ئەم کچە چڵکنانە ئازاد بکەم...

٢٠١٢

# خەون

عەلی ئەحمەد

ئەمڕۆ زیاد لە ڕۆژەکانی تر لە ژوورەکەیدا مایەوە، خواردنی ناو قاپەکەی بەردەستی وەک خۆی وەهایە، پەرداخە ئاوەکەش هیچی لێ نەخوراوەتەوە، لە بەیانی دوێنێوە غەمێکی قوولّ بەقەد قوولایی گەردوون ناخی داگیرکردووە.

چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون، لێوەکانی وشک، لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشتووە و قۆڵەکانی خستووەتە ژێر چەناگەی و نێوچاوانی لەسەر هەردوو بەرزایی ئەژنۆکانی داناوە، دوو هەفتە لەمەوپێش بەتەنها لە ماڵەوە بوو، کتێبێکی دەخوێندەوە، هێندە ماندوو بوو خەوەنووچکە دەیبردەوە، دێڕەکانی لەبەر چاو تێکەڵ دەبوو.

کتێبەکەی دانا، ئەوەندەی نەبرد خەوی لێکەوت، لە خوێندنگە دەگەڕایەوە، لەگەڵ هاوڕێیەکیدا خەریکی قسەکردن بوون، لەناکاو لە نزیک بینایەکی تازە دروستکراو کە لم و چیمەنتۆیەکی زۆر نیوەی جادەکەی گرتبوو. ئۆتۆمبێلێک خۆی بە هەردووکیاندا کێشا، ئێستا لە ڕاڕەوی نەخۆشخانەیەک کە بۆنی بۆیاخی تازەی لێهەڵدەستێ، بەهێواشی هەنگاو هەڵدێنێ، دڵی وەک ئەوەی چەند دەقیقەیەک لەمەوپێش کەوتبێتە کار، بەلاوازی لێیدەدا، کراسێکی سپی درێژ تا ئەژنۆکانی جەستەی داپۆشیبوو، نەعلێکی ڕەش سپیایی پێیەکانی وەدەردەخست. تەڕایی قژی شان و ملی فێنکدەکردەوە، دەستی برد بۆ سەری، زانی سەرپۆشی بەسەرەوە نییە.

پەنجەکانی هێنا بەگۆنایدا ساف و بێ زیپکە بوون، هیچ شوێنەوارێکی تووکە نەفرەتییەکانی سەر چەناگەی بەر پەنجەکانی نەکەوتن، خورپەیەک هات بەدڵیدا.

دوو مەترێک لە پێشییەوە دەرگایەکی بەنیوە کراوەیی بینی، بەرەو رووی رۆشت دەسکی درگاکەی گرت و کردییەوە، گڵۆپێکی کزی بچووک هەڵدەبوو و دەکوژایەوە، راڕەوەکە هەموو ژووری داخراو بوون، هەموو ژوورەکان گەڕا، بەڵام لە هیچیاندا ئاوێنەیەکی نەدۆزییەوە، لەوانەیە بەدرێژایی زەمەن بگەڕێت، هێشتا ئاوێنەیەک نەدۆزێتەوە.

زەنگی مۆبایلەکەی بەخەبەری هێنا.

ئاشنای هاوڕێی بوو، سەبارەت بە وانەکانیان قسەیانکرد. ئەم هەمیشە بیر لە رووخساری خۆی دەکاتەوە، رووخسارێکی رەش و ناخۆشەویست، پەڵەیەکی سپی لەسەر گۆنای هەبوو، تا ئێستا چەندین دەرمانی بەکارهێناوە، بەڵام ئەو هەر لە جێگای خۆیایەتی، هەربۆیە بەردەوام نیگەران و غەمبارە، ئەم کچی یەکەم ژنی باوکییەتی، بەڵام ئێستا لەگەڵ باجییە تازە فیلاوییەکەیدا دەژی، چونکە باوکی هەشت ساڵ لەمەوپێش بە بەرچاوی دایکییەوە وەک ئاژەڵێک بەدوای خۆیدا کێشیکرد و ئیتر لەو کاتەوە چەند جارێکی کەم نەبێ دایکی نەبینیوەتەوە.

رۆژێک لەسەر لاپەڕەیەکی بچووکی لاکێشەیی ئەمەی نووسی "ئەگەر تەنیا بۆ چاودێری و بەزەیی پێداهاتنەوەی ئەمیش بووایە هەردەبوو خودایەک بوونی هەبێ!"

رۆژێکی تر دوکاندارێک بە چاوێکی هەوەسبازانە تەماشای کرد، بۆ شەوەکەی درەنگانێک خەوی لێکەوت.

ئەرێ بەڕاست ئەو هەموو خەونانە چین مرۆڤێکی لاواز هەیەتی! هەرگیز نەمتوانیوە سەر لەم هاوکێشەیە دەرکەم... زۆرجار بەزەییم بەخودی مرۆڤ دێ، چەند سادە و ساکار بەهیوای ئاسودەییە لە رێگایەکدا کە تەڵەی مردن لە ساتێکدا پێیەکانی دەگرێت! ئای لە مردن!

- بۆ چ عەیبێکم هەیە؟

+ هەر ئەمەی کەمردنی کارەساتی!

- کامەیە کارەسات؟ +ئەگەر من نەبم تۆ نیت.

+ تێناگەم؟

- تا ئەو کاتەی من هەم تۆش هەیت، کاتێکیش کە ئیتر بوونێکم نییە زیندوویەک لەم سەرزەوییەدا بێ وجوودە.

+ ئۆف، دیسان دەستت کردەوە بە فەلسەفە لێدان.

- ئەوە حەقیقەتە.

+ تۆ باسی حەقیقەت دەکەیت!؟ کە هەرچی حەقیقەت هەیە نابووتت کردووە.

- بەخوا ئێوەی مرۆڤ سپڵەن، چەندێکتان لەتاو ئازارەکانی ژیان بانگم دەکەن و خۆزگە بەدیدارم دەخوازن، کەم نین لە ئێوە لە پیر و پەککەوتەکانتان بێزارن و خوا خواتانە لە کۆڵتان ببنەوە.

لەم رۆژانەدا دکتۆرێک هۆشداری دایە، کە مەسەلەی پەڵەی سپی و تووکنی رووخساری هێندە بەقورسی نەگرێ، چونکە ئاکامی باشی نابێت لەڕووی دەروونییەوە.

پیرێژنێکی دراوسێشیان چەند دەرمانێکی گیای بۆ تێکەڵ کرد. حاجی ژنێکیش دوعای باشبوونەوە.

ئەم حەز دەکات هەمیشە ئاسمان ساماڵ بێت، هیچ پەڵە هەورێک وەک پەڵەکەی رووخساری بە ئاسمانەوە نەبێ...

عەسری ئەمڕۆ شقارتە سێ ئەستێرە پاکستانییەکەی هەڵگرت، بەدوای دەنکێکدا دەگەڕا زۆرترین گۆگردی پێوەبێت، دەریهێنا، بەئەسپایی بە قەباغە زبرەکەیدا خشاندی، یەک جار، دووجار بۆ سێیەم جار گڕێکی بۆنداری لێهەسا، تەباخەکەی پێداگیرساند، قۆرییەکەی خستە سەر، پاش کەمێک پەلکە چایەکان ورووژان و بورکان ئاسا بەرز دەبوونەوە، لە هەموو لایەکەوە قوڵپیان دەدا، لەم کاتەدا بۆچوونێک خۆی خزاندە مێشکییەوە، ژیان وەک ئەم قۆرییە وایە، بە هۆکارێگەلێک لە ئەوین یان ترس هەستمان دەبزوێت و ناخمان دەکوڵێت.

بۆنی زۆر کولانی چاکە هێنایەوە سەرخۆی، دەسکی قۆرییەکەی گرت، دەستی سووتا.





# فەرهاد پیربالْ:
# من لە فرۆکەیەک بەربوومەتە خوارەوە بووم بە چوار پێنج پارچەوە

سازدانی: حەمە مەنتک

**فەرهاد پیربالْ هەمیشە بەوە ناسراوە ئەزموونی نوێ تاقی دەکاتەوە. لەم ماوەیەدا کۆڕێکی لە شاری هەولێر سازکرد، لەوێدا دوو بەرهەمی شیعری خۆی، کە بەزمانەکانی فارسی و عەرەبی نووسیبوونی خوێندەوە.**

**هەر لەوێدا دانی بەوەدانا، کە زمانەکانی عەرەبی و فارسی بەباشی نازانێت، ئەمە بووە خاڵێک و جێی سەرنج لەلام، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەو ئەزموونەی فەرهاد پیربالْ، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی سازکرد، کە تێیدا چۆنییەتی نووسین و ئەنجامدانی ئەو ئەزموونەمان بۆ باس دەکات.**

**لەم ماوەیەدا لە کۆڕێکدا دوو بەرهەمی شیعریی خۆت بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی خوێندەوە، ئەگەر تەماشای شیعری شاعیرانی کلاسیک بکەین، بۆ ئەوەی توانایی و باڵادەستی خۆیان لە شیعرنووسین بنوێنن، بەفارسی و عەرەبی دەیاننووسی، تۆ بۆ چی بەفارسی و عەرەبی شیعرت نووسی؟**

تێبینییەکی جوانە، لەبەرئەوەی هەست دەکەم لە فڕۆکەیەک بەربوومەتە خـوارەوە، بوویمە چوار پێنج پارچە. هەر پارچەیەکم کەسایەتی تایبەت و سەربەخۆی خۆی هەیە. پارچەیەکم بوویتە عەرەب، بە عەرەبی دەنووسێ، شێوازی نووسینی ئەو عەرەبە بەسەد و هەشتا پلە لە شێوازی نووسینی شاعیرە فارسەکەم جیاوازە. ناوەرۆکی شیعرە عەرەبییەکانم دیسان بەسەدو هەشتا پلە لە ناوەرۆکی شیعرە کوردییەکانم جیاوازە و تەکنیکی شیعرە کوردییەکانم سەدو هەشتا پلە لە تەکنیکی شیعرە فارسییەکانم جیاوازە. سەرجەم ئەو شیعرانەی بە فارسی لێم دەدا، هوردم دەکا، دەمکاتە ئەو وشانە، سەرتاپای جیاوازە. بۆ نموونە لە شیعرە فارسییەکانم عاشقم، عاشقێکی زۆر پیسم. بەڵام بە تەکنیکێکی زۆر تازە، وەختێک لەم ماوەیە کۆڕێکم لە تاران، لە بەرانبەر سی و حەفت شاعیری ئێرانی کرد، سەرسام بوون. دەتوانی لێیان بپرسی، دەتوانم ژمارە تەلەفۆنەکانیانت بدەمێ و لێیان بپرسی ئەوە(سەید عەلی ساڵحی) لێی بپرسە. من لەناو شیعرە فارسییەکانم کەسایەتییەکی وەهام، کەسایەتی شیعری دەڵێم، دەیخوێنییەوە، دیاریشە کەسێک ژیاوە بۆیە ئەو شیعرانەی نووسیوە. تۆ کاتێک پێ لە مێرووڵەیەک دەنێی، دواتر هەستت بەرانبەر ئەوە لەوانەیە ببێتە خاڵێکی شیعرییت، هەست بجوڵێنێ. کەواتە پێش ئەوەی ئەو شیعرانە بەفارسی، یان بە عەرەبی بنووسم ژیاوم. پاژێکی ئەو ژیانەم خۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، بەڵام بۆ بە عەرەبی دەنووسم؟ من ساڵێک زیاترە لەناو ئەو حاڵەتەدا دەژیم، بەڵام بە بیرمە کەم کەم دەستپێکرد، سەرەتا بە وێنەکێشان لە دیوانێک بە ناوی(ژیاننامە) کە بەمزووانە چاپ دەبێت دەستی پێکرد. لەم بەرهەمەدا هەم وێنە هەیە و هەم شیعریش، واتە وێنە و شیعرەکە دەربڕی یەکترین، بەو تەجرووبەیە دەستمپێکرد.

هەندێکجار وێنەکەم لە شیعرەکانەوە دروست دەکرد، هەندێکجاریش شیعرم لە وێنەکانەوە بۆ دەهات.

ئەزموونێکی وێنە و شیعر لەمنەوە لەدایک بوو. سەیرم کرد وێنەکان لەسەر کاغەزی ئەی فۆر دەرناچێت، چونکە وێنە سنووری فراوانە، لێرەوە تابلۆم دەستپێکرد، بیرمە یەکەم تابلۆم لە تاران کرد، ئێستا نزیک بە نەوەد و حەفت

تابلۆم لە ماڵەوە هەیە، ئەوجا خەڵک قەشمەریم پێدەکات، وەڵڵا فەرهاد رەسمیش دەکات، بۆ خۆیان بابڵێین من کارم بەسەر ئەو قسانەوە نییە. کەواتە ئەو تەجرووبەی تابلۆکێشانەشم هەر لە ئەنجامی ئەو بەربوونەوەیەم بوو. پێشتر هەمووی لەناوەخۆم بوو و بەکوردی دەمنووسی، هەرگیز بە خەیاڵم دا نەدەهات دەست بدەمە قەڵەم و بە فارسی بنووسم. زۆر نووسەری کوردیش قەشمەریم پێدەکەن، تۆ یەکەم کەسی قەشمەریم پێ ناکەیت و پرسیارم لێ دەکەیت. کوردەکان دەڵێم، عەرەب نا، عەرەب پاش ماوەیەکی دی لە بەغدا چاوەڕێم دەکەن،(حەسەن عەبدولحەمید) شاعیرێکی عێراقییە، نەدوەیەکی بۆ ڕێکخستووم لە مانگی سێپتێمبەر، کۆڕێکیان لە بەیروت بۆ ڕێکخستووم بە بۆنەی دەرچوونی دیوانە شیعرییە عەرەبییەکەم، کە پرۆفیسۆر(عیزەدین مستەفا رەسول) پێشەکی بۆ نووسیوە.

بە پێشەکی ئەو و وشەیەکی(خالد ئەلمعالی) لە (منشورات دار الجمل) لە بەیروت چاپ دەبێت. هەموویان سەرسامیان بە شیعرە عەرەبییەکانم دەربڕیوە، تا ئێستا سێ کۆڕم کردووە بۆیە ئەو قسانە دەکەم، لە سۆران سێ شیعرم بۆ(د. عیزەدین مستەفا رەسول) خوێندەوە، (محەمەد موکری و ڕێبوار سیوەیلی، قوبادی جەلیزادە) و کۆمەڵێک نووسەری دیکە دانیشتبوون، گوتی: من پێشەکی بۆ ئەو شیعرانەت دەنووسم. جگە لەو هەموو قەشمەریم پێ دەکەن، ئەوەیش هیچ لەلام گرنگ نییە،

هۆکارەکە ئەوە بوو لەناو فەرهاد پیربالی کورد تەحەموولم نەمابوو چیتر بمێنمەوە، تووشی ئەو تەقینەوەیە هاتم، تووشی ئەو پارچە پارچەبوونە هاتم کە ببمە ئەو عەرەبە، دەیناسم، خاولییەکی بەسەر شانی داداوە و فانیلەیەکی عەلاگە لەبەر دەکات، زوو زوو ردێنی دێ و دەیتراشێ، گەرمای دەبێت و لەگەڵ یەک دوو ژنی عەرەب پەیوەندی هەیە، بەڵام کاتێک قسە دەکات عەرەبییەکەی باش نییە. بەخەڵکی بەعقووبە دەچێت. جار جار بە عەرەبی دێتە ناوم و شیعر دەنووسێ، هەندێک سەیرە و حەزی لە ژنانە، هەندێک بە(بێکەس) ی باوکی(شێرکۆ بێکەس) دەچێت، بە(حوسێن مەردان) دەچێت. بۆیە شیعرەکانیشی ئەو یاخیبوونەی تێدایە، لەناو منە، تەکنیکی جوانە، شێوازی تازەیە، نەتەوەیی نییە، بەڵام یاخیبوویەکی گەورەیە. واتا من دەتوانم ئێستا بێم توێژینەوەیەک لەسەر شیعرەکانی بنووسم، رەخنەگرێکی عەرەب بێت لەو شیعرانە بکۆڵێتەوە، هی ئەو(فەرهاد پیربال)، کە بەعەرەبی دەنوسێ، بەمەرجێک فارسی و کوردیش بزانێ، باش دەتوانێت ئەوە جودا بکاتەوە ئەو شاعیرەم کە بە عەرەبی دەنووسێ، سەدو هەشتا پلە لەگەڵ

ئەو شاعیرەم کە فارسی دەنووسێ جیاوازە. بۆیەیش هیچ رەخنەگرێک نییە لە کوردستان لە فەرهاد پیربال تێبگات، چونکە هیچ رەخنەگرێک نییە وەکوو من سێ زمان بزانێت تاکو بێت شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە نێوان شیعرە عەرەبی و فارسی و کوردییەکانم بکات، لەهەمووی سەیرتر، پەیوەندی ئەوانە بە فەرهاد پیربالە وێنە کێشەکە. من دان بەوەدا دەنێم بوومە بە چوار پێنچ پارچە. هۆکاری ئەو پارچە پارچەبوونەم رەمزی قسە دەکەم کە دەڵێم لە فرۆکە بەربوومەتەوە، بەڵام واقیعەن من بەربوومەتەوە، شیعرێکیشم لەسەر ئەوە هەیە. لەبارەی سیمبوولیەوە من لە فرۆکەیەک بەربوومەتەوە، فەرهادێک شیعر بە عەرەبی دەنووسێ، فەرهادێک بە فارسی دەنووسێ، فەرهادێک کەمتر لە جاران بەکوردی دەنووسێ، فەرهادێکیتر وێنە دەکات، فەرهادێکیش جار جارە گۆرانی دەڵێت.

**لە کۆڕەکەدا دانت بەوەدانا، کە زمانی فارسی و عەرەبی باش نازانیت، ئەی چۆن توانات بەسەریاندا دەشکێت؟**

لە فارسییەکەی (بە قسەی سەید عەلی سالح)ی لە تاران لە کۆڕەکە پێمی گوت (فرهاد شما در زبان فارسی متولد شد)، واتا تۆ لەناو زمانی فارسی لەدایکبووی. هەروەها(سپانلو)ش کە هەندێک شیعرەکانی خۆمم بۆ خوێندەوە

ئەو شاعیرەم
کە بە عەرەبی
دەنووسێ، سەدو
هەشتا پلە لەگەڵ
ئەو شاعیرەم کە
فارسی دەنووسێ
جیاوازە. بۆیەیش
هیچ رەخنەگرێک
نییە لە کوردستان
لە فەرهاد پیربال
تێبگات، چونکە هیچ
رەخنەگرێک نییە
وەکوو من سێ
زمان بزانێت

گوتی: فەرهاد کێ دەڵێت تۆ فارسی نازانی ئەمەی کە دەنووسم مەبەستمە. کە لێم دەدا، بەڵام ئێستا تۆ وەرە بڵێ ئەو نامەیەم بە فارسی بۆ قونسڵخانەی ئێران بۆ بنووسە، نازانم بینووسم، کە قسەیش دەکەم وشەم بیر دەچێت، رستەی سەیر دەڵێم، تێکەڵ و پێکەڵ قسە دەکەم. فارسی نازانم، عەرەبیشم بەهەمان شێوە، لەناو برادەرە کوردەکانم کە بە عەرەبی قسە دەکەم، دەیانجار قەشمەریان پێکردووم. حەقیانە، چونکە نازانم، بەڵام کە شیعر دەنووسم، بەرانبەر هەرکەسێک، کە فارسی و عەرەبی دەزانێت دەوەستم. وشەم بەکارهێناوە(الاحرم) لەناو شیعرێکمدا گوتیان ئەو وشەیە عەرەبی نییە. ئەم وشەیە بۆ نموونە لە کوردی ئێمە حەراممان هەیە، کە بیکەینە پلەی بەراورد دەڵێین(حەرام- حەرامتر- حەرامترین) لە عەرەبی ئەوە نییە، لە کوردی هەیە(جوان- جوانتر- جوانترین) رێژەی سیفەتی سێیەم لە عەرەبی نییە. مێشکی من لەناو شیعری عەرەبی سیفەتی سێیەمی دروستکرد، سیفەتی سێیەمی(الاحرم)دروستکرد. عەرەبێک پێی گوتم: فەرهاد ئەم وشەیە لەناو عەرەبیدا نییە. گوتم مادام شتێک لەناو مێشکی من هەبێت دەبێت هەبێت. گەڕان و پرسیاریان کرد، یەکیان هاتەوە گوتی(الاحرم) پێش سەرهەڵدانی ئیسلام هەبووە، لە شیعری جاهیلی بەکارهاتووە، من بەرپرسی ئەو قسەیەی خۆمم کە دەیڵێم، وشەی(الاحرم)، کە بۆ یەکەمجار لەدوای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە لە شیعری عەرەبی من بەکارم هێناوە، ئەمە باسی داهێنانی من نییە، باسی ئەوەیە کە من لە فرۆکەیەک بەربوومەتەوە و مێشکم تێکچووە، قسەی جوان نەبێت نایڵێم، ئەو نمونەیەش کە هێنامەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم چاوپێکەوتنە با شاعیرە عەرەبەکان بە دوایدا بگەڕێن، ئەگەر وانەبوو من بەرپرسم لەم قسەیەم. ئەم وشەیە لە پێش ئیسلام هەبووە، کە لە کوردی دەبێتە حەرامترین.

**لە رووی تەکنیکەوە چۆن کارت لە نێو ئەم شیعرانەدا کردووە؟**

لە رووی تەکنیکەوە زۆر دڵخۆشە هەم لە فارسییەکان و هەم لە عەرەبییەکان، تەکنیکێکی وام بەکارهێناوە، زۆر بە دڵنیاییەوە قسە دەکەم، زۆر تەمەننا دەکەم رەخنەگرێک بێت و بڵێت ئەم قسانەی فەرهاد هەروەسەیە و هیچی تر. زۆر بە تەحەداوە دەڵێم لە سەیابەوە بگرە ئاگاداری شیعری عەرەبی هەم، تەکنیکێکم بەکارهێناوە لای هیچ کەسیان نییە، شێوازێکم بەکارهێناوە لە شیعری عەرەبی نەبووە و نییە. جیاوازە و هی کەسێکە ناوی فەرهاد پیرباڵە. من شیعر بۆ ئەوە نانووسم کە کوردێکم دەمەوێت خۆم نیشان بدەم، کە کوردێک شیعری عەرەبی دەنووسێت، نەخێر ئەوە حاڵەتێکی داهێنانە لەلای من. هەڵوێستێکی ئافراندنە،

تەنانەت پێمخۆشە چیتر ئەو شیعرانەم بۆ نەیەت:

عابر بين العبيد
عارف يتعرف على نفسه
فى العصور الغابره
الممتده من شمال افريقا الى گرق الحرير
كان هنالک تاجر

لەبارەی تەکنیک هەمان قسەم کە لە بارەی شیعرە عەرەبییەکانم کردم، بۆ فارسییەکانیشم هەر راستە و هەمان قسەم هەیە. هەڵسوکەوتم لەگەڵ تەکنیک و شێواز ئەو کاتەی بە کوردیشم دەنووسی، هەر وەها بووم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کەسایەتی شاعیرە فارسەکەم، لەگەڵ شاعیرە عەرەبەکەم زۆر جیاوازە، وەک شاعیرە فارسەکە عاشق دەبێت، زۆر پەیوەندە بە نەتەوەگەرایی، خەیاڵی مرۆڤانەی گەورەی هەیە، خەیاڵی کۆمەڵایەتی هەیە. هەرچەند بیر لە شیعرەکان دەکەمەوە، لە سەردەمێکی نوێ دەژی، دەبێت نوێکارانە بیربکاتەوە، باوەڕی بە گۆڕانکاری هەبێت. واتە ناڵێم شاعیرێکی شۆڕشگێڕە، بەڵام یاخییە، یاخییەکی شارستانانەیە، وێنەکێشەکەم شێواز و یاخیبوونەکەی رەگ و ریشەیەکی فەرەنسی هەیە، واتا باش دەزانم کەسایەتییەکی فەرەنسی لەناویدا هەیە.

**ئەو گەمە زمانیانەی لە شیعرە کوردییەکان ئەنجامداون، وەکوو قەڵبکردنەوەی وشە و رستە، بەکارهێنانی وشەی دژواز، ئەمانەیش لە شیعرە فارسی و عەرەبییەکانت بەهەمان شێوە ئەنجام داوە؟**

لە فارسییەکەی کەمێک هەیە و لە عەرەبییەکەیش کەمێک هەیە، لەو بڕوایەدام کاریگەری شاعیرە کوردەکەیان بەسەروە هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەویش هەر بە خۆمم، بەڵام لەلای شاعیرە فارسەکە و عەرەبەکە ئەو گەمە زمانییە وەکو لای کوردییەکە بەو فراوانییە نییە، بەڵام هەر ئەنجامم داوە، وەکو لە شیعری (یک قتره خون).

**باست لە دابەشبوونێکی خودی کرد بۆ چەند کەسێک: شاعیرێکی فارس، شاعیرێکی عەرەب، وێنەکێشێک، هەر یەکەیشیان جیاوازییان لەگەڵ ئەویدیدا هەیە، بەڵام کاتێک لە فەرەنسا پەناهەندە بوویت، ژیانی تەنیایی و غوربەت، بۆ ئەو کات ئەو دابەشبوونە خودییە روویندا؟**

**من شیعر بۆ ئەوە نانووسم کە کوردێکم دەمەوێت خۆم نیشان بدەم، کە کوردێک شیعری عەرەبی دەنووسێت، نەخێر ئەوە حاڵەتێکی داهێنانە لەلای من. هەڵوێستێکی ئافراندنە**

پرسیارێکی جوانە، جـاری پێش هەموو شتێ ئاماژەیەک بەوە بدەم، نالی و شێخ رەزا و مەحوی... تاد شیعریان بە عەرەبی و فارسی و تەنانەت شێخ رەزا بە تورکی هەیەتی. من ئەوانەم هەمووی خوێندۆتەوە، بـەڵام دەبینی ئەمانە جیاوازی نییە، هەمووی یەک شتە، نالی لە شیعرە کوردییەکانیدا، لەگەڵ عەرەبی و فارسییەکانییدا یەک نالییە. شێخ رەزا لە شیعرە تورکییەکەدا هەر هەر شێخ رەزا کوردەکەیە. بەڵام من لە شیعرە عەرەبییەکانمدا هەر فەرهادە کوردەکە نیم، لە فارسییەکانیشم بەهەمان شێوە. هیوادارم ئەم قسەیەی من رێخۆش بکات بۆ ئەو توێژەرانەی لە کۆڕی زانیاری و دامودەزگا حکومییەکاندا کار دەکەن و مووچەیش وەردەگـرن، بێن لەوە بکۆڵنەوە، ئایا ئەو شیعرانەی شێخ رەزا بە تورکی، یان بە فارسی نووسیویەتی هەمان ئەو شێخ رەزایەیە کە بە کوردی شیعری نووسیوە، لەباری سایکۆلۆجی و کەسایەتییەوە، چونکە ئێمە شێخ رەزا لە شیعرە کوردییەکانی دەناسین چۆنە؟ هەمووی هەجوە. بزانین لە فارسییەکەش، لە تورکییەکەیش هەمان شێخ رەزایـە، یان کەسێکی دیکەیە؟ کەس ئەو پرسیارەی نەکردووە، ئەوەی من کردم. هەمان پرسیار رووبەڕووی مەحوی، نالی... تاد بکرێتەوە. بۆ نموونە مەسعوود محەمەد بیست کتێب زیاتری هەیە، چوار پێنج کتێبێکی بەعەرەبیش

هەیە، بەڵام هەمان مەسعود محەمەدە، لە عەرەبییەکانیش وەکو کوردییەکان دژی دەسەڵاتە، دژی شیوعیەتە و لەگەڵ فەلسەفەی تاکگەراییە، ئەوە دیارە، بەڵام شێخ رەزا و نالی و ئەوانەی بە دوو سێ زمان نووسیویانە دەبێت ئەو پرسیارەی من کردم رووبەڕوویان بکەینەوە. لە شیعرەکانی من و ئەزموونی من پێویست ناکات خۆیان ماندوو بکەن، پێیان دەڵێم ئەزموونی من جیاوازە، شاعیرە فارسەکەم لەگەڵ عەرەبەکە سەدو هەشتا پلە جیاوازە و لەگەڵ کوردەکەیش و وێنەکێشەکەیش بەهەمان شێوە. ئێستا بەرهەمێکم هەیە، رۆمانێکە بە شیعر نووسیومە، بەڵام شێوەی سیناریوم داوەتێ باسی ئەو حاڵەتەی پارچە پارچە بوونی خۆم دەکەم.

**ئەو بەرهەمە شیعرییانەت بەفارسی و عەرەبی، لە کوێ چاپ دەکرێت و چۆن بڵاو دەبێتەوە؟**

فارسییەکە دوو رێم هەیە، ئەو سەفەرەشم بۆ تاران بۆ ئەوە کرد، رێیەک وردە وردە لە گۆڤارە فارسییەکان بڵاویان دەکەمەوە، بەڵام لەهەمان کات دوو رێی پەخشکردنم هەڵبژاردووە، یەکەمیان شاعیری گەورەی ئێرانی (سەید عەلی ساڵحی) سەرپەرشتی چاپی دەکات، رێی دووەم ژنێکی چیرۆکنووس هەیە، خاوەنی ئینتشاراتی ویستارە، کە پێشتر کتێبێکی ترم لەوێ چاپ بووە، ماوەیەکی تر تەواوی کتێبەکەم لە بۆی دەنێرم.

بۆ شیعرە عەرەبییەکانم، هەمان شێوە دامناوە لە گۆڤارە عەرەبییەکان بڵاوی بکەمەوە، بەڵام لە کۆتایی مانگی سێپتمبەر(ئەیلول)، هەم تابلۆکانم دەبەمە بیروت بە بۆنەی چاپبوونی دیوانە عەرەبییەکەم لە (منشورات دار الجمل)، کە(خالد المعالی) شاعیرێکی عێراقییە و لە بەیروت خاوەنی ئەو دەزگایەیەو بەتەمای ئەوەم.

# وەرگێڕان

## وەرگێڕان

راینەر ماریا ریلکە — **سیروان رەحیم**
نامەیەک بۆ ئیلین — **ئەلتەیب ساڵح**
هۆنراوەی نوێی ئوتریشی بە بێ یەک وشەی ئەڵمانی — **لەتیف هەڤرێست**
لەژێر ئاسمانی شیعردا — **عیسا چیایی**

# راینەر ماریا ریلکە
# ١٨٧٥- ١٩٢٦

## یەکێک لە شاعیرە گەورەکانی مێژووی ئەدەبیاتی ئەڵەمانیایە



# لە ئەڤیندا وەکو تکایەک دەلەرزم

**و. سیروان ڕەحیم**

ئەوە شیعر و نووسین و خۆشەویستی ئەو بوارەیە وای کردووە راینەر ماریا ریلکە، بڵێت:

"ئەگەر بۆم گەڕان، لە دڵی خۆتاندا بۆم بگەڕێن. من لەوێ شوێنێکی هەمیشەییم دۆزیوەتەوە، بەردەوام لە ئێوەدا دەژیم".

ریلکە بە تەنها شاعیرێک نییە نرخی نایابی بە بەر وشەی ئەڵەمانیدا کردبێت و جوانی تایبەتی خۆی بە وشەگەلی ئەو زمانە بەخشیبێت. ریلکە هەروەها نووسەری چەندین شێوازی تری نووسینە. ئەو هەرچەندە زۆرتر وەکو شاعیرێکی گرنگی ئەدەبیاتی ئەڵەمانی ناسراویش بێت، بەڵام وتار و لێکۆڵینەوە و بابەتی تری ریلکە شایستەی لە کن لادان و خوێندنەوەن.

ڕستە جوانەکانی ڕیلکە لەو وشە و دەستەواژە جوان و کاریگەرانە پێک دێن، کە دەکرێت مرۆڤ بەردەوام بچێتەوە لایان، ئەوانیش چەند شیعرێکی جوانن، بەڵام ڕیلکە بە ڕستەیەک نووسیونی. مرۆڤێک هەناوی پڕ بێت لە حەزکردن بۆ ڕستەی جوان و دەربڕینی کاریگەر دەبێت دەربڕینەکانی وی فەرامۆش نەکات.

ڕیلکە دەڵێت:

"جۆرەکانی مرۆڤ زۆرن، بەڵام ژمارەی سیماکان زۆرترن، چونکە هەر مرۆڤێک کۆمەڵێ سیمای هەیە".

چ ڕستەیەکی کاریگەرە لە ئاستی هەڵسەنگاندنی مرۆڤ و توانای خۆگۆڕینی لە پڕ و بەردەوامی مرۆڤدا.

هەروەها گوتویەتی:

"هەندێ چرکەسات هەن تێیاندا گوڵێک گرنگترە لە پارچە نانێک".

هەر ڕیلکە دەڵێت:

"هێزی هاوڕێیەتی لە دژوارییەکاندا ڕاکشاون، لە دژواریدا ئەو دەستانە هەن کە بۆ ئێمە کار دەکەن".

بۆ ژیاندۆستانیش ڕستەیەکی جوانی ڕیلکەم بەرچاو دەکەوێت:

"لە بیری مەکەن: ژیان سەروەرییەکە".

بێگومان لە ئەنجامی بەرهەمی جوان و دەربڕینی تایبەت بە خۆیەوەیە ڕیلکە بووە بە یەکێک لە ستوونەکانی شیعری ئەڵەمانی. خوێندنەوەی شیعری ڕیلکە هەمیشە چێژ بەخشە، ئەمەیش توخمێکی گرنگی شیعر و بەرهەمی ئەدەبییە. شیعرێک بێ چێژ بەخشین ناتوانێت خوێنەر لە خۆی بئاڵێنێت. شیعری ڕیلکە لەو بەرهەمانەیە چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت. شیعرەکانی ڕیلکە بەوە ناسراون خۆیان لە حەزی خوێنەر دەخشێنن و بەرەو قوڵایی دەبەن. لەو شیعرانەن بارانی هونەری بەسەر خوێنەردا دەبارێنن و دەروازەی ڕووناکی هەستێک و ڕوحێکی ناوازە بەرووی هەموو ژیاندا دەخەنە سەرپشت.

جگە لەوەیش شیعرەکانی ڕیلکە بەشێکی زۆریان ئاستێکی سۆفیانەی بەرزیان هەیە. ئەوان لە ئاستی ڕوحێکی بەرزی تەسەوف دان و لەو دنیایەدا دێن و دەچن. پاشخانی دەقەکانی ڕیلکە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، ڕوحی ڕیلکە چ ڕوحێکی سۆفیانە بووە. دەربڕینی شیعرسازانە و پێکهاتەی جوانکارانەی ئەو شاعیرە ئەزموونێکی ڕوونی سۆفیانەی ئەو مرۆڤە دەردەخەن، دەرخستن لە شێوازی تایبەت بە خۆیدا. بێگومان ئەوەی بیەوێت لەسەر سیمای سۆفییەتی شیعری

ریلکە بنووسێت، ناچارە لێکۆڵینەوەی درێژ و فرەئالی لەو بارەیەوە ساز بکات.

ئەو شاعیرە لە سەرەتاوە بە رەنگی شاعیرانەوە هاتۆتە نێو نووسین و وێنەسازیی شیعرەوە. بەرهەمی ئەو بەردەوام پڕ بووە لە وێنەسازی و هەستی تایبەت بە خۆی.

لای ریلکە سیماکانی شیعر یەک و دووان نین، دەبێت تیژتێپەڕانە ئاماژەیان پێبکرێت. بۆ نموونە "ئێوارە" یەکێکە لەو سیمایانەی ریلکە بە شیعری خۆش بەخشیوە. لای ریلکە ئێوارە وەکو "کات-دەم-رەنگ" وێنەیەکە بۆ دەستپێکی نامۆبوون و نەناسیاوییەکی تایبەت، تایبەت بە سیما شیعرییەکەی خۆی.

ئەو دەیەوێت ئەزموون بخاتە بواری هۆشیاری و ئاگاییەوە و شتێکی لەسەر هەڵچنێت، بە جۆرێک خۆنامۆبوون و خۆبەنامۆزانین بەرز بکاتەوە و پێشانی بدات. بەڵام وەکو ریلکە خۆی ئاماژەی پێدەکات "بەڵام ئێوارە سەخت دەبێت" سەختی و قورسی ئێوارەیە رێ لەبەر بەرزکردنەوە و پێشاندانی جوانیگەلێک دەگرێت کە ریلکە مەبەستییەتی دەریانبخات. ئەو ئێوارە، فریشتە، شەو، بە پێی ئاماژەی خۆی "خوا" و و مۆتیڤەکانی تر هەر لەسەرەتاوە وەها بەکاردێنێت پاش دەیان ساڵ ئەزموونی نووسین هەر بەرەو بەرزایی نووسینیان دەبات. ئەزموونی نووسین وەها دەکات لەو بەرزاییانەوە هونەری خۆی پێشان بدات، هونەرێک کە "ئێوارە و تاریکی شەو" ناتوانن رێ لە بەرزبوونەوەی بگرن.

بەکارهێنانی کاریگەرانەیە لەسەرەتاوە ، لە دەستپێکی شاعیرییەوە ریلکە بە ترۆپک دەگەیەنێت. ئەو دیاردەیەکە لە سادەیی و هاوکات لە چنینی ئاڵۆز. وشەگەلێک ریلکە بەکاریان دەهێنێت، هەمان وشەگەلن ئەوانی تریش لە نووسیندا بەکاریان دەهێنن:

"ئێوارە، شەو، فریشتە، سروشت، تاسەی ژیان" بەڵام پاش ئەوەی ریلکە بە شێوازی ئەفسونکارانەی خۆی ئەو پەیڤانە دەنووسێتەوە و دەیانخاتە هەناوی داهێنانی خۆیەوە، ئیتر ناسنامەی تر و رەنگی تر وەردەگرن، لەبەرئەوەیشە ساڵانی ١٩١٠ بۆ ١٩٢٢ ئەو وشگەلە واتای نوێ هەڵدەگرن. چونکە ریلکە بەجۆرێکی تر ئەو وشانە بەکاردەهێنت، بەکارهێنانی وی لە رواڵەتدا هیچ جیاوازییەکی نییە، بەڵام بە لێوردبوونەوە حاڵی دەبین بەکارهێنانی ئەو چ ئاسۆیەکی رەنگرێژ کردووە، یاخود وشەکان چلۆن لە نێو رستەی شاعیرێکدا شتی جیاوازیان لێ دروست دەبێت. ریلکەیش باسی خۆشەویستی دەکات و ئەویش فریشتەیەک بە زمانی شیعر دەلاوێنێتەوە، بەڵام لاوانەوەیەک دەبێت بە سۆفیەگەرییەکی نۆژەن.

قسەکردن و پێناسەکردنی ریلکە زۆر هەڵدەگرێت، بەهیوام ئەم کورتە

نووسینە، سەرەتا و بیرخستنەوە بێت کە شاعیرێکی وەها گرنگ زۆر شایستەی ئەوەیە بەرهەمی بەزمانی کوردی بخوێندرێتەوە.

چەند نمونەیەک لە شیعری ریلکە:

## ئێرانا بۆ سافۆ

**ئاە تیرئەندازی دووراوێژی کێوی**
**وەک رمێکی چەقیو لە تەنێکدا**
**کەوتبوومە نێو خۆمەوە،**
**دەنگدانەوەت منی بەرەو دوور فڕێ دا**
**من کە نازانم هام لە کوێ**
**کەس ناتوانێ دووبارە بمهێنێتەوە.**

**بە دەم چنینەوە خوشکەکانم بیر لە من دەکەنەوە**
**ماڵەکەیش پڕە لە هەنگاوی ئاشنا**
**تەنها دوور منم و تاراوگەنشین تەنها خۆمم**
**وەکو تکایەک دەلەرزم**
**بۆئەوەی خواوەندی جوانی ئەو نێوەندە**
**ئەفسانەی بگەشێتەوە و**
**منیش ژیانی خۆم بژیم.**

مۆدۆی زستانی ١٩٠٦
سافۆ بۆ ئالکۆیس

## چەند پەراوێزێک

**ئێ چیت هەیە تا تۆ پێمی بڵێت و**
**چ پەیوەندیت بە روحی منەوە هەس**
**کاتێک چاوەکانت لەبەردەم دانپێدانەنراوێک**
**خۆیان دەتروکێنن؟ ئەی مرۆڤ.**

**بڕوانە، گوتنی ئەو شتانە ئێمەی**
**بەرەو نێوبانگ دەرکردن برد**
**کاتێک دەفکرم:**
**ئەی کەنیشکە شیرین و زراڤەکانمان**
**ئەو دەمەی لە نێو ئێوەدا ئاوا دەبم**

**کام ئێمە، من بیزانم و ئەویتریش بیزانێ**
**لەگەڵ من چاودێریکراوە لە لایەن خواوەندەوە**
**دەست بۆ نەبراو هەڵدەگرێت و**
**میتیلێنی* وەکو باخە سێوێکی شەو**
**بۆن و بەرامەی لێ هەڵدەستێت،**
**بۆنێک لە گەیینی مەمکەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت.**
**بەڵێ، ئەو مەمکانەیش، کە تۆ وەکو میوەی تایبەت،**
**ئازادانە لەگەڵ سیمای ڕێگەیەکی ئاسان**
**هەڵتنەبژاردوون،**
**بڕۆ و بەرۆکم بەردە**
**ئەوەی تۆ دەیگریت، هەموویەتی**
**من بەرەو وەڵاتی چەنگم** دەڕۆم**

**ئەم خودایە کۆمەککاری دوولۆ نییە.**
**مەگەر لە نێوان تاکە کەسێکەوە تێپەڕێت.**

پاریس ١٩٠٧/٧/٢٤

* میتیلێنی، شارێکی گرنگی دورگەی لێسبۆسی یۆنانستانە. ناوەندێکی گرنگی ئابوری و کولتوری ئەو وەڵاتەیە. شیاوی ئاماژەیە سافۆی شاعیر خەڵکی ئەو دوورگەیە بووە.
** چەنگ: هارپ، هارف، قیسارە. سافۆی شاعیر لێیداوە.

قوربانی

**ئاه، چۆن جەستەم بۆنبەخشانە،**
**لە هەر رەگێکەوە دەگەشێتەوە**
**لەو دەمەوە من تۆم ناسی**
**ببینە، تەنکتر و راستتر رێدەکەم،**
**تۆیش تەنها چاوەڕوانی: ئەرێ تۆ کێیت؟**

**ببینە، هەست دەکەم چلۆن دوور دەکەومەوە و**
**چلۆن پەڕە بە پەڕە تەمەن بزر دەکەم**
**تەنها پێکەنینی تۆ لەوێیە،**
**وەکو ئەستێرەیەکی دەنگدار**
**بەسەر تۆوە و بەم نزیکانەیش بەسەر منەوە.**

**هەموو ئەوانەی لە نێو سالانی مندالیم**
**هێشتا بێ ناوانە و وەکو ئاو دەبریسکێنەوە**
**دەمەوێ لەسەر تەختی کوشتنم بە ناوی تۆوەیان بکەم**
**هەلگیرسێنەر هەر پرچەکانی تۆ بوون و**
**لەگەلْ مەمانیشت بە سانایی چەپکە گولیان خرایە سەر.**

مۆدۆی زستانی ١٩٠٥/١٩٠٦

مردنی شاعیر

**ئەو راکشا بوو.**
**سیمای رەنگپەڕیو و تورەی**
**کردبووە سەر سەرینێکی بەرز و نزم.**

**لەوساوە جیهان و ئەم شتانە ئەو دەناسن،**
**دابڕاو لە هەستەکانی،**
**دووبارە بەسەر ساڵێکی بێ بەرهەمدا بەربۆوە.**

**ئەوانەی ئەویان بەو شێوە ژیانە دیت، نەیانزانی،**
**لەبەرئەوەی ئەو یەکێک بوو،**
**لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا**
**سیمای،**
**ئەو قوڵاییە،**
**ئەو زانینە و**
**ئەو ئاوە بوون**

**ئاە هەموو ئەم رووبەرە روخساری ئەو بوو**
**کە ئێستایش دەخوازێ بەرەو لای ئەو و بە دەوری ئەودا بێ و بچێ**
**رووپۆشەکەی کە ئێستا دەتەقێ و لە ناودەچێ**
**ناسک و کراوە**
**هەر دەڵێی هەناوی میوەیەکە،**
**کە بە هەوا دەگەنێ**

پاریس ١٩٠٦

## بودا

**دوورییەک: وەک ئەوەی گوێ بگرێت، بێدەنگ بوو.**
**ئێمە وەستاین، بەڵام چیتر نایبیستین.**
**ئەستێرەیەکە. ئەویتریش ئەستێرەیەکی گەورە.**
**ئێمە نایبینین، بە دەوریدا وەستاوین.**

**ئاە، ئەو هەموویەتی. بەراستی،**
**چاوەڕوان دەبین تا بمانبینێ؟**
**ناچارە بمانبینێ؟**

**گەر لەبەردەمیدا بنوشتێینەوە،**
**ئەویش گیانەوەر ئاسا قوڵ و بێدەنگ دەمێنێتەوە.**

**پاشان ئەوەی لە پێیەکانیدا سەرنجی ئێمە دەبا،**
**لەو دا ملیۆنان ساڵە هەر دێت و دەچێت.**
**ئەو، کە فێر بوونمان فەرامۆش دەکات،**
**کەچی دەزانێ، ئێمە چی لە بیر دەکەین.**

مۆدۆی/ کۆتایی ١٩٠٥



**ژیاننامەی ریلکە.**

١٨٧٥/١٢/٤ لە پراگ، پایتەختی ئێستای وڵاتی چیک لە دایک بووە.

١٨٨٦-١٨٩١ خوێندن لە فێرگەی سەربازی. لەو کاتەوە ریلکە دەست بە نووسین دەکات.

١٨٩٤ یەکەمین شیعری بە ناوی "ژیان و گۆرانی" بڵاو دەکاتەوە.

١٨٩٥ خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات و دەست بە خوێندنی زانستگە دەکات لە بواری مێژووی ئەدەب و هونەردا.

١٨٩٦ لە زانستگەی موینشن-ئەڵەمانیا دەست بە خوێندنی فەلسەفە دەکات.
١٨٩٩ دەچێتە بەرلین و لە زانستگەی بەرلین خۆی ناونووس دەکات.
١٩٠٢ دەچێتە پاریس و لەوێ نیگارکێشی فەرەنسایی ئاوگوستە رۆدین (١٨٤٠-١٩١٧) دەناسێت. قۆناغێکی نوێی شیعر نووسینی ریلکە دەست پێدەکات. پاشتر و ساڵی ١٩٠٣ کتێبێکی ریلکە سەبارەت بە ئاوگوستە رۆدین لە بەرلین بڵاودەکرێتەوە.
١٩٠٣ – ١٩٠٦ هاوڕێیەتی ریلکە و رۆدین و گەشتی بۆ پاریس و پاشان رۆما و سکاندەناڤیا، دەبن بە هۆکاری گۆڕانکاری گەورە لە بەرهەمی شیعری ریلکەدا.
١٩٠٥ دووبارە لە زانستگەی بەرلین دەست دەکاتەوە بە خوێندن.
١٩٠٦ ماوەیەکی کەم دەبێت بە سکرتێری رۆدین.
١٩١٦ لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەینێرن بۆ ڤیەننا.
١٩١٩ پاش شەڕ ئەڵەمانیا بە جێدەهێڵێت و روودەکاتە سویسرا.
١٩٢٦/١٢/٢٩ کۆچی دوایی دەکات و پاش خۆی بەرهەمی زۆری شیعر و هەروەها ژمارەیەکی زۆری نامەی لە پاش بەجێ دەمێنێت. شیعر و نووسین ریلکە بە یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی ئەدەبیاتی ئەڵەمانی و ئەوروپایی دەژمێردرێن.

**سەرچاوە:**

Rainer Maria Rilke
Gesammelte Werke
Insel Verlag. Leipzig 1930

# نامەیەک بۆ ئیلین



**چیرۆک: ئەلتەیب سالّح**
**و. لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری**



**ئازیزم ئیلین:**

هەر ئێستا لە کردنەوە و لێکجیاکردنەوەی کەلوپەلی ناو جانتاکەم بوومەوە، تۆ زۆر گەورەی، نازانم دەبێت بە بێ تۆ چی بکەم، هەموو ئەو شتانەی پێویستم پێیانە بۆت لەناو جانتاکان دانـاوم، نۆ تیشێرتی (ڤان هۆسن)، کە هیچیان پێویستیان بە ئوتووکردن نییە، "بیانشۆ و وشکیان بکەرەوە و لەبەریانکە"، تۆ دەزانی لەمبارەیەوە من هیچ ناکەم. ئەو بۆینباخەی سالّی پار لە (بۆند ستریت) بۆت کڕیم، لەگەڵ پێنج بۆینباخی دیکەدا دۆزیمنەوە، "پێنج بۆینباخ بۆ تۆ بەسە.. زۆر ناچیتە دەرەوە و بانگهێشتی ئاهەنگانت ناکەن، ئەگەر بانگهێشتیشیان کردی

مەچوو". چەند خۆشم ویستی، چونکە بیرت نەچووبوو ئەو بۆینباخەم بۆ لەناو جانتاکە دانێی، بۆینباخێکی رەنگ سووری ئاڵ، یەکێکە لەو ملیۆنان شتانەی دڵم بە تۆوە گرێدەدا. لە کاتێکی وەکو ئێستای ساڵی پاردا، هەشت مانگ پاش ئەوەی تۆم ناسی، لەناو ئەو شەمەندەفەرەی بە ژێر زەویدا دەڕۆیی، کاتژمێر شەش بوو، خەڵک کۆببوونەوە، هەردووکمان وەستابووین و تۆ پاڵت بە من دادابوو، لە ناکاو پێم گوتی: "خۆشم دەوێی... دەمەوێت هاوسەرگیریت لەگەڵدا بکەم". روومەتەکانت سووربوونەوە و خەڵک ئاوڕیان لە ئێمە دایەوە. بە درێژایی ئەو هەشت مانگەی تۆم تێدا ناسی پێم نەگوتبووی خۆشم دەوێی. رام دەکرد و دەسوڕامەوە و پێچ و دەورانم دەکرد، پاشان لەناکاو و لەناو قەرەباڵغی خەڵکدا، کاتژمێر شەشی ئێوارە، کاتێ خەڵک پاش ئیشوکارێکی زۆر و بە درێژایی رۆژ، بە ماندوویێتی و بێزارییەوە دەگەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان، لەناکاو وشەیەکی حەرامم لە دەم هاتەدەر، وەکو ئەوەی تام لێهاتبێت و وڕێنە بکەم، نازانم چ ئەهریمەنێک زمانی جوڵاندم، چ شۆڕشگێڕێک شۆڕشی پێ کردم، بەڵام لەو کاتەدا و لەم کەشوهەوا خنکێنەرەدا، لەنێو ئەو دەموچاوە گرژ و بەزیوانەی خۆیان لە پەنای ئێوارەدا حەشار دابوو، هەستم بە ئاسوودەییەکی گەورە کرد، کە دەرچووین بە توندی فشارت خستە سەر دەستم، شەبەنگی فرمێسکم لە چاوەکانت بەدی کرد، پێت گوتم: "تۆ هەوەسبازی، هەوەسبازترین پیاوی بە سیمایەکی سادەوە، بەڵام من خۆشم دەوێی، ئەگەر وات پێ باشە هاوسەرگیریم لەگەڵدا بکەیت، ئەوا بە ئارەزووی خۆت بکە".

هەشت مانگ من رام دەکرد و گفتوگۆم دەکرد و وانەم پێ دەگوتی، دەربارەی ئەو شتانە وانەم پێ دەگوتی کە جیاوازی نێوانمان بوون، ئایین و وڵات و رەگەز، تۆ خەڵکی (ئێبردین)ی وڵاتی ئوسکوتلەندای و من خەڵکی (خەرتووم)م، تۆ مەسیحی و من موسوڵمانم. تۆ بچووک و خۆشحاڵ و گەشبینی، من دڵم بریندارە و هێشتا برینەکان سارێژ نەکراون. چ شتێک منی لای تۆ خۆشەویست کرد؟ تۆ کەسێکی سورباوی چاو کەسک و جەستەیەکی پڕ، حەزت لە مەلەوانی و یاریی تێنسە. منیش بە درێژایی ژیانم سۆزم بۆ ئافرەتی گەنم رەنگ هەبووە، ئافرەتی چاو گەورەی پرچ رەش، خاوەن سیمایەکی خۆرهەڵاتییانە و لەسەرخۆ، چ شتێک تۆی لای من خۆشەویست کرد؟ من کەسێکی ونبووی غەریبم، خەمی تەواوی نەوەیەکم لە دڵمدا هەڵگرتووە! منی لەخۆبایی و راڕا و دەمدەمی؟ "عەقلت بە شیکردنەوەی هەموو شتێک ماندوو مەکە، تۆ ئەسپێکی بەساڵاچووی وڵاتێکی دواکەوتووی، قەدەر وای کرد تۆم خۆش بووێت، ئەمە هەموو شتێکە، قسەی

شکسپیر بێنەوە بیرت، کیوبیدی منداڵی عفریب، یەکێک لە فیڵەکانی ئەوەیە خۆشەویستیی بەدبەختێکی گەورەی وەکو تۆی خستەدڵمەوە" و پێدەکەنی، بەشێکی پرچە زێڕینەکەت دەکەوێتە سەر رووت و بە دەستت لای دەدەی، پاشان پێ دەکەنی، پێکەنینەکەت وەکو زەنگی زیوە، ئینجا چوینە خواردنگەیەکی چینی و ئاهەنگمان گێڕا، لەبیرم چووبوو ئەو رۆژە رۆژی لەدایکبوونمە، من ئاهەنگ بە بۆنەی دوێنێم و ئەمڕۆم ناگێڕم، بەڵام تۆ بۆ هەموو شتێک ئاهەنگ دەگێڕیت. تۆ بیرت بوو، ئەم بۆینباخە سوورە ئاڵەت بۆ ئامادە کردم، چەند خۆشم دەوێی، چونکە بۆت داناومەتە ناو کەلوپەلەکانم.

ئازیزم ئیلین:

دوای ساڵێک... ساڵێکی تەواو... ئەمە شەوی یەکەمە بە بێ تۆ... سێسەد و شەست و پێنج شەو, تۆ لەسەر نوێنەکەم لەگەڵم بووی، لەسەر قۆڵم دەنووستی، هەناسە و بۆنی جەستەمان تێکەڵ بە یەکتر دەبوو، خەونی وەکو خەونەکانی منت دەدیت، بیروبۆچوونەکانی منت دەخوێندەوە، خواردنت بۆ ئامادە دەکردم، لە یەک گەرماودا خۆمان دەشووشت، یەک فلچەی ددانمان بەکاردەهێنا، کتێبت دەخوێندەوە و ناوەرۆکەکەیت بۆ باس دەکردم، منیش کتێبەکەم نەدەخوێندەوە و بەوەندە وازم دەهێنا کە تۆ بۆت باس دەکردم، شووت پێکردم، بەناچاری شووت بە رۆژهەڵاتییەک کرد کە رێگای لە رێگای تۆ جیاوازە، شووت بە رۆژێک کرد کە تیشکەکانی زۆر دڵڕەقن، شووت بە بیرێکی ئاڵۆز و ئاسۆیەکی تینوو کرد کە وەکو بیابانی نەتەوەکەی من تینووە، شەوی یەکەمە بێ تۆ ئەی منداڵەکەی ئێبردین، قەدەرەکان تووشیان کردم، بەخێوم کردی و منت بە برای خۆت دانا. "خوشکێ... خوشکێ" ئەو بەدلە خۆڵەمێشییەی حەزی لێ دەکەی، "سێ بەدلە لە زۆریش زۆرترە. پیاوی خێزاندار مانگێک لای خزمەکانی بەسەر دەبات، کەس لە دەورت کۆ نابێتەوە، ئافرەتە گەنجەکانی وڵاتەکەت گرنگیت پێ نادەن، پێویست بەوە ناکات گرنگی بەخۆت بدەی و خۆت جوان بکەی. هەرچۆنێک بێ دەموچاوی تۆ کەڵکی جوانکردنی نییە، بڕۆ و بە سەلامەتی بگەڕێوە لام: ئەگەر کچێک لەوێ بە دەمت پێکەنی، بەڕوویدا پێبکەنەوە".

دڵنیابە هیچ کچێک بەڕوومدا پێناکەنێت، من لە دیدی ئەوان وەکو دارخورمایەکم کە تەوژمێک گسکی داوم و دوور لە سەرچاوەکەی خۆم فڕێی داوم. من بەلای ئەوانەوە بازرگانییەکم کە بازارەکەی ساردوسڕە، بەڵام بێ بازاڕیی لەگەڵ تۆ چەند خۆشە.

شەوی یەکەمە بە بێ تۆ، پاشان سی شەوی تر وەکو بیابانێک، هیچ چارێکی

ترم نییه. لەسەر بەردێک، لەبەردەم ماڵەکەی خۆمان دادەنیشم و لەگەڵ تۆ دەدوێم، دڵنیام گوێت لە منە، دڵنیام ئەو با و کارەبایەی لە بەرزییەوەن و ئەو هەستانەی لە گەردووندا هەن، گوێیان بۆم شل دەکەن و قسەکانی منت بۆ دێنن، شەپۆلەکانی ئارەزووی دڵی من، وێستگەیەکیان لە دڵی تۆ هەیە و پێشوازیان لێ دەکات، کاتێ دەخەوی قۆڵت درێژکە، من سەر لەسەر سەرینەکە دادەنێم، من لەوێم لەگەڵ تۆ. کاتێ بە ئاگا دێیتەوە بڵێ "بەیانی باش". گوێم لێ دەبێت و وەڵام دەدەمەوە... بەڵێ، گوێم لێ دەبێت، من ئێستا دەنگە شیرین و روونەکەی تۆ دەبیستم کە پێم دەڵێی: "لە پشووەکەتدا دڵخۆشبە، بەڵام زیاد لە پێویست دڵخۆش مەبە، لەبیرت بێت کە من لێرەم، هانات بۆ دێنم و چاوەڕێتم، کە لەگەڵ کەسوکاری خۆت بووی، ئەوەش لەبیرمەکە بە رۆیشتنەکەت من بێ کەسوکار دێڵییەوە".

نامەکە تەواو، چوارجار قەدی کرد و لە زەرفێکی دانا، پاشان ناونیشانەکەی نووسی، هەڵیگرت و لەنێو پەنجەکانی دانا و دەمێک بە بێدەنگییەوە لێی روانی، دەتگوت نهێنییەکی گەورەی تێدا شاردراوەتەوە، بانگی برا بچووکەکەی خۆی کرد و پێی گوت کە بیخاتە ناو پۆستە. پاشان ماوەیەک تێپەڕی کە نەیزانی ئەو ماوەیە چەندە، لەوانەیە درێژ بێت و لەوانەشە کورت بێت، هەر بەو شێوەیە دانیشتبوو، نە گوێی لە هیچ شتێک دەبوو، نە هیچیشی دەبینێ. لەناکاو گوێی لە دەنگی پێکەنینێکی بەرز بوو کە لە سووچی باکووری ماڵەکەوە دەهات، پێکەنینی دایکی بوو، دەنگە دەنگەکەی لە گوێ روونتر بوو، دەنگە دەنگی ئەو ئافرەتانە بوو کە بە بۆنەی هاتنەوەی ئەو بە سەلامەتی لە وڵاتێکی دوور، هاتبوونە لای دایکی. هەموویان کەسوکاری ئەو بوون، پوور و کچە پوورەکانی بوون، ساتێک بەو شێوەیە مایەوە. پاشان باوکی هات و کۆمەڵێک پیاوی لەگەڵدابوو، هەموویان خزم و کەسی ئەو بوون، سڵاویان لێی کرد و دانیشتن، قاوە و چا و شەربەتی پرتەقاڵ و لیمۆیان هێنا. هاوشێوەی ئاهەنگێک بوو، چەند پرسیارێکیان لێی کرد و وەڵامی دانەوە، پاشان دەستیان بەو قسانە کردەوە کە بەدرێژایی ژیانیان پێی راهاتوون، هەستی بە ئاسوودەیی کرد بەوەی کە وازیان لەو هێنا.

لەناکاو شتێکی بە مێشکدا هات کە ترساندی، ئەم کەسوکارە کەسوکاری ئەون، هۆزێکی گەورەن و ئەو تاکێکە تیایاندا، خەڵکی غەریب وا تێدەگەن کە ئەو غەریبە لەناویاندا، پێش چەند ساڵێک ئەو خانەیەکی زیندووی ناو جەستە یەکگرتووەکەی ئەو هۆزە بوو، وای دەزانی بزر دەبێت و بۆشاییەک بەجێدێڵێت کە تا دەگەڕێتەوە پڕ نابێتەوە. کاتێ گەڕاشەوە باوکی بە سادەیی تەوقەی لەگەڵدا دەکات، دایکی وەکو نەریتە هەمیشەییەکەی پێدەکەنێت، کەسوکاریشی بێ ئەوەی

ئەو ماوە درێژەی ئەو تێیدا دیارنەبووە لەبەر چاو بگرن، بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

بەڵام ئێستا باوکی بە توندی لە باوەشی دەگرێت، دایکی فرمێسکی بۆ دەڕێژێت، کەسوکارەکەشی زیادەڕۆیی لە بەخێرهاتنەوەی دەکەن، ئەو زیادەڕۆییەیان بێزاری دەکات، وەکو ئەوەی هەستە سروشتییەکەیان نەمابێت و بووبێتە زیادەڕەوی.

"برینی درێژخایەن، وا دەکات لەبیرت بچێتەوە".

گوێی لە دەنگی ئیلین بوو کە بە روونی و بە شیرینی و لە کاتی بەڕێکردنیدا پێی دەڵێت: "لە دڵەوە دەخوازم کەسوکارت بەوشێوەیە ببینییەوە کە جێتهێشتوون، نەگۆڕابن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە تۆ بەرامبەر ئەوان نەگۆڕابیت".

ئای لە تۆ ئەی سەردەمی کۆچ و دوورکەوتنەوە!!



**تەیب ساڵح:**

رۆماننووسی سوودانی (تەیب ساڵح) لە ساڵی ١٩٢٩ لە سوودان لەدایک بووە، کۆلێژی زانستی لە (خەرتووم) تەواو کردووە، بڕوانامەی کاروباری نێودەوڵەتی لە ئینگلتەرا بەدەست هێناوە، ماوەیەک وەکو وانەبێژ کاری کردووە و پاشان چووەتە رادیۆی (بی بی سی) لە لەندەن.

لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٩ بووەتە نوێنەری رێکخراوی یونسکۆ لە وڵاتانی کەنداو کە بارەگاکەی لە قەتەرە.

لە ساڵی ١٩٧٦ چەند توێژەرێک کتێبێکیان لە بارەیەوە دەرکرد بە ناونیشانی (تەیب ساڵح... بلیمەتی رۆمانی عەرەبی)، کە باسی زمان و لایەن و شێوەکانی رۆمانەکانی ئەویان دەکرد.

تەیب ساڵح بەهۆی رۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) کە لە ساڵی ١٩٧١ بڵاوی کردەوە، زیاتر ناوبانگی دەرکرد.

لە (١٨ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٩) لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆچی دوایی کرد.

**کتێبەکانی:**

- عرس الزين- ١٩٦٢، ڕۆمان.
- موسم الهجره الى الشمال- ١٩٧١، ڕۆمان.
- مريود، ڕۆمان.
- نخله على الجدول.
- دومە ود حامد، کۆمەڵەچیرۆک. ئەم چیرۆکەی لێرەدا وەرگێڕدراوە، لەم کۆمەڵەچیرۆکە وەرگیراوە.

**سەرچاوە:**

http://www.sudaneseonline.com/cgi-bin/sdb/2bb.cgi?seq=msg&board=5&msg=1031691490

# هۆنراوەی نوێی ئوتریشی
# بە بێ یەک وشەی ئەڵمانی




**لەتیف هەڤرێست- ئوتریش**

لە ساڵی ١٩٩٠ نیگارکێش و تابلۆساز و نووسەری ئوتریشی "گێراڵد کوردئۆگلوو نیتچێ" لە چاپخانەی "هایمۆن"ی ئوتریشی کتێبێکی بە سەرناوی "هۆنراوەی نوێی ئوتریشی بە بێ یەک وشە ئەڵمانی" (Neue Österreichische Lyrik –und kein Wort Deutsch) بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە هەڵبژاردەی هۆنراوەگەلی نووسەران و هۆنەرانی کەمایەتییە نەتەوەکانی ئوتریش و نوێ-ئوتریشی بووانی کۆچکردوو بۆ ئوتریش، واتە ئەو هۆنەرانەی کە زمانی زگماکیان ئەڵمانی نییە، بەڵام بە زمانی ئەڵمانی دەنووسن. سەرۆک کۆماری ئوتریش "هاینتس فیشەر" پێشەکی ئەم کتێبەی نووسیوە و تێیدا دەڵێت: "ئێمە ئەمڕۆ لە ئەوروپا شاهیدی پرۆسەگەلێکی نوێی هاوکاری و هاوژینین کە هاوکات پەیوەستن بە فرەجۆرییەکی زمان و کولتوورەوە. لەیەکگەیشتن

لەنێوان هاوڵاتییانی ئەسڵی و هاوڵاتییانی تازەکۆچکردووی ئوتریشدا هەمیشە ئاسان نییە. ئەم چەپکە هۆنراوانەی ناو ئەم دیوانە، کە زۆر بە وردەکاری و بە هەستیاری کۆکراونەتەوە، هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەم لەیەکگەیشتنە بۆ زیاتر لەیەکنزیکبوونەوە".

لە راستیشدا هەر وایە کە "هاینتس فیشەر"ی سەرۆک کۆماری ئوتریش دەڵێت: هۆنراوە جیهانێکە، کە مرۆڤ تێیدا لەڕێگای زمان و ئەندێشە و تێکڕژانی هەستەکانەوە بەدەر لە کولتوور و قەوارەی نەتەوایەتی دەگەن بە یەک و لە یەک تێدەگەن. بۆ سازکردنی ئەم کتێبە گێراڵد کوردئۆگلوو کە دۆستێکی دڵسۆزی گەلی کوردە، پەوەندی بە منەوە کرد و داوای سێ هۆنراوەی خۆمی لێ کردم، بۆئەوەی وەکو دەنگی هۆنراوەگەری کوردی لە کتبەکەدا بڵاوی بکاتەوە. منیش لە دیوانە شیعرییە چاپ نەکراوەکەی خۆم کە بە زمانی ئەڵمانی نووسیومن، سێ هۆنراوەم هەڵبژارد و دام پێی. پاشان کوردئۆگلوو داوای لێم کرد، کە هۆنراوەکان وەربگێڕم بۆ زمانی کوردی و بە خەتی عەرەبی لە پاڵ دەقە ئڵمانییەکەدا دای بنێم، بۆئەوەی بە هەردوو شێوەی کوردی و ئەڵمانی لە کتێبەکەدا بڵاوببێتەوە.

لێرەدا ئەو سێ دەقە هۆنراوەیەم بەو جۆرەی لەو کتێبەدا بڵابووەتەوە، پێشکەش دەکەم بە خوێنەران و ئەدەب دۆستانی کورد لە کوردستان.

Strom der „Zeit"
Bewegte Worte in mir
fließen ineinander,
und in der Mitte meines „Ich"
entspringt der Strom der Zeit –
darin
schwimmt mein Schatten davon
zur Menschlichkeit der anderen
zur Ewigkeit der Welt
dann finde ich mich in dir „O du Welt" wieder
und schmelze mit den Energien,
die in mir
erneut ineinander fließen.

**رۆخانەی "کات"**
**وشەکان لە ناخی مندا لە بزەوتدان**
**دەڕژێنە ناو یەک و**
**لە ناوەندی "خۆم"مدا**
**رۆخانەی کات هەڵدەقوڵێت**
**لەناویدا سێبەرەکەم بە مەلە**
**دەرباز دەبێت بەرەو مرۆڤایەتی دیگەران،**
**بەرەو هەمیشەگی ئەم گەردوونە**
**ئەوسا ئەی جیهان من خۆم لە تۆدا دەبینمەوە و**
**لە گەڵ ئەو وزانەدا دەتوێمەوە،**
**کە لە مندا دەڕژێنە ناو یەک.**

Das Wort
An den Diskussionstischen
in den Kneipen
in den Tratschrunden
verlor ich ein Wort
es verirrte sich in die stummen Ohren
in die dumpfen Gedanken
in die kranken Gehirne
– in mir trage ich das Kreuz,
sagte das Wort
– in dir sehe ich es,
fuhr es fort
– in ihm spüre ich es wieder,
redete es entgegen
– in ihr wird es lebendig,
in euch allen, in uns allen

wird es zu Brüderlichkeit
zu Schwesterlichkeit
zu Frömmigkeit
sich gestalten
und es verärgerte sie,
und sie hängten es auf.

**وشە**
**لەسەر مێزی وتووێژەکان**
**لە چایخانە و قاوەخانەکاندا**
**لە کۆڕی دەمەتەقێکاندا**
**وشەیەکم گوم کرد**
**وشەکە بە سەهوو کەوتە ناو گوێ کەڕەکانەوە**
**ناو بیرە کپەکانەوە**
**ناو مێشکە نەخۆشەکانەوە**
**وشەکە وتی:**
**دەروونم هەڵگری خاچە**
**بەڵام لە تۆدا دەبینمەوە،**
**لە پیاوێکدا هەستی پێ دەکەمەوە**
**لە ژنێکیشدا سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە**
**لە ئێوەدا، لە ئێمەدا بە تێکڕا**
**دەبێت بە برایەتی، خوشکایەتی**
**بە ئیمانداری**
**ئەمەش کەسانی تریان تووڕە کرد و**
**وشەیان دا لە سێدارە.**



Zeit – die unendliche Leere
Es kam die Zeit
wo es weder Tag noch Nacht
weder Jahreszeit noch Harmonie
weder Heiterkeit noch Traurigkeit gab,
es herrschte das Nichts in seiner Unendlichkeit
und ich hatte Angst
vor meinen Erinnerungen
sie bildeten in mir
ein einziges Element
gedämpft und herb
doch schlicht und vertraut wie
Wasser, Luft, Licht oder Feuer
Sie erwachten zu einem dumpfen Leben,
mein Gesicht wurde ein bleicher Fleck,
der im Nebel schwamm
die Zeit, die Unendlichkeit
zog sich als eine Mauer
durch mich und ich ging
durch sie hindurch
um mich
mit ihr wieder zu vereinen.

کات- کەلێنێکی بێ کۆتایی
هەبوو، نەبوو
"کات"ێک هەبوو
نە شەوی بوو، نە رۆژ
نە وەرزی ساڵ و نە هاوئاهەنگی

نە خۆشی و نە غەمگینی
"هیچ" باڵی کێشابوو بەسەر هەمیشەگی کاتدا
منێش ترس نیشتبووە جەستەم
ترسی یادگارەکانم
ئەو یادگارییانەی کە لە ناخمدا
تەنیا "توخم"ێکیان پێک هێنابوو
کپ و تفت، بەڵام سادە و ئاشنا
وەکو ئاو و هەوا و رووناکی و ئاگر
هەموو تێکڕا
بێدار بوونەوە و بوونە ژیانێکی کپ
رووخسارم بوو بە پەڵەیەکی هەڵبزڕکاو و
لەناو تەمومژدا مەلەی دەکرد
کات، هەمیشەگی
وەکو دیوارێک کشا و بەنێو مندا تێپەڕ بوو
منیش بەنێو ئەودا ڕەت بووم
بۆ ئەوەی خۆم لەگەڵ "خۆ"مدا یەک بگرمەوە.



# لەژێر ئاسمانی شیعردا

## شاعیری ئیتاڵی چیزاری بافیزی (١٩٠٨- ١٩٥٠)

**و. لە عەرەبییەوە: عیسا چیایی**

جومانە حەداد لە ئیتاڵییەوە وەریگێڕاوە و ناونیشانی ئەم شیعرەی، وەک ناونیشانی ئەو ئەنتۆلۆژیایە هەڵیبژاردووە، کە تایبەتە بەو شاعیرانەی خۆیان کوشتووە.

### ١...مەرگ دێت... و دەبێتە خاوەن چاوەکانی تۆ

**مەرگ دێت و**
**دەبێتە خاوەن چاوەکانی تۆ**
**ئەو مەرگەی، کە لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە**
**وەکو بێدارییەکی کەڕ**
**وەکو حەسرەتێکی کۆن، یان وەکو هیچ و پووچییەکی بێهوودە**
**لەگەڵماندایە.**
**ئەودەمەی چاوەکانت دەبنە وشەگەلێکی بێ هوودە وتراو**
**دەبنە قیژەیەکی خنکاو و بێدەنگ دەبن.**
**هەروەکو چۆن لە هەموو بەیانییەکدا، لە تۆوە دەردەکەون ئەو دەمانەی لە ئاوێنەدا بەسەر خۆتدا.**
**دەنووشتێیتەوە،**

**لەو رۆژەدا ئەی ئومێدێکی گرانبەها،**
**ئێمەش بەوە دەزانین کە ژیان تۆیت و تۆیش عەدەمیت.**
**مەرگ لە هەریەکێ لە ئێمەوە نیگایەک دەپۆشێ:**
**مەرگ دێت و دەبێتە خاوەن چاوەکانی تۆ،**
**دێ... و تامی وازهێنانی دەبێ لە هیچ و پووچیی،**
**دێ و لە بینینی روومەتێکی رۆشتوو دەچێ کە لە ئاوێنەوە هەڵدەقووڵێ.**
**هەروەکو گوێگرتنێک دەبێ لە لێوێکی داخراو،**
**ئیتر ئەو کاتەش بە هێمنی دادەبەزینە لێژایی.**

## ٢... گۆرانی

**مەحمود دەرویش**

**... کە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ**
**ئەز تەنیا و بەتاڵم لە هەموو شتێ، جگە لە دڵم و تەنیایی و**
**دەستەکانیشم بێ شتومەک،**
**چون لە بەیانییەوە گوڵەکان**
**گوڵەکانم، بەسەر داماواندا دابەشکردووە و**
**بەبێ قاقایەکی خۆشی جوانەکەی ماڵ**
**بەبێ گڕی دڵ و**
**بێ شنەی هەر دەستێوەردانێکی**
**گەڕامەوە بۆ ماڵێ و زۆرانم لەگەڵ گورگەکاندا گرت و**
**لەبارەی هەواڵ و مەرگەساتەکانمەوە، بەبێ پرسیاری ئەو**
**بەتەنێ قاوە لێدەنێم و**
**بەتەنێش دەیخۆمەوە**
**بەوەش ئەو ئۆخژنە،**
**ئەو ئۆخژنەی ژیانم دەدۆڕێنم و**
**هاوڕێیانیشم لێرە، چرا و شیعرەکان و تەنیایی و**

هەندێ جگەرە و ڕۆژنامەگەلێکن کە هەر وەک شەو ڕەش داگەڕاون،
کە دەگەڕێمە بۆماڵێ
هەست بەتەنیایی ماڵەوە دەکەم و
هەموو گوڵەکانی ژیان... و
نهێنی سەرچاوە، سەرچاوەی ڕووناکیی نێو قووڵایی نەهامەتییەکانم دەدۆڕێنم
و ئازارەکان هەڵدەگرم چونکە بەتەنێ ئەز
بێ سۆزی دەست و
بێ بەهاری چاوانتم...

## ٣... شارێک لە یادەوەرییدا

**خەیری مەنسوور**

**شارێک**
**وەک هەموو شارەکانی تر،**
**دووشەقامی کۆنی هەن.**
**ڕەنگە خاو ببنەوە و نەشگەڕێنەوە**
**چەند دارتێلێک، کە نینۆکی ڕۆژەکانی کڕاندوویەتی**
**کاتژمێرێکی بەردین،**
**میلەکانی دوو بەرداشن مرۆڤ دەهاڕن**
**شارێک**
**وەک هەموو شارەکانی تر،**
**ڕۆژگارێک لە پیادەی تێپەڕیو... و**
**کارەبا و شەوی ڕووناک و**
**زەریا و چەند ناخودایەکی هەس.**
**شارێک**
**وەک هەموو شارەکانی تر،**
**ئوتێلێکی کەناراویی و**

حەڵوافرۆش و
ژنێکی شێت
کە لەژێر کەمەریدا،
شەقام و گۆڕستانگەلێک هەن.

شارێک
وەک هەموو شارەکانی تر،
ژنان بەچەنەبازییەوە باس لە ئەڤینی کۆن... و
بۆیەی قژ... و
مەحاڵێک دەکەن
کە ناوی پیاو بێ و خیانەتی نەکردبێ.
شارێک
وەک هەموو شارەکانی تر،
هەژاران تەمەنیان دەفرۆشنەوە بە نان و
پەنجەی مناڵەکانیان
لە کورتهێنانی بەروبوومدا بڕانەوە.
شارێک
وەک هەموو شارەکانی تر،
بۆنی کولان و
چێشتخانگەلێک جمەیان دێ و
گەنمێک کە بێزاری شیلاویەتی و کردوویەتی بە هەویر
***
بەڵام ئێوارانی ئەم شارە
کاتێ لەژێر باراندا دەخنکێ
وا لە بەردی کەڕیش دەکات، لە رووتیدا بگری.
لە تەنیایی شەودا تەنانەت درەختیش هەڵبێ.
***

**شارێک**
**وەک هەموو شارەکانی تر،**
**بوونەوەرگەلێکی تیایە**
**دەسووڕێنەوە و دەخۆن**
**پاشان برسیان دەبێ و دیسان دەخۆن**
**بێدار دەبنەوە و دەنوون**
**دەژین... دەمرن**
**خۆشەویستی و رق ئەنجام دەدەن...**
**شارێک...**
**بەڵام...**
**نەبوو...**

باسی ئەم شیعرەی خەیری مەنسور: ئەو ساڵانەی کە لە زانکۆی بەغدا بووم (١٩٩٣/١٩٨٨)، زۆرم دەخوێندەوە، بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بووم، تەنانەت لە ڕێگاوبانیشدا ئەگەر شیعرێک، نووسینێک، ڕەخنەیەک، کە سەرنجی ڕابکێشامایە، هەڵمدەگرت و دەمخوێندەوە. هەندێکیان ژمارە و بەرواری ئەو ژێدەرانەم دەنووسییەوە کە لێیانەوە دەرمدەهێنان، هەیانبوو یان فریا نەدەکەوتم، یان پێوەی نەمابوو، گرنگ ئەوەبوو من تێکستەکەم پاراستبوو. ئەم شیعرەی (خیری منصور)، یەکێکە لەو شیعرانەی ئەو کاتە لە ڕۆژنامەی (قادسیە، یان پورە، یان جمهوریە)ەوە وەرمگرتووە...

# هونەر

## هونەر


- تێگەیشتن لە مانا و ستاتیکای هێمای هونەریی — **تەها ئەحمەد رەسوڵ**
- چریکەی زیندوو مامۆستا تایەر توفیق — **ن: جەلال هانیسی**
- دیدار لەگەڵ ریژان فەرەج — **دیداری: شەنکار عەبدوڵڵا**
- پەرویز پەرەستوویی — **و. ئا: جەواد حەیدەری**

# تێگەیشتن لە مانا و ستاتیکای هێمای هونەریی



تەها ئەحمەد رەسوڵ

هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ لەڕێگەی دروستکردنی فۆرم و شێوازەکانی ئاخاوتن و ئاماژەوە هەوڵیداوە گوزارشت لە شتەکانی چواردەوری بکات و بەرامبەرەکەی تێبگەیەنێت. هێما و ئاماژەکانیش ئەفراندنی مرۆیین و شتێکن کەوتوونەتە دەرەوەی خودی مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی، بۆ ئەو مەبەستەش هەمیشە هەوڵیداوە وێنای لێکدانەوە و دەربڕینەکانی بکات لە شێوەی بەرجەستەکردنی ئەو هێما و ئاماژانەی لای خەڵکی پاشخانیان رۆناوە، ئیدی ئەو فۆرمەش هەر شتێک بووبێت، بووەتە هەڵگری بیرۆکەکانی.

سروشتی هونەری شێوەکاریی گوزارشتە لە پێداویستییەکانی مرۆیی، ئادەمیزاد بە هونەرەکەی هەموو شتەکانی دەوروپشتی خۆی بە ستاتیکای

تایبەتی و هێمای هونەریی بارگاوی کردووە، هێما و ئاماژەکان لەمیانی هونەری شێوەکاریدا تەواویٚ پەرەیان پێدراوە و بەوپەڕی ئازادییەوە ئاماژە دەبەخشێتە شتە مەئلوف و نامەئلوفەکان، واتە بوونەتە زمانی نویٚ و بینەر و وەرگر لەمیانی فۆرمی ئاماژە نوێیەکانەوە توانیویانە زمانی تایبەت بە هەست و بیرکردنەوەکان لەنێو خۆیاندا بەکاربهێنن. بەوەش واتا و مانای نویٚ هاتوونەتە بەرهەم، هەموو ئەمانەش بێگومان لە چاوگی دەروون و خودەکانەوە سەریانهەڵداوە کە گوزارشتی بیرکردنەوەی هونەرمەندانە لە وێناکردنێکدا کە بە هێمای هونەریی ناوزەد دەکرێن. هێمای هونەریی واتایەکی ستاتیکی هەیە کە لەڕێگەی فۆرم و ڕەنگ و هێڵەکانەوە شرۆڤە دەکرێن و خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت.

## چەمکی هێما:

مەبەست لە هێما (سیمبۆڵ) شێوەیەکە کە گوزارشتی شتێک دەکات کە خۆی لەخۆیدا بوونی هەیە و ئەو دێت و لەبری ئەو جێگەکەی دەگرێتەوە، بەمانایەکی دیکە هێمای شێوە شتێکی دیکە دەردەبڕێت، هەربۆیە هێما دەبێتەوە یەکێک لە فۆرمەکانی نمایشکردنی ناڕاستەوخۆ کە چیتر ئەو شتە بە ناوەکەی خۆی ناونانرێت، بەڵکو دەبێتەوە جۆرێک لە جۆرەکانی دەربڕین. هێماکان لە هونەردا ئاستی جۆراوجۆری واتاکانی کارە هونەرییەکە دەدەن بەدەستەوە، بەواتای نابنەوە بەشێک لە ناوەرۆکەکەی ئەوەندەی دەبنە ڕەگەزەکانی ئەو وێنەیەی خاوەنی واتا و مانایە کە ئەویش پێیدەوترێت (وێنەی دەربڕینخوازیی).

## جیاوازی نێوان هێمای هونەریی و ئاماژەکانی دیکە:

بۆئەوەی بگەینە مانای ستاتیکی هێمای هونەریی، پێویستە سەرەتا ئەو هێما هونەرییانە لە هێما و ئاماژە گشتییەکانی تر جیابکەینەوە، شانبەشانی پەرەسەندنی گەڕان و پشکنینە هونەرییەکان شتێکی دیکە هاتەئاراوە کە ئەویش بایەخدان بوو بە کێشەی نێوان زمان و واتاوە، لەو پێناوەشدا چەندین تیۆر هاتنە کایەوە، لەوانە تیۆرەکەی چارلز مۆریس مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی شیکاگۆ، ئەو لە تیۆرەکەیدا جیاکارییەک لەنێوان زمانی زانستی و تەکنۆلۆژی و زمانی ستاتیکا دەکات، لەوەدا پشتی بە شیکردنەوە و شرۆڤەکاریی هێما و ئاماژەکان بەستووە، لێرەدا وا پێویست دەکات بەراوردێک بۆ هێماکان بکەین

لە هەریەکە لە زمانی زانستی و زمانی تەکنۆلۆژی و زمانی هێمای هونەریدا تاوەکو شێوەکانی چالاکییە مرۆییەکان دەستنیشان بکەین کە خاوەن ئەو زمانانەیە.

زمانی تەکنۆلۆژی شێوازی فەرمان بەکاردەهێنێت و لە رەوشە دیاریکراوەکاندا پەیڕەو دەکرێت، زمانێکە بڕیار لەسەر راستییەکان نادات و هیچ بەهایەکی دیاریکراو ناگەیەنێت، هەرچی زمانی زانستیشە پێشبینی ورد پێشکەش دەکات، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان ئاماژە و واتاکانیان کەشف دەکات لە واقیعێکدا بەوپێیەی ئەو پەیوەندییانە ببنە بەدیهێنەری دەستنیشانکردنێکی زانستی. وەلێ زمانی ستاتیکی زمانێکە گوزارشت لە بەهایەکی دیاریکراو دەکات، بۆ نموونە وەختێ دەڵێین: ئەم تابلۆیە جوانە، ئەودەمە هونەر دەبێتە زمان بۆ گەیاندنی بەهایەک، هێماکانی هونەر واتا و ئاماژەیەکن جیاواز لە ئاماژەی بەکارهێنراوی زمانەکانی دیکە، بۆیە پێویستە پۆلێنکاریی بکرێت لەنێوان هێما هونەرییەکان و ئەو هێمایانەی لە زانست و لۆژیکدا بەکاردەهێنرێن، لەم رووەوە شتێکیش هەیە بەناوی توێژینەوەی هێما و ماناکانیان. زانستەکان بەگشتی ئاماژە جۆراوجۆرەکان بەو هێمایانا ناودەبات کە پێیاندەوترێ پیت و شێوە و ژمارەکان، لێ بەمانایەکی ورد و دروستی وشەکە نابنەوە سیمبۆڵ و هێما، بەڵکو هێما (ساین) و ئاماژەی تایبەتین.

جیاوازی نێوان ئاماژە و هێما (واتە ساین و سیمبۆل) ئەوەیە کە ئاماژە واتایەکی نییە وەختێ لێی رادەمێنین، بەڵکو واتاکانی خۆی لەو شتانەوە



دەستگیر دەکات کە هەمووومان لەسەری ڕێککەوتووین بۆ ئاماژەدان پێی، بەڵام هێما (سیمبۆل) لەنێو خۆیدا هەڵگری واتایەکی تایبەتییە، هەرکاتێک تەماشای دەکەین، کارمان تێدەکات، پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەرۆکیش لە کاری هونەریدا پەیوەندییەکی سروشتییە، نەک پەیوەندییەکی دروستکراو، یاخود وەک ئەو ڕێککەوتنەی هەیە لەنێوان ئاماژە و ماناکەیدا.

## مانای ستاتیکی هێمای هونەریی

هێما و هێماخوازی لەو وەختەوە لەئارادایە کە مرۆ گوزارشتی لە دەروونی خۆی کـردووە، مرۆ هەر لە دێرینەوە، لە زکماکەوە هەڵگری هێماکانە، خەسڵەتێکی رووت و داماڵراوی بەخشیووەتە فۆرم و شێوەکان تاوەکو ئەو واتایە بخەملێنن کە شتەکان هەیانە، بایەخی ئەو هێمایانە لای توێژەرەوانی هونەریی بەوە لێکدەدرێتەوە، کە بنەڕەتی ڕەگەزە زەخرەفییە بەکارهێنراوەکانن لە هونەرەکاندا و مرۆ بەپێی زەمەن ئەو بنەڕەتانەی بیرچووەتەوە. گەر چاو بخشێنینەوە بە سەردەم و کەلتوورە هەمەچەشنەکانی مێژوودا، چاخەکانی بەر لە مێژوو، هەر لە کەلتوورەکانی میسری و ئێرانی و چینی و تەنانەت ئیسلامییەکانیش، دەبینین هەڵگری هێما و سیمبۆلی جۆراوجۆرن چ لەڕووی فۆرمەوە چ لەڕووی ماناکانیانەوە، یان لەڕووی شێوەوە لێکچوون و لە واتاکانیاندا جیاوازی بەخۆوە دەبینن لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دیکە، یەک هێما دەتوانێت ڕوانینی نەتەوە و میللەتەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، یاخود جیابکاتەوە.

لە هونەردا پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان مرۆڤ و ڕەگەزە جوانەکانی سروشت و ژیان دێتەکایەوە، ئەوەش بەپێی باری دەروونیی و ڕۆحی ئەو کاریگەرییە ڕەنگرێژ دەبێت، واتە بەپێی ڕێککەوتن و گونجانی ئەو شتانە لەگەڵ حاڵەتەکانی هەست و دەروونـدا. گەوهەری ژیان و جوانییەکانی ناکرێت گوزارشتیان لێوەبکرێت تەنها بەو هێما و سیمبۆلانە نەبێت وەختێ شتەکان و بارە دەروونییەکان پێکەوە دەسازێن، بەمانایەکی دیکە گەوهەری ژیان و جوانییەکانی دەرنابڕدرێن تەنها بەو هێمایانە نەبێت کە ڕۆدەچنە نێو قووڵاییەکانی دەروون و شتە تایبەتییەکانی خودەوە.

دیالۆگی هێماکان لە هونەردا سیمایەکی ئاڵۆزی نێو ئاگایین، پەیوەندییەکی تۆکمە بوونی هەیە لەنێوان سیمبۆل و دەربڕینەکانەوە و هەردووکیان

لە خاکێکەوە سەرچاوە دەگرن، کە ئەویش ژیانی تایبەتی بیرکردنەوە و هەستکردنی مرۆیە، دەشێت بە بەراورد و خواستن دەربارەی جیهانی دەرەکی گوزارشت بکرێت، وەلێ قسەکردن و دەربڕین سەبارەت بە گەوهەری ژیان شتێکە مومکین نییە ئەگەر بە هێما و سیمبۆلەکان نەبێت، ئاکامی ئەوەش ئەو وێناکردنە بەرهەم دێت کە هێز و توانستێکی هێماخوازیی هەیە لەنێو شوێنە قووڵەکانی دەروونداً.

جیهانی هونەر هەڵگری سیمبۆلەکانە، هێمای فۆرمەلە و ئەو ڕەنگانەی واتای خۆیان دەبەخشن، لە ڕەنگەکاندا واتا و هەستەکان بوونیان هەیە کە وەردەگێڕدرێنە سەر بابەتە تایبەتییەکانی خۆیان. پێزانین و دەرککردنی فۆرمیش تەنها لەسەر ئەو هەستانە ناگیرسێنەوە کە پێماندەبەخشن و وێنەیەکی تایبەتمەندمان دەدەنێ، بەڵکو وەختێ فۆرمێک جێگیر دەکەین و لە پانتاییەکی دیکەدا دایدەنێین، بەو چەشنە دەرک و هەستەکانمان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە کە فۆرم و شێوەکە ئەو گۆڕانەی بەسەردا هاتبێت، واتە فۆرمێک بەپێی پانتایی و ڕووبەر و فەزای چواردەوری کاریگەریی دیاریکراو دروست دەکات، ئەوەی بەسەر فۆرمدا دەچەسپێت بەهەمان شێوە ڕەنگیش دەگرێتەوە، هەردووکیان دەبنەوە ڕەگەزەکانی بونیادی کاری هونەریی.

کاتێک (ڤانکوخ) تابلۆی گوڵەبەڕۆژە دەنەخشێنێت، گوڵەبەڕۆژەکەی وەک سیمبۆلێک بەکارهێناوە نەک هەر ئەو گوڵە بێت کە بوونی خۆی هەیە، بەڵکو لەو کارەدا ئەو پەیوەندییە تۆکمەیەمان بۆ دەنەخشێنێت کە لەنێوان پیاوێک و گوڵێکدا بوونی هەیە بە ڕەنگەکان و شێوەکەیەوە. لە نامەیەکیدا ڤانکوخ باس لەوە دەکات چۆن نەیتوانیووە مەبەست و مەرامەکانی خۆی بەدیبێنێت تەنها بەو هێما و سیمبۆلانە نەبێت کە ڕەنگە دیاریکراوەکان بەخشیویانە.

یاخود وەختێ (پیکاسۆ) تابلۆی ناوداری ژێرنیکا بەرهەمدێنێت، مەبەست تێیدا ناڕەزایی و سەرکۆنەکردنی بۆردومانکردنی گوندی ژێرنیکایە لەماوەی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیادا، کاتێک دەڕوانینە ئەو ئەسپەی لە چەق و ناوەڕاستی تابلۆکەدایە (بۆ نمونە)، هەست بە ماندوویی و ئازارەکانی دەکەین و شپرزەمان دەکات، ئەسپ وەها ناسراوە کە ئاژەڵێکی ئارامە و هێمایەکە بۆ وزە، لێ لەو کارە هونەرییەدا دەبینین شێوەکەی شێوێنراوە و بەتووڕەییەوە ئازار دەچێژێت، لەوەشدا هەست بە تراژیدیای گوندەکە دەکەین و هەست بەو شتانەش دەکەین کە پێچەوانەی ژیان بوونەتەوە، لە تابلۆکەدا فۆرمی ئەسپەکە

بووەتە سیمبۆلێکی کاریگەر بەبێئەوەی تەواو رۆبچینە نێو وردەکارییە قێزەونەکانی جەنگەوە. لە تابلۆی (تراژیدیا)دا پیکاسۆ مانایەکی سیمبۆلی بەخشیووەتە رەنگە شینە هارمۆنییەکەی، وەک ئاشکرایە رەنگی شین رەنگێکی ساردە و بەکارهێنانی تۆنە خۆڵەمێشییەکانی شینێکی مات تابلۆکە دەخاتە نێو دۆخێکی سارد و رەشبینییەوە، رەنگ لەو تابلۆیەدا ئاماژەدانە بە خەمۆکی و ئازارێکی قووڵ لە تراژیدیای مرۆڤدا.

(کاندینسکی) دەڵێت: تابلۆ لای من بەشێوەیەکی تەمومژاوی دەرژێتە نێو ژیانی تــەواوەوە، ژیانێک لە چەرمەسەری و گومان و کاتەکانی سەرگەرمی، بێگومان ئەم وتەیەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە رەنگ چ رۆڵێک دەگێڕێت لە گوزارشتکردن و هێماخوازیدا، ئەم وتەیە بەسەر تابلۆی مرۆڤە سەرەتاییەکانیشدا دەچەسپێت کە لە ئەشکەوتەکاندا نەخشاندوویانە. لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین رەنگ و فۆرم واتا و مانای سیمبۆلی خۆیان هەیە، رەنگ لەخۆیدا پەرچەکردار و رەنگدانەوەی هەموو ئەو هەست و لێکدانەوانەیە کە لە دەروونماندا بوونیان هەیە و بەرامبەر بە شتەکان دەریدەبڕین.

(سوزان لانگەر) فەیلەسوفی بواری ستاتیکا دەربارەی هێمای هونەریی رای تایبەتی هەیە، ئەو پێی وایە (هونەر) وەک گشتێک، بە گشتگیریی هێمایە بۆ ویژدانی مرۆیی، هونەر وەک سیمبۆل و هێما هەموو ئەو پێزانین و هەستکردنانەیە کە پەیوەندی نێوان بەش و یەکە تایبەتییەکان لەو گشتەدا نمایش دەکرێن، ســوزان هێمای هونەریی و هونەر وەک هێما لەیەکتر جیادەکاتەوە، بەڵکو هەموو تیۆرەکانی لە ستاتیکا و جوانیناسیدا لەسەر ئەو (سیمبۆل)ە دەگیرسێتەوە، لەو بڕوایەدایە هێما لە هونەردا بەکاردەهێنرێت بەبێئەوەی هێمایەکی هونەریی بێت، پێی وایە زۆرێک لە هێماکان لە هونەردا بوونیان هەیە و شوێنگەی خۆیان دەکەنەوە، بەڵام هونەری هێما شتێکە بەش بەش ناکرێت و وەک گشتێک هەست پێدەکرێت. هونەر لای ئەو وەک فۆرمێک لە کۆمەڵە رەگەزێکی جۆراوجۆر و هەمەچەشن پێکدێت، کە هەموویان پێکەوە پەیوەست دەبن و کارلێکیان هەیە لەگەڵ یەکتردا بۆئەوەی ئەو فۆرم و شێوەیە بەرجەستە بکەن کە دەیانەوێت بیخەنەڕوو.

لانگەر جیاکاریی لەنێوان هێما لە هونەردا و هێمای هونەر تەنها لەڕووی ئەرک و رۆڵ بینینەوە ناکات، بەڵکو لــەڕووی جۆریشەوە دەیسازێنێ، سیمبۆل و هێماکان لە هونەردا بەمانای ئاسایی خۆیان هێمان سەرباری

بوونی ئاست و پلەکانی ئاڵۆزیی، واتە لە ساناترین شێوەوە تاوەکو شێوە ئاڵۆزەکان واتای خۆیان دەبەخشن. وەلێ هەرچی هونەرە وەک هێما دەبێتەوە وێنەیەکی دەربڕین و وێنە و فۆرم دەخاتە بەر ئەزموونەوە تاوەکو بیگەیەنێتە شێوەیەکی بەرجەستە و بینراو و راستەوخۆ هەستی پێ بکرێت، سەبارەت بە ناوەرۆکەکەشی ئەوا هەر لە ناوەوەیدا بوونی هەیە هەروەک بوونی هێما راستەقینەکان.

هێمای بەکارهێنراو لە هونەردا دەشێت فۆرم و شێوەیەکی خەیاڵی و خوازراو بێت، بەڵام هونەر وەک هێما و سیمبۆل وێنەیەکی خەیاڵیی رەهایە کە ناتوانێت لەگەڵ شتێکی تردا بێت، واتە گشتێکی تۆکمە کە راستەوخۆ دەرک بکرێت و سۆز و زیندوویێتی تێدابێت.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین (هێما هونەرییەکان) واتای ستاتیکییان هەیە لە کاری هونەریدا ئیدی بە رەنگ و هێڵ بێت یان بە فۆرمەکان، هەموو ئەو هێمایانە بەوە لێکدەدرێنەوە کە زمانی هونەرمەندن بۆئەوەی بگەنە بەرامبەر و کار بکاتە سەری و پەیامەکەی پێببەخشێت. هەندێک لە فەیلەسوفەکانی هونەر، لە نموونەی سوزان لانگەر پێیان وایە کە کاری هونەریی وەک گشتێک بریتییە لە (هێما) کە گوزارشتن لە ویژدانی مرۆڤایەتی و ناشێت دابەش ببن بەسەر چەند هێمایەکی دیکەدا کە واتا و مانای تایبەتییان هەبێت، بەڵکو کاری هونەریی بە هەموو رەگەزە پێکداچووەکانییەوە دەکرێت بە (سیمبۆل) ناوزەد بکرێت.

### وەرگر و چۆنێتی تێگەیشتن لە هێمای هونەریی

هێماکان وەک چۆن لە گوزارشتە مرۆییەکاندا بوونی هەیە و ئاماژەی شتەکان لای هەمووان ئاشکرایە، بەهەمان شێوە لە هونەریشدا دەگەنە بینەران و هونەردۆستان، بەڵام ئەمەی دیکەیان پێویستی بە ئەزموون و پاشخانێکی مەعریفی دەبێت کە خۆی لە رۆشنبیریدا دەبینێتەوە. بێگومان هەموو شتەکان وەک چۆن خاوەنی ناوی خۆیانن، هەروا ئاماژە و هێمای تایبەتیشیان هەیە کە بەپێی بەرکەوتن و یەکالاکردنەوەیان پێدەزانرێن و دەبنە زمانێکی گشتی.

رەنگە لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر گۆرانکاریی بەخۆوە ببینن، وەلێ هەموو ئەو شتانەی پەیوەست دەبنەوە بە هونەرەوە زمانی گشتن و هونەر خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی. بۆ نموونە وەختێک دەڵێین پیاو مەبەست

لە رەگەزێکی مرۆییە کە بەپێی قۆناغ و تەمەن بووەتە ئەو بوونەوەرە، واتە لەکاتێکدا هێلکارییی، یاخود وێنەی پیاوێک دەنەخشێنین وەرگر راستەوخۆ دەرک بەوە دەکات کە ئەوە وێنەیەکە بۆ فیگەری پیاو و لە کوڕێکی منداڵ جیادەکرێتەوە، بەڵام سەباەت بە هونەر شتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە ئاماژەکان هەمان ئەو ئاماژانە بن کە لە ژیانی رۆژانەماندا بەکاردەهێنرێن.

پێشتر باسمان لە فیگەری ئەسپەکەی تابلۆی ژێرنیکای پیکاسۆ کرد کە ناوەندی تابلۆکەی داگیرکردووە، ئەوەشمان زانی بەهۆی ئەو خەسڵەتانەوە کە ئەسپەکە هەیەتی هەست بە ئازار و ماندوویێتی ئەسپەکە دەکەین و تراژیدیای گوندی ژێرنیکامان بۆ گەڵاڵە دەکات، وەلێ لەوێدا زمانێکی جیهانی بەبەردا کراوە ئەوەندەی زمانێکی ناوچەیی و جوگرافی بێت، دەشێت لای ئیسپانییەکانیش ئەو شوێنگەی ئەسپە جێگەی پرسیار بێت، کە بۆچی ناوەندی تابلۆکەی پێبەخشراوە و فیگەری (گا) چووەتە پەڕێکی دیکەوە کە لای چەپی تابلۆکەیە... لای ئیسپانییەکان (گاجوت) هێمایە بۆ ئازایەتی و هێز و وزەی بوونەوەرێک کە کەلتووری تەنیونەتەوە، بەڵام دەبینین لای پیکاسۆ گاجوت بووەتە هێمایەکی دیکە و بەشێوەیەکی سەرەکی نمایش نەکراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیکاسۆ لە دیدگا و بۆچوونی خۆیدا بەرپەرچی کەلتووری ئیسپانی دەبێتەوە و ئەو ئەفسانەیە رەتدەکاتەوە کە گاجوتەکە لە شەڕی دژ بە ئەسپدا براوەیە و ورگی ئەسپەکەی هەڵدڕیوە، یاخود بەرەنگاربوونەوەی یاریی مەیدانی گابەزێنی ئیسپانی کە ئەو خوێن و رووبەڕووبوونەوەیە چیتر قبوڵ ناکات و لە دەرەوەی کەلتوورەکەوە تەماشای دەکاتەوە. ئەم روانینەی پیکاسۆ لە تابلۆی شەڕی میناتۆریشدا بەهەمان شێوە بەرجەستە بووە و دەبینین گاجوتەکە دۆڕاوە و شەکەت بووە، لەکاتێکدا میناتۆر بەسەریدا زاڵ بووە و لەناو جەستەیەوە فیگەری ئەسپێک هاتووەتە دەرەوە.

وەرگر کاتێک هەموو ئەم شتانە نەزانێت کە لە پاشخانی پیکاسۆی هونەرمەندا بوونیان هەیە، رەنگە وەها بڕوانێتە تابلۆی ژێرنیکا کە پیشاندانی تراژیدیایەکە و هیچیتر، واتە تەنها لە پەیامی هونەرمەند تێدەگات، نەک یەکە و بەشەکانی تابلۆکە، چونکە ئەو تابلۆیە لە چەند یەکە و بەشێک پێکهاتوون کە وەک شانۆییەک چوونەتە سەر تەختەی نمایشێکی هونەریی. هەرچۆنێک بێت، هونەر جگە لەوەی هەڵگری هێماکانە و بە وتەی سوزان لانگەر خودی هونەر خۆی هێما و سیمبۆلە، بێ تێگەیشتن لە خودی هونەرمەندەکان دەشێت

نەگەینەوە گەوهەری هونەر، هونەر بێ هونەرمەند بوونی نییە و هەموو شتە تایبەتمەند و بیروبۆچوونە خودیی و تایبەتییەکان دەڕژێنەوە نێو هەناویەوە، ئەگەرچی هەموو کارێکی هونەریی زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، لێ پێزانینی خەسڵەت و پێکهاتەکانیش پێویست دەکات وەرگر باشتر لەبارەیانەوە بزانێت، هەربۆیە پێزانین و دەرککردنی سەراپا هێما و ئاماژەکان وەرگ دەکاتە هونەردۆست و ئەزموونی دەبێتی لە بینینی نمایشی هونەریدا.

وەک چۆن دەوترێت مانای شیعر ئەوەتا لە دڵی شاعیرەکەدایە، بەو چەشنەش هونەر هەڵگری هەموو شتە تایبەتییەکانە و وەها پێویست دەکات لەگەڵیدا بەشدار بین کە پەروەردەی هونەریمان سەربخەین و پاشخانێکی مەعریفی و رۆشنبیریی رۆبنێین، لەو پێناوەشدا زۆرینەی رێبازەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی هونەریی شانبەشانی هونەر لەئارادان و بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی رەهەندەکانی تێدەکۆشن، لەوێشەوە هونەردۆستان دەگەنە خوێندنەوەی ئەو هێمایانەی پێشتر لایان رۆشن نییە.

**سەرچاوەکان:**

١- المعايشه الجماليه. راتب مزيد، دمشق ٢٠٠٤.

٢- رمز الفن و رمز فی الفن. سوزان لانگەر، گۆڤاری (علامات فی النقد الادبی) ژ: ١٤، ١٩٩٤.

٣- فلسفه الفن عند سوزان لانجر، حکيم راضي، دار الشؤن الثقافية العامه، بەغدا ١٩٨٦.

٤- مقدمه فی علم الجمال، أميره حلمی مطر، قاهره ١٩٧٦.

# چریکەی زیندوو
# مامۆستا تایەر توفیق



**ن: جەلال هانیسی**



مێژوونووسان و میۆزیکزانانی جیهان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوردستان بەلانکی شارستانییەتی میوزیکی جیهان دێتەئەژمار.

گەزەنفوون مێژوونووسی یونانی لەم بارەیەوە نووسیویەتی، لەساڵی ٤٠١ی پێش زایین دوای هێرشی یۆنان بۆ سەر ئێران، شکستی کوورشی گەورە بە دەستی یۆنانییەکان، کاتێ کە لەشکری یۆنانییەکان ویستیان لەکوردستانەوە بگەڕێنەوە، بەچڕینی گۆرانیو سروود بەکۆمەڵ هێرشیان دەکردە سەرمان، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی مێژووی دوورو درێژی گۆرانیو موزیکی کوردی.

شاری کۆیەش وەک هەموو شارو ناوچەکانی تر، لەهونەری میوزیک و گۆرانیی کوردی بێبەری نەبووەو گەلێک هونەرمەندی بەئەمەکو خەمخۆری وەک مەربێن، نەشئەتی رەشیدئاغا، رەفیق چارچاو، عەبەی چایچی، مەلا ئەسعەد، خاڵە سێوە و هتدی... لێ هەڵکەوتووە، کە هەرکام بەگوێرەی توانای خۆیان و بارودۆخی سەردەم هونەرو میوزیکی کوردیان بەرەوپێش بردووە و سپاردویانە بەنەوەی دوای خۆیان کە ئێستا گەلێک بەستەو مقاماتی جوان و پڕخرۆش هەن کە تایبەتمەندی شاری کۆیە و دەوروبەری پێوە دیارە و جێگای شانازییە، دوای ئەمانەش مامۆستا تایەر توفیق دێتە نێو ئەم کەش و هەوا هونەرییەوە کە وەک قوتابخانەیەکی سەربەخۆ و سەرمەشق سەر هەڵدەدات.

تایەر کوڕی تۆفیق کوڕی عەبدولرەحمان لە ساڵی١٩٢٢ی زایینی لەگەڕەکی "بەفریقەندی" شاری کۆیە، چاوی بەڕووی ژیانا هەڵێناوە.

لە ساڵی١٩٢٩دا دەیبەنە حوجرەو کتێبە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە وەک قورئانو بووستانو گوڵستانی شاعیری شیرین سوخەنی فارس"سەعدی شیرازی" تەواودەکات.

ساڵی١٩٣٢دەیبەنە قوتابخانە هەر لەو کاتە مامۆستاکانی هەست بەدەنگخۆشی دەکەن، دەینێرنە نێو تیپی سروودو گورانی هەر ئەوەش دەبێتە پەیژەی تەریقیو سەرکەوتنی، بەداخەوە لەبەر هەژاری و نەداری و قات و قڕیی شەڕی یەکەمی جیهانی هەتا سێهەمی ناوەندی دەخوێنێ ئیتر دەست لەخوێندن هەڵدەگرێت.

تایەرتۆفیق لەتەمەنی لاویدا لەکۆڕی ئاهەنگی شەوان و رۆژانەی دۆستان و کۆڕی مەولوودی و دیوەخاندا خەریکی چڕین و فێربوونی گۆرانی و مەقامات دەبێت، لەگەڵ گۆرانیبێژانی بەناوبانگی کۆیە وەک "خاڵە سێوە، مەلا ئەسعەدو گەلێ دەنگخۆشی تر تێکەڵاو دەبێت، بەوشێوە مامۆستایانە چێژ لەگۆرانی و مەقاماتی رەسەنی کوردی وەردەگرێت، بۆ خۆی دەڵێ لەساڵی١٩٣٦ی زایینی دەستم بەگۆرانی وتن کردووە، بەڕاستی زۆر بەچاکی دەستیپێکردو هەر ئەو لێهاتوویە وای لێ کرد کە ببێتە نوێنەری مەقاماتی سەدان ساڵەی کۆیە و ناوچەکانی، کە ئەو مەقامانە لەشێوەی سادە و ساکار لەقاڵبە کۆنەکەی دەریهێناو بە شێوەیەکی زانستیانە ژیاندونیەوە و بوو بەقوتابخانەیەک کە پێ دەوترێ قوتابخانەی تایەر تۆفیق.

لە ساڵی ١٩٤٥زاینیدا دەچێتە شاری بەغداد تاساڵی١٩٥٦لە رادیۆی کوردی بەشێوەی هەفتانە گەلێ بەستەو سروودو مەقامی تۆمارکردووە.

مامۆستا تایەر تۆفیق گورانیبێژێکی راستگۆ بـووە کە هیچ کات بۆ

خۆهەڵکێشان و ناوبانگ تاقە کۆپلەیەکی نەچڕیوە، ئەو ستران و مەقامانەی کە لەناخی دڵییەوە وتونی بەنییەتی خزمەت بەنەتەوەکەی بووە هەر ئەوەش بووە بەهەوێنی خۆشەویستی راستەقینەی خاک و نیشتمان، بەتایبەت مەقام و سرووده شۆرشگێڕانە کە تۆوی خەباتی لەدڵی لاوانی نەتەوەکەی دەچاند.

باسکردن لەسەر مەقامات و گۆرانییەکانی گەلێک هەڵدەگرێ کە دەبێ چەندین تێزی دکتۆرای لەسەر بنووسرێ.

دەنگی مامۆستا تایەر تۆفیق دەنگی بەرزی( تینور) پڕی جوانی هەبووە کە لەمەودای ئوکتاڤی میوزیک چەندجار سەرتر دەڕوات و لەدەنگی نزم (باس) کە هەر لەو تۆنەشدا بەسەرکەوتووی ئەدای کردووە، بەڵام بەداخەوە ژەنیاری باش نەبووە و ستۆدیویەکی شاز نەبووە کە بەباشی وەک میوزیکێک کە لەتاران و کرماشان بۆ حەسەن زیرەک کراوە! بۆی بکرێت، چونکە لە رادیۆ بەغداد ئەوانەی کە ژەنیار بوون کورد نەبوون شێوازی عەرەبییان ژەندووە کە لەگەڵ دەنگە کوردی و رەسەنەکەی مامۆستا تایەر تۆفیق هەماهەنگ نەبوون، بەڵام بەسەرکەوتووی چڕیونی‌و ئیحساسی کوردی خۆی تیکەڵکردووە، هەربۆیە لەنێو نەتەوەکەیدا بەرهەمە نایابەکانی بەزیندووی ماونەتەوەو هەتا هەتایە لەمێژووی زێڕینی موزیک‌و گۆرانی کوردیدا دەدرەوشێنەوە

زوڵاڵترین و پاکترین دەنگە کە هەتا ئێستا نموونەی نەبووە کاتێک ئەچریکێنی مرۆڤ دەباتە دنیای خۆ لەبیرچوونەوە و هەستێک دەبەخشێ کە مرۆڤ پڕەکات لەخۆشەویستیی خاک و نیشتمان، بۆ نموونە مەقامی شیرین بەهارە لەدەستگای بەیاتدایە، هۆنراوەکەی هی مامۆستا برایم ئەحمەدە، ئەم شێوە داڕشتنە لەنێو مەقاماتی کوردیدا تاقە و کەم وێنەیە کە بەڕاستی ئەم فۆرم و شێوەیە شاکارێکە کە ئەگەر باقی بەرهەمەکانیتری وەلا بنێین تەنیا بەو تاکە مەقامە تایەر تۆفیق حەقی مامۆستایەتی خۆی وەرگرتووە و گەیشتووەتە چڵەپۆپی مەقامات.

ئەم هونەرمەندە بەئەمەکە لەساڵی ١٩٥٤ی زاینیدا کتێبێکی بەناوی "چەپکە گوڵ" لەسەر چەند گۆرانیبێژی گەورە نووسیوە کە شاکارێکە، بەڵام بەداخەوە دوای مەرگی چاپ نەکراوەتەوە، کتێبێکی تری بەناوی گۆرانی و هەڵپەڕکێ نووسیوە کە لەو کتێبەدا باسی لەمافی هونەرمەندان کردووە، نووسیویەتی تەنیا بە ئافەرین نابێ‌و ئافەرین ناچێتە گیرفانەوە، داوای لەبەرپرسان کردووە بەهانایانەوە بچن، ئەمە یەکەمجارە کە هونەرمەندێک باس لەمافی هونەرمەندان دەکات، ئەمەش نیشانەی خەمخۆری و دڵسۆزیی بووە، بۆ بەرەوپێشبردنی گۆرانی‌و مۆسیقای کوردی لەئاستی جیهاندا.

ئەو شیعرانەی کە بۆ گۆرانیو مەقام و سروودەکانی هەڵیبژاردوون هی شاعیرانی گەورە و ناودارن وەک، زیوەر(گوڵی سەربەستی) نالی (زولفت بەقەدتدا) کوردی (بۆفریوی عاشقان) وەفایی (لەباغان ئاهو ناڵێن دێ) سافی هیرانی (ئەی موتربی حەریفان) گۆران (کەی تۆم دیوە) عەونی (لەم کوڵبەیی ئەحزانەو جیهانم پشکنیوە) بێکەس (سەدەی بیستەمەو دایکی وەتەن و بیستو حەوت ساڵە) دڵدار (چەهچەهەی بولبول) هێمن (ساقیا وا بادەوە) بێخەو (شێتی کردم چاوەکەت) دڵدار (ئەی بادی شەماڵ) برایم ئەحمەد (شیرین بەهارە) تایەر تۆفیق (کراس زەردێ) فۆلکلۆر (لەگوڵێ لەسوورە گوڵێ، ساقی دەروێشان، زاڵم، لیمۆ هەی لیمۆ، هەرمێ وەی وەی هەرمێ، دەنوێ دەنوێ، هەی نار هەی نار و هتد...

بە هەزار داخ و دەردەوە پاش ماوەیەک نەخۆشی و لەنێو جێدا کەوتن لەرۆژی سێشەمە ٢٠ی تشریتی یەکەمی ١٩٨٧زایینی لەشاری هەولێر ماڵئاوایی لێکردین و تەرمی ئەم هونەرمەندە دەنگخوشو زوڵاڵە برایەوە بۆ شاری کۆیە ئەو شوێنەی کە تێیدا لەدایکبوو و پێگەیشتبوو و دنیایەک بیرەوەری تاڵ و شیرینی لەخەزانەی دڵە پڕ مەقام و بەستە خۆشەکانی راگرتبوو بە بەشداری گەلێک هونەرمەند و دۆست و هەڤاڵانی رۆژ و شەوانی، لەگۆڕستانی کۆیە بەرامبەر کێوی هەیبەسوڵتان بەخاک سپێردرا، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی خاڵە تایەری مقام بێژو گۆرانیبێژی شۆڕشگێڕ.

دیدار لەگەڵ ڕێزان فەرەج

# زۆر دەقم ڕەتکردووەتەوەو
# بینەرەکانم زۆریان خۆش دەوێم



**دیداری: شەنکار عەبدوڵڵا**

**ڕێزان فەرەج، یەکێکە لەهونەرمەندە دیارەکانی کوردستان و ساڵانە بەشانۆو دراما خۆی مانفێست دەکات و بینەران شاد دەکاتەوە، هەرچەندە ئەو بەشداری دەیان شانۆو درامای کردووەو لەساڵی ١٩٨٦ بۆیەکەمجار دەڕواتە سەر تەختەی شانۆ و ڕۆڵ لەشانۆگەرییەکدا دەبینێ. لەم دیدارەدا باس لەکارە هونەرییەکانی خۆی دەکات و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.**

**کەی و چۆن دەستت بەکاری هونەریی کرد؟**

ریزان فەرەج: هەر لەمنداڵییەوە حەزم لە لاسایکردنەوە بوو، کە چوومە پەیمانگا حەزم دەکرد لە شانۆ وەربگیریم، بەڵام ئیتر نسیب نەبوو، لە پەیمانگا بەشداریم لە دوو شانۆگەریدا کرد کە کارنامەی خوێندکارانی بەشی شانۆ بوو، دەتوانم بڵێم یەکەم کاری هونەریم شانۆیی (لازارۆس و خۆشەویستەکەی) بوو لە ساڵی ١٩٨٦.

**ئایا لەو سەردەمەدا کاری هونەری بۆ ئافرەتان قورس نەبوو؟ تۆ چۆن توانیوتە بەسەر ئەو ئاستەنگانەدا سەرکەویت؟**

هەرچەندە من لە پێش راپەرین تەنها لەو دوو شانۆگەریە بەشدار بووم، بەڵام قورس بوو ئەوکات ئیشکردن لە بواری هونەردا، لە خوا بەزیاد بێت من خۆم توشی هیچ ئاستەنگێک نەبووم.

**ئەحمەد رەوفی هاوسەرت تاچەند هاوکارت بووە؟**

ئەحمەد رەوفی هاوسەرم نەبوایە نەمدەتوانی درێژە بەکاری هونەریم بدەم، ئەو تاکە هاندەرم بوو بە ئێستاشەوە.

**قەت هەبووە ناخۆشیتان بوبێت بەهۆی کاری هونەرییەوە؟ یان تاچەند سەرەنج و تێبینی بەیەکتر دەدەن؟**

نەخێر توشی هیچ ئیشکالێک نەبوین لە سەر کارە هونەرییەکان، چونکە پێش وەخت من هەموو پرس و رایەک بە ئەحمەد رەوف دەکەم، بەحوکمی ئەوەی هەم هاوسەرمە و هەم ئەو لە بواری شانۆدا ئەکادیمیانە ئیشەکان هەڵدەسەنگێنێت، چونکە ئەو دبلۆمی هەیە لە دەرهێنانی شانۆدا.

**پەیامت چییە لەرێگەی هونەرەوە؟**

لە رێگەی هونەرەوە یەک پەیامم بۆ (هەندێک هونەرمەند) هەیە، پێیان دەڵێم هونەرمەند کە لوتی بەرز بوو، بوغرا بوو، خۆی دەدۆڕێنێت، دەبێت خزمەتکاری بینەرەکەی بێت، چونکە هونەر پێش ئەوەی بازرگانی کردن بێت، (خزمەت کردنی کلتورو هونەری کوردییە).

**ئاستی هونەر لەئێستاداو بەم حاڵەوە لەکوێدا دەبینی؟ تاچەند پێشکەوتن هەیە؟**

رۆژ بە رۆژ پێش دەکەوێت، هەرچەندە وەزارەتی رۆشنبیری زۆر بێ خەبەرە لە حاڵی هونەرمەندان، بەڵام من بە باشی دەبینم.

**ئەگەر تۆ بەرپرسێکی وەزارەتی رۆشنبیری بیت لەکوێوە دەست بەچاککردنی هونەر دەکەیت؟**

پێویستە بەرپرسان و وەزارەتیش گرنگی تەواو بدەن بە هونەرمەندان، پێویستە هونەرمەند بە هونەرەکەی باشترین ژیان دابین بکات، بەڵام ئەگەر من دەستم لەوەزارەتدا بڕوات یەکەم کار کە بیکەم دروستکردنی چەند هۆڵێکی شانۆیە، چونکە هۆڵی شانۆمان نییە، (یەک هۆڵمان هەیە دایمە بۆنەو کۆبونەوەی حیزبی تیایە).

**ئەو دەورانەی کە بۆت دادەنرێت تاچەند خۆت لێی رازیت؟ یان لەنواندنەکەت؟ مەرجت چییە بۆ ئەوەی بەشداری لەدرامایەک یان شانۆییەکدا بکەیت؟**

رۆڵێک بەدڵم نەبێت بەشداری ناکەم، زۆر دەقم رەتکردۆتەوە کە زانیومە بەکەڵک نایەت و پێچەوانەی کلتورمانە.





تاچەند رازیم لە دەورەکانم؟ ئەوە پێویست وابوو بینەر وەڵام بداتەوە، بەس ئەوەنەی من بزانم بینەرەکەم زۆریان خۆش دەوێم بۆیە منیش چاویان ماچ دەکەم.

مەرجی بەشدار بوونم لە کاری شانۆیی یان دراما، ئەوەیە کە دەقەکەم بەدڵ بێت، کارەکتەرەکەم بەدڵ بێت ئەو ستافەی کاری تیا دەکات، بەرێز و ئەکتەری باش بن، گرنگ نییە بەشە پارەکەی چەندەو چەند نییە، ئەوە کێشە نییە چونکە پارە هەموو شتێک نییە، ئەوەندەی ئەوە گرنگە کە ئەو کارەی دەیکەیت چەند بە دڵی بینەرەکەت دەبێت و لەئیشەکەی پارت باشتر بێت.

**ئایا لەگەردەلولی بەشی سێ بەشداری دەکەیت؟**

نەخێر لە بەشی ٣ بەشدار نیم، کاک جەلیل زەنگەنە پێی وتم، بەڵام نەمتوانی بەشدار بم. هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

**وەک هونەرمەندێک تاچەند هاوکاری کراویت لەلایەن حکومەتەوە؟**

بەهیچ شێوەیەک نە لە حوکمەت نە لە هیچ لایەنێک هاوکاری نەکراوم، پێویستیم پییان نییە.

**قەت هەبووە توشی کاردانەوەیەکی ناخۆش ببیت بەهۆی ئەوەی کە لەدرامایەک یان لەشانۆیەکدا دەورێکت بەرجەستەکردبێت؟**

نا توشی هیچ کاردانەوەیەک نەبووم، لەبەر ئەوەی ئەو دەورەی بۆم دادەنرێت بەدڵم نەبێت، کارم تیا نەکردووە.

**دواین کاری هونەریت چییە؟**

ئەحمەد رەوف دوو کاری هونەری بەدەستەوەیە، شانۆگەریەکی کۆمیدی کە تیپی هونەرمەندانی بە ئەزموون بەرهەمی دینێت، لە مانگی ١١ دەست دەکات بە پرۆڤە لەو شانۆییە بەشدارم، جگە لەوەش فیلمیکی ٩٠ دەقیقەیی بە دەستەوەیە لەوەشدا ئیشەڵا بەشدار دەبم.

**رێزان فەرەج کێیە؟**

**ساڵی ١٩٦٦ لەگەڕەکی کانیسکانی سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و پاشان چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و بەشی شێوەکاری – سیرامیکی تەواو کرد، ئێستا بەڕێوەبەری باخچەیەکی ساوایانە. کوڕ و کچێکی هەیە کە هەردوکیان خوێندکاری زانکۆن.**

**بەشداری لەدەیان شانۆگەری و درامادا کردووە.**

# پەرویز پەرەستوویی*

## دەمەوێت پەڕەسێلکە بم، چونکە حەزم لە هەڵفڕینە



**وەرگێڕان و ئامادەکردنی: جەواد حەیدەری**



پیاوێکی میهرەبان، شەرمن، بە ئەدەب، خاوەنی شەرم و حەیایەک لە خۆی و لە جیهانی خۆی، لە ئەکتەری و لە ڕۆڵگێڕانی، شەرمێک کە هەموو کارنامەی ئەکتەری ئەوی لەخۆ گرتووە.

لە وەسفی پەرەستووییدا نووسیویانە وەک ئەوە وایە ١٠ کەس لە پشت رووخسار و دەموچاوی ئەو خۆیان شاردبێتەوە و لە جموجوڵدا بن و لە سێبەردا ڕۆڵ بگێڕن و بە شوێندا ئەودا بگەڕێن.

پەرویز پەرەستوویی دەڵێت: ئەکتەریم زۆر خۆشدەوێت و دەمەوێت خۆم بم و شوێنی کەس نەگرم.

ئەو خۆی بە قەرزداری فیلمی مارمێلک دەزانێت کە لەو فیلمەدا ڕۆڵی کەسێک دەبینێت بە ناوی رەزا، کە جلی مەلای لەبەردایە و قسە و شێوەی دیالۆگی زۆر جیاوازە لەو پیشە و جلەی لەبەریدایە.

پیاوێک کە لەگەڵ وەرگر و گوێگر و بینەری خۆی زۆر بە سادەیی و ساکاری تێکەڵاو دەبێت و قەت خۆی لەوان ناشارێتەوە و پێی وایە ئەوە خەڵک نییە کە کاتی ئەو دەگرن، بەڵکو ئەوە کە کاتی خەڵک دەگرێت.

ئەوە بەردەوام لە دەروونی خۆیدا لەگەڵ خۆی لە شەڕ و پێکداداندایە، ئەو زۆر بێ خەوە و دەڵێت لە شەو و رۆژێکدا لەوانە سێ کاتژمێر بخەوێت. ئەو پێی وایە ئەکتەرەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن بچنە ناو ماڵەکانی خەڵکەوە و ئەوە بە نیعمەتێکی گەورە دەزانێت.

ئەو دەڵێت: ئێمەی هونەرمەندان ئەرکمان قورسە، ئێمە دەتوانین نەخۆشێک رزگار بکەین، بزەیەک بخەینە سەر لێوان. خەڵاتی فێستیڤاڵەکانم بەلاوە گرنگ نییە ئێمە خەڵاتی خۆمان لە خەڵک و وەرگر و گوێگر و بینەری خۆمان وەردەگرین.

لە ٤٠ فیلم و لە ٥٠ شانۆ و لە ١٠ درامادا بەشداری کردووە و رۆڵی گێڕاوە و هیچ یەک لەو ئیشوکارانەشی بەبێ بیرکردنەوە ئەنجام نەداوە.

هەروەها دەڵێت: من بە وەرگری خۆمەوە مانا و واتا پەیدا دەکەم، ئێمە بۆئەوەی بژین پێویستیمان بە پشتگیری و پشتیوانیکردن و پاڵپشتیکردن هەیە، بەداخەوە لەزۆر شوێن ئەو پشتگیری و پاڵپشتکردنە نییە، پێموایە من هێشتا زۆر کار هەیە کە نەمکردووە و دەبێت بیکەم. لە هیچ یەک لە کارەکانی خۆم پەشیمان نیم.

پەرویز پەرەستوویی ئاوا بەسەرهاتی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

**ئەو رۆژەی کە لە گوندە هاتین بۆ شار:**

من پەرویزی پەرەستووییم، ساڵی ١٩٥٥ لە یەکێک لە گوندەکانی پارێزگای هەمەدان لەدایکبووم، تەمەنم سێ ساڵان بوو کە گوندەکەمان بەجێهێشت و هاتین بۆ تاران. ماوەی ١١ ساڵ لە باشووری تاران لە دەروازەی غار "ئەشکەوت" کرێچی بووین، بارودۆخی ژیانمان باش نەبوو، زۆرمان سەختی و بەدبەختی کێشا، دایکم لە هەموومان زیاتر سەختی دەکێشا، باوکم دەستفرۆش بوو. باوکم قاپ و قاچاغی دەفرۆشت، بە عارەبانە قاپ و قاچاخی دەبرد لە شاری کەرەج دەیفرۆشت، هەموو رۆژێک باوکم بۆ شت فرۆشتن دەچوو بۆ کەرەج، رۆژێکیان بڕیاردرا بچین خانوو بکڕین، بەڵام بە کام پارە؟ دایکم ببووە خاوەن پارە، دایکم ئەو پارانەی کە باوکم پێی دابوو هەمووی کۆکردبووەوە، پارەکە ١١ هەزار تمەن بوو. دواتر ماڵەکەمان هاتە یەکێک لە کۆڵانەکانی شەقامی عەباسی و خەزایی،

بەرلەوەی بگەیتە گەراجەکە، خانوویەکی ٢ قات، کە ٥ ژووری هەبوو، هیچمان ئاگاداری ئەوە نەبووین کە دایکم ئەو برە پارەیەی هەیە. بەم شێوەیە بووین بە خاوەن خانوو.

**تەختەبەستن پێستی لێکردمەوە:**

زۆرخۆش بوو کە بووین بە خاوەن ماڵ. بەرلەوەی ببین بە خاوەن ماڵ، پێنج کەس بووین کە هەمووومان لە ژوورێکی سێ بە چواردا دەژیاین. دەووربەری ماڵەکەمان وەک ئێستا نەبوو زۆر نا ئەمن بوو، کارگەیەکی دروستکردنی رۆنی لێبوو، چاڵ و چوڵی زۆر لێبوو، ئەو چاڵانە پڕ بوون لە ئاو، دەچووین لەوێدا مەلەمان دەکرد هەموو گیانمان رەش ببوو، هەرجارێک کە دەهاتینەوە بۆ ماڵەوە، تێروپڕیان لێدەداین، لێدانێکی باشمان دەخوارد. دواتر کە ویستیان لەو دەورووبەرە بەداله (تەلەفۆنخانە) و گەراج و پرد دروست بکەن، هەمووومان بووین بە کرێکار و لەوێ تەختە و شیشمان دەبەست، تەختە و شیش هەموو پێستمانی رووشاند و هەڵکەند. هەموو جارێ کە شیشەکانم دەخستە سەر شانم، هەموو پێستی شان و باڵم دەسووتا، چونکە شیشەکان زۆر گەرم بوون.

**تلۆقەکانی سەر سەکۆ:**

بەڕۆژ کارم دەکرد و ئێواران بۆ پرۆڤەکردنی شانۆ دەچووومە لەسەر سەکۆ، زۆربەی جار تلۆقەکانی لەپی دەستم لەوێ دەتەقاند، ئەوەش بڵێم، هەرچەند هەژاری و نەداری بەری دەرگای پێگرتبووین، بەڵام دایکم و باوکیشم نەیاندەهێشت کە ئێمە بێ ئیش و کار بین. بە هەر شێوەیەک بوایە ئێمەیان سەرقاڵی کار و ئیش دەکرد، بۆ نموونە ئەو کاتەی لە قوتابخانەی سەرەتایی بووین، دوای ئەوەی کە لە قوتابخانە دەهاتینەوە، دایکم مەنجلێک پاقلەی بۆ دەکوڵاند و ئێمە دەمانبرد دەمانفرۆشت. یان دۆمان دەفرۆشت، بەردەوام کارمان دەکرد.

**سۆپەرستارێک لە گەڕەکێکی نائەمن:**

ئەوکات وەک ئێستا نەبوو منداڵ خاوەنی ئەم هەموو ئیمکانیاتە بێت، کە وانە و پۆل و مەشق و راهێنانە جۆراوجۆرەی بۆ فەراهەم بوایە، میرزا موسلیمێک هەبوو کە لە قوتابخانە قوتابییەکانی فەلاقە دەکرد (یانی بە دار لە بەری پێی دەدان) قوتابییەکانیان وا پەروەردە دەکرد کە بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و بتوانن

سەختییەکانی ژیان تەحەمول بکەن، گەڕەکی ئێمە زۆر نائارام و نائەمن بوو، منداڵان کە لە ماڵەوە دەهاتنە دەرەوەی سەخت بوو کە بە سەلامەت بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، جگەرەکێشان و حەشیشە،... وەک ئێستا نەبوو، گەورەکردنی منداڵ لەو کاتەدا هەزاران سەختی و بەدبەختی بەدواوە هەبوو.

**هەژاری هۆکاری پێنەگەیشتن نییە:**

کاتێک کە لەگەڵ گەنجەکان شانۆ پرۆڤە دەکەم، یان قسەیان لەگەڵ دەکەم، پێیان دەڵێم: نیمانە، پێناگەین، بۆمان ناکرێت و نابین، ئەمانە هیچیان بوونیان نییە و شتی وا هەر نییە، ئەگەر هەر ئێستا بمەوێت لەگەڵ هاوتەمەن و هاوڕێکانی ئەو کاتم وێنە بگرم و بڵێم لەگەڵ چ کەسانێک هاموشۆم هەبووە و ژیانم بە چ شێوەیەک بووە هەمووتان پێتان سەیر دەبێت و دەحەپەسێن. نەداری و دەستکورتی و هەژاری فەرهەنگی بووە، نکۆڵی لێ ناکرێت، بەڵام هەشن کەسانێک کە کارنەکەر و ئیشنەکەرن و تەمبەڵن. رەنگە هەندێ کەس کە پێگە و جێگەی کەسێک دەبینن بڵێن ئێمە کە هیچمان نەبوو ئەگەر هەلیش بۆ ئێمە رەخسابووایە و بارودۆخ لەبار بووایە، ئێمەش پێدەگەیشتین. من دەڵێم ئەگەر بارودۆخ لەبار نەبوو و خۆشت دەتزانی کە دەتوانی، بەڵام هەوڵت نەداوە کەواتە تۆ کۆیلەی. هەمیشە ئەوانەی کە زەحمەتیان کێشاوە سەرکەوتووتر بوون. من ئەو کاتەی کە لە کۆشکی گەنجان وەک باشترین ئەکتەر هەڵبژێردرام ماوەی ١٤ ساڵ بوو کە دوور لە چاوی ماڵەوە بە دزییەوە کاری شانۆم دەکرد. ئەو کاتە من لە کارگەی چینی سازی سادقە کەچەڵ کارم دەکرد، ئێمە بەو شێوەیە گەورە بووین.



**هاروهاجییەکانی سەردەمی منداڵی:**

من کەسم ئازار نەداوە، زیاتر گاڵتەچی و قسە خۆش بووم، ئاغای خەررازی جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو، ڕێکەوتبوون کە بەیانیان من ١٥ خولەک درەنگتر لە قوتابییەکان بچم بۆ قوتابخانە بۆئەوەی کە نەیشێوێنم و هاروهاجی نەکەم و قوتابخانە و منداڵەکان بەسەر یەکدا نەدەم. لە کاتی پشوودانیش دا دەبووایە من زووتر دەرچم، تەنها قوتابییەک بووم کە زووتر لە هەموو قوتابییەکان قوتابخانەم بەجێدەهێشت. هەمیشە ئاغای خەررازی لە نهۆمی دووەمی قوتابخانەکەوە منی چاودێری دەکرد. هەرکە چاوی بە من دەکەوت کە لە دەرووبـەری قوتابخانەم هاواری دەکرد: هەتیو لەوەیش هاروهاجی دەکەی؟ منداڵەکان زۆر کەیفیان بە کردار و ڕەوشتی من دەهات. هەمیشە دەرووبـەرم قەرەباڵغ بوو. من و ڕەحمان باقریان و بنی ئەسەدی بووین، ئێمەیان بە شەڕانییەکانی پۆل حیساب دەکراین. هەرکاتێک مامۆستاکە پۆلی بەجێهێشتبووایە منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد، بۆئەوەی پۆلەکە نەشێوێنم و هاروهاجی نەکەم. هەرجارێک کە دەچوومە ناو پۆلەوە، هەموویان دەستیان دەکرد بە پێکەنین. بڕوا بکەن هیچیشم نەدەکرد، هەر ئەو دەرنگ هاتن و زوو ڕۆیشتنەم ببووە هۆی ئەوەی کە منداڵەکان پێ بکەنن.

**ئەکتەری لە ڕەگەزی بەرد:**

مەبەست و ئەنگیزەی من لە ئەکتەربوون و ئیشی ئەکتەری تەنها دەرد و ئازارە، ئەنگیزەی زۆر کەس تەنها بۆئەوەیە کە دەرکەون و ببینرێن، بۆیە ڕوو دەکەنە ئەکتەری، بەڵام من ئازار و دەرد و مەینەتی وای کرد ڕوو بکەمە ئەکتەری. ئەو ژینگەیەی کە تێیدا پەروەردە کرام و تێیدا گەورە بووم، لێوانلێو بوو لە ئازار و مەینەتی و نەهاتی، پڕ بوو لە هەژاری و نەداری، هەمیشە لەژێر هێڵی هەژاری بووندا دڵی پڕ کردووم، دەمویست خۆم لەو دڵپڕییە ڕزگار بکەم. ئێمە لە ژینگەیەکدا دەژیاین کە مافی سەیرکردنی تەلەفزیۆنیشمان نەبوو. دەچووین لە پشت جامخانەی چایخانەوە سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد. دڵم پڕبوو لە دەرد و کوڵ، دەمویست ئەو دەرد و کوڵە هەڵڕێژم.

**بە چاویلکەوە ناژیم:**

بەبێ چاویلکە دەژیم، ڕۆژانە کە لە ماڵ دێمە دەرێ، چاویلکەم پێ نییە، ناترسێم لەوەی کە ناسراوبم یان ئاسودە بژیم، هەمووومان خوایەک دروستی کردووین و هەریەکێکمان ئەرکێکمان هەیە. هەمووومان لە یەک شتدا هاوبەشین، ئەویش مێشکە، لەو مێشکە بچووکەی لە کەللەسەری ئێمەدایە، هەندێک بە کاری دەهێنێت و هەندێکیش دەستی لێ نادەن و هەر وا بە لۆکی دەمێنێتەوە. پێموایە هەر ئادەمیزادێک کە دەژی دەبێت بیر بکاتەوە و مێشکی خۆی وەگەڕ بخات، دەبێت هەم ئەو کاریگەری لەسەر خەڵک هەبێت و هەم خەڵکیش لەسەر ئەو کاریگەری دانێین. هەر ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە لەخۆبایی نەبم و هیچ کات رابردووی خۆم لەبیر نەچێتەوە و فەرامۆشی نەکەم.

* پەرەستوو، وشەیەکی فارسییە، ناوی باڵندەیەکە کە بە کوردی پەڕەسێلکەی پێ دەڵێن.

**سەرچاوە:**

http://amoo-parviz.blogfa.com/post-30.aspx.

## چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٢ی
## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
## کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون




**پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا**
بوشرا کەسنەزانی
لێکۆڵینەوە

---




**ئەنفال تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی**
ستارە عارف
لێکۆڵینەوە

---




**بکوژی بابانوئێلەکان**
و. مستەفای زاهیدی
کۆمەڵە چیرۆک

---




**تەکنیکی گۆرانیوتن**
و. یەدێ شاکری (هۆگر)
لێکۆڵینەوە

---




**تروسکەیەک لە تاریکیدا**
سەلاح نیساری
کۆمەڵە چیرۆک




**میدیاناسی**
**شالاو جەعفەر**
**ڕۆژنامەوانی**

---




**ژنێک بۆ خۆشویستن**
**و. دلاوەر قەرەداغی**
**ڕۆمان**

---




**ڕۆمانە فارسییە هاوچەرخەکان**
**عومەر شینکی**
**ڕانانی کتێب**

---




**فەلسەفەی شارستانی**
**و. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**
**فەلسەفە**

---




**لەودیو شتە جوانەکانەوە**
**و. ڕەئوف حەسەن**
**کۆمەڵە چیرۆک**




**میدیاو دەسەڵات**

**و. فاروق جەمیل کەریم**

**ڕۆژنامەوانی**




**ڕەنگدانەوەی ریالیزمی سیحری**

**حسێن سابیر عەلی**

**لێکۆڵینەوە**



**جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی پێنجەمین...**

**د. نەجم ئەڵوەنی**

**لێکۆڵینەوەی ئەدەبی**




**تیۆرییە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی**

**د. کەمال مەعروف**

**ڕەخنەی ئەدەبی**



**وەرزشەکانی ئەیرۆبیک و دابەزینی کێش...**

**و. ڕێباز ئەحمەد فەرەج**

**زانستی**




**مادام بۆڤاری**

**و. جەبار سابیر**

**ڕۆمان**

---




**فەرهەنگی ئەڵمانی- کوردی**

**عەبدولکەریم عوزێری**

**فەرهەنگ**

---




**فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا**

**د. کاروان عومەر قادر**

**زمانەوانی**

---




**گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا**

**ڕێبوار حەمە تۆفیق**

**لێکۆڵینەوە**

---



**شەوانی بۆن و سەفەر**

**فروغ نیعمەت پور**

**کورتە چیرۆک**




**سی و حەوت خوێندنەوەی جیاواز...**
نەبەز تاڵیب
بایۆگرافی

---



**سایکۆلۆژیای شۆفێری**
بەختیار محەمەد
زانستی دەروونناسی

---




**دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا**
شنۆ محەمەد مەحمود
لێکۆڵینەوە

---




**دیوانی حەریق**
سەید نەجمەدین عەلی محەمەد
دیوان

---




**تەکنیکەکانی سەردەم**
جەمال محەمەد ئەمین
زانستی




**بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا**
شەهاب شێخ تەیب تاهیر
زمانەوانی

---




**ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا**
جەلال مەحمود عەلی سوبحانی
زمانەوانی

---




**نەریت و کلتووری کوردی**
م. زەکیە رەشید محەمەد ئەمین
کلتووری

---




**بارگە**
رەفعەت موارادی
لێکۆڵینەوە

---



**پێگەی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان**
فەیسەڵ سلێمان محەمەد
لێکۆڵینەوە



**رەهەندەکانی شوێنکات لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەس-دا**
**لوقمان رەئوف**
**لێکۆڵینەوەی ئەدەبی**



**شێوازی شیعری نوێی کوردی- کرمانجی ناوەڕاست**
**د. حەمە نوری عومەر کاکی**
**لێکۆڵینەوە**




**ئیکسیری وشە**
**هادی محەمەدی**
**رەخنە**




**لەخاچدانەوەی کریست**
**و. غەفور ساڵح**
**رۆمان**




**ئەدەبی ئەمریکای لاتین**
**و. تەها ئەحمەد رەسوڵ**
**ئەدەبی**

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە